# هەنار

گۆڤارێكی ئەدەبیی، هونەریی، رووناكبیرییە
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی
مانگانە دەریدەكات

ژمارە ٨٧
ساڵی هەشتەم
گوڵان ٢٧١٣ی كوردی
ئەپریل ٢٠١٣ی زاینی

خاوەنی ئیمتیاز
بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی

سەرنووسەر
محەمەد كوردۆ
mhamadkurdo@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر
محەمەد عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەریی و نەخشەسازیی
پەیام ئەحمەد

web:www.henar.org
Email:hanarkurd@gmail.com
Email:hanarkurd@yahoo.com

ناونیشان: گردی ئەندازیاران
تەلەفۆن: ٣٣٠١٩٤٩

دەستەی نووسەران:
کارزان عەبدوڵڵا
ئەکرەم محەمەد ئەمین
نەورۆز جەمال
مستەفا زاهیدی

هەڵەچن:
مونا عەبدوڵڵا
ئاشنا جەمال

مۆتیف: کنێر مەحمود

تیراژ
٥٠٠

# پێڕست

## لێکۆڵینەوە


- سەلام محەمەد، دەنگێک لە ژێر ئاسمانی... | ئەحمەدی مەلا | ٧
- سەرنجێک سەبارەت بە ئەزمونی شیعریی سەلاح... | سەباح رەنجدەر | ١٤
- ئۆرهان پاموک: مۆزەخانەی پاکیزەیی پێشاندانی... | سیروان رەحیم | ١٨
- بە تراژیدیابوونی بوونگەرا لە کتێبی شیعریی... | رزگار عەلی | ٢٤
- چیرۆکی "گوڵەکانی دۆزەخ"و یاریکردن لەگەڵ... | ئومێد مەولود | ٣٣


## دەق


- هەوام پێ بدەوە پێکەنین پێشکەشی خۆت... | کەمال ئەمینی | ٤٩
- سەرئێشە... | داستان بەرزان | ٥٥
- مەنووسن! خۆم دەنووسم... | غەمگین بۆڵی | ٦٠
- سوێندت دەدەم... سوێند دەخۆم... | پشتیوان هەڵەبجەیی | ٦٥
- ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە... | سەروەر عومەر | ٦٩
- ژن... | هاوار تەیب | ٧٢
- سێ کورتەچیرۆک... | کەریم حیکمەتی | ٧٦
- کەلێنێک بۆ لەدایکبوونێکی کوێر... | بێستون مینە | ٧٩

## وەرگێڕان


- مێژوو، یادەوەرییەکی تری مرۆڤایەتی... عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە ٨٥
- رۆمان لە روانگەی لۆکاچەوە... کاوە کەریمی ١١١
- چەقەڵ و عەرەبەکان... یاسین بانیخێڵانی ١١٦
- ژنێک لە شاری کۆرک... کاوە گوڵکار ١٢١
- چەند شیعرێکی ئەحمەد رەزا ئەحمەدی... جەواد حەیدەری ١٤٤
- ئەمریکاییانە... ئازاد نەجم ١٤٦
- قەسیدەی: کەشتیی مەرگ... م. ساماڵ ئەحمەدی ١٤٩


---

## هونەر


- توانایی و کێشەکانی بەردەم رەوتی سینەما... ئا: شەریف فەلاح ١٧١
- بنەماکانی کاری هونەریی لە نیگاری منداڵاندا... تەها ئەحمەد رەسوڵ ١٧٨
- تێکستە شانۆییەکانی شەفیق محەمەد... کامەران سوبحان ١٨٤
- چەند وشەیەک سەبارەت بە ((تابلۆی کچە... ستار قادر ١٨٨
- روانینێک بۆ فیلمی (رۆکۆ و براکانی)... و: فەرهاد بەهەشتی ١٩١

# لێکۆڵینەوە

- سەلام محەمەد، دەنگێک لە ژێر ئاسمانی گەرمیانەوە — ئەحمەدی مەلا
- سەرنجێک سەبارەت بە ئەزمونی شیعریی سەلاح شوان — سەباح رەنجدەر
- ئۆرهان پاموک: مۆزەخانەی پاکیزەیی پێشاندانی ئەو هەستە... — سیروان رەحیم
- بە تراژیدیابوونی بوونگەرا لە کتێبی شیعریی ((رووتبوونەوەی... — رزگار عەلی
- چیرۆکی "گوڵەکانی دۆزەخ" و یاریکردن لەگەڵ ماندا — ئومێد مەولود



# سەلام محەمەد،
# دەنگێک لە ژێر ئاسمانی گەرمیانەوە
# شار درێژکراوەی زێد



ئەحمەدی مەلا

سەلام محەمەد دەنگێکی حەفتاکانە. حەفتاکان ئەگەر لە کودەتاکەی بەعسەوە بیژمێرین، ئەوە لە جەنگی عێراق و ئێران کۆتایی دێت. چ دەیەیەکە! هەموو دژوارەکان و هەموو ئاواتەکان و هەموو جەنگ و کودەتاکان دەگرێتە خۆ. دەوترێت لە ئافراندنی ئەدەبیدا، سیاقی مێژوویی حیسێبی بۆ ناکرێت، تەنانەت دەبێت وەلاوە بخرێت، چونکە دەق بە بێ نووسەرەکەی و بە بێ سیاقە مێژووییەکەی دەتوانێ بێتە زمان. رەنگە ئەمە بە نیسبەت ئەدەبییاتی کوردییەوە زۆر تەواو نەبێت. ئەدەبییاتی کوردی تەنها دەنگێک نەبووە بۆ جوانییەکی موجەرەد وترابێت، بەرهەمی تێکچڕژانی رێبازە ئەدەبی و فیکرییەکانیش نەبووە، بەڵکو زمانحاڵ بووە، رچەیەک بووە، ناسنامەیەک بووە.

راستە لە حەفتاکاندا سارتەر گەیشتۆتە چڵەپۆپەی و تەرحی فەلسەفەی بونگەرایی بە تەواویی کاریگەریی خۆی جێهێشتووە لە ژێر رۆشنایی ئەم فەلسەفەیەدا، ئەدەبی وجودی لە فەرەنسا، بگرە لە تەواوی ئەورووپا شەقڵێکی دیکە دەداتە ئەدەب و پێناسەیەکی دیکەمان لە مەڕ ئینسان و ئیلتیزام و کێشە

سیاسییەکانی ئەو سەردەمەوە بۆ دەکات. دەنگ و ناڕەزاییەکانی قوتابیانی پاریس، ڕێبازی هیپییەکان و سەرهەڵدانی دەنگی ناڕەزایی پێستڕەشەکانی ئەمریکا و بەهاری پراغ و دوابەدواش داگیرکردنی لە لایەن لەشکری رووسەوە، رووداوگەلێکی گرنگی جیهانین لە دەیەی حەفتاکانی سەدەی رابردوو روویاندا.

بەڵام بە نیسبەت ئێمەی کوردەوە کێشەکە جوداوازە. مێژووی سەدەی بیستەمی کوردی رەنگە لە حەفتاکان چڕبکرێتەوە. لە لایەک رژێمێکی فاشی بە هەموو پێوەرەکان، خاک و ئاسمانمان کۆنترۆڵ دەکات، بەیاننامەی یانزەی ئازار ئیمزا دەکرێت، نسکۆ وەکو هاوارێک لە تونێلە تاریکەکانی مێژووەوە مۆری عایدون لە نەخشەی تەوێڵمان دەدات، تەنانەت بەربەست و پەرژین بەرامبەر بە خەونیش دادەنرێت. هەر لە حەفتاکانیش چەندین دەنگی شیعریی گرنگ دێنەکایەوە. وەک چۆن ناکرێت ئیمڕۆ بە دوێنێ بەراورد بکرێت، هەروەها ناشکرێت ئیمڕۆ بە سبەینێ بەراورد بکرێت.

لە نێو ئەو دەنگانە، سەلام محەمەد وەکو دەنگێکی سافی کوردەواری، وەک بڵێی لە حەکایەتە دێرینەکانی گوندەکانی گەرمیانەوە سەریهەڵدابێت. فێنکی ئێوارەکان و ئەستێرەی سیوەیل و حەوتەوانەی گەلاوێژ و ماسییە زەردەکان، گوندەکانی ناوچەی شوان، شاعیر رادەژەنن. گەرمیانی پەنجا و شەستەکان زەمەنیان نییە. ئاسمان و خاک بێ سنوورن، ئەستێرە وەکو هەموو زیندەوەرێکی دیکە لەگەڵ گوندییان دەژێن و ئەفسانە و حەکایەت و گۆرانییە میللییەکان سنووریان بۆ نییە. گوندەکانی قەرەوناز، کارێزە و پیرەڕەز و کەسایەتییەکان دیکۆری شیعری ئەم شاعیرە پێکدەهێنن. (بڕوانە شیعری لەدایکبوون، لە سەرەتای حەفتا نووسراوە).

لەم لێکۆڵینەوە کورتەدا، میتۆدۆلۆژیای باشلەر بەکار دەهێنین. سەبارەت بە فەزای بەختەوەر لە بەشی یەکەم قسە دەکەین و بەشی دووەمیش بۆ رەگەزی ئاو و باران تەرخان دەکەین، بۆ ئەوەی لە خەونەکانی ماددەوە بەرەو فەزای زیهنی شاعیر بڕۆین. ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەینە دوو بەشەوە:

بەشی یەکەم: چەمکی شار و بەتایبەتی کەرکووک؛

بەشی دووەم: رەنگدانەوە سرووشت.

**بەشی یەکەم:**

حاڵەتی غوربەتبوون و تەغریببوون، دوو حاڵەتی نەبڕاوەن لە نێو ئەدەبییاتی کوردی، یەکەمیان دەبێتە هۆکاری دووەمیان. لە حەفتاکان کاتێک قوتابی کورد چۆتە بەغدا، زۆرجار وا هەستی کردووە، یەکجار زۆر لە زێد و وڵاتەکەی دوورکەوتۆتەوە. ئەمە سۆزێکی ئاسایی نییە، تەنانەت هەند نائاساییە و شاعیر هەستی کردووە ئیتر پەیوەندی لەگەڵ دونیادا نەماوە، لێرەوە چەکەرەکردنی هەستی تەغریبوونی تیا بوژاوەتەوە. دوورکەوتنەوە لە شار، دوورکەوتنەوەیە لە ناسنامەی شاعیر، نازانی دوای ئەو شار چی بەسەردێت. "سوارەکان دێن/ناوی شار و/ شەقام و بازار ئەگۆڕن".

ئەمە بە تەنها سڕینەوەیەکی ئاسایی نییە بۆ ناوی کۆڵان و شەقام، بەڵکو سڕینەوەی روخساری کوردە. وەک ئەم پرۆسەیە، پرۆسەی ناوگۆڕین، یەکێک بێت لە هەرە دژوارترین تراژیدیا. بەوە دەچێت یەکێک رەگەزنامەکەت لێوەربگرێت و بە سورگییەک وێنەکەت بسڕێتەوە. حەفتاکان هەموو دژوارەکان لەخۆ دەگرێت، لە لایەک موژدەی زمان و ناسنامە بۆ کەرکووک دەگەڕێنێتەوە، لە لایەکی دیش هەوڵێکی یەکجار زۆر دەدرێت، هەوڵێکی ئاگرین بۆ ئەوەی ناسنامە لە رەگوڕیشەوە هەڵکەنرێت. پنتی لێکدانی دووبەرەیە، خاڵی یەکگرتن و جودابوونەوەیە.

لێرەوە شار دەچێتە نێو هاوکێشەیەکی ئۆنتۆلۆژییەوە، واتە یا دەبم، واتە شار دەبێت، یا نابم، واتە شاریش نامێنێت؛ یا بە پێچەوانەوە، سڕینەوەی روخساری شار، سڕینەوەی روخساری ئینسانەکەیە. بۆیە کێشەکە پەیوەندی بە بستێ زەمینی کشتوکاڵی و گواستنەوەیەکی سروشتی نییە، بەڵکو ناعەدالەتییەکە کە تەنها لە ئەفریقای باشوور و ئەمریکای قۆناغی رەگەزپەرستی وجوودی هەبووە کە پێستسپی باڵادەست و پێسترەشیش وەکو کوێلە تەماشاکرابێت.

لە نێو ئەم هاوکێشەیە، "شار ماندووە" و ماندووە بە دەستی بەعەرەبکردنی رۆحی شارەکە، "حی ئەندەلوس" لەجیاتی رەحیمئاوا و گەڕەکی نوێی وەکو حی عروبە و هتد... شاعیر بە دەنگێکی بەرز دەڵێت: "لاشانی عروبە و موسەننا و ئەندەلووس و ئەبو غەزبان/ بەربوونە گۆڕینی ناوی کۆڵان".

قوتابیانی ئەو قۆناغە زۆر بە باشی دێتەوە یادیان کە چۆن لە رۆژگارێکی پڕ لە غەزەب و مەتامینیدا، ناوی "ئامادەیی کوردستان"یان کردە "عەبدولمەلیکی مەروان". ئەمە سڕینەوەی مێژووە. رژێمی ئەوسای بەعس زۆر زیرەکانە دەیزانی زمان و ناو و زاکیرە چی دەگەیەنێت. ئەم سێ رەگەزە لە هەر میللەتێک

بسەنرێتەوە، هیچی نامێنێت. توانەوەی یەکجارەکی بە لەناوبردنی ئەم سێ ڕەگەزەوە دێتە دی.

ئەم حاڵەتە وا دەکات شار دووربکەوێتەوە، ئیتر هەست دەکەیت هی تۆ نییە، ئەم زەوتکردنی ناسنامەیە، زەوتکردنی خاک نییە بە تەنها. سەلام محەمەد دەڵێت: تۆ بۆ شارێکی دوور دەڕۆی... تابڵێی دوور، کەوتۆتە ئەوسەری ئاسمان "یا" لە شارێکی قەراغ شاردا/ لەگەڵ خێڵی ئوسامەدا. هەموومان وەقع و بارستایی ئەم ناوە عەرەبییانە دەزانین چییە. ڕژێمی پێشوو، دەچوو لە نێو مێژووی فەتح و داگیرکردندا ناوی دەقۆستەوە. شەڕەکانی "قادسییە" یەکێک بوو لەو هەولانە، یا سەپاندنی فۆنەتیکی زمانی عەرەبی بەسەر ناوە کوردی و بگرە تورکمانییەکانیشدا. "تیسسین" دەبێتە "تسعین" و "ئاراپخا، یا ئارافا" دەکرێتە "عەرەفە"، کە دەنگ و سەدای کێوی عەرەفەی شاری مەککەممان لە گوێ دەزرینگێتەوە.

بۆیە شار لای سەلام محەمەد، تەنها فەزایەکی گشتی نییە، لە دامودەزگا و باڵەخانە و باخی گشتی و وێستگە و... هتد پێکهاتووە، بەڵکو دەبێتە "زێد"، شار دەبێتە هێلانە، ماڵە و شوێنێکی گەرموگوڕە، گاستۆن باشلار کاتێک باس لە چەمکی حەوانەوە دەکات و بە بەختەوەری ناودەبات، ئاماژە بۆ ئاگردان و ماڵ دەکات، ئەو ماڵەی کە ئاگری تێدا دەکرێتەوە، شوێنێکی حەمیمیە، تەنانەت لە زمانی فەڕەنسی ناوێک هەیە بۆ ماڵ کە لە هەمان کاتیشدا ئاماژە بۆ ئاگرکردنەوەی تیا دەکرێت. وێنەی ئاگر و گەرموگوڕی تێکەڵ بە پەیوەندییە هەرە قووڵەکان دەبێت. بۆیە لە ناخی شاعیردا، جۆرە سۆزێک بۆ ئەو ئەتمۆسفێرە بەختەوەرییە هەیە کە پەیوەندی بە شار و ماڵەوە هەیە. دەڵێت: "کە لە دۆزەخ گەڕامەوە، ڕووم کردە شار".

هەموو دەزانین ئاگر وەکو ئاو بە لایەنی کەم خاوەن دوو ڕەهەندی روون و ئاشکرایە: ئاگر یا گەرمکەرەوەیە یا سوتێنەرە، ئاو یا بەرەکەت و فەڕە یا لافاو و لەهی لێدەکەوێتەوە. کاتێک شاعیر لە دۆزەخ هەڵدێت، پەنا بۆ شار دەبات. ئەمە سیمای شاری کەرکوکی ڕەسەنە، پێش ئەوەی ئاگری ڕەگەزپەرستی نەگەیشتبێت، بەڵام کاتێک دۆزەخ ڕۆ دەچێتە خودی شارەکەوە، ئەو کات ئاگری دۆزەخ لە دەرەوە و لە ناوەوەیە. شاعیر دەڵێت: "بۆتە شارێک ناوی: بارانی سووتاوە".

ئەمە وێنەیەکی شیعریی بە ئیمتیازە. کۆکردنەوەی ئاو و ئاگر، ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی ئیتر سروشتیش بەشداری ئەم پرس و پرۆسەیە دەکات.

دەکرێت بوترێت سەلام محەمەد یەکێکە لەو دەنگە شیعرییانەی حەفتاکان کە وێنە و سیمای کەرکووک زۆر بە روونی لە شیعرەکانیدا رەنگیداوەتەوە و ئاماژەکانی ئاماژەی ئینسانین سەبارەت بە رەگەزپەرستییەکی حاشاهەڵنەگر.

**بەشی دووەم**

لەم بەشەی ئەم لێکۆڵینەوە کورتە لەسەر رەگەزە سروشتییەکان هەڵوێستەیەک دەکەین.

ئاو و باران پانتاییەکی گرینگ لە شیعری سەلام محەمەد داگیر دەکەن. ئاوێکی روون رووبەری شیعرەکانی داگیر دەکات. ئاو ماددەیەکی شاعیرانەیە، دەکرێت لە رێگای ئاوەوە باس لە خەونە قووڵەکانی شاعیر بکەین. ئەوەی جێگای سەرنجە لە لای شاعیر، زۆرجار، ئەگەر نەوترێت هەمیشە، شیعرەکەی موخاتەبەی کەسی دووەم دەکات، لێرەوە دەق ئەرکی دیالۆگێک دەبینێت، لەگەڵ کەسێکی نادیار، لەگەڵ کەسێکی خەیاڵی لەگەڵ خۆشەویستێک، هەندێجار هەست دەکرێت دەق ئەرکی نامە دەبینێت. ئەم دیالۆگە تەنانەت لەگەڵ ئاویش دەیکات: "وەرە خوارێ ئەی ئاوی تاڤگەی جوان".

هەندێجاریش بەرامبەر بە وێنە سوریالئامێز، شیعر بۆ جیهانێکی قوڵتر، بزێوتر شۆڕدەکاتەوە: "رەنگی تەمەن خەونی ئاوریشمینی ئاوە".

رەگەزی ئاو لە نێو کەلتوور و لە نێو موفرەدەی کوردیدا بە بەربڵاوی بەکارهاتووە. ئاو سەنتەرە لە سەرجەم شارستانییەتەکاندا. ئاوی رووباری گەنج لە هێندوستان شوێنی تەهارەت و خۆ باقژکردنەوەیە لە گوناهەکانی دونیا، ئاوی زەمزەم رەمزییەتێکی تەواو لە ئاینی ئیسلام و شارستانییەتی عەرەبی داگیر دەکات. ئاو لە لای ئێمە ترنجاوەتە نێو چەندین موفرەدە کە بە زەحمەت ئیمرۆ دەکرێت بناسرێتەوە. لە ئاوەوە ئاوەدانیمان هەیە، هەر لە رەچەڵەکی ئاوەوە گەڕەک و شار بنیانتراوە (رەحیمئاوا، ئەحمەدئاوا،... هتد). ئاوایی ئەو شوێنەیە کە کۆمەڵە خەڵکێک تیای نیشتەجێ دەبن و دەیکەنە ئاوەدانی، ماڵئاواییکردن لە کەسێک بەجێهێشتنی خێروبەرەکەت دەگەیەنێت. تەنانەت رەنگە ئاوێنەش بەو پانتاییە لووس و بریقەدارە بوترێت کە وەک ئاو ئەرکی تیشکدانەوە و رەنگدانەوە دەبینێت.

ئاو لای شاعیر زۆر زیندووە، زیندوویەکی روونە، دەبێتە رۆحی شیعر لە "ئاوی هۆنراوە"، سەفەر دەکات لە "کاروانی ئاو"، چەندین رەنگ وەردەگرێت و دەچێتە دووتۆی وێنەیەکی ئەفسانەیی و خەیاڵییەوە: "کەفی حەوڕەنگی ئاوی دەریا".

له ڕێڕەوەی ئاودا تەمەن دەخوێندرێتەوە، تەمەن وەکو ئاو دەڕوا لە "ئاوی شیرینی تەمەنم ئەخۆمەوە". هەر لە درێژکراوەی ئەم بۆچوونە شاعیر لە "ناو ئاوی جۆگەلەدا خۆی دەبینێ". لەسەر سیستمی دژوارەکان ئیش دەکات پەیوەندی نێوان ئاو/ ئاگر و ئاو/ بیابان. "ئاگرێکی سادە نییە بە ئاوی خەم بکوژێتەوە" و "نەمئەزانی کە بیابان دەگاتە ئاو/ کەی ئاو دەگاتە بیابان".

وێنەی چیا لە کۆزاکیرەی کوردی بەقەد ئاو زیندووە و لە شیعری حەفتاکاندا زۆر بەکارهاتووە و ڕەنگە لە تاکرەهەندیدا بووبێتە ڕەمزی کوردستان، بەڵکو خەباتی میللەتی کورد، شێرکۆ بێکەس بەشی شێری بەرکەوتووە و هەروەها سەلام محەمەد لەسەر هەمان ڕێچکە دەنووسێت: "ئاویی بەفری سەر لووتکەکان ئەکاتە ماچ/ ئەیبەخشێتە دەشت و دۆڵی ئەم کوردستانە شیرینە".

ئاوی ڕوون ئاوی بەهارانەیە، ئاوێکی بەختیارە، ئاوێکی خەونینەی سەرەتاییە، بێگەردیی و سادەیی لەخۆ دەگرێت، ئاوێکی منداڵانەیە، ڕەنگە وەکو ئاوی یەکەم حیسێبی بۆ بکرێت.

لە پاڵ ئەم ئاوە ڕوونە کە زۆربەی هەرە زۆری شیکلی ئاوی سەلام محەمەدە، هەورەها ئاوی تاڵیش هەیە، ئاوی تاڵ ئاوی مەرگە، ئاوێکی وەستاوە، ئاوی خەونینە نییە، بەڵکو ئاوی کابووسەکانە. ئاوێکە لە ئاسمانەکانەوە نایەتەخوارێ، بەڵکو لە بوارە تاریک و وەستاوەکاندا هەن. ئاوی تاڵ وێنەیەکی شیعرییە بە ئیمتیاز، بەڵام دیوەی مەرگ و کابووس و تاریکاییەکان داگیر دەکات.

لە نێوان ئاوی ڕوون و ئاوی تاڵ، ئاوی سووتاویش هەیە. "بارانی سووتاو" ئاماژەیەکە بۆ گریان، فرمێسک کاتێک لە دڵێکی گڕگرتووەوە سەرچاوە دەگرێت، هەڵبەتە ئاگرینە، سووتێنەرە. لێکدانی دوو توخم، بۆ ئەوەی توخمی سێیەم دروست بکات. لێرە سەلام ئاگر و ئاو کۆ دەکاتەوە. بێگومان لەم کۆکردنەوەیەدا، ڕەگەزی سێیەم قەد بەختەوەر نییە.

سروشت کارایە، ئاسمانی شین، تەم و هەور، شەختە و بەستەڵەک، بەفر و بەفر "لەم دەقانە دەخوێنییەوە. وەکو ئەوەی سروشت دەسکاری نەکرابێت، لای گۆران زۆر بە جوانی، واتە ئیتیباعییەکی جوانیان پێ بەخشراوە، بەڵام لای سەلام محەمەد سروشت درۆ ناکات. کاتێک سروشت درۆمان لەگەڵ ناکات، ڕوخساری یەکەمی سروشت دەبینین، یەک دیوی دەبینین، ئاوێتەبوونێکی ڕۆمانسییانەش دەبووژێتەوە. لە شیعری "توانەوە. لا ٣٥". "پەڵە هەورێک دەکەینە هێلانە و هەوار".

ئەم پەیوەندییە ڕۆمانسییە لە "شەوانی تەنیایی" دەگاتە ترۆپک: لاپەڕەی ٣٧/٣٦. "هەر ئەوەندەی لە ناو دۆزەخی دووریتا چاوم نووقان/ نووقمی خەونی

دوور دوور ئەبم/ تۆ ئەبیتە شاپەرییەک/ کراسێکی ئاوریشمینی تەنک و سپیت لەبەردایەو/ لە سەر روومەتی ئاوێنەی/ هتد".

موفرەدەکانی سەلام محەمەد لە دونیای گوندەوە دێت. ساف و بێگەردن، سەرجەم ئاماژەکانی ژان و ئازار، بە بێ تەکلیف نووسراوە. "نووکە دەرزی"، " نووکە رم"، "وردە شووشە"، "دوکەڵاوی"، "سووتان" هتد.

یەکێک لە رەگەزە لە بەرچاوەکانی شیعری شاعیر دیالۆگە. یا مەنەلۆگێکە لەگەڵ خود. بۆیە لە زۆربەی شیعرەکان شیعر ئاراستەی یەکێک دەکرێت، یا ئەویکی دیکە، منی پەنهانە. "خۆت مەشارەوە" ل٥٢.

"وەرە ژوورەوە"، " وەرە خوارەوە، ئەی تاقگەی جوان"، " وەرە خوارێ ئەی کۆترە تۆراوەکەم"، "تۆ ئەزانی چاوەکانت/ وەک شاری دڵم خامۆش و ئاوارەیە."، "دە دەروازەی ئەم قەڵایەش بکەرەوە".

زمانی ئەم دیالۆگە تا بڵێی خۆماڵییە، خۆماڵییە بە هەموو پێوەرەکان. ئەو کوردییەی سەلام پێی دەنووسێت، بە بێ ماکیاج و بە بێ رتوش و بە بێ رەوانبێژییەکی عاسی، هەست دەکرێت ئەم دەنگە سافە، وەکو ئاسمان و جۆگەلەی نیشتیمانە، سەرەرای ئەوەی لێرە و لەوێ، وشەی توند بەکارهاتوون، بەڵام بە هیچ شێوەیەک رێرەوی ئەو جۆگەلەیەی نەشێواندووە.

هەر بەم زمانە چەندین تابلۆی ئاوی پێ دەکێشرێت، دیمەنی رەگەزەکانی سروشتن و بە بەردەممماندا تێدەپەرێت. کەس نییە لە جۆگەلە ئاو بێزار بێت، کەس نییە خورەی ئاو هەراسانی بکات. بۆیە شیعری سەلام محەمەد لە زنجیرەیەک وێنە پێکهاتوون، وەک شریتی سینەما جیهانێکی رۆمانسی دەبووژێننەوە.

شار و ئاوەدانی ناوەرۆکی پرۆژەی شیعرییە لای سەلام محەمەد. شار وەکو روخسار، وەکو هێلانە، وەکو ماڵ، ئاویش دونیایەکی روونە، رچەیەکی دەچێتەوە شار، بەڵام پرۆژەی شیعری لە هەوارە خەونینە دوورەکانەوە و دێن و ساڵانی حەفتا بەسەر چەندین شەری کاولکەردا دەکرێتەوە و هێشتاش روخسارە راستەقینەی شار دەرنەکەوتوو.

# سەرنجێک سەبارەت بە ئەزمونی شیعریی سەلاح شوان



سەباح رەنجدەر

خودا هەندێک هێزی نهێنی و تایبەتی خۆی هەیە، دەیبەخشێتە مرۆڤی داهێنەر بۆ دۆزینەوەی بەها ونبووەکان. ساڵی ١٩٧٧ بەشی یەکەمی چامەی (شەوێک لە شەوانی سیمرغ) لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (٤٤) بڵاوکرایەوە. ناوبانگێکی نموونەیی و درەوشاوەی بۆ (سەلاّح شوان) پەیداکرد. بەوەی فۆرم و شێواز و زمانێکی هەستی لە خاڵ و هێڵی شیعری کوردی گەشە پێدا. هاووێنە و جێگۆڕکێکردن لەگەڵ ئەفسانە، یان ئەفسانە هێنانە ناو هەقیقەتی ناوەوەی شاعیر، یان ئاراستەکردنی شاعیر بۆ مەودای ئەفسانە. لەم جێگۆڕکێکردنەدا شاعیر و ئەفسانە ئاراستەی یەکتری وەردەگرن و دووانەیەکی بەیەک گەیشتوون و هەقیقەتی هێزی بزواندنن.

ئەم دەقە گفتوگۆیەکی نێوان شاعیر و هەستەکانییەتی لەپێناو دۆزینەوەی قەوارەی زەینی ئازاد و رامانی سەرەکیدا. دوورە لە لێڵیی ناپێویست، رووخسار و ناخی تا دواخاڵی بینین رۆشنە و ئازادییەکی تەواوی بەدەست هێناوە. ئازادیی زمان و نووسین، شاعیر خۆی قسە دەکات و خۆی کەسەکانە و قسەیان پێدەکات و مەوداکان دەگوازێتەوە. باس لە تەنیایی مرۆڤ و گەڕانەوەی بۆ خودی خۆی و خۆپاراستن لەناو خودی بێ زیانی خۆی دەکات، وای لێ دەکات بڕوا بە خودی خۆی و هێزە سەرەکییەکانی زەین بکات. دەقێکی مۆنۆدرامییە، تاکی هەقیقەتی بوونە راستەقینەکەیەتی، کەسی دووەم راستەقینە نییە، یان بوونی کەسی دووەم لە ئاسۆی چاوەڕوانیدا هەڵسوکەوت دەکات و بەهۆی تیشکدانەوەی وێنەکانەوە قەوارەی بوونەکەی دەستنیشان دەکرێت. شێوازی مۆنۆدرامی تەنیا تەکنیکێکی شیعریی نییە، بگرە هۆ و ئامانج و رۆشناییەکە لەڕێگایەوە بە قووڵی بەدوای دۆخ و دۆزینەوەی دەنگی ویژدانی تاک بکەوێت.

ئەفسانە وەک دەربڕینێکی کولتووری، یان ئەستێرەی ئەدەبی فەنتازیا جۆرە ئاسۆ و سەرچاوەیەکە بۆ باشترکردنی جیهان و لەسەرەتای بووندا بۆ ئەوە بەکارهێندراوە، تا لەڕێگایەوە بە هەقیقەت بگەن و پێچەوانەی هەقیقەت هەڵسوکەوت نەکەن، هۆیەکانی بەهەقیقەت گەیشتنیش بزانن و سەرچاوەکانی بناسن. دواتر ئەفسانە چۆن پێوەندی بە راستەقینەوە هەیە، یان راستەقینە چۆن پێوەندی لەگەڵ ئەفسانەدا دروست دەکات. لە ئاسۆ و سەرچاوەکەدا چ روودەدات. مرۆڤ چۆن وێنای ئاسۆ و سەرچاوە و رووداوەکە دەکات. لەهەمان کردەشدا زمان چاوەڕوانی خەیاڵ دەکات، خەیاڵێکی داهێنەر جوان بەکاری بهێنێت. بەها و بنەمای ئەفسانەی کۆن و نوێی لەناو هەقیقەتە تاکییەکەدا، یان ئاسۆی چاوەڕوانی ژیاندووەتەوە. سووری بەردەوامبوون، ئەو گرینگیدانەی لای شاعیر بەپێویست زانیوە. لەم گرینگیدانەدا سەرنج دەبێتە تێڕامان. دوو بنەمای سەرەکیی شیعری مۆنۆدرامی لەم ئەزموونەدا پەخشکراون، ئەوانیش وێنە و ئاراستەکردنن. لەکۆی ناوەند و خاڵی دەقەکەدا ئەم دوو بنەمایە بەشێوەی بازنەیی دووبارە دەبنەوە و لە گەشەکردندا ئاستێکی هەستی پەروەردە دەکەن، هێزی نهێنی دەق خەسڵەت بە ئاست و چۆنیەتی پەروەردەکردنەکە دەدات و گۆڕینەوەی پێوەندیی نێوان هێما و هێماپێکراو لەسەر ئاستی مانادا لێک نزیک دەبنەوە و لەسەر ئاستی زمانیش دوور دەکەونەوە. لەم دوو ئاراستەیەدا تیشکی شیعرییەت لە بنیاد و شێواز و ترپە و ئاوازدا زیاد دەکات. لە دەقی ئەدەبیدا زمان نیشانەیەکە لە نیشانەکانی دۆخگۆڕین، راستەوخۆ کرۆکی دۆخگۆڕین نییە.

تا ئەو سنوورەی من ئاگاداربم ئەم شاعیرە لە شیعری نوێبەخشی کوردیدا داهێنەری شیعری مۆنۆدرامییە، بەڵام لەم شیعرەوە هێڵی کۆتایی کێشا و گەشەی پێنەدا، یان نەیتوانی بیکاتە وەرچەرخان و دیاردەیەک، یان ئەزموونێکی کراوە بەسەر شیعری نوێبەخشی کوردیدا. لەگەڵ ئەوەش هەوڵدانێکی کەم وێنە بوو بۆ ئازادبوون لە ئایدیۆلۆژیا و بەرهەمهێنانی (کرۆکیجوانی ـ ئێستێتیکا)ی بێگەرد. بەردەوامبوون لە نووسین و بەرهەم زۆری مانا و دۆخی داهێنان ناگەیەنێت، بگرە داهێنان خۆی شکۆمەندیی ئەدەبی و دۆخێکی شکۆمەندی مرۆڤانەیە. خوداوەندەکان لە سروشتی سەرەتایی یەکەمین دروستبوون ئەفسانەیان بەرهەمهێنا و خاوەنی گرینگی و پیرۆزییە، ئەم دەقە بایەخی زۆری بە ئەفسانە و نهێنیی ئەفسانە داوە و هەستی ئاشکراکردنی تەقاندووەتەوە، پەیوەندیی هەستیشی لەنێوان وێنەکان وەک ناوەند و هاوسەنگییەک ڕاگرتووە. ئەم ناوەندە خەمڵیوی چەندین قووڵبوونەوەی ئەفسانەیی و هاووێنەیی وەک: سیمرغ، هوما، سەمەندەر، ئاگردز، گیای نەمری، ئەژدیهای حەوت سەر، دەڵەدێوی مەمک کێو، ئاوی ڕەش و سپی، ئەشکەوتی پەرییان، سندووقی ئەجندان و.....تاد، ئەوەی گرینگە لەناو هەموو ئەفسانەکاندا بەدوای مانا و دۆخی ژیان و پێکهاتەکانیدا دەگەڕێت.

ئەفسانە ڕاچڵەکانی لەناخی ژیان و چۆنیەتی بوون دروستکردووە و بزەیەکی لە ڕوخساری زەوی نەخشاندووە، دیاردەیەکی کولتووریی کۆمەڵگا و چالاکییەکی گشتییە. شتێک نییە، کە بوو‌بێت و تەواو بووبێت. لەم بەردەوامییەدا زمانی هەستی لەناو ئەفسانەوە درێژ دەکاتەوە بۆ گەیشتن بە جاویدانی و بەهێزکردنی ڕۆحی ئەفسانە لە جەستە و دەروونی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی بۆ ئاستی خوداوەند و هاووێنەیی مرۆڤ. وەک سەرچاوەی بنەڕەتی بۆ کولتووری کۆمەڵگا بەکاری دەهێنێت و هەمیشەش لای بەرەو گۆڕانکاری دەکاتەوە، بەردەوامی ئەفسانەش پەیوەندی بە تێگەیشتن و پێویستییەکانی کۆمەڵگاوە هەیە، وەک هاوئاهەنگی نێوان بەشەکانی نووسین سوودی لێ وەردەگرێت و بەردەوامی بە سووڕی مانەوەی دەدات.

لە بەکارهێنانی ئەفسانەدا وا دەکات ئەفسانە پەیامی نوێی بەجێ بهێنێت. بەوەی کرۆکیجوانی بەهەموو کەس بگەیەنێت، دابونەریت دەپشکنێت و لێی دەکۆڵێتەوە و مەشقی کرۆکیجوانییان لەسەر دەکات، بەمەش بەرهەمی خۆی دەخاتە سەر هێڵی درێژبوونەوەی ئەفسانە. ئەفسانەش پێویستە بە وریاییەکی بەردەوامەوە لێی بڕواندرێت و مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ترپە و ئاوازی هاوتەریب و گونجان لەگەڵ کەرەستەکانی ئاسمان،

ئاسمان بەتەواوی بوون و بوونەوەرەکانییەوە دەورێکی ئێجگار کاریگەر لەم ئەزموونەدا دەبینن. دەیانهێنێتە دواندن و خاسییەتی مرۆڤیان تێدا پەیدا دەکات و دەیانورووژێنێت. هەوڵدەدات خاسییەتەکان هاوسەنگ و بەراورد بکات لەگەڵ مرۆڤ و هەقیقەتی تەواوی مرۆڤ. ئەفسانە لەسەرەتای دروستبوونیەوە بەشێوە و فۆرمی جۆراوجۆر هاتووەتە ناو کۆمەڵگا و کاریگەریی خۆی سەپاندووە، کە سەردەمی نووسین داهات، لە شێوە و فۆرمی جیاوازتردا دارێژرایەوە، بەڵام لەناو هەموو نووسینەکاندا تایبەتمەندیی خۆی پاراستووە و بە پێکهاتە و رەگەزەکانییەوە وەک بوونێکی تەمەن درێژ و کاریگەر دەناسرێتەوە. رۆحی ئەفسانە بەشێوەیەکی باش ئاراستەکراوە و بەهۆی هێما و خوازەوە وردەکاریی شیاوی دەستەبەرکردووە و رازی زیندووبوونەوە پێشنیاز دەکات و دەیهێنێتە بەر زەین، بەڵام بەتەواوی چەمکی زیندووبوونەوە ناناسین.

ساڵی ٢٠١٢ چیرۆکەکانیم کۆکردەوە و لە بەڕێوەبەرێتیی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی وەک کۆچیرۆکێک بە ناونیشانی (ئەستێرە بەرزە) چاپکرا.

(دڵدارەکەم پایزە گەواڵەیەک نییە ـ ١٩٧٨). وەک کۆشیعری چاپکراو، ئەزموونی یەکەمی (سەلاح شوان)ە. ئەم ئەزموونەش کۆی ئەو شیعرانەن، کە لە رۆژنامە و گۆڤارەکاندا دوای ئەزموونی یەکەمی بڵاویکردوونەتەوە. لەو ساتەوەی شیعرەکانیم ناسیوە، وەک شاعیرێکی راستەقینە و پڕشکۆی داهێنان ناسیومە. بۆ چێژی تایبەتیی خۆم و ئەشقی شیعر ئەوەی پێ دەکردم، هەر شیعرێکی بڵاودەکردەوە لە کتێبخانەی خۆم دەمپاراست و لەنێوانیاندا خوێنەرانە تێیان رادەمام بۆ ئەوەی چاودێری کرۆک و بنەما و کاکڵی مەبەست بکەم و بزانم تا چ رادەیەک لە بەرزبوونەوە و داکەوتندا دەیبینم. ئەنجام وەک کتێبێک کۆبوونەوە.

ئەم داهێنەرە ئێستا لە دەرەوەی نیشتیمان دەژی. رەنگە دوور لە نیشتیمانیش بەگۆڕغەریبی و پشتگوێخراوی بمرێت، نیشتیمان: دەسەڵاتی نەتەوەیی، سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دابین نەکرد، بەڵام دوای مردنی خەم بۆ گۆڕی پڕشکۆی داهێنانی دەخوات. شکۆی داهێنان تاکە شتێکە پێویستە دەسەڵاتی نەتەوەیی بیری لێ بکاتەوە. پێویستیشە لەناو شکۆی داهێنان و کەژاوە و رێورەسمیدا بژین. داهێنەر، ئەگەر لەبەر بەدگۆیی لێخنبیرە ئاماژەکوێر و پاشخاپەرۆکەکان لە نیشتیمانی خۆیدا سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی بۆ دەستەبەر نەکرێت، جیهان فراوانە.

٢٠١٣/١/١٥ هەولێر

# سەردانی مۆزەخانەی پاکیزەیی

## ئۆرهان پاموک:
## مۆزەخانەی پاکیزەیی پێشاندانی ئەو هەستە شاعیری و هونەرییانەیە کە لەبیر کراون.



**سیروان رەحیم**

**مۆزەخانەیەکی جیاواز:**

بە هەموو پێوانەکانی تەماشاکردن، سەرباری ئەوەی ئەم مۆزەخانەیە پڕە لە پاکیزەیی ئەڤینێکی ناکام، هەروەها مۆزەخانەیەکی جیاواز و تایبەتە. لێرە شتەکان جۆرێک لە جوڵە و کەرەستەکان جۆرێک لە وزەیان تێدایە.

سەبارەت بە مۆزەخانەی پاکیزەیی، ئۆرهان پاموک دەڵێت:

بیرکردنەوەم لە دروستکردنی مۆزەخانەکە، پاش سەرکەوتنی رۆمانەکە نایەت، نەخێر، هەر لە سەرەتاوە، پلانی نووسینی رۆمانێک و مۆزەخانەیەکم پێکەوە دانا.

ئەو باڵەخانەیەی ئیمڕۆ بووە بە مۆزەخانە، ڕۆماننووسی تورک و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئەدەبیات ئۆرهان پاموکساڵی ١٩٩٩ دەیکڕێت و لە خەیاڵگەی خۆیدا بیر لە ژیانی ماڵباتێک دەکاتەوە کە لەو شوێنە دەژین. ماڵباتێک ژیان و گوزەرانیان هاوکات ببێت بە بەشێکی گرنگی پێکهاتەی ڕۆمانێک و ماڵەکەیشیان بکرێت بە مۆزەخانەیەکی بچووک.

دەربارەی بڕی تێچوونی ئەو مۆزەخانەیە، ئۆرهان پاموک دەڵێت:

ناتوانم بە ژمارە بڵێم چەندی تێچووە، بەڵام ئەو مۆزەخانەیەی ڕۆماننووسێک بە دەرفەت و سەرمایەی خۆی، بێ ئەوەی هاوکاری و کۆمەک لە کەس وەربگرێت دروستی کردووە، بڕی تێچوونەکەی لە بڕی پارەی دەستکەوتوو لە خەڵاتی نۆبڵی تێپەڕاند.

هەر لەنێو مۆزەخانەکەیشدا، بەڵام بە هەڵکەوتە و سازکردنێکی جیاواز، شوێنێکی بچووک هەیە بۆ کڕینی شتگەلێک بۆ دیاری، یان کارت و هەروەها هەموو کتێبەکانی نووسەریش. کتێبەکانی نەک بە زمانی تورکی، بەڵکو بە کۆمەڵێ زمانی تریش لەوێ بۆ کڕین دانراون.

پاموک سەرەتا ڕۆمانەکە دەنووسێت و ساڵی ٢٠٠٦ بڵاودەکرێتەوە. پاش سەرکەوتنی ئەو ڕۆمانە، ئیتر کاتی ئەوە دێت بەشی دووەمی پلانەکەی، یان نیوەی دووەمی ئامانجەکەی جێبەجێ بکات، ئەویش کردنەوەی ئەو شوێنەیە ئێستا بووە بە مۆزەخانە، واتە مۆزەخانەی پاکیزەیی. لە مۆزەخانەی پاکیزەییدا سەدان پارچە کەرەستە و کەلوپەل پێشان دەدرێن، پارچەگەلێک هی ئەڤینداران و کارەکتەرەکانی نێو ئەو ڕۆمانە سەرسامکارەن.

## گرنگی پێشاندان لە مۆزەخانەی پاکیزەییدا:

ڕۆژی ٢٠١٢/١٢/٢١ لە سەردانێکدا بۆ مۆزەخانەی پاکیزەیی، کە دەکەوێتە ژمارە ٢ی شەقامی چوکورجومعەی گەڕەکی بەیئۆغلۆ لە شاری ئیستانبوڵ، بە بینینی ئەو کەرەستانە میوان دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی گرنگی ئەو شارە تایبەتە.

لە ماوەی مانەوە لەو ماڵەدا، میوان بە مێژوویەکی گرنگ و فراوانی نیوەی دووەمی سەدەی بیستی شاری ئیستانبوڵ ئاشنا دەبێت. لە بزاڤی هونەریی و وەرزشییەوە، تاکو سیاسەت، لە ناسنامە، کاغەزی بیمە، قاپ و قاچاخ و جگەرە و کەرەستەی نێوماڵ و چێشتخانەوە تاکو دیمەنی ئەو ساڵانەی شارەکە، جۆری خواردنگە و شێوازی خواردنەوە و جگەرەکێشانی زۆر وەکو نەریتێکی ئەو

شارە. لەو شتانەن لەنێویاندا میوان نوقووم دەبێت.

بۆ ئاشنابوون و گەڕانەوەی بۆ ئەو ساڵانەی ئێستانبوڵ، میوان گەلێک شتی گرنگی بەرچاو دەکەوێت. سەرباری بینینی هەموو ئەو شتانە، لەو ماڵەی کراوە بە مۆزەخانە، هەروەها میوان/خوێنەر دەتوانێت هەست بە بۆن و بەرامەی ئەڤینێکی ناکام بکات. ئەڤینێکی وەها هەرگیز تارماییەکانی ئەو هەوارە بەجێناهێڵێت و هەناسەکانی ئەڤیندارانیش بەشێوەیەکی بەردەوام تێکەڵ بە سرووەی ئەو سەرزەوینە بوون. هەرچەندە کەمال باسماجی بڵێت:

(چی دەڵێن، با بیڵێن، هەمووان با ئەوە بزانن خۆشترین ژیانم بەسەر برد). سەرەڕای ئەو هەستەیش، بەڵام کەمال ئەڤینێکی ناکام ژیا.

ئەو رستەیە لەو ماڵە نووسراوە و بینەر دەباتەوە نێو هەوارگەکانی رۆمانێک لە هەناوی ئەڤینەوە هاتۆتە دەرێ، یان خوازیارە بچێتە نێو هەناوی ئەڤینەوە و ئاوێتەی هەمیشەیی ئەڤین بێت. ئەڤینی کەمال بۆ فیسون، ئەڤینێکی زۆر جیاواز و دەگمەنی (مێژووی ئەڤینە)، بەڵام ئەڤینێکیشە هەموو کەس بە ئەنجامی ناشادی خۆیەوە غەمگین دەکات.

هەموو ئەو کاراکتەرانەی لە ٨٣ بەشی رۆمانەکەدا خوێنەر لەگەڵیان دەژی، لەو مۆزەخانەیە کەلوپەلەکانیان بەسەردەکرێنەوە و لە روانگەی ئەو کەرەستانەوە مرۆڤ هەست و سۆزی ئەو مرۆڤانە بە روونی دەژی.

بە شێوەی ٨٣ بەشی رۆمانەکە، ٨٣ جامخانەیش لە مۆزەخانەکەدا ساز کراون و کەرەستەی ئەو رۆژگارەیان تێدا دانراوە، رۆژگارێک پڕە لە کارەساتی ناخۆش و بەسەرهاتی جۆراوجۆر، بەڵام ئەفسوونی قەڵەمەکەی پاموک بە زۆری خوێنەر بە یەکێکیانەوە سەرقاڵ دەکات، ئەویش ئەڤینی سەرشێتانەی کەماله بۆ فیسون. پێشاندانی هەموو ئەو شتانە بەو شێوەیە دەگەڕێتەوە بۆ تۆکمەیی پلانی سازکردنی مۆزەخانەکە، بێگومان ئاشکرایە بەشێوەیەکی چەند ورد بیر لە دروستکردنی کراوەتەوە. بە گوێرەی قسەی پاموک خۆی بێت: (کاری زۆری بۆ کردووە و خۆی زۆر بۆ دروستکردنی ئەو مۆزەخانەیە ماندوو کردووە).

راستییەکەی بە سەردانی ئەو مۆزەخانەیە سەردانڤان بۆی ئاشکرا دەبێت، وێنەکێشێک سەرپەرشتی چێکردن و سازکردنی بەشەکانی ئەو مۆزەخانەیەی کردووە، بەڵام دەبێت ئەو کەسە کێ بێت؟ بێگومان پاموک خۆیەتی. ئەو نووسەرە لە حەفت ساڵییەوە تاکو بیست ساڵیی تەمەنی وێنەی کێشاوە، وەکو خۆی دەڵێت: (وێنەکێشێک لە قوڵایی روحیدا هەیە)، ئەو دەستبەرداری وێنەکێشان بوو، پاشان دەستی دایە رۆماننووسین، بەڵام وێنەکێشان دەستبەرداری روحی ئەم نەبوو،

لە ڕۆمانەکانیشیدا ئەو ڕاستییە زۆر ڕوون دیارە. ئەوە جگە لەوەی پاموک خۆی سەردانڤانێکی بەردەوامی مۆزەخانە گرنگەکانی ئەوروپا و جیهان بووە و لە بەردەوامی بینیندا ئەو نووسەرە زۆر کەوتۆتە ژێر باندۆری جوانی و هونەری باڵای ئەو ناوەندە گرنگانەوە.

ئەو دەمەی پاموک ئەو ماڵە دەکڕێت، بیناکە خۆی و تەواوی ئەو بەشەی گەڕەکەکەیش وێرانە بوون، بەڵام پاش چەند ساڵێک ئەو ناوچەیە ئاوەدان دەبێتەوە. ئێستایش مۆزەخانەی پاکیزەیی بووە بە هۆکارێک بۆ ئەوەی گەڕەکەکە میوانی زۆرتر و کەسانی، جیاواز لە دانیشتووانی (چوکورجومعە، جەهانگیر و بەیئۆغلۆ) ڕووی تێبکەن.

مۆزەخانەی پاکیزەیی هەڵکەوتەی کۆڵانێکی چەپەک و تا ڕادەیەک نەناسراوە، پاموک دەڵێت: (ئەو مۆزەخانە چەپەک و بچووکانەم خۆشدەوێت لە هەر شوێنێک هەبن). ڕەنگبێ خۆشەویستی پاموک بۆ ئەو جۆرە مۆزەخانە و ماڵانە هۆکارێک بێت بۆ سازکردنی مۆزەخانەکە لە گەڕەکێک وەها چەپەک و کۆڵانێکی تا ڕادەیەک لەیادکراو.

لە گەڕانی نێو ئەو مۆزەخانەیەدا، واتە لە ماڵی فیسوندا، هەرچەندە هەموو ئەو شتانەی لەوێ دانراون بۆ تەماشاکردن، شتی ئاساییـن، کەچی مرۆڤ هەست دەکات کۆمەڵێ شتی تایبەت بەسەردەکاتەوە و دەیانبینێت، شتگەلێک پەیوەندییان بە بەسەرهات و ڕووداوی گرنگەوە هەیە و بوون بە بەشێکی دانەبڕاو لەو چیرۆکانە. گومان لەوەدا نییە بۆ ئەوەی نرخ بە کەرەستەکان و مێژوویەک بدرێت، پێویستە هونەرمەند و نووسەر بتوانن لە خستنە بەردەستی شتەکاندا، ئەو هەستە لە لای بینەر و میوان دروست بکەن.

پاموک دەربارەی پێشاندان لە مۆزەخانەکەدا شتێکی گوتووە، پێدەچێت نزیک بێت لەو ئامانجەوە. ئەو نووسەرە دەڵێت:

(مۆزەخانەی پاکیزەیی پێشاندانی ئەو هەستە شاعیری و هونەرییانەیە لەبیر کراون).

***

بێگومان ئۆرهان پاموک بە کردنەوەی مۆزەخانەی پاکیزەیی، کەمال باسماجی خۆشحاڵ دەکات و گیانی فیسونیشی بەو کارەی شاد کردووە، فیسون ئەو کەنیشکەی (دووره خزم)، بەڵام گەورە ئەڤینی نزیک بە ڕوحی کەمال بوو.

لە مۆزەخانەی پاکیزەیی کە من نزیکەی دوو سەعات تێیدا مامەوە، شتەکان زۆرن سەرنجی میوان بۆ خۆیان دەبەن. شتەکانی ئەو کەنیشکەی کەمالی

بە ئەفسونی لەش و روحی دڵبەری گیرۆدە کردبوو، جۆری جگەرکێشانی و عەرەق خوردنەوەی و... هتد. هەروەها شتەکانی کەمال خۆی، پێداویستی ژیان و کەرەستەکانی ئەو رۆژانەی شاری ئیستانبوڵ، وەکو: بلیتی سینەما، پێڵاوی ژنانە، بێگومان هی فیسونە، جانتای دەستی ژنان (لەوە دەچێت هی بوتیکی شانزەلیزێ بێت مابێتەوە)، پیاڵەی چا، پێکی عەرەق، دەستماڵ و زۆر شتی تری ئەو ساڵانەی شارەکە. دەنگی پاپۆری کەنارەکانی ئیستانبوڵ. هەروەها شتێکی تری گرنگ، دانانی دەستنووسی رۆمانەکە لەوێ. کۆمەڵێ چاپی کتێبەکە بە کۆمەڵێ زمانی جیاواز و لەوانەیش بەرچاویی تر- پەپوولەی سەر جلی کارمەندانی مۆزەخانەکەیش کەم سەرنجراکێش نییە. نەخشی پەپوولە کە نووسەر لە رۆمانەکەدا بەڵێنی ئەوەی داوە لەسەر جلی کارمەندانی مۆزەخانەکەی دەنەخشێنرت. خوێنەر دەزانێت ئەو پەپوولانە لە کوێوە هەڵدەفرن و لە کوێ (لە ناخی کەمالدا) بۆ هەمیشە هەڵدەنیشن و دەگیرسێنەوە.

**دوو شت بە تایبەتی سەرنجم بۆ خۆیان دەدزن:**

بەڵام، لەنێو هەموو ئەو کەرەستانەدا و لە سەرجەم ئەم مۆزەخانە بچووک و رەنگین بە پاکیزەییدا، دوو شت سەرنجی منیان بەتایبەت دەدزی، ئەوانیش:

* نووسینی دێڕێک لەسەر پلیکانەکان. لە یەکێک لە شەوانی بەردەوامی ئامادەبوونی کەمال لەو ماڵە، کاتێک ئەو ئەڤیندارە لە لوتکەی مەستیدا دەبێت، ناچارە بچێتە پێشاو، بە مەبەستی سەرکەوتنی، فیسون دەستی دەگرێت. ئەو کەنیشکە لە سەرکەوتندا کۆمەکی کەمال دەکات، لە پەسنی ئەو (ماوە زۆر کورتەدا) کەمال دەڵێت:

(ئەو دەمەی دەستی یەکمان گرتبوو، وام دەزانی خۆشترین دەمی ژیانمە. یارمەتیدەرێک دەستی بە باڵی کەمالەوە گرتووە فویسونە. کەمال بە جۆرێک باس لەو ماوە کورتە دەکات، وەکو ئەوەی کات نرخی خۆی لەدەست دابێت. سەرمەستی ساتەکە (نەک عەرەق)، خۆشییەکی ئەوەندە وزەبەخشە، ئەوەندە نایابە، خۆشی و شادبوونێکە کاتەکەی لەوە درێژترە کەسانێکی ناعاشق بتوانن لێی تێبگەن. جوڵە و سەرکەوتنێکە لە جوڵە و سەرکەوتنە دەگمەنەکانی داهێنانی هونەریی.

ئەو رستەیە بە جۆرێک لەو مۆزەخانەیە نووسراوە، بەسەر دیوارێکەوە، رێک

لە کاتی سەرکەوتندا هەستی پێدەکرێت و توانای خوێندنەوەی هەیە. بە راستی لە خوێندنەوەی ئەو "رستەیە"دا مرۆڤ هەست بە هێزی ئەو دەستانەی فیسون دەکات، دوو دەستی تژە لە میهرەبانی، چلۆن دەتوانن مرۆڤێک بۆ هەمیشە بە خۆیانەوە گیرۆدە بکەن. خۆشترین گیرۆدەبوون.

* رەندەی هەرمێکە.. ئەو رەندەیەی کەمال دەیدزێت. بە بیانووی ئەوەی چەندین جار دەستی فیسونی بەرکەوتووە و بۆن و بەرامەی ئەو کەنیشکەی پێوە لکاوە.

***

مۆزەخانەی پاکیزەیی کە لە ساڵی ٢٠١١دا کرایەوە، گیانێکی تری وەبەر رۆمانەکەی پاموکدا کردووە. وەکو ئەو نووسەرە خۆی ئاماژەی پێکردووە (وشە شتێکە و کەرەستەیش شتێکی ترە)، بۆیە ئەو رۆمانە چانسی تایبەتی هەیە بۆ ئەوەی بەردەوام لەگەڵ خوێنەر و خەڵکدا بمێنێتەوە، جیاواز لە رۆمان و بەرهەمی تری ئەدەبی، رەنگبێ تاکە رۆمانێکیش بێت بووبێت بە توخمی سازکردن و چێکردنی مۆزەخانەیەک.

پاموک دەڵێت:

(وەکو چیرۆکەکانی هەزار و یەک شەوە، جنێک چووە گیانمەوە و ناچاری کردم مۆزەخانەیەکی وەها غەریب بکەمەوە).

مۆزەخانەیەک بە بەردەوامی خوێنەر دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرجەستە بەسەرهات و کەرەستەکانی رۆمانێکی تێدا ببینێت و بچێتە پێکهاتە و هەناوی رووداوەکانی ئەو ئەڤینەیشەوە کە بووە بە هۆی پێکهاتەی تەواوی بەرهەمەکە.

مۆزەخانەی پاکیزەیی، مۆزەخانەیەکە نەک هەر لە ناوەوە بۆنی ئەڤینی لێهەڵدەستێ، بەڵکو لە دەرەوەیش، شەقامی چوکورجومعەی کردووە بە رووبەرێک بۆنی هەناسەی کەمال و سەردانە بەردەوامەکانی ئەو عاشقە لە شەودا بۆ ئەو ماڵە و بۆنی ئەگریجە و پێستی دڵگری فیسونی لێهەڵدەستێ.

# بە تراژیدیابوونی بوونگەرا

## لە کتێبی شیعریی (ڕووتبوونەوەی وشەکان)ی (غەمگین بۆڵی)دا




رزگار عەلی

بوونمان بێ بوون نییە و هەرگیزیش ناتوانێت بێ بوون، بوونمان بوونی هەبێت. بوونمان وەکو بوونێکی کەمتواناش لە ئاست شتە نەناسراوەکان، تراژیدییە، تراژیدیاش لەو کاتەوە دەستپێدەکات کە شتە ئایدیاڵ و نەناسراوەکان گەمارۆی بوونمان دەدەن و بوونمان دەگەیەننە حاڵێک کە تەواو خەریکە بوون لەدەست دەدا، لەم بارەشەوە چەمکی تراژیدیا بە حەتمییەوە لە هەموو لەحزەیەک و ساتێک لەناو بوونمانە، وەکو (نیچە) دەڵێت: ((من بەڵێنی هاتنی سەردەمێکی تراژیدیتان پێدەدەم)). ئەم سەردەمە تراژیدیایەی (نیچە) باسی دەکات، سەردەمێکی دیاریکراو نییە، تراژیدیا لە ئاست ڕووداو و کارەساتەکان نییە، بەڵکو لەگەڵ لەدایکبووندایە و بوونێکی ئەنتۆلۆجییە هەیە، لێرە تێگەیشتنی

(نیچە) لە واتای تراژیدیا، تێگەیشتنە لە واتای بوون، مادام بوون حەتمییە و کۆتاییهێنان بەو بوونەش حەتمییە، ئەوا خۆی لە خۆیدا تراژیدییە، تراژیدیی بوون لە نێو کاتدا برانەوەی خۆی دەنوێنێت، مرۆڤ هەبوونە کەواتە رۆژێ دێت دەبێتە نەبوون، نەبوونیش ئەوپەڕی پووچگەراییە، تراژیدیاش لەناو پوچگەرایی دەرئەنجامەکەی نەبوون و لەناوچوونە. (سیلنۆس) لە وەڵامدانەوەی (میدیاس)دا گوتی: بەختەوەرترین مرۆڤ ئەو مرۆڤەیە کە لە دایک نەبووە[1]. لێرەدا نەبوون وەکو هەر (نەبوو) بەختەورترینە نەک هەبوون بەرەو نەبوون، ئەوەی یەکەم سەرەتای بوونێکی ئەنتۆلۆجییە، بەڵام ئەمەی دواییان مەرگێکی تراژیدییە، ناوەڕۆکی بوون تراژیدیای بوونە، واتە بوون کە هەبوون دروست دەکات، چونکە بیرکردنەوەکەی داهاتووی بوونی مەرگە، کەواتە ژیانیش ئەوپەڕی تراژیدییە، بوون بەردەوام لە چاوەڕێکردنی نەبوونە، نەبوونیش ئازاری بوونە، کەواتە بوونیش هەر نەبوونە، (نیچە) لەمەدا دەیەوێت سۆپەرمانەکەی بکوژ بێت، ئەگەر بکوژ نەبێت کوژراوە، واتە (نیچە) بوون ناکاتە نەبوون، ژیان ناکەتە مەرگ، بەڵکو بە بوون نەبوون دەکوژێت، کۆتایی بە تراژیدیایە دەهێنێت، لەم تێڕوانینە نەبوون هەیە، بەڵام دەبێت بکوژرێت تا بوون هەبێت، کە نەبوونیشمان کوشت (گەڕانەوەی ئەبەدی) دەگەڕێتەوە، لەگەڵ بوونی جەللاد کە (نیچە) بە ناوی ویستی هێزی (بەرزە مرۆڤ) ناوی ناوە، بوون نابێتە نەبوون، من بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەم کە لایان وایە: (نیچە) دژە (سوقرات)ە لە بڕواکردن بە فۆرمە هەمکییەکان، (سوقرات) هەبوون بۆ بوون ناگەڕێنێتەوە، بەڵکو بۆ ئایدیا هەمەکێکان (فۆرمە بەرزەکان) دەکاتە سەرچاوەی بوون و هەبوون، (نیچە)ش بەهەمان شێوە لەگەڵ (کوشتندا)و هاتنە کایەوەی بەرزە مرۆڤ، بوون و هەبوون بۆ بەرزە مرۆڤ دەگەڕێنێتەوە، ئێمە ئەگەر بپرسین (نیچە) کێ دەکوژێت؟ بۆچی دەیکوژێت؟ (نیچە) فۆرمە بەرزەکان دەکوژێت، لێرەدا ئەگەر شتێ بکوژرێت، کەواتە هەیە، هەموو کوژراوێک هەبوویەکی هەیە بۆیە دەکوژرێت، کەواتە (نیچە) وەکو (سوقرات) بڕوای بە فۆرمە بەرزەکان هەیە بۆیە دەیکوژێت، بەڵام بۆ دەیکوژێت؟ (نیچە) لەگەڵ ئەم میتافیزیکە ڕووناکێنەدا ناکۆکە و کاتێت و بڕاوەی بوون بە راستەقینەیەکی بنەڕەتی دادەنرێت. لە بۆچوونی ئەودا، ڕووناکبینی (سوقرات)، لەسەر هیوایەکی لە بناغەبەدەر راوەستاوە، سەر بە سیستمێکی هۆشەکی سەردەمی ڕووخاوە، لە لایەکی تریش دەسەڵاتی رەها و لەبن نەهاتووی بوونێکی دیکە لە ئاست دەسەڵاتی بوونی مرۆڤدا زەق دەکاتەوە و زەبوونی دەکات، ئەمەش لە بۆچوونەکانی (نیچە)دا، باوەڕکردن بە سەربەستی مرۆڤ و

هەبوونی دەسەڵاتێکی میتافیزیکی ڕەها لە ژوور دەسەڵاتی مرۆڤەوە کێشەیەکی (پاردۆکسە) دژوارە. (نیچە) بانگەشی بوون لەناو سیستمێکی میتافیزیکی تر کە لەسەرووی توانای مرۆڤەوە بێت ڕەت دەکاتەوە، چونکە هەبوویەکە کە بوون وای کردووە بێتە هەبوون، بانگەشەی ڕووخاندنی ئەم ڕاستییە، ناڕاستە! نەبوون بە هەبوون، لەناوبردنی هەبوونە، نەبوون پووچکردنەوەی هەبوویەکە و گەڕانەوەیە بۆ نەبوون کە نییە، بۆیە (نیچە) بە ویستی هێز پەنا دەباتە سۆپەرمان (بەرزە مرۆڤ) و فۆرمە هەمکییەکان دەکوژێت، (نیچە) بەرزە مرۆڤ بە شایستەی ئەوە دەزانێت، نەک فۆرمە هەمەکییەکان، چونکە فۆرمە هەمەکییەکان بوونیان وێران کردووە، بەڵام (هایدیگەر) دەتوانین بە دژایەتییەکی گەورەی (ئەفلاتوون) بزانین، کاتێک (دیزاین) لە شوێنی ئایدیا بەرزەکانی (ئەفلاتوون) دادەنێت، (هایدیگەر) فۆرمە هەمەکێکان بە هەبوون نازانێت تا بییان کوژێت، بەڵکو بە نەبوون دەزانێت، ئەگەر شتێ نەبوو چۆن دەتوانین بیکوژین! لەنێوان (نیچە) و (هایدیگەر) دوو بوونمان بۆ دروست دەبێت، (نیچە) نەبوون بە هەبوون دادەنێت، بەڵام بەرزە مرۆڤەکەی ئەو دەیکوژێت و خۆی لە جێگای ئەو دادەنێت، واتە لە ڕێی تێکشکانی هەبوون کە فۆرمە بەرزەکانە، بوونیان بە نەبوون دەکات، بەڵان (هایدیگەر) بوون، یان فۆرمە هەمەکییەکان-ئایدیا بەرزەکان- (ئەفلاتوون) بە نەبوون دەزانێت و ئاماژە دەکات نەبوون هەر نەبوونە، هەبوونیش هەر بە هەبوو دەزانێت و ئاماژە بەوە دەکات بوون هەر هەبووە و هەر دەبێت.

بوون هەبووە پێش بوونی ئێمە و هەبوون بێ دەسەڵاتە لە گۆڕینی بوون، وەکو چۆنیش سەرەتایەک هەیە بۆ بوونی ئێمە، کۆتاییش هەیە بۆ بوونی ئێمە کە مەرگە، مەرگ کۆتاییهێنانە بە هەبوونمان نەک کۆتاییهێنان بە بوون، هەبوونمان لێرەدا لە بوون نەبوونە، نەبوونیش چاوەڕوانی مەرگە، مەرگ مێژوو نییە، کەواتە نەبوونە، چونکە بوونمان لە ڕابردوودا هەبوونە و مێژووی هەیە، ئێمە دڵنیاین کە نەبوونمان لە داهاتوودا ڕوودەدات، بەڵام پێشبینی بوونمان بۆ ئەو نەبوونە چۆنە؟ نازانین! لای (هایدیگەر) کۆتایی (دازاین) لە بڕانەوەی ڕووداوەکان و هەبووکانەوە جیاوازە. یەکەم، کۆتاییەکە تراژیدییە، چونکە مرۆڤ بە ئاگاوە بەرەو کۆتاییەکەی دەڕوات. دووەمیش، کۆتایی (دازاین) بڕانەوەیەکی هەمیشەییە و لە گەڕانەوە بەدەرە. بۆ نموونە دەڵێن: بارانەکە وەستا یان فلیمەکە تەواو بوو. باران جارێکی دیکە دەبارێتەوە و دەتوانین چەند جارێکیش فلیمەکە ببینینەوە، بەڵام گەر مرۆڤ مرد، جارێکی تر ناگەڕێتەوە[٢]. لێرەدا بوونمان هەمیشە لە مەترسی نەبووندایە، بەڵام بوونمان نایەوێت جارێ بمرێت، مردنەکەی دوا

دەخات، خودی دواخستنی بوونمان وەکو نەبوون تراژیدییە، چونکە هەبوونمان لە بوون هێشتا نەگەیشتۆتە کۆتایی ئەوەی کە بوونمان دەیخوازێت کۆتایی هات و نەبوون رووی تێ کرد و بووە نەبوون، لێرەدا مردن کۆتایی هەموو بیرکردنەوەیەکی بوونمانە کە روو لە داهاتوو دەکات، بە داهاتووی بوونی ناگات، مەرگ گەورەترین ئیمکانە وەکو (هایدیگەر) دەڵێت: ((ئیمکانی نەبوونی هیچ بوونێکە مرۆییە))، مەرگ دوایەمین ئیمکانە، ئەو ئیماکانەش کە گشت ئیماکانەکان ناهێڵێت. ئایا بوونمان کە بیر دەکاتەوە بێتە نەبوون، دەبێتە ئەگەرێک لە ئەگەرەکان؟ (سارتەر) ئاماژە دەکات کە سەرهەڵدانی ئەگەرەکان، ئەگەری من نییە، ئەگەرێکە لەدەرەوەی من، لەناوبردنی ئەگەرەکانیش لە دەرەوەی ئەگەری منە، کەواتە مردن و نەبوونمان ئەگەری من نییە و ئەگەری لەناوبردنی ئەگەرەکانمە و لە دەرەوەی ئەگەرەکانمدایە. من ناکۆکم لەگەڵ (سارتر)! چۆن لەناوبردنی ئەگەرەکانی بوونمان، ئەگەری بوونمان نییە؟ من پێم وایە بوونمان لە بوون هەمووی ئەگەرە، ئەوەی جیامان دەکاتەوە لە بوونەوەرانی تر، ئەگەرە، ئەگەر کۆجیتۆی (دیکارت) بەکاربێنین بەم شێوەیە: ((من ئەگەرم هەیە، کەواتە من هەم)). باشترین سەلماندنە بۆ (سارتر) کە ئەگەرەکان لە دەرەوە نییە، بەڵکو (ئەگەر) هی بوونمانە و لەناو بوونمانە روو لە بوو دەکات. ئەگەری لە لەناوبردنی بوونیشمان لە دەرەوەی ئەگەرەکانی من دا نییە و بەشێکە لە بوونمان لە بوون، مادام بوونمان پڕۆژەیەکە بۆ دامەزراندنی ئەگەرەکان لە بوون، ئەوا بوونمان پڕۆژەیەکیشە بۆ دامەزراندنی ئەگەرەکان لە بوونمان، نووسەرێک چەند کتێبێکی ماوە بۆ تەواوبوون، لە ترسی هاتنی ئەگەری بوونی بە (نەبوون)، کام کتێب زۆر گرنگە بەلایەوە یەکەم جار ئەوە تەواو دەکات. ئەوەشی دەمێنێتەوە، دەمێنێتەوە لە بوون، چونکە بوونی من تەواو بوو ئەگەرەکەش تەواو بوو. تەواو بوونی بوونیشمان لە بوون، دوو ئاراستەی بۆ بوونمان وەکو (ئەگەر) روومان تێدەکات.

یەکەم: بوون پڕۆژیەکی بڕاوەیە.

دووەم: بوون پڕۆژیەکی هیچە!

(ژان پۆل سارتر) لە کتێبی (بوون و نەبوون)دا، زۆر بە روونی ئاماژەی بەم دوو خاڵە دەدات و دەیگەڕێنێتەوە بە چەندایەتی ژیانمان لە بوون، لە پیریدا بوون وەکو پڕۆژەیەکی بڕاوەیە، ئەمەش جۆرێکە لە هەڵبژاردنی شتە بڕاوەکان. لە تەمەنی جوانیدا کە جوانە مەرگمان دەکات ، بوون بە کەمییەوە پەیدا بووە...؟ ئەگەر گەڕانێکی فیکری بە ناو کتێبی شیعری (ڕووتبوونەوەی وشەکان)ی شاعیر (غەمگین بۆڵی)دا، ئەوا یەکسەر تووشی گەیشتن بە بوونێک دەبین، بوونێک

که تەواو بوونەوە و ئەو بوونەی وەک خۆی بەرجەستە کردووە. هەر وەک شاعیریش وەها ناوی بردووە (مننامه). ئەگەر زیادەگۆیی و ستایشی کوێرانە نەبێت، تەواوی شیعرەکان ئەگەر بە دێڕێکیش بێت، تەرخان کردووە بۆ بوونمان وەکو بوونێکی ئەنتۆلۆژی، ئەمەش قوڵبوونەوەی (بۆڵی)مان بۆ دەردەخات لەناو (بوون و نەبوون)ی ژیان کە تا چەند مانای هەیە و تا چەند دەتوانین تێیدا بەختەوەر بین.

**غەمگین بۆڵی لە شیعرێکدا نووسیویەتی:**

**کەس نازانێ**

**لە پشتی شەو**

**لە تەنیشت ڕۆژ**

**چی ڕوودەدات؟** (ڕووتبوونەوەی وشەکان) ل٨٩

(نازانێ) گوزارشتکردنێکی بێ مانایە بۆ بوونمان، کە لە دواجاردا بەرەو مەرگ پەلکێش دەکرێین، ئەمەش بێ ئیزنی خۆمان. هەر لە سۆفیستەکانەوە تا ئێستاش زۆربەی فەیلەسووفەکان بەسەر دوو قۆناغ دابەشبوون.

قۆناغی یەکەم/ ئایدیالیزم.

قۆناغی دووەم/ مەتریالیز.

ئەم دوو قۆناغە هەریەکەو بەشێوەی جیا بەدوای ئەم پرسیارەدا گەڕاون کە لە بووندا چی ڕوودەدات؟ بەڵام زۆربەیان بە دەست بەتاڵ گەڕاونەتەوە، واتە نەگەیشتوونەتە بڕیارێکی یەکلایی، یان بڕیارێکی قایلکار، چونکە ئاگامەندیی مرۆڤ سنوورێکی هەیە کە ناتوانێت تا (پشت شەو و تەنیشت ڕۆژ)دا بڕوات کە شاعیر ئاماژی پێ کردووە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە (بۆڵی) بۆ دێت و دیسان دەمانگەڕێنێتەوە بۆ باسێک کە زۆر کەس خۆیان بێ مانا کردووە لەسەری!

لێرەدا نەبوون گوزارشتە بۆ بێ توانایی و نەزانینی مرۆڤ، نەزانین نەبوونە، واتە هەموو نەزانینێک ڕوو لە نەبوون دەکات، نەک هەبوون، چونکە ئێمە گەر شتێک بزانین پێویست ناکات ئاگامەندیی بۆ بخەینە کارەوە، واتە نەبوون بریتییە لە ماهیەتی مرۆڤ، ماهیەتی مرۆڤ گەڕانە بەدوای نەبوون، ئایا هەموو نەبوونێک دەبێتە هەبوون؟ ئەگەر هەموو نەبوونێک ببێتە هەبوون، ئەوا ئێمە دەزانین چییەتی مرۆڤ چییەو ئیشی چییە لە بوون؟ نامۆیی مرۆڤیش لەوە سەرچاوەی گرتووە کە (نازانێ) یان ناتوانێت هەموو نەبوونێک بکاتە بوون، هەموو نەزانینێک بکاتە زانین، بە بڕوای (هیگڵ) نامۆی بارودۆخێکی پێویستییە، پێویستی بارودۆخەکە

بۆ زانینی نەزانینە، نامۆیی زانینیش ئەوەیە زانین دەیەوێت خۆی تەواو بکات و بگاتە بە ترۆپکی زانین، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت بوونی مرۆڤ لەبەر ئەوەی لە نەبوونەوە بەرەو نەبوونی دەڕوات و هەوڵی خۆ تەواوکردن دەدات (کات) ییەو شتێکی نەبڕاوە و هەمیشەیی نییە. بە بەردەوامی ئێستای دەکاتە رابردوو، بەرەو داهاتووش لەپێناو وەدەستهێنانی پڕۆژکانی رەتدەکاتەوە و بوونێکە لە رابردوو ناژیت و (ئێستا)ی کورت نەفەسەو چاو لە داهاتوو دەبڕێت. بوونێکە بۆ تەواو بوونی خۆی بەرەو داهاتوو دەڕوات و لە هیچ وێستگەیەکی (ئێستا) خۆی راناگیرێت. بۆ ئەو ئێستا لە رابردوو، داهاتوو لە ئێستا و داهاتووی داهاتووش لە داهاتوو باشتر و پێشکەوتووترە و ئاگامەندانە رووی تێدەکات(٣). لێرەدا نەبوون بەردەوام دەبێتە رابڕدوو، بوونیش هەردەم لە داهاتوودایە. ئەمەش نزیکمان دەکاتەوە لە فەلسەفەی (درێدا) و (بلوخ) کە (بوونمان) وەکو ناتەواوێک دەبینین کە هەرگیز تەواو نابێت، هەردەم (نەبوون) وەکو کردەیەکی کاملبوونی بوون، دەبێت بوون تەواو کات... کاتەکان دەوەستێنن! شاعیر لە شیعرێکی تردا کە تەواو تێکەڵی هونەری بەسمەستان بووە و لەوێوە دەیەوێت باسی (خۆکوشتن) بکات! دەشێت هەموومان بەم کردەیە درۆیەکی گەورە بۆ دونیا، بۆ ژیان بکەین! بۆیە شاعیریش لە وێنەیەکی شیعرییدا باسی لەم حاڵەتە کردووە و تەواو ئەو واقیعەی بەرجەستە کردووە.

**دەرگاکان قفڵ دەدەم!**
**پەنجەرەکان دادەخەم!**
**پەردەکان دادەدەمەوە!**
**گڵۆپەکان دەکوژێنمەوە!**
**جگەرەی درۆیەکی تر...**
**بۆ ژیان بە با ددەم**
**دەمەوێت باسی خۆکوشتن بکەم.** (رووتبوونەوەی وشەکان) ل٨

شاعیر لێرەدا دەیەوێت وێنەیەکی تراژیدیمان لەسەر بوون پێ بڵێت، دەیەوێت دەرگا لەسەر بوون دابخات و بڵێیت بوون تۆ هیچ نیت، ئەوەشی هەیت بە دەست خۆمیت، بوونی من بوونی تۆ بە نەبوون دەکات، واتە من زۆر ئاسان دەتوانم بوون بکەمە نەبوون، ژیان لێرەدا دوو بوونە بۆ بوونمان. یەکەمیان بوون. دووەمیان نەبوون... بە هەردووکیان بوونمان دروست دەکەم، (بۆڵی) لێرەدا زۆر ئاسان دەیەوێت بەشێک لە بوونی بکاتە نەبوون، بەڵام ئەو بەشە بەس

نییە بۆ ئەوەی بکەیتە جەوهەری نەبوون، بەڵکو دەبێت بچیتە ناو بوونێکی تر کە نەبوونە. باشترە نموونەیە بۆ خوێنەر بهێنینەوە بۆ ئاسان تێگەیشتن. ئادەمییەک زۆر نامۆیە، ئەو نامۆیە دەگاتە ساتێک بیر لە نەمان بکاتەوە واتە خۆی بکوژێ، لەم ساتەدا دەبێت رووبەڕووی دوو ئەگەر ببینەوە کە یەکەمیان. ئەگەر لە ژیان دەرچوون کە بریتییە لە وازهێنان لەو شتانەی کە ژیانمانی دروستکردووە. ئایا ئەمە بەسە بۆ خۆکوشتن؟ نەخێر، ئەوە خۆکوشتن نییە بچیتە شاخێک و تەواو شار بەجێبێڵێت! بەڵکو خۆکوشتن بریتییە لە وازهێنان لە ژیان کە بوونی من نییە و وازهێنان لە خۆم کە بوونی منە، شاعیر لێرەدا قۆناغی یەکەمی بڕیوە، بەڵام قۆناغە سەختەکە ماوە کە وازهێنان لە خۆمە، لە قۆناغی دووەمدا شاعیر رووبەڕووی سەختییەک دەبێتەوە، ئێمە با پرسیارێک بکەین، ئایا شاعیر بۆ دەیەوێت خۆی بکوژێت؟ ئایا شاعیر بە کردەی خۆکوژیی دەیەوێت ببێتە بووێکی رەسەن، بچێتە ناوجەرگەی بوون، یان دەیەوێت بە تەواوی لە بوون دەرچێت و ببێتە نەبوون؟ ئەگەر باش لە شیعرەکە وردبینەوە شاعیر هەنگاوێکی ماوە بۆ چوونە ناو مەرگ و وەستاوە و بیردەکاتەوە، چونکە دەڵێت: ((دەمەوێت باسی خۆکوشتن بکەم!))، لێرەدا دیسان دەپرسینەوە ئایا شاعیر- غەمگین بۆڵی- بیر لە چی دەکاتەوە؟ نەبوون لای شاعیر راکردن نییە لە بوون، بەڵکو دەیەوێت بچێتە ناو جەرگەی بوون و بێتە ئەو بوونەی کە خۆی دەیەوێت، نەک بوونەوەرانی تر دەیانەوێت، ئەو دەیەوێت بەرەو مەرگ هەنگاو بنێت بێ ئەوەی ببێتە نەبوون، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە هەموو مەرگێک نەبوونێکە! لێرەدا قسەکردن لەسەر بوونێکی رەسەنە نەک مەرگ... ئەگەر بمانەوێت مەرگ لای (بۆڵی) بەراورد بکەین بە مەرگ لای (سوقرات). مردن لای (سوقرات) مردن نییە و سەرەتای قۆناغێکی تازەی بوونە، کاتێکیش پیاڵە ژەهرەکە دەخوات دوایین بۆچوونی خۆی وەها بەجێدێڵێت، من بەرەو مەرگ و ئێوە بەرەو ژیان، خودا دەزانێت کامیان چاکترە؟ شاعیریش دەیەوێت وەکو (سوقرات) بەرەو ژیانێک تازە بڕوات، بەڵام نەک ژیانێکی تر! (سوقرات) ئەم ژیانە دەکاتە سێبەری ژیانی (ئایدیا بەرزەکان) کە لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێ دا کە (نەبوونە). (سوقرات) ئەم نەبوونە بە بوونێکی تەواو رەسەنی دەزانێت، بەڵام (بۆڵی) ئەم بوونە دەیەوێت بکاتە بوونێکی خۆی و نەبێتە نەبوون، واتە ئایدیا بەرزەکان بە نەبوون دەزانێت و دەیەوێت نەبوونی بوونی خۆی بە بوون بکات. لێرەدا شاعیر بیر لە بوونێکی نیهێلیستیانە دەکاتەوە دەیەوێت ئەم بوونە بکاتە نەبوون و بوونی رەسەن کە نەبوونە بکاتە بوون.

هەر وەک لەم شیعرەیدا تەواو ئەم رەهەندی نیهێلیستیانە بەرجەستە بووە.

ئەمە نموونەی شیعرەکەیەتی:

**سبەی خۆم سەفەرییم**

**بە مردن بڵێن:**

**با خۆی لە دوای من ئەزیەت نەدا.**

(رووتبوونەوەی وشەکان) ل٢٧

ئەمە گوزارشتکردن لە ناتەبایی و ترس و چارەنووس و دڵڕاوکێی مرۆڤ بەرامبەر بوون و ژیان، ئەو ژیانەی کە پڕە لە ناتەبایی. (سامۆیل پیکێت) لەبارەی گەڕانەوەی مرۆڤ بۆ ناو خۆی، بۆ ناو دونیایەکی تر، بۆ ناو تەنیایی دەنووسێت: ((مرۆڤ تەنیایە، بەردەوام هەوڵدەدات پەیوەندی لەگەڵ کەسانی دەوروپشتی ببەستێت، ساتی ئەو پەیوەندییەش دێتە دی، دەبینین مرۆڤەکەی بەرامبەر، یان بەخۆیەوە، یان بەشتە رۆتینەکانەوە سەرقاڵە، دیسانەوە لە بازنەی تەنیایی خۆی دەبینێتەوە)). تەنیاییبوون ئاماژە نییە بۆ ساتێک کە بوونمان لە بوون تەنیایەکی کۆمەڵایەتییە، بەڵکو ئاماژەیە بۆ ساتێکی سایکۆلۆژی کە مرۆڤ نازانێت بوونی بوونمان چییە؟ ساتی تەنیابوون ساتێک نییە کە بوونمان بوونێکی کۆمەڵایەتی نییە، ساتی سەرسوڕمانە بەرامبەر بوون، ساتی هەڵهاتنە لە بوونێکی وەهادا کە نابێت بوونمان بێت.

شاعیر لەسەر کوشتنی چاوەڕوانی ئیش دەکات، چاوەڕوانی ئەوەی کە لە هەموو کاتێکدا نەبوویەک پەلاماری بوونی بدات، لەسەرەوە دوو بۆچوونمان روونکردەوە لەسەر ئەگەرەکان، کە بوون وەکو (ئەگەر) روو دەکاتە بوونمان بە دوو شێوەی بڕاوە و پوچی، بڕاوەمان بۆ چۆنایەتی تەمەن و پیریی گەڕاندەوە، کەمی بوونیش یان هیچبوون بۆ زەمەنی گەنجایەتی گەڕاندەوە، لێرەدا (سارتر) هەموو نەبوونێک لە کاتی گەنجی بگەڕێتەوە لای بوونی گەنجەکە بە بوونێکی پووچی و بێمانا دەزانێت، بەڵام بیری نەکردۆتەوە هەر شتێک ئامادەبێت بۆ روودان، ئەگەر رووش نەدات بە روودان دێتە هەژمار، چونکە ئەو روودانە هەر دەمێنێت و لەسەر (کات) وەستاوە و کاتەکەش لەوانەیە سەعاتێکی تر بێت، واتە خۆ نەبوون (مەرگ) بڕیاری نەداوە کاتێکی دیاریکراو روو لە بوونمان بکات، تا بچینە سەر قۆناغی دووەم کە (سارتر) بە پیری و بڕانەوە ناوی دەبات، نەک (پووچی). شاعیریش لە شیعرەکدا لەسەر پووچییەک ئیش دەکات کە هەرکاتێک بێت، بوونەکەی بە نەبوون دەکات بێ رەزامەندی بوونی، لەو کاتەدا شاعیر دەیەوێت پوچی لە بوون بکوژێت، چونکە بێ رەزامەندی ئەو دێتە ناو بوونی. ئایا

چۆن پووچی دەکوژرێت؟ شانۆی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) نووسینی (ساموئیل بیکیت)، ئاماژەیە بۆ خودی ئەم چاوەڕوانییەی کە ڕۆژێک یان کاتێک نەبوونێک رووت تێدەکات، ئەم نەبوونە و چاوەڕوانی (گۆدۆدا) تراژیدییەکی میتافیزکییە و بەجۆرێک چاوەڕوانی کەسێک، یان ڕووداوێک، یان هەر شتێکی تر کە نادیارە، بەڵام چاوەڕوانییە نەبوون و فەنابوون و مردنە، بەڵام شاعیر ڕێک پێچەوانەی شانۆی (لە چاوەڕوانی گۆدۆدا) ئیش دەکات و نایەوێت وەکو کەسایەتییەکانی چاوەڕوانی گۆدۆدا چاوەڕوان بکات و کەسێکی پووچگەرا بێت.

شاعیر کەسێک نییە لە کەسایەتییەکانی شانۆی لە چاوەڕوانی گۆدۆدای (سامو‌ئیل بیکیت)، بەڵکو کەسایەتییەکی (دۆنکیشۆت)ئاسای هەیە، هەموو سەرکێشکانی (دۆنکیشۆت) بۆ ئەوە نییە بگاتە شتێک، بەڵکو بۆ ئەوەیە چیتر چاوەڕوانی شتێک نەکات، دۆنکیشۆت پێی باشترە بمرێت، نەک چاوەڕوانی مردن بکات، لێرەدا (غەمگین بۆڵی) شاعیریش لە بەشێکی شیعرەکانی کاری لەسەر ئەوە کردووە، کارکردن لە مردندا، مردن لە پێناوی کوشتنی مردنە، بەو واتایەی کە کوشتنی مردن مانەوە کوشتنی بوونە!

## پەراوێزەکان:

١- نیتشە و پاش تازەگەری، د.محەمەد کەمال... ل٢٥.

٢- هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال... ل١٢٦.

٣- بوون و داهێنان، د. محەمەد کەمال... ل٨٢.

## سەرچاوەکان:


١- ڕووتبوونەوەی وشەکان، شیعر، غەمگین بۆڵی. لە بڵاوکراوەی سەنتەری رۆشنبیریی خەون، پرۆژەی کتێبی خەون. زنجیرە (٢)، چاپی دووەم، ٢٠١٢، چاپخانەی (رۆژهەڵات) هەولێر.

٢-بوون و نەبوون، ژان پۆل سارتر، وەرگێڕانی: د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١١.

٣- فەلسەفەی بوونگەرایی (وجودیەت)، جۆن ماکواری، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپی دووەم، دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٤- هایدیگەر و شۆڕشێکی فەلسەفی، د. محەمەد کەمال، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٧.

٥- نیتشە و پاش تازەگەری، د. محەمەد کەمال، چاپ: دەزگای حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٦.



# چیرۆکی "گوڵەکانی دۆزەخ" و یاریکردن لەگەڵ ماندا

ئومێد مەولود

بەردەوام پێم وابووە کە چیرۆک دەبێت ئەو مەیدانە بێت کە نمایشی ئالۆزییەکانی تێدابکرێت، بەڵام کام چیرۆک دەتوانێت ئەو گۆڕەپانە بێت؟ ئەوەی کە بینەری نمایشی ئەم ئالۆزانەیە، خوێنەرە، خوێندنەوەی هەر دەقێک لە لایەن خوێنەرەوە جەمسەری جیاوازی هەیە و خوێنەرە بە گشتی بە دوای لەزەتی ئیستاتیکی دەگەڕێت، ئەمەش مافێکی رەوایە، بۆیە گەڕان بە دوای ئەو دەقە ئەدەبیانەی کە بارگاوین بە لەزەتی جیاواز دیاردەیەکی باوە لە نێوان خوێنەرە چالاکەکاندا. بە شێوەیەکی دیار شاهیدی قەیرانی خوێندنەوەین، قەیراناویتریش قەیرانی خوێندنەوەی چیرۆکە، لە لایەکی ترەوە قەیرانی نەبوونی کۆمەڵێک دەقی جوان و لەزەت ئامێزە، گەر ئەم دەقانەش نەبوون خوێنەریش بوونی نابێت. (گوڵەکانی دۆزەخ) ئەو دەقەی هەڵگری لەزەتی مەزنە، ئەوەی کێشم دەکات بە لای ئەم چیرۆکەوە ئالۆزیەکانی نێویەتی، بەڵام یەکێکە لەو دەقانەی کە لەزەتی خۆی بە ئاسانی بە دەستەوە نادات، ئەم لەزەتەش هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی

ناتوانێ هەستی پێ بکات، چیرۆکێکە ناچاری بیرکردنەوەمان دەکات. ئەوەی گرنگە خوێنەرە کە چۆن دەتوانێ ئەم لەزەتە رام بکات، لای من ئەو دەقە شایەنی خوێندنەوە و تێرامانە کە بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات، واتە مەبەستەکەی خۆی بە ئاسانی ناگەیەنێتە خوێنەر، ئەم جۆرە دەقانە لە لایەک خوێنەر ماندوو دەکەن و لە لایەکی تریش وا لە رەخنەگر دەکەن لە ئاستیدا بە جۆرێکی هەستیار مامەڵە بکات.

(گوڵەکانی دۆزەخ)* چیرۆکێکی چیرۆکنووس (ئارام کاکەی فەلاح)ە کە لەگەڵ چەند چیرۆکێکی تر لە ژێر ناونیشانی (نووسینەوەی درک) بڵاوکراوەتەوە، قسەی ئێمە تەنیا لەسەر ئەم چیرۆکەیە، ئەم چیرۆکە ناوەرۆکەکەی فرەچەشنە، یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە لەسەر پانتایی فروان کار دەکات، واتە لەو چەشنە چیرۆکانە نییە کە بە تەکنیکی پانتایی زۆر کەم دەنووسرێن، فراوانی مەودای چیرۆکەکە چیرۆکنووس ناچار ناکات کە لەسەر پەتێکی زۆر باریک بنووسێت. فرەچشنی ناوەرۆکەکەی لە فرەچەشنی بابەتەکەی سەرچاوەی گرتووە، بۆئەوەی بتوانین پەیوەندیەک لە نێوان جیهانی چیرۆکەکە و جیهانی دەرەوەی چیرۆکەکە دروست بکەین، ئەوا پێویستە ناوەرۆکەکەی بکەینە کەرەستەی سەرەکی ئەم خوێندنەوەیەمان، هەڵبەت جیاوازی بنەڕەتی هەیە لە نێوان ناوەرۆک و بابەت، بۆ ئەم مەبەستەش دەگەڕێینەوە بۆ رایەکی حەمەکەریم عارف کە جیاوازی دەکات لە نێوان بابەت و ناوەرۆک «بابەت ئەو کارانەیە کە لە چوارچێوەی دەقدا و لە واقیعدا هەیە و دەشێت لە دەقیشدا تەوزیف بکرێت، ناوەرۆک لەگەڵ خوڵقان و خوڵقاندنی دەقدا دێتە ئاراوە و دەمەیێ و فۆڕم و قاڵبی خۆی وەردەگرێ»، ئێمە بەردەوام لە نێو کومەڵدا بەر ئەم بابەتە دەکەوین، بەڵام تەوزیفکردنی ئەم بابەتانە و بەکارهێنانیان وەک کەرستەیەکی خوڵقاندنی ناوەرۆک جیاواز دەکەوێتەوە، کەواتە ئێمە لێرەدا بەرخوردمان لەگەڵ ناوەرۆکی دەقدایە، نەوەک ئەو بابەتەی لە واقیعدا هەیە، بەڵام بابەتە واقیعیەکەش بە تەواوی فەرامۆش ناکەین، گوڵەباغ لە یەکێک لە نووسراوەکانیدا دەنووسێت: «ژیان چیرۆکێکە نەنووسرێتەوە لە یاد دەکرێ»، کوڕە گەورەکەی گوڵەباغ لە دانیشتنەکە دەڵێت: «بڕوام وایە کە ژیان چیرۆکێکە دوای نووسینەوەی نەخوێندرێتەوە لە یاد دەکرێ»، ئێمە لەبەردەم دوو بۆچوون داین، کە پەیوەندی تەنگا و تەنگیان بە یەکەوە هەیە، رای دووەم کە رای کوڕەکەیە لەسەر رای یەکەم بیناکراوە، واتە لە غیابی رای یەکەمدا رای دووەم گرنگیەکی ئەوتۆی نەدەبوو لە واقیعدا، ئەو کاتە رای دووەممان وەکوو رایەکی راگوزەر سەیر دەکرد، بەڵام لە ئێستادا ناکرێت چونکە رای یەکەم بوونی

هەیە. هەر یەک لەم دوو بۆچوونە ئەرکی خاوەنی بۆچوونەکە دیاری دەکات، چۆن؟ ئەرکی گوڵەباغ نووسینەوەی ژیانە، گەیاندنی ئەو نهێنیانەیە کە پێویستیان بە درکاندنە، ئاگاداربوونی لە تەواوی رووداوەکان ئەم ئەرکەی پێ سپاردووە، ئەرکێک کە خودی ئەرکەکە گوڵەباغ ناچاردەکات ئەم ئەرکە جێبەجێبکات. ئەرکی کورەکەی خوێندنەوەی ئەم نووسراوانەیە کە گوڵەباغ جێیهێشتوون، ئەمە بە تەنیا هەموو ئەرکەکە نییە، بەڵکو گەیاندنی ئەو زانیاریانەیە بە خوشک و براکانی کە لە خوێندنەوەی نووسراوەکان دەستی کەووتوە. بە واتایەکی تر ئەوە جێبەجێکردنی ئەرکی یەکەمە کە زەمینە بۆ هاتنەئاراوە و جێبەجێکردنی ئەرکی دووەم دیاری دەکات، لە رووی هێزەوە بۆچوونی دووەم بەهێزترە بۆ ئەوەی ژیان لە یاد نەکرێت، هەڵبەت لە فەزای بۆچوونی دووەمیشدا لە یادکردنی ژیان وەکو ئەگەرێک بوونی هەیە، بەهێزی رای دووەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کەلەسەر دوو پرۆسەی جیاواز بیناکراوە کە پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەیە. ئەم دوو بۆچوونە هی دوو کەسە کە هەردووکیان سەر بە دوو نەوەی جیاوازن، جیاوازیەکانی نێوان ئەم دوو نەوەیە کاریگەریی راستەوخۆی هەیە لەسەر دروستکردنی بۆچوونەکانیان، بۆ نموونە لای نەوەی یەکەم کە نەوەی گوڵەباغە باشترین ئامرازی لەیاد نەکرنی ژیان نووسینە، بەڵام لای نەوەی دووەم بە تەنیا نووسین بەس نییە، بۆیە پێویستە پرۆسەی خوێندنەوەش بخرێتە سەر پرۆسەی نووسین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەی دەبێت لای نەوەی دووەمیش پرۆسەی نووسینەوەی ژیان بوونی هەبێت بۆ نەوەی دوای خۆیان، کەواتە لێرەدا ئەرکی هەر نەوەیەک بە تەنیا نووسین یان خوێندنەوە نییە، بەڵکو هەردووکیانە، ئارام دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە هەر نەوەیەک پێویستە لە نێو فەزای خۆی هەردوو پرۆسەکە کۆبکاتەوە.

گەر سەرنجی ئەوە بدەین بۆ بە تەنیا برا گەورە خەریکی خوێندنەوە بووە؟ ئەم پرسیارە و هاوشێوەکانی ئەم پرسیارەش لە زۆر شوێنی تر رووبەڕوویان دەبینەوە، بۆیە لە کۆتایدا وەڵامێکی فرەچەشنی ئەم پرسیارە دەدەینەوە، پەیوەندی نێوان ژیان و لە یاد نەچوون چەند سەرنجێکی پێویستە، ژیان بە بێ یادەوەری، بە بێ چیرۆک، لە بێ مانایی دەچێت. زۆر جار قسەکردنی مرۆڤی ئێمە لەسەر ژیان پەیوەندی بە رابردووە هەیە، هەر چەند من بڕوام وایە کە نابێت ژیان دابەش بکەین بۆ ئەوەی سەرنجی لە بارەوە بدەین، بەڵام کات دەکرێت وەک ئەوەی سارتەر دابەشی دەکات بۆ رابردوو و ئێستا و داهاتوو، بەڵام بەو مانایە نا کە رابردوو ئەوەیە کە تێپەڕیوە و ئایندەش ئەوەیە نەهاتووە، هەروەها

قسەکردنیش لەسەر ئایندە پەیوەندی بە دۆخە گریمانیەکانەوە هەیە، ڕووداو یەکێکە لە ڕەگەزەکانی لەیادنەکردن، واتە لەیادنەکردن پەیوەندی تەنگاوتەنگی هەیە بە ڕووداوەوە، ڕووداویش چاوگی سەرەکی لەیادنەکردنە، غیابی ڕووداو بەتایبەتیش ڕووداوی مەزن لە نێو ژیان لە یادکردن دەکاتە واقیع، گەر ڕابردوو وەکو خوانێک وێنا بکەین ئەوا پێویستە ڕووداوەکان خۆراکی سەر ئەم خوانە بن، ڕابردوو هەمیشە پڕاوپڕە لە ڕووداوی هەمەچەشن، بەڵام ئەم ڕووداوانە تاکو چەند یارمەتی ئێمەی مرۆڤ دەدەن بۆ ئەوەی ڕابردوومان لەیاد نەچێتەوە، ئێمەی مرۆڤ بەردەوام پێویستمان بە ڕووداوگەلێک هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە سەر ئەم ڕووداوانە، بەڵام کام ڕووداو؟ ئەو ڕووداوانەی کە گۆڕان دروست دەکەن و قۆناغێکی نوێ دێننە بوون.

سەبارەت بە وەسیەتەکەی گوڵەباغ پێویستە کەمێک سەرنجی بدەین، هەڵبەت لە ڕواڵەتدا یەک وەسیەت لە ئارادایە، بەڵام ناڕۆشنە، چونکە ئەم وەسیەتە بە نووسراو نییە، ڕەنگە ئەم وەسیەتە گوڵەباغ خودی خۆی بە کوڕە گەورەکەی وتبێ، یانیش لە ڕێگەی چاوەوە وەسیەتی کردبێ، یان لە ڕێگەی چاوەوە وەسیەتەکەی لێ دووبارە کردبێتەوە، بەڵام جێهێشتنی ئەم هەموو نووسراوانە، ڕەنگە هەندێکیان بچنە قاڵبی وەسیەتکردنەوە، مەریوان وریا قانیع دەربارەی وەسیەتکردن دەڵێ: «وەسیەت دواهەمین حیکایەتی ئینسانە بەر لە ماڵئاوایی هەمیشەیی و هەتا هەتایی دواهەمین ڕاسپاردەیەکە کە ئینسانێک لەبەردەم مەرگدا وەستاوە و دەیبەخشێتە ئەوانەی دوای مەرگی ئەو دەمێننەوە و درێژە بە ئیقاعە بەردەوام و لە بن نەهاتووەکانی ژیان دەدەن»، وەسیەتەکانی گوڵەباغ لە دوو ئاستی جیاوازدان، ئاستێکی سادە و ئاستێکی قووڵ، هەرچەند ئێمە لەم چیرۆکەدا لەبەردەم وەسیەت وەک تێکستێکی دیاریکراودانین، وەسیەتەکەی گوڵەباغ لە ئاستە سادەکەیدا بریتییە لە بەخشینی ژوورێکی پڕ باوەڵی زێڕ و جانتای زیو و سەفتەی پارە، کە ئەم جۆرە لەوەسیەتکردن لە لای نەوەکانی بەر لە ئێمە هەیە، کە بەردەوامبوونی جۆرێکە لە پەیوەندی لە نێوان نەوەکان، مەریوان دەڵێ: «لە پشتی پەیوەندی نەوەکانەوە دوو مەسەلەی تریش ئامادە دەبێت: یەکەمیان: ترسی نەوەکان لە یەکتری، بە تایبەتی ترسی ئەو نەوەی کە دەمرێت لەو نەوەیەی کە هێشتا لە ژیاندایە. دووەمیان: بێباوەڕی نەوەکان بەرامبەر بەیەک، دیسانەوە بێباوەڕی ئەو نەوەیەی کە دەمرێت لەو نەوەی کە دەژی.» واتە ئەم ئاستە لەوەسیەتکردن بۆ نەهێشتنی ناکۆکییە لە نێوان نەوەکان، کەسی وەسیەتکەر دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ترسی خۆی کەم بکاتەوە و بە وەسیەتەکانی

ناکۆکی نێوان کەسانی وەسیەت بۆکراو کەم بکاتەوە، ئەوەی لای من سەرنجە دروستکردنی خانوێکە بۆ هەموو منداڵەکانی و بەخشینی ژورێکە بەهەریەکەیان، دابەشکردنی زێر و زیو و پارە ئاسایانە دابەشکراوە، هەڵبەت مەریوان لەم وتارەیدا ئاماژەی بە ئاستی جیاواز لە وەسیەتکردن کردووە، بە تایبەتی تێپەڕاندنی ئاستە سادەکانی وەسیەتکردن، چەند دێڕێک لەو وتارەکەی وەردەگرین: « وەسیەت دەشێت هەڵگری داوایەک بێت بۆ وەدیهێنانی کۆمەڵێک ئارەزووی تاکەکەسی و دەستەیی و کولتووریی کە نەوە کۆنەکان نەیانتوانیوە لە سەردەم و رۆژگاری خۆیاندا بەدی بهێنن و بیانەوێت نەوەی دوای خۆیان بە دی بهێنن» یان «وەسیەت قسە و گوفتاری کەسێک بێت نائومێد بووبێت لە بەرجەستەکردنی بۆچوون و دید و وێناکردنەکانی خۆی لە رۆژگار و سەرزەمین و ساتەوەختە تایبەتیەکانی ژیانی خۆیدا». لە ئاستە قوڵەکەیدا وەسیەت وێناکردنی مرۆڤە بە تەنیا لە بەردەم قەدەری مەرگدا، واتە ئەو ساتەی کە وەسیەتی تێدا دەکرێت تەنیاترین ساتی مرۆڤە. دوای فڕێدانی ئەو منداڵانە و کۆکردنەوەیان لە لای گوڵەباغ و دواتر هەر یەکەیان شووی کرد و ژنی هێنا، واتە دووبارە ئەو منداڵانە لە یەک دابڕانەوە، بەم چەشنە گوڵەباغ دەیەوێت کۆیان بکاتەوە بۆ هەتاهەتایە کۆیان بکاتەوە، ئەم خانووە چەقێکە هەموویان بۆلای خۆی کێش دەکات، ئەم خانووە رەمزی بە یەکەوەبوونی هەموویانە، رەمزی کۆکردنەوەی هەموویانە، درکاندنی ئەم بابەتە هەستیارە کە ئەمانە خوشک و برای یەکتر نین و دروستکردنی ئەم خانووە و بەخشینی بە هەموویان جۆرێکە لە قەرەبووکردنەوەیەکی بچوک، قووڵی ئەم وەسیەتە لەوەدایە کە رەمزی جیاوازی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەم وەسیەتە باشترین رێگەیە کە گوڵەباغ گرتویەتیەبەر بۆ ئەوەی دوایین قسەکانی خۆی بکات، دوایین پەیامی خۆی بگەیەنێت، دواجار درکاندنی ئارەزوویەکە کە نەیتوانیوە خۆی پێی بگات، لەبەر هەر هۆکارێک بێت.

سەرنجێکی کورت دەربارەی قسەکردن لە رێگەی چاوەوە دەدەین، لە نێوان مرۆڤەکاندا رێگەی جیاواز هەیە بۆ ئاڵوگۆڕکردنی پەیامەکانیان، سەرەکیترین رێگە بریتییە لە قسەکردن و گوێگرتنی بەرامبەر کە ئەمە هەموو ئەو مرۆڤانەی توانایی بیستن و قسەکردنیان هەیە بەم چەشنە قسەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکەن، ئەمە سادەترین ئاستە، ئاستێکی سەرووتر ئەوانەی کە خوێندەوارن، نووسین لە رێگەی کەسی یەکەم و خوێندنەوەی کەسی دووەم ئاڵوگۆڕی مەبەستەکان دەکرێت، بەڵام ئەوەی ئارام لەم چیرۆکەدا ئاماژەی پێدەدا، ئاڵوگۆڕی مەبەستەکانە لە رێگەی چاوەوە، کە ئەمە تایپێکی کەم لە مرۆڤەکان دەتوانن

ئەنجامی بدەن، ئاستێکی باڵایە لە گواستنەوەی مەبەستەکان، ئەم چەشنە تەنیا لە نێوان ئەو مرۆڤانەدا دەکرێت کە پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، ئەم چەشنە پێویستی هەم بە پەیوەندی بەهێز و هەم بە توانای باش هەیە، بەڵام ئەوەی بە ئیشکال دەبینم ئەوەیە، کە باری تەندروستی گوڵەباغ وایکردوە کە بەچاو قسەبکات، واتە لە غیابی ڕێگەکانی دیکی ئاڵوگۆڕکردن ناچار بەم ڕێگەیە بووە، ئەوەی لای من گرنگە بە هەبوونی ڕێگاکانی دیکەش تۆ بتوانی لەم ئاستە باڵایەدا پەیامەکانی خۆت بنێری، لەم حاڵەتەدا لە غیابی ڕێگەکانی دیکەدا و لاڵ و گۆج بوونی گوڵەباغ بە جۆرێک کە نەتوانێت بنووسێت وای لە چیرۆکنووس کردووە کە پەنابەرێت بەر ئەم ڕێگایە، هەرچەند ئاماژەیەکی جیای تێدایە کە کورەکەی گوڵەباغ کەمێک توانیویەتی بەم ڕێگەیە قسە بکات، لەم ڕێگەیەوەیە چیرۆکنووس پێمان دەڵێت کە ئەم کردارە توانایەکی بەرزی دەوێت. باسێکی گرنگی ئەم دانیشتنە بریتییە لە درکاندنی حەقیقەتێک کە تەنها برا گەورەکەی ئەم حەقیقەتەی لا هەیە و گوڵەباغی باوک بە چاو پێی وتوە کە دەبێ بە مەرگی خۆی کۆیان بکاتەوە و ئەم حەقیقەتەشیان پێ بڵێ کە ئەمانە خوشک و برای یەکتر نین و هەڵگیراونەتەوە. ئەمانە خوشک و برای ڕاستەقینە نین، بەڵام ئەوە جێگەی سەرنجە و کوڕەکەی گوڵەباغ ئەم باسە دەوروژێنێ، کە کەسێک لەم منداڵانەی نەیپرسیوە کوا دایکمان؟ هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە و دەڵێ چونکە گوڵەباغ شوێنی هەموو کەسێکی بۆ ئێمە گرتبوەوە، بەڵام لە پشت ئەم وەڵامەوە یاریکردن بە مانا دەبینم، کە تەکنیکێکی زۆر جوانە، ئارام مەبەستیەتی ئەو پەیامە بگەیەنێ کە فرێدانی منداڵ واتە مردنی پرسیار، زۆربەمان خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێ کە منداڵ ئەگەر دایک و باوکی نەناسی ئەوجار پرسیار دەکات، بەڵام ئێمە لێرەدا مانایەکی پێچەوانە دەبینین کە بە بڕوای من ئەمە زیاتر لە حەقیقەتەوە نزیکە.

هەروەها پێم وایە هەڵگرتنەوەی ئەم منداڵانە ڕەگێکی قووڵتری هەیە کە ڕەنگە خودی گوڵەباغ خۆی کەسێک بێت هەڵگیرابێتەوە، چونکە کاتێک کە کوڕە گەورەکەی گوڵەباغ باسی ئەوە دەکات کە خوشک و براکانی کە کاتێک شویان کرد و ژنیان هێنا، مێردەکانیان و ژنەکانیان نەیانپرسی کوا ئامۆزایەکتان؟ چونکە مامێک لە ئارادا نییە. هەر لە پەیوەندی بە هەڵگیرانەوەش، وتنی ئەم حەقیقەتە لە دوای مردنی گوڵەباغ هیچ لەوە کەم ناکاتەوە کە ئەمانە خوشک و برای یەکترن، هیچیان لەوە پەشیمان نەبنەوە کە ئەوانی دی وەک خوشک و برای یەکتر قەبوڵ بکات، هەربۆیەش لە نێوان بێکەسی ڕاستەقینە و خوشک و برای نابایلۆژی

ئیختیاری رەنگە ئیختیاری دووەم هەڵبژێرن، فڕێدانی ئەم منداڵانە بۆشایەکی دەروونی دروست دەکات، هەرچەندە گوڵەباغ توانیبێتی بەشێکی مەزن لەم بۆشاییە پڕبکاتەوە، بەڵام هەر ناتوانێت دۆخە ئاساییەکەی منداڵ دروست بکاتەوە، چونکە هەر کاتێک کە پێیان دەوترێت فڕێ دراون کۆمەڵێک پرسیار ئەم خوشک و برایانە سەرقاڵ دەکات، دایک و باوکیان کێن؟ لە کوێن، خەڵکی کوێن؟ خوشک و برای تریان هەیە؟ باشە بۆچی گوڵەباغ دوای مەرگی خۆی ئەم نهێنییەی ئاشکراکرد؟ ئەمە پەیوەندی بە ترسێکی قووڵی گوڵەباغەوە هەیە، ترسی گوڵەباغ ئەوەیە کە دووبارە ئەم منداڵانە فڕێ بدرێن، ترسی ئەو ئەوەیە کە خۆی ئەم حەقیقەتە بڵێ تووشی پرسیارگەلێک دەبێ کە وەڵامەکانیان نازانێ، لە ئەنجامی ئەمەش هەر یەکەیان بە لایەکدا بڕۆن، درکاندنی ئەم راستییە لە دوای مەرگی گوڵەباغ تاڕادەیەکی زۆر ئەگەری پەرتبوونی ئەم منداڵانە کەم دەکاتەوە، ئێستا کەس پرسیاری نییە، چونکە کەسێک لە ئارادا نییە کە وەڵامەکان بزانێت و وەڵام بداتەوە.

لەم دانیشتنەدا کوڕە گەورەکەی گوڵەباغ دوو حەکایەت دەگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کە حەکایەتی دووەم پێش حەکایەتی یەکەم دەخات، پێم وایە چیرۆکنووس دەیەوێت پێمان بڵێت کە گەشتی حەقیقەت پابەندی ریزبەندی نییە، هەرچەندە ئەگەر ئەم دوو حەکایەتە تەواوکەری یەکتربن ئەوا پێویست بوو حەکایەتی یەکەم لە سەرەتادا بووایە، بەڵام بەکارهێنانی ئەم تەکنیکە وا لە خوێنەر دەکات کە بگەڕێت بە دوای ئاماژەکانی پشت ئەم یاریکردنە بە ریزبەندی، هەروەها ئەمە بە بەشێک لە دروستکردنی گرێ دەبینم لەم چیرۆکەدا کە ئەو هەستە لای خوێنەر دروست دەکات کە پێویستە حەکایەتی یەکەم (لەریزبەندیدا دووەم)یش بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی لە حەکایەتی دووەم(لە ریزبەندیدا یەکەم) تێ بگات، چونکە بە تەنیا بە خوێندنەوەی حەکایەتی دووەم هیچ دەست ناخەیت. هەردوو حەکایەتەکە گوڵەباغ بە پچڕپچڕی نووسیونی و لە نامەکاندا جێیهێشتوون و کوڕە گەورەکەی هەستاوە بە کۆکردنەوە و پێکەوە بەستنیان سەرەتای حەکایەتی دووەم بە باسکردنی گوڵەکانی ئەو باخچەیە دەست پێدەکات کە تێیدا دانیشتوون و میراتی گوڵەباغە بۆ ئەوان، کە دواتر لەگەڵ گەڕانەوە بۆ حەکایەتی دووەم قسەی خۆمانی لەسەر دەکەین، باسی سەرەکی حیکایەتەکە ئەوەیە کە باسی کوڕێک دەکات کە پێی نابوو بە کرمێکدا، لە ئاستی ئەو ناشرینیەدا خۆی دەکوژێ، دواتر لەسەر پردی جینڤەنت خۆی دەبینێتەوە، کە پردەکە باریک دەبێتەوە تا دەگاتە بەردەرگای بەهەشت، بەڵام ئەم کوڕە

کە بیری دێتەوە پێی بە کرمێکدا ناوە خۆی بەردەداتەوە بۆ ناو جەهەنەم و مەلائیکەکان دەیگرنەوە، لێرەوە حیکایەتەکە دەپچڕێت. غەزالە بەر لە خۆکوشتنی نووسی: «ئێمە وا رەفتار دەکەین و دەجوڵێینەوە، هەر دەڵێی شتێکمان نییە ناوی رابردوو بێت، هەموو رۆژێک لە دایک دەبین و هەموو رۆژێکیش دەمرین» ئێمە بۆ ئەوەی بە ویستی خۆمان ئەودیوی ژیان ببینین پێویستە خۆمان بکوژین، نەوەک بە ناچاری شۆڕبینەوە ناو ئەو تۆڕە چنراوانەی دوای مردن توشیان دەبین، تێڕوانینی غەزالە بۆ مردن یەکسانکردنەوە نییە بە رۆژ و شەو، بەڵکو هەوڵدانێکی بێ ئاکامی غەزالە و تەواوی مرۆڤەکانە بۆ ئەزموونکردنی مردن، بێ ئاکامە، چونکە مردن بە تاکە دیاردە دەبینم بەر لە ئەزمونکردنی ناتوانین بیخەینە ناو زمانەوە، ئێمە خۆمان دەکوژین و ئەوانەی دوای خۆمان دەیخەنە ناو زمانەوە، مردن بەرکەوتنی راستەقینەی مرۆڤە بە ژیان، رەنگە زۆرمان وا بیربکەینەوە کە ئەمەی ئەم کوڕە بەهانەیەک نییە بۆ خۆکوشتن، «چیزارە پافیزا» دەیووت: «هیچ کەسێک نییە بەهانەیەکی بەدەستەوە نەبێت بۆ خۆکوشتن» ئێمە هەمووومان دەتوانین خۆمان بکوژین، بەڵام ئەم بەهانەیە فەرامۆش دەکەین، خۆمان لە ئاستیدا کوێر دەکەین، بە پێچەوانە من دەڵێم ئێمە پێویستە بە دوای بەهانەدا بگەڕێین بۆ خۆکوشتن، هەمانە تەنیا پێویستی بە سەیرکردن هەیە، «ئارامی واتە پاسیڤبوونی خەم، کە خۆمان دەکوژین واتە خەم و ژاوەژاو پاسیڤ دەکەین». ئەمە ئەو خاڵەیە کە ئێمەی مرۆڤ بۆی هەوڵی بۆ دەدەین، گەیشتن بە ئارامی، دوای تەمەنێک هەوڵدان بۆ گەیشتن بە ئارامی، کە ئەنجامەکەی بێ ئاکامە، ئەوکاتە سیحری ئارامی لە نێو خۆکوژی دایە، ئێمە لەوە بەهەڵەدا دەچین بیر لە بەختەوەری و ئارامی راستەقینە بکەینەوە لە ژیاندا، چونکە ژیان شوێنی ئازار بینینە، بەرای شۆپنهاوەر بەختەوەری واتە ئازاری کەم، لە بەرامبەریشدا شۆپنهاوەر ئازار بە بارێکی ئەرێ دادەنێت و خۆشیی بە بارێکی نەرێ، نیچە دەڵێ: «بیرۆکەی خۆکوشتن ئارامیبەخشێکی گەورەیە، بەهۆیەوە دەتوانیت چەندین شەوی ناخۆش بە خۆشی بگوزەرێنین». خۆکوشتنی ئەم کوڕە خۆکوشتنێکی ئاسایی نییە و لێرەدا پرۆسەی خۆکوشتن مانای تری هەیە کە جیاوازە لە مانا باوەکان، بەکورتی خۆکوشتی ئەم کوڕە مانا سەرەکیەکەی بریتییە لە قەرەبووکردنەوەی ئەو ناشرینیەی کە کردبووی، بەڵام کۆ ماناکانی دیکەی ئەم پرۆسەیە چیرۆکنووس بۆ خوێنەری جێهێشتووە، لە دوای خوێندنەوەی چیرۆکی یەکەم بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم خۆکوشتنە بۆ گەیشتنە بە ئارامی. دوای پرۆسەی خۆکوشنەکە، شوێن بریتییە لە شوێنێک کە ئێمەی مرۆڤی رۆژهەڵاتی

لە خەیاڵماندا هەیەو ئارامیش بە کۆمەکی ئەم شوێنە باوە توانیویەتی ڕووداوێکی دژە باو بخولقێنێت، چۆن؟ شوێنەکە بریتییە لە ئەو پردەی کە پەڕینەوە بەسەریدا دەمانگەیەنێتە بەهەشت، ئەم کوڕە هەرچی تاوان هەیە نەیکردووە کەچی پردەکە باریک دەبێتەوە بۆی، هەمووومان دەزانین کە ئەم پردە بۆ کێ باریک دەبێتەوە، بەڵام هەر ناکەوێتە خوارەوە بۆ ئەوەی بچێتە دۆزەخ، سەرەڕای ئەوەش ئەم کوڕە هەست بەوە دەکات کە قاچەکانی قاژ قاژ دەبێت و خوێن لە قاچەکانی دێت، باریک بوونەوەی ئەم پردە هۆکارێکە بۆ ئەوەی کە پێیەکانی قاژ قاژ بن و خوێن لە پێیەکانی بێت، کاتێک هەست بەوە دەکات کە خوێن لە قاچەکانی دێت ئەوا ئەو ناشرینیەی بیردەکەوێتەوە کە کردویەتی، کەواتە هەم باریک بوونەوە و هەم خوێن لێهاتنیش ئامرازێکن بۆئەوەی بیربکەوێتەوە چی کردووە، ئەم سێ پرۆسەیەش هەرسێکیان لەسەر ئەوەی تریان وەستاوە، ئەو پرسیارەی کە دێتە ئاراوە سەبارەت بە شوێنی دوا مردن شایەنی هەڵوێستە لەسەر کردنە، ڕەنگە بەردەوام دیدێکی ئاینی ئامادە لامان بوونی هەبێت، بەڵام ئەوەی لەم چیرۆکەدا هەستی پێدەکرێت ئاماژەدانێکی پەنهانە بۆ دیدێکی قووڵ بۆ شوێنی دوای مردن، لەم دیدەدا دوای مردن شوێنێک نییە بۆی بچین، بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ ناو ژیان بەڵام بە ڕێگای تر، «تەنیا جێیەک کە دوای خۆکوشتن بۆی دەچین ڕستەیەکە، هەندێ جار ئەو ڕستەیە بریتییە لە (ئەو خۆی کوشت)»ئەم ڕستەیە مەنزڵی کەسی خۆکوژە دوای خۆکوشتنی، «هەندێ لە دینەکان جەهەنەم بەو شوێنە دەزانن کە خۆکوژ بۆی دەچێت، بەڵام جەهەنەمیش وێنەیەکی زمانەوانییە و لە زمان دەرناچێت، هەندێ جار مەجازە و مورادیف و هەندێ جاریش دژیەک و وێناندنی دراوە دونیایەکانە»، ئەوی من تێبینی دەکەم نزیکی نێوان ژیان و مردن لەم چیرۆکەدا کە لەسەر یەک خوان نان دەخۆن، نیشاندانی ئەم چەشنە لە دیدگا بۆ دوای مردن تارادەیەک بیناکردنی سەختە، سەرکەوتوترین تەکنیکی ئەم چیرۆکە بریتیە لە بەیەکبەستنەوەی هەردوو حەکایەتەکە کە ناشوێنە، گرێچنیەکی ئاڵۆز بەدی دەکرێت لە هەڵبژاردنی ئەو فۆرمە لە ناشوێن و هەروەها کردنی بە خاڵی بەیەکبەستنەوەی چیرۆکەکان.

ڕەتکرنەوەی بەهەشت لەلایەن ئەم کوڕە بۆ خۆی مانای زۆر هەڵدەگرێت، لە دوو مانا کۆیان دەکەمەوە کە بۆچی ئەم کوڕە بەهەشتی ڕەتکردەوە، یەکەم: سەلماندنی ڕاستی خۆکوشتنەکەی کە بەهۆی تاوانەکەیەوە، دووەم: غیابی ئامانجەکانی خۆی لە بەهەشت.

لایەنە تەکنیکیەکەشی وا دەخوازێ کە کوڕەکە بەهەشت ڕەتبکاتەوە، چونکە

ئەو لەبەر تاونێکی وا خۆی کوشت و ئێستا ناکرێت کە مەبەستەکەی بەهەشت بێت، هەروەها ئەگەر بەهەشتی قەبوڵبکردبا ئەوا بە دڵنیایەوە فەزای چیرۆکەکە بچوکدەبوویەوە و هەم هاوسەنگی چیرۆکەکە دەشێوا و دواجار نەدەتوانرا بەم شێوەیە بەرفراوانە چیرۆکنووس ئیش لەسەر بابەتی دوای مردن بکات، بۆیە پێویست بوو کە کوڕەکە کارێکی لەو شێوەیە بکات، وێرای ئەمانەش ڕەتکردنەوەی بەهەشت پێویستی بە دلێری هەیە، تۆ بۆ ئەوەی بەهەشت ڕەتبکەیتەوە دەبێ دوای ئەو ڕەتکردنەوەیە سەرەنجامەکەی بزانیت، بەڵام دلێری لەوەدایە تۆ بەهەشت ڕەتبکەیتەوە بێ ئەوەی سەرنجامی ئەو بڕیارە لەبەر چاو بگریت، ئایا ئەم ڕەتکردنەوە گەیشتنە بە مەقامێکی تر؟ بڕوام وایە یەکێک لەو دیمەنانەی کە ئەم چیرۆکە دەکات بە چیرۆکێکی نەمر ئەم ڕەتکردنەوەیەیە، بەرزترین مەقامە لە نێو هەموو کارەکانی ئەم چیرۆکەدا.

حیکایەتی دووەم، باسی کوڕێکی عاشق دەکات، کوڕە ئەکرۆباتەکە کیژێکی دراوسێیان لە بالەکۆنەکەوە داوای لێدەکات بێتە لای، بۆیە پەتێک لە دارێکەوە دەبەستێت و لاکەی تری هەڵدەدات بۆ لای پەنجەرەی بالەکۆنەکەوە، هەموو جارێ باوکی کچەکە هەوڵەکە پووچ دەکاتەوە و پەتەکە دەپچڕێنێت، هەتا دواجار پەتێکی وا دروست دەکات کە باوکی کچەکە پێی ناپچڕێت و خۆی وەک ئەکرۆباتێک بەسەر پەتەکەدا دەڕوات، بەڵام باوکی کچەکە بە هۆی شوژن و شتی تیژ لە بنی پێی کوڕەکە دەدات و خوێن لە پێی دێنێت، کچەکەش پەیمانی پێداوە کە بگاتە لای ماچێکی دەداتێ، کوڕەکەش یەکەمجارە ماچ دەکات و دەشڵەژێت و هاوسەنگی تێک دەچێت و دەکەوێتە خوارە و لە بێ ئاگایدا پێ بە کرمێکدا دەنێت، بە کورتی لێک چونێکی زۆر هەیە لە نێوان هەردوو حیکایەتەکە، بەڵام قەناعەتم بەوەهەیە کە ئەم دوو چیرۆکە سەرەڕای هەموو نزیکیەکان هەر یەک چیرۆک نین، بەڵام دەکرێ هەردوو حەکایەتەکە یەک حەکایەت بن، واتە تەواوکەری یەکتربن، فەزای چیرۆکی یەکەم بە تەواوی لەسەر زەمینی واقیعی ڕوودەدات و ئەوەی دووەمیشیان بەشێکی کەمی لەسەر زەمین و ئەوی تری لە فەزایەکی ترە، بەڵام هەر فەزای سەر زەمینە، ئێمە لە بەردەم دوو ئەگەر داین یان ئەوەتا ئەم دوو حەکایەتە دوو حەکایەتی سەربەخۆن، یان پەیوەندیان هەیە، من ئەگەری دووەم پەسەند دەکەم، لە ناو ئەگەری دووەمیشدا چەند ئەگەرێک بوونیان هەیە، بەڵام پێم وایە هەردووکیان تەاوکەری یەکترن و دەکرێ وەک یەک حەکایەت سەیریان بکەین، ئەگەر لەسەر ئەم ئەگەرە ئیش بکەین، شتێک هەیە لە نێو هەردوو حیکایەتەکە ڕێڕەوی گرتووە، ئەویش دلێریە، هەمیشە قوربانیدانی

مەزن کەسە گەورەکان ئەنجامی دەدەن، لە نێو ئەم هەموو قوربانیدانەدا عیشقێک هەیە بۆ دلێربوون، واتە ئەوەی وایکردووە دلێربوون ببێتە بەشێک لە کەسایەتی ئەو کوڕە، خودی ئەو عیشقەیە بۆ دلێری، شکستهێنانی بەردەوامی ئەو کوڕە بۆ گەیشتن بەو کچە، یاریەکی ترسناک دەستپێدەکات، ئەویش ئەو یاریە هەستیارەی نێوان ئامرازەکانە لەگەڵ ئامانجەکاندا، ڕەنگە خودی ڕێگاکە بووبێتە بەشێک لە ئامانج، ڕەگەزێکی تری مەزن لەنێو ئەو چیرۆکەدا دەبینم سەبارەت بە نەمری، ئارام دەیەوێ پێمان بڵێ، نەمری پێویستی زیاتری بە ئەنجامدانە نەوەک بەردەوام بوون، ئەو کوڕە لە حەکایەتی دووەمدا قوربانی دەدات بە خۆکوشتنی بە ڕەتکردنەوەی بەهەشت، زۆر زیاتر شتێک بە ناوی نەمری دروست دەکات لەو کوڕەی کە بەردەوام هەوڵی جیاواز دەدات بۆ گەیشتن بەو کچە، ئەگەر ئەو دوو کەسە یەک کەسی ناو حەکایەتێ بن کە هەردوو حیکایەتەکەمان بە یەکەوە کۆکردەوە، ئەوە چیرۆکنووس ئاماژە بەوەدەدات کە ئیتر لە ڕێگەی ئەزموونەوە دەبێ بگەینە ئەو بڕوایە ئەنجام دان پێویسترە لە بەردەوام بوون، هەتاکوو ئەگەر ئەو بەردەوام بوونە ئەنجامیشی هەبێت.

دوای حیکایەتی دووەم، چیرۆکنووس لە ڕێگەی ناونیشانێکەوە کە بریتییە لە گەڕانەوە بۆ حیکایەتی دووەم، کۆمەڵێک کلیلی باشمان دەخاتە بەردەست بۆ تێگەیشتن لە تەواوی چیرۆکەکە، بە شێوەکی گشتی ئەم پاشکۆیە بە باش دەزانم بەڵام خاڵی لاوازی ئەم گەڕانەوەیە لەوەدا دەبینم کە نەدەبوو چیرۆکنووس ئەوەندە بە ڕوونی ڕێگاکانی گەیشتن بە ئەنجام، نیشانی خوێنەر بدات، لە سەرەتادا کوڕە گەورەکە کۆمەڵێک پرسیار دەکات، کە ئاماژە بەوە دەدات بتوانێ هەردوو چیرۆکەکە و دوو کوڕەکەش بەیەکەوە ببەستێتەوە، باسی هەمان ئەو کوڕە دەکات کە لە حیکایەتی دووەمدا بە ئاسمانەوە مەلە دەکات و فریشتەکان نازانن چی لێبکەن، لە وێدا پێیان دەڵێ کە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوی و پەشیمانە و کارەکانی تەواو نەبووە، بە فریشتەکان دەڵێ کەمێ تۆوی گوڵی دۆزەخم دەوێ لە پاداشتی ئەوەی کە بەهەشتم نەویست، پێویستە ئێستێک بکەین لەسەر ئەم چەند تەوەرەیە، لە سەرەتای حیکایەتی دووەمدا کوڕە گەورەکەی گوڵەباغ باسی ئەو گوڵانە دەکات کە لەناو حەوشەی ئەو ماڵەداهەن کە گوڵەباغ بە میرات بۆی بە جێهیشتوون، بۆ نموونە کوڕەکە بە خوشک و براکانی دەڵێت ئەی نەتانبینی چۆن کچە پاشایەک بە فڕۆکەیەکەوە چەند گوڵە مێشێکی بردەوە بۆ یەکێ لە وڵاتەکاتنی سکەندەناڤیا، دواتر کۆی باسەکان بەیەکەوە گرێدەدەینەوە، دواتر پرسیاری ئەوە دەکات و بە خوشک و براکانی دەڵێت گەر ئەمە حیکایەتی سەفەری باوکمان نەبێ

ئەبێ هی کێ بی؟ هەروەها باسی ئەو برینانەی ژێر پێیەکانی گوڵەباغ دەکات و دەڵێت تاکو مردیش سارێژ نەبوون و بەو هەموو سامانەی کە هەیبوو باشترین دکتۆرەکانی دونیا نەیانتوانی چارەسەری بکەن، ئێستا دەتوانین کەمێک بە ڕوونی کۆی باسەکانی ئەم چیرۆکە ببینین و بەیەکەوەیان گرێ بدەینەوە، ئەوەی بە تەواوی دەمگەیێنێتە ئەو بڕوایەی کە ئەو کوڕەی ناو هەردوو حیکایەتەکە گوڵەباغە ئەوەیە کە گوڵەباغ ژنی نەهێنا، دواتریش کوڕەکە باسی ئەوە دەکات کە کوڕەکەی ناو حەکایەتەکە دەگەڕێتەوە و دێتەوە بە دوای ئەو کچەدا کە لە مێژە لە باڵکۆنەکەدا نەماوە، گەڕانەوەی ئەو کوڕە و هێنانی گوڵەکانی دۆزەخ لەگەڵخۆیدا، ئەو گوڵانە تەنیا لە لای گوڵەباغ دەست دەکەوتن و دەگمەنیش بوون، هەروەها بوونی ئەو برینە هاوبەشانەی لە ژێر پێیەکانی گوڵەباغ و ئەو کوڕەدان، ئەو بڕوایەمان بەهێزتر دەکات کە حیکایەتە حیکایەتی گوڵەباغە، ئێستێک لەسەر ئەو باسە دەکەین کە ئەو کوڕە پەشیمانی خۆی دەردەبڕێت، بەردەوام گەیشتن بە هەر ئامانجێک پێویستی بە ڕێگای دوور هەیە، ئامانجە مەزنەکان دەتوانن مرۆڤ ماندوو بکەن، بەڵام گەیشتن بەو ئامانجانە ئیتر کۆتاییە، ڕەنگە ئەو کوڕە ناو حیکایەتەکان کە گەیشتینە ئەو بڕوایەی گوڵەباغ بێت لە ئێمەی مرۆڤی کورد زۆر نزیک بێت لەو لایەنەی کە لای ئێمە ئامانجی مەزن بە بەردەوامە غیابە، گوڵە باغیش کاتێک دەزانێت کە کاری تری ماوە تەواوی بکات ئەو کاتە هەست بە پەشیمانی دەکات، ئایە ئەم ژیانە کورتە ئامانجی گەورەی تێدا جێدەبێتەوە، بە دڵنیایەوە ئەمەش بۆخۆی سەرئێشەی تر بۆ مرۆڤەکان دروست دەکات، بوونی پەشیمانی ڕێگەیەک نییە بۆ بەسەرکردنەوەی ئامانجەکان و هەوڵدان بۆ گەیشتنیان، بەڵام ئێمە لەم چیرۆکەدا بەر وێنەیەکی تر دەکەوین، ئەویش پیشاندانی کەسایەتیەکی پەشیمانە کە دوای ئەم پەشیمانبوونەوەیە ڕێگەیەکی هەیە بە ئامانجەکانی بگات، ڕەنگە ئەمە تەنیا ڕێگەیەکی ڕێنمایکەربێت بۆ خوێنەر، هەروەها هەستکردنی خوێنەر بە پەشیمانی ئەو کوڕە هەستێک دروست دەکات کە پێویستە ئاگایی هەبێت بەر لە گەیشتن بەو قۆناغە، لە لایەکی ترەوە خودی پەشیمانی ڕێگایەکی زۆر خراپە بۆ گەیشتن بە زانین، بۆیە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ناکرێت لە ڕێگەی پەشیمانبوونەوە بگەڕێینەوە بۆ سەر ڕێگای گەیشتن بە ئامانجەکانمان، هەروەها ئەم ڕێگەیە ڕێگەیەکی بەردەست نییە بۆ گەیشتن بە زانین، بەڵکو لێرەدا تەنها وەکو ڕێگایەکی ئایداڵ سەیردەکرێت کە نمونەیەکی ئەستەمە و دوورکەوتنەوە لەو نمونەیە تا ڕادەیەکی زۆر دەمانخاتە سەر ڕێگای گەیشتن بە ئامانج، تەواوکردنی کارە تەوانەبووەکان پێویستە لە ڕێگەی ترەوە

ئەنجام بدرێن نەوەک لە ڕێگەی پەشیمانبوونەوە، بڕوام بەوە هەیە کە ئێمەی مرۆڤ تاکو دەشمرین کارەکانمان تەواو نابن، یان وا هەست دەکەین کە تەواو نابن و تەواومان نەکردوون، بەڵام ئەمە لای چەند کەسێکی نمونەیی بەو جۆرە نییە، ئەمە نەبووە بە ڕێگەیەک کە ئێمەی مرۆڤ تەواوکردنی کارەکانی خۆمانی پێ ئەنجام بدەین، سنورێک هەیە کە ئیتر کارەکان دەوەستن، ئامانجەکان دوور دەکەونەوە، ڕەنگە ئەمە بابەتێکی لاستیکی بێت و سنورەکان خۆمان دروستی نەکەین، بە گشتی ئەو بڕوایە بەسەرماندا زاڵە کە پێویستە ئێمە دوا سنورەکانی ژیانمان جێبێڵین بۆ قەدەر.

هەر کوڕە گەورەکە باسی کوڕەکە دەکات کە لەوەبەر وێنەیەکی بینیوە، کوڕەکە دەپەڕێتەوە وادەزانێ یار لەوبەر چاوەڕێی دەکات کە دەشگاتە لای دەرگای بەهەشت ئەوی لێ نییە بۆیە خۆی فڕێدەداتە خوارەوە بۆ دۆزەخ، مەجازبوونی هەردوو چەمکی دۆزەخ و بەهەشت لێرەدا بە ڕوونی بۆمان دیار دەکەوێتەوە، لێرەدا سەرەڕای هەموو ئەو خوێندنەوە جیاوازەشمان بۆ بەهەشت، بەڵام چیرۆکنووس دەیەوێت ئەوە بە ڕوونی دیار بخات کە بەهەشت شوێنێک نییە بۆی بچین، هەموو ئەو تێڕوانینانە لێرەدا پووچ دەبنەوە کە بەهەشت بە ئامادەیی وێنا دەکەن، بەڵکو بەهەشت ئەوەیە خۆمان دروستی دەکەین.

لە کۆتایی چیرۆکەکەدا کوڕە گەورەکە باسی سیانزە سندوق دەکات کە گوڵەباغ لە ژێر درەختەکان دایناون، ئەو دۆزیونیەوە، هەر سندوقێکیش ناوی هەر منداڵێکی لەسەرەو لە وێدا باسی کات و شوێنی هەڵگرتنەوەیان دەکات، واتە گوڵەباغ بە تەنیا جێی نەهێشتوون و ئەوەی زانیویەتی بۆی جێهێشتوون، کوڕە گەورەکە ئازادی ئەوەیان دەداتێ کە سندوقەکان بکەنەوە و بچن بە دوای کەسوکاری خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆی دەڵێ ئەو سندوقەی خۆی ناکاتەوە و بۆ هەتاهەتایە دەیخاتە ژێر درەختەکان، باسکردنی ئەم سندوقانە بە خاڵێکی لاواز دەبینم، چونکە گرێیەکی کردۆتەوە، پێویست نەبوو، نەدەبوو چیرۆکنووس ئەم حەقیقەتە بە ئاسانی بۆ خوێنەر کەشف بکات، ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت گەڕان بەدوای حەقیقەتێک کە خزمەت بە ئایندەی مرۆڤ ناکات پێویست نییە، بەڵام ئایا حەقیقەتێک هەیە کە خزمەت بە مرۆڤ نەکات؟ لەم خاڵەوەیە کە خوشک و براکان دەیانەوێت بەیەکەوە بمێننەوە، کوڕە گەورەکە ئاماژەشی پێدەدا کە ئەو تەمەنەی ماوە بەشی دادگایی کردن و ڕق و تۆڵە بکات. سەرەڕای ئەوەش کە ئازادن و تەنانەت شوێن و کاتی هەڵگیرانەوەشیان دیارە هیچ یەکێکیان هەڵناستێت بە دوای شوناسی خۆی بکەوێ، بە بڕوای من ئەمە پیشاندانی وێنەیەکی مەزنە لە

خوشک و برایەتی، تەنانەت نمونەیەکی زۆر باشتریشە لە نموونە بایلۆژیەکان.

یەکێک لە رەگەزەکانی چیرۆک دیالۆگە، لەم چیرۆکەدا هیچ دیالۆگێک بە دی ناکرێت و تەنیا یەک کەسی قسەکەر هەیە، وەک وتمان ئەم چیرۆکە لەسەر پانتایی فراوان کاردەکات، چیرۆکێک نییە کە فەزایەکی بچوکی هەبێت، بەلاّ ئەوەی ئەم چیرۆکەم لا جوانتر دەکات نەبوونی ئەو دیالۆگەیە، رەنگە ئەگەر دیالۆگەکە بوونی هەبا ئەوا هەموو ئەو گرێچنیانەی کە لە سەرەتادا چیرۆکنووس دروستی کردوون ئەوا ئەگەر هەموشیان نەبان بەشێکی زۆریان ئاشکرا دەبوون، بۆیە هاوڕام لەگەڵ ئەوەی کە نەبوونی ئەم دیالۆگە لە شوێنی خۆیدابوو.

یرۆکی گوڵەکانی دۆزەخ ئیشکردنێکی مەزنە لەنێو مانادا و بەخشینی مانای نوێیە بە رووداو و دیاردەکان.


**سوود لەم سەرچاوانەی خوارەوە وەرگیراوە:**

١-حەمە کەریم عارف، لەبارەی چیرۆکەوە، سایتی هەولێر www.hawler.in

٢-مەریوان وریا قانع، شیعر و مەرگ چەند سەرنجێک لە وەسیەتەکانی قانع، گۆڤاری سەردەمی رەخنە، ل٥-٤٤، ژمارە٤، ساڵی ٢٠٠٦.

٣-حەمە سەعید حەسەن، چۆن فێری نووسینی چیرۆک دەبین؟، ل٩-٢٤، دەزگای ئاراس، ٢٠١١.

٤-وەلید عومەر، خۆکوشتن (وتار)، پاشکۆی رەخنەی چاودێر، ل٦، ژمارە ٣٠٥.

# دمق

| | |
|---|---|
| هەوام پێ بدەوە پێکەنین پێشکەشی خۆت | کەمال ئەمینی |
| سەرئێشە | داستان بەرزان |
| مەنووسن! خۆم دەنووسم | غەمگین بۆڵی |
| سوێندت دەدەم... سوێند دەخۆم | پشتیوان هەڵەبجەیی |
| ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە | سەروەر عومەر |
| ژن | هاوار تەیب |
| سێ کورتە چیرۆک | کەریم حیکمەتی |
| کەلێنێک بۆ لەدایکبوونێکی کوێر | بێستون مینە |

# هەوام پێ بدەوە
# پێکەنین پێشکەشی خۆت



کەمال ئەمینی- سنە

کەچی مانگ
ئەخولێتەوە لە مەداری نارنجێتی خۆی   هەر
بڕیاری ئیمزای هیچ ڕووداوێکە -لە-   شەقام
بە هەر بارێکا لەتر ئەبەم
خەریکی مردنی هەنگاوەکانی ژماردنێکم لە ئارەزووەکانی ئێوارە
کۆتەکەم سەرمای لە بەرما قەڵەو کردووە و
تەنیا حیکمەتی پیادەڕۆ قەرەباڵغییەکی خاڵییە

کەوشەکانم
لە پێما ئەوەندە تەنیایە
تەنگە هەناسەی پەنجەکانم ساردە
دەستم دەساوم بە دەستما
گەرما نیعمەتێکی گەرۆڵە
(ساعات
چەن شەمەیە و
لە هیچیی ئەم ئێوارەوە-ئەمەنە شێواوم-
شێتییەکانی خۆم ئەنووسم و
پارچە پارچەی جەستەی شاعرییم)

بەفر
دوایین چرکەکانی سپییەتی خۆی        ئەتوێتەوە
قیامەتێک لە لەپی وەیلانیما
ختوکەی دەستم ئەدا کە ئومێدێکی ناسکی تێ زاوە
مەسخەرە تر لە        ئومێد
درێژەی چاوەڕوانییە
کێ هەیە فەرامۆشییەکم بۆ دانێ
کە خۆشترم
فەرامۆشی
ئەو نیعمەتە بوو کە من          بێ بەشم
لە خۆم
کە مساوی پرسیارێکم
بەردەوام   بێزارتر
لە مانگ
گەمژەتر مەگەر      تاکسی
ئەم شارە ئەمەنەی موسافیرەکان زەرد تر
یا دوورتر
کێوێک پاڵی داوە بە بەرزاییەکی گەمژەوە

لێرەدا
لەم ساعاتە بێ بەفرییەدا

پیادەڕۆ نە شیعری پێویستە نە شهوودە بێهوودەکانی من و
نە تەئویلە مەسخەرەکانی تۆ
چەن شاعیر بیت یان هەرچی
شەقام هەم دزی تیایە و هەم ترس
نەگبەتی لێ ئەچۆڕێ و
لە جنسی هاوار بێدەنگی پێوە دیارە
بریاکان تا نرخی سێو
ئەو پەڕەکەی تا ماسییەکی سوور بڕناکەن
(ساعات... لێگەڕێ
هاو تەریبی ئەم بێدەنگییە دایرە دانراوە
ئێستا ئەوmندە شاعیرم بێزارم لە تۆ
کە لێرەدا بە دوای شتێکا وەیلانی)



ئێرە هیچ نییە
ئەو ئێرە کە من دەیڵێم
هەناسەیەکی گەرمە و هەر گت ئەکا
خۆشترە لە خەیاڵی موسەلەس و
تامی هەوەسێکە لەسەر دڵما ماوەتەوە
موسەلەس
لە هەموو شەوە شیعرێکا دەرفەتێکی نەرمە
دەریا باوەڕ کەن ئەو ئێرە کەمن ناتوانم
نەرمترە
من زۆرم وتووە
کەسێک بڵێ بە خوا
کێوێک بە بەرزاییەکی خەیاڵ پڵاوەوە
چاوەڕێی حماقەتێکی سەوزە ئەگەر هیچ نییە

نارنجی ئەمشەویش بێ شەرمانە مانگە ئەگەر     هیچ نییە
تاکسییەکان زردن لە موسافیر ئەگەر    هیچ نییە
داخم چی هیچە کە ماسییەکان
لە تونگی چکۆلەی ئاودا
بە پچەوە نەرم نەرم بەردەوامن
بە پچەوە رەقسی هەناسە ئەکەن و ئاوازی ئاو سەر ئەدەن
(ئەم ئێرە واز بێنە
ئێرەیەک کە رەخنەی ئەم شیعرەیە
کەمێ لە تونگی ئاو دەریا ترە)

ماسییەکە-!- وەختە خنکان
وەرە پێکەنینێک بکێشین لە رەگەزی "با"
کە ئەڵێی هەیکەلێکم لە شەکەت
وەرە هیلاکم کە لە خۆتا یان هیچ نەبێ
پێبکەنم تا ئێرە و هەوا
: هەوام پێ بدەوە
پێکەنین پێشکەشی خۆت



ماسییەکە
من لە بەرینی دونیا
گومانێکم   سەرەو خوار        ئەچم
تا پێم لە خۆم هەڵنەکەوێ
پێم کەوشەکانی پێ بیانوویە   هەر پێکەنین
ئومێدێ -کە لە دەستمایە
دەستی خۆمە دەیساوم بە دەستما
گەرما نیعمەتێکی گەرۆڵتر
پێم کەوشەکانی پێ بیانوویە هەر
وەک ترسێ لە هەڵاتن
کە دووری بەشێکە لە مردن

جەستەم یەکسەر ئارەزوویەکی ناتەواوە لە بەفر و هەوا
بەشێکە لە ماسییەکان –باوەڕ ناکەی بپرسە لە دەریا-
دەریا! بەخاتری قورئان و چەن ئەوەندەی تریش
تۆ کە نغرۆی خۆتی تەواومکە تا ئارەزوو

بە هەر حاڵ
من لەم ئێرەدا کەوتم
ئەوەندە بێزار
کە وتم: خوایە ئەم موسیبەتە نەسیبی هیچ درەختێک نەکەی
(دونیا هەڵگەڕاوە بەرانبەرم خۆرێک روویدا-یان چرای ماشینێک بوو-)
: تۆ درەخت نەبوویت و نیت ئەگینا بە باڵندەیەکەوە ئەمنووسیت تا سەوز
: خوایە بەهەشت و باڵندە نسیبی دایکم کە جووتی درەخت بوو
من کە ناتەواوی خۆمم و جووتی ئومێد
تەواوم کە
دایکم ئەیوت تۆ هەڵەی پێخەفەکە بووی کە بووی
(چرای ماشینێ بوو! بە هۆڕینێک داچڵەکام)

کە من شاعیرێ داکەوتم ماسی تر
عاشقییەکانم بەردەوام دۆڕاند نەسیبی هیچ پێکەنینێک
هەوام لە خۆم کرد
لە شێتیی شاعیری و لە شەریعەتی درەخت گەڕامەوە
هەوام پێ بدەوە
عەوزەڵ نەکەی ئەی زەوی بۆ پێکەنینت
کەس نەیزانی
تۆ کە شایەتی
ئازا و ئەنامم
هەوەسی میوەیەکە و هەوا کە نەمخوارد
یا رەبی گورگ بتخوا



**نەتزانی بە کام بارا داکەوی**

**کە چی مانگ بەردەوامە هەر**
**(ئەو ئێرەش کە ناتوانم لێیگەڕێ**
**خۆت بکە تۆم فرۆش**
**چۆنت پێ خۆشە مردنەکانی پیادەڕۆ بژمێرە)**



# سەرئێشە



داستان بەرزان

باخچەکە قەرەباڵغە بە مرۆڤی قەلەق
من لە هەموویان قەلەقترم
سەیری یەکدی دەکەین
بەهەر هۆیەک بێت، ژیان بەڕێ دەکەین
دەمانەوێت لە سەرئێشە رزگارمان بێت.

باخچەکە قەرەباڵغە بە مرۆڤی بێزار
کەس لە من بێزارتر نییە
لە یەکتر ورد دەبینەوە
وێردێک بۆ کات کوشتن دەبێژین
پەیڤەکانمان چەندبارە دەکەینەوە
مەبەستمانە نەزانین چی دەگوزەرێت
بۆ ئەوەی بەر رووداوی تازە و
پیاوی تازە و درۆی تازە نەکەوین.

باخچەکە قەرەباڵغە بە مرۆڤی ئاڵۆز
من لە هەموویان ئاڵۆزترم
کەس ئامادە نییە لە کەس تێبگات
رەنگە کەسیش لە کەس تێنەگات
هەریەک لە هەوڵی ئەوەداین
شتێک بدۆزینەوە بۆی بژین.

لە نێوەڕاستی باخچەکەدا دانیشتووم
باوەشم بە ناوازەییمدا کردووە
بە رەفتار و روخسارمدا دیارە
دەمەوێت سەر ئێشە بەڕێ بکەم.

***

لە پاخچەکەدا دانیشتووم
سەرم ناوە بە شانمەوە و دەبینم
کەسێک لێوی دەگەزێت
کەسێک نینۆکی دەخوات
کەسێک دەست بە خۆیدا دێنێت
کەسێک بە پەنجە قژی لوول دەکا!..
کەسێک ملی دەتەقێنێت
کەسێک جگەرە دەکێشێت و
دووکەڵ بە ژیاندا دەکات
هەمووان بێدەنگ
سەیری یەکتر دەکەین



.
.
.
نا، سەیری هیچ ناکەین.
خۆمان بە –با– دەکەین.

پیاوێک گوێبیستی ئۆکۆردوێن دەبێت
جەستەی دەکەوێتە لەرزین

چاوی پڕ دەبێت لە خوێن
هاکا هەپروون بە هەپروون بوو.
لە تاو مەلوولی پیاوەکە
وەختە وەک درەختەی پشتەوەم
لەپڕمەی گریان بدەم

***

باخچەکە قەرەباڵغە بە مرۆڤی قەلەق
لە هەموویان قەلەقترم
قەرەباڵغە باخچەکە
بە مرۆڤی بێزار
لە هەموویان بێزارترم
لە هەموویان ئاڵۆزترم
کەس نایەوێت لە کەس تێبگات
رەنگە کەسیش لە کەس تێنەگات
هەمووان دەمانەوێت ژیان بەڕێ بکەین و
سەرئێشە نەمانکوژێت.

شەوی ماسییەکە



باپیرم حەزی لە باڵی مریشک بوو
من بە نووستن لەسەر زەوییەکی رەق
ئێمە بە کولەمەرگی راهاتووین

لە چەند لایەکەوە خەفەتبارم
بۆ مردنی ماسییەکە
بۆ برژانی دڵم
بۆ بەدبەختی باپیرم
بۆ کلۆڵی هاوڕێ نائومێدەکانم

زەوی لە مندا دەسووڕێتەوە
لە سووڕانەوەی گۆیەک دەچێت



**لەناو سەتڵێک جیوەدا.**

**گۆرانییەک دەمهاڕێت**
**ڕێبوارە و ڕێبوار***
**هەمیشە ڕێبوارم.**

**خەمی براکەم دەخۆم**
**چێژ لە تەنیایی وەرناگرێت**
**خەمی نەنکیشم**
**گوێی لە قورئان دەبێت**
**مردنی بیر ئەکەوێتەوە و**
**دڵتەنگ دەبێت.**

**لە چەند لایەکەوە خەفەتبارم**
**بۆ برژاندنی ماسییەکە**
**بۆ پلیشانەوەی دڵم**
**بۆ دڵتەنگی نەنکم**
**بۆ دۆخی زەوی.**

**خۆم بە هەیوانەکەدا دەکەم**
**نەنکم بە دڵێکی پڕەوە بەرەوڕووم دێت**
**بە درەنگ هاتنەوەم تورە دەبێت**
**ئەو وادەزانێت پێدەکەنم**
**کەچی فرمێسکێک لە چاومەوە**
**بەر دەبێتەوە بۆ بەر پێم.**

**لە چەند لایەکەوە خەفەتبارم**
**بۆ خواردنی ماسییەکە**
**بۆ تەنیایی براکەم**
**بۆ تورەبوونی نەنکم**
**بۆ مەلوولیم.**

**بە شووشەیەک بیرەوە دەخزێمە ژوورەکەم**
**دەرگاکە لە خۆم دادەخەم**
**نوێنەکان لە مندا دەنوون.**

**لە خەونمدا قژم قەوزەی شین دەگرێت**
**بە شەقامێکدا رادەکەم**
**بە هەردوو دەستم سەرم دەگوشم**
**هاوار دەکەم: خودا غەزەبی لێگرتووم.**
**خەونەکەم بۆ کەسێک دەگێڕمەوە**
**پێم دەڵێت: گوناهباریت گوناهبار**
**بونیادەم چۆن دەبێت هێند تەنیا بێت.**
**تا بەیانی ئۆقرە ناگرم**
**بێتاقەتی ماسییە خوراوەکەم**
**بێتاقەتی خۆمم**
**ناخۆشە خۆت ببینیت**
**هۆن هۆن دەخورێیت.**



* گۆرانییەکی (ڕەفیق چالاک)ە بە دەستکارییەوە.

# مەنووسن! خۆم دەنووسم



غەمگین بۆڵی

(مننامە)
من، منم!

با کەس لەجیاتی من،
من نەبێت.
تەنانەت منێکی تریش!
با کەس لەجیاتی من،
درۆ نەکات.
تەنانەت راستگوتنیش!
باکەس لەجیاتی من،
قسە نەکات.
تەنانەت دوای مردنیش!



**با کەس لەدوای من،**
**نەڵێت:**
**کەسێکی ئاوا و ئاوا بووە!**
**من هەر ئەوەم،**
**ئەوەی ئێستا هەم!**

**با کەس،**
**لە کەس نەچێت**
**با کەس،**
**لە من نەچێت**
**من نامەوێت بە کەس بچم!**
**تکایە؟**
**کەس/ کەس/ کەس/**
**کەس، بە کەسم نەچوێنێت!!!**

**کەسێکی تر!**

**لەناو مندا،**
**کەسێکی تریش هەیە!**
**کەسێکی نەخۆش!!!**
**هەمیشە ئەو کەسە نەخۆشە**
**هەمیشەیش بەسەرمندا دەڕشێتەوە**
**هەرچی وشەی ناو کتێبان هەیە،**
**لە دەمیدا فیچقە دەکەن**
**من ئێستا، بۆن بۆگەنی نووسینم لێ دێت!**
**من ئێستا، بۆنی رشانەوەی نووسینم لێ دێت!**
**(من کەسێکی تریشم!)**

چووزانم، تاقەتم نییە بژیم!

نانخواردن و
هاوجێی.
گۆرانیگوتن و
شەراب خواردنەوە.
سەفەرکردن و
نوکتە گێڕانەوە.
دواتر و
چووزانم!
هەموو شتێک لەگەڵ تۆدا خۆشە!
تەنانەت خۆکوشتنیش!

نانت خوارد و
چیرۆکی پیاوێکی ترت گێڕایەوە
گۆرانیت گوت و
شەڕابت بە یادی پیاوێکی تر خواردەوە
هاوجێییمان کرد و
سەفەرت بۆ لای پیاوێکی تر کرد
دواتر رۆیشتی...
چووزانم!
من تووشی قاتوقووڕی خۆشبەختی بووم
تەنانەت تاقەتم نەبوو بژیم!



مەنووسن! خۆم دەنووسم

من لێرەم!
ئێستا...
بەناچاری دەژیم!

ئێستا...
بێئاگام لەوەی کە مردوومە!
ئێستا...
ئێستا!
چەندە دەژیم و چۆن دەژیم و چۆن دەمرم و کەی دەمرم؟
ناترسم، ئێستا!
ئێستا...
لەوە دەترسم من مردووبم و بژیم!

بنووسن:
بە خۆشی خۆی نەمردووە
بە خۆشی خۆی نەژیاوە
بە زیندوویی مرد و
بە مردوویی دەژیا!
لەسەر قێلی قەبرەکەم؟
من...
ئێستا...
ناترسم!
من ئێستا ترسم!!!
دیسان بژیمەوە و
دیسانیش بمرم!

مەنووسن!
خۆم دەنووسم:
تاقەتی ئەو هەموو بێنەو بەردەم نییە!
ئەگەر قێلی قەبرەکەشم نەبێت
لە دەرگەی ئەدەبخانەکەمان دەنووسم!

دەترسم جارێکی تریش بژیم!

**دەترسم جارێکی تریش بژیم!**
**ئەگەرمردم ،**
**ئەم دێڕەی سەرەوە**
**لەسەر قێلی قەبرەکەم بنووسن.**
**نا نا نا، هەڵەم کرد!**
**ئەگەر مردم،**
**ئەم دێڕەی خوارەوە**
**لەسەر دەرگەی ئەدەبخانەکەمان بنووسن.**

**((دەترسم جارێکی تریش بژیم!))**



# سوێندت دەدەم... سوێند دەخۆم



پشتیوان هەڵەبجەیی

به خونچەی باخچەکانی عیشق سوێند بخۆ
گوڵی باخچەی حەوشەکەم هەتاو کوشتی یاتاریکی
به بەهار و گەڵای رۆحم سوێند بخۆ
خەزانی تۆ چەند سەدەیە
رەنگی ئەم شیعرەم بۆ زەردە...
سوێندت دەدەم توو مەسیح
کەی لەم خاچی عیشقە دەمهێنیتە خوارەوە
توو نوح... ئەم کەشتی عیشقە لەکوێ لەنگەر دەگرێ
ئەمشەو بە باران سوێند بخۆ...
توو نەمەی هەر دڵۆپەیەک بۆ لە خەیاڵتا تەڕ نابم
بە ئاسمان سوێندت دەدەم
... توو گەواڵە هەورێک بۆ لە چاوتا دابباریێم

بەخاک سوێندت دەدەم
توو هەنگاوەکانی دووریت ئەم خەراباتە چەند سەدەیە
بە عیشق سوێندت دەدەم...
توو خودا... لە کام باخچەی مەنفادا دەمکوژیت
لەچ بیابانێکی شومدا دەمنێژی
بەڕەشەبا سوێندت دەدەم...
ئەم زریانەی سیمام تۆ نیت؟
بە بیابان سوێند بخۆ... بڵێ
ئەگەر تۆ گەرد و تۆز و لم نیت؟
بە دەریا سوێندت دەدەم...
تۆ لە تەریقەتی شەپۆل نیت؟
بە ئاوابوون سوێندت ئەدەم
ئەو موسافیرەی کە هەرگیز ناگاتە دڵی من، تۆ نیت؟
دەشێ تۆ کەشتییەکی سەرشێت بیت
کە لە دەریادا چارۆکەکەی با دەیبات
دەشێ تۆ ئەو تاوە تەرزەیە بیت
کە باڵی پەپوولەکانی باخچە دەشکێنێ
بە کوچەکانی مناڵی سوێند بخۆ... توو بەرائەتی مناڵیت
ئەم ناسکبوونەوەیەم چییە
توو هەڵوەرینی گوڵێک لەژێر پێی ئەهریمەندا
ئەم پەژمووردەییەم هەتا کەی؟
هەڵوەرینی ئەم باخچەیەی دڵ بۆ
توو... تەمتوومان لە سەحەردا... فەنابوونی دڵ بۆ کوێ
توو باران لە ئانی مەرگی نمەدا
وشکی شەقامی خەیاڵم تاکەی
بەدڵی ئاسمان سوێند بخۆ...
ئەم زوڵمەتەی رۆحم تۆ نیت؟
بە جەهەننەم سوێند بخۆ... چەند سەدە دەمسوتێنیت؟
توو پرشنگی خۆر سوێند بخۆ...
چ سپێدەیەک لەم پەیکەرە هەڵدێی
بە تریفەی مانگ سوێند بخۆ

ئەستێرەی بەر پەنجەرەکەم چی لێهات
بۆ لەوەتی تۆ هاتوویت مانگ نایەتە ژوورەکەم
توو بی و خودا...
توو فرمێسک لە سۆمای حەقیقەتدا...
توو ماڵە سەر گەردانەکانی شیعر...
توو ماچ لە دەنوکی کۆتردا
توو گریان لە دڵی دایکمدا...
تۆ شەونمی ئەشک دەناسیت؟
ماڵۆچکەی گریان شارەزای
بە هەڵەبجە سوێندت دەدەم...
لە شانزەی سێیەکدا گریاوی
لە چواردەی چوارێکدا رەشت پۆشیوە؟
بە مێژووی ئازار سوێند بخۆ...
ئێوارەی خوێن رژانم کەی دێت
شەوی یەڵدای دڵ هەتاکەی؟
بۆ؟ دەیجوری ئەم غەمگینییە ناشکێت
بە باخچەکانی جوانی سوێندت دەدەم...
گوڵی ئەم سەحرایە کەی دەپشکوێ
ئەم خونچەی عیشقە بۆ دەم ناکاتەوە
بەیێمروەتی زەمەن سوێند بخۆ...
کوچەی نائومێدی شارەزای
توو چاوی شازادەیەکی یاخی...
غروری ئەم دەریایە هەتا کەی
توو شەوێکی زوڵمەت سوێند بخۆ
با من بە باران سوێند بخۆم... بە ئاسمان سوێند ئەخۆم
بەکانی سوێند ئەخۆم... دەریایەک ئەشکم رشتووە
لە بەیانی هەڵهاتنەوە... تا ئێوارەی ئاوابوون
لەچاوی منا دەیجوورە و من ئەستێرەم ژماردووە
لە ئەستێرە بپرسە دەزانێ هەور بۆ ئەم عیشقە گریاوە
تەنهایی کوچەکانی دڵ ئاگادارە...
وێنەی ئاوێنەی مەحەبەت دەزانێ

ڕۆژمێری عیشق و فرمێسک شاهیدە
بە مردنم لەم عیشقەدا سوێند دەخۆم
تۆ لە مەنفاکانی ڕوانینم نیشتەجێیت
زەمەنی خوێنڕژانم لە دەستی تۆدایە
سوێند دەخۆم بە هەموو نامەبەرەکانی خودا
بە پیرۆزی ئاسمان سوێند دەخۆم
تۆ بوونەوەرێکی سەیریت
ئیشق لە خۆکوشتن سەختترە.
بیرکردنەوە لە خەزانت بیرکردنەوەیە لە مردن.





# ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە

سەروەر عومەر

ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە
لەبیربردنەوەی تۆ کارێکی ئەوەندەش سەخت نییە

تەنها ئەبێ مێشکم بشۆمەوە
رابردووم بسڕمەوە
چاوەکانم دەربهێنم
دەست و پێیەکانم ببڕمەوە
ژیانم راوەستێنم
زمانم لە بندا بقرتێنم
تا ئیدی نەتوانم ناوت بهێنم...!

هەنار
ژمارە ٨٧ ئەپریلی ٢٠١٣
دەق

ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە
لە بیربردنەوەی تۆ کارێکی ئەوەندەش سەخت نییە

تەنها ئەبێ جارێکی تر بەو ڕێگەوبانانەدا نەڕۆمەوە
کە پێکەوە پیا ڕۆیشتووین
جارێکی تر بۆ ئەو چێشتخانە و کافتریا و پارکانە نەچمەوە
کە پێکەوە تیایاندا دانیشتووین
جارێکی تر ملی ڕێی هیچ شەقامێک نەگرم
کە زاڤانە لە یادگاریی خەمهێنەری تۆ
جارێکی تر لە هەوای ئەم شارە هەڵنەمژم
کە پڕە لە گەردیلەی یادەوەری تۆ...!

ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە
لەبیربردنەوەی تۆ کارێکی ئەوەندەش سەخت نییە



تەنها ئەبێ هەندێک شت لە ژیانمدا بگۆڕم
ناوی خۆم
شوێنی کارەکەم
هاوڕێکانم
جل و بەرگەکانم
ماڵەکەم
گەڕەکەکەمان
کەلوپەلەکانم
دایک و باوک و خزمە دوور و نزیکەکانم
زەوق و سەلیقە و حەزەکانم
خەم و خولیا و خەیاڵ و خەونەکانم...!

ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە
لەبیربردنەوەی تۆ کارێکی ئەوەندەش سەخت نییە

تەنها ئەبێ نامەیەک بۆ سەرۆکی شارەوانی بنووسم و
داوای لێبکەم
ناوی تەواوی پارک و باخ و کوچە و کۆڵان و شەقامەکانی شار
بگۆڕێت
شوێنی سەرجەم فولکە و وێستگە و تەرمیناڵ و ترافیک لایتەکانی شار
بگۆڕێت...!

ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە
لەبیر بردنەوەی تۆ کارێکی ئەوەندەش سەخت نییە

تەنها ئەبێ لە خودا بپاڕێمەوە
شەو و ڕۆژ و هەفتە و مانگ و ساڵ بگۆڕێت
شێوەی هەنار و بۆنی سێو و تامی پرتەقاڵ بگۆڕێت
بەرنامەی خۆر و هەیڤ و ئەستێرەکان بگۆڕێت
ڕەنگی بەفر و ڕەنگی ئاو و ڕەنگی ئاسمان بگۆڕێت...!

ئەتوانم لەبیر خۆمت بەرمەوە
لەبیربردنەوەی تۆ کارێکی ئەوەندەش سەخت نییە

تەنها ئەبێ لە خودا بپاڕێمەوە
تا بمکاتە بوونەوەرێکی تر
لێرە نا،
لەسەر هەسارەیەکی تر...!



# ژن

**هاوار تەیب- رانیە**

(١)

**ئەیژن**
**دەمەوێت لەجیاتی پێکێک**
**لە شەراب**
**پێکێک لە فرمێسکەکانی تۆ**
**نۆش بکەم**
**سەر بخەمە سەر سنگی**
**تۆ و**
**خاڵیت بکەمەوە**
**لە خەم**

(٢)

**ئەیژن**
**دەمەوێت رێزت**
**بگرم**

(٣)
من لە کۆمەڵگایەکدا
دەژیم
ڕێزی بەهاکانت ناگرن
تۆ لەلایان
مرۆڤی پلە دوویت
وەڵامدانەوەی جوانییەکانت
بە چەقۆیە



(٤)
ئەیژن
تۆ هەموو ڕۆژێک
لە کۆڵانمدا،
لە شارمدا،
لە وڵاتمدا
دەبێتە قوربانی
شەرەفپارێزی،
گۆمی خوێنت هەڵساوە.
کەچی منیش خەوتووم

(٥)
دەمەوێت
سەدەیەک بێدەنگی
بهارم،
بەڵام لەم خەوەدا خەبەرم نابێتەوە،
و
گوێچکەم هاوارت
نابیستێت



(٦)

**نازانم**
**کام ئایین**
**ڕەوایەتی داوە بە کوشتنت؟**

(٧)

**ئەوان**
**نازانن،**
**کە سروشت دڵی ژنە**

(٨)

**دەمەوێت**
**سەدەک نزا بکەم**
**ئەیژن**
**تا پاک ببمەوە**
**لە گوناهەکانم**

(٩)

**تۆ سەرچاوەی جوانی و**
**پاکیت**
**چۆن دەستیان**
**تێدەچێت**
**لاشەت**
**شەڵاڵی خوێن بکەن**

(١٠)

**ئەوان**
**نامۆن بە جوانیت**
**نامۆن بە خۆیان،**
**ئەگەرنا**
**چۆن دەستیان دەچێتە خوێنی تۆ؟**

(١١)
ژن
منێک دەبێت خۆم
پاک بکەمەوە
لە گوناهەکانی کوشتنی تۆ

(١٢)
تۆ لەو سەری جوانییەوە هاتوویت
منیش
لەمسەری رق و لە خوێنڕشتنەوە

(١٣)
هاوارت
عەرشی ئاسمانی هەژاند
دڵی من
لێوانلێوە لە خوێن

(١٤)
تۆ
لە توخمی بارانیت
منیش لە جنسی
دۆزەخم

(١٥)
من هێشتا تینووم
بە خوێنی تۆ
ئەیژن.



چیرۆک

# سێ کورتەچیرۆک

کەریم حیکمەتی- بۆکان

## قشقەڕە

هەرکە چاوت دەچێتە خەون، دێنە دادگاییکردنت، بەحاڵ شێوەیان دەکەی. لە دیمەنیان، لە جلوبەرگەکانیان ورد دەبییەوە. پێچ و کڵاو و قەڵافەتی مێرانەی یەکیان سەرنجت رادەکێشێ، تف لە دەمتا وشک دەبێ و چۆکت وەلەرزین دەکەوێ. دەتەوێ هەرچۆن بێ خۆ لە چنگیان رزگار بکەی، بەڵام ئەخت و چار دەکەی ناتوانی! بە تووڕەییەوە پێت ئەڵێن: چییە نامانناسییەوە...؟ چاوت دەدزییەوە و بەپەلە سەر شۆڕ دەکەیەوە، پیرێژنێکی تووڕە لەژێر پێتا هەست پێدەکەی، هەر کە چاوت بە چاوی دەکەوێ، گورج تفێ ئەکاتە ناوچاوت، چاوەکانت پڕ دەبن لە خۆڵ و دنیات لەبەر چاو تاریک دەبێ!! توونییەتی هەستی گەمارۆ داوی چاو لە چاوی داپیرە دەبڕییەوە، چاوەکانی بوونەتە کانییەک، دوو کانی و سەدان کانی زوڵاڵ و روون. دادەنەوییەوە قومێ ئاو بخۆیەوە، کانییەکان بە خێرایی بزر دەبن. لە خەو رادەچەنی، کە سەر هەڵدەبڕی، شتێکی نەرم لە بنمیچەکەوە بەردەبێتەوە و دەکەوێتە سەر تەختی ناوچاوت، بەپەلە هەڵدەستی،

کارەباکە رۆشن دەکەی، دەچیتە بەر ئاوێنەی ژوورەکەت، هەرکە لە ئاوێنەکە دەڕوانی، واقت وڕ دەمێنێ و لە زەبەلاحێکی ترسێنەر زیاترهیچی دی نابینی.

**تراویلکە!!**

هیچ ئەسەر و خەبەرێکی نەبوو، بەڵام خەڵکی بە رۆژا رۆژهەڵات و شەوانە رۆژاوای لێدەگەڕان. زۆرینەی خەڵکی دەڵێن: گوێمان لە دەنگی گۆرانییەکانی بووە و هێندێکیش دەڵێن: گوێمان لە حیلەی ئەسپەکەی بووە!! بە تەواوی مانا خۆیان بۆ پێشوازی ئامادە کردووە و گەلێ شیعر و چیرۆکیان بۆ هۆنیوەتەوە. شەوە و شار مەکۆی هەرا و هوریا، ئێستا نا کاتژمێرێکی تر، سێ کاتژمێری دی، بەیانی نا دوو سبەی دێ... شەوانە هەرکە سەگوەڕ پەیدا دەبێ، فانووس بە دەس بە چەپڵەلێدان دەر ئەکەون و هەموو پەنا و پەسیوێکی لێدەگەڕێن. رۆژانە خەڵکی خەونەکانیان بۆ یەکتری دەگێڕنەوە کە چلۆن هاتووە و چەندەیان بەزم و شایی بۆ گێڕاوە. شەوێکی درەنگە، دیسان سەگوەڕ پەیدا دەبێ، سەگوەڕێکی قورس. خەڵکی لەخەو هەڵدەستن و فانووس بەدەس دێنە دەرێ. تارماییەک، تیژ، بە بەرچاوی جەماوەردا تێدەپەڕێت. زەنا زەنا پەیدا دەبێ، رووناکایی بەیان هێور هێور دەپشکوێ، خەڵکەکە وێکرا لە عەرزەکە وردبوونەتەوە، دەڵێی لە زەنگیانە دەگەڕێن!! مقۆ مقۆ و زەنا زەنا پتر پەرەدەستێنێ، ئەمە جێ پێی چییە...؟ ئا ئەوە جێ پای چییە...؟ جێ پێی ئەسپە، نا جێ پێی مەڕە، نا نا جێ پێی... یەک دوو کەسی چاویلکە لەچاو، کە هێندێ لەپێش جەماعەتەکەوەن، یەک بەخۆ هاوار دەکەن، هۆۆۆی خەڵکینە چاو لێبکەن شاگوو رێوی...

**دەڵەمە**

زۆرجار بیری لە جوانی تروسکە کردبووەوە، بەڵام بیری ئەمجارەی تێکلاوێک بوو لە ئازایەتی!! چاویلکەکانی لەچاو کرد و بەر بووە خوێندنەوەی لایەنە شاردراوەکانی دەروونی. یەکەم لایەن لاپەڕەیەکی مژاوی بوو، هێندێکی لێ وردبووەوە، بەڵام هیچی بۆ نەچووەوە سەر یەک زیاتر و زیاتر راما، ئەمە

یەکەم جار بوو بەم شێوە و بە تێروتەسەلی خۆی دەخوێندەوە. کەلێنی وای لەخۆیا دۆزیبووەوە سەری سووڕمابوو. هەستی دەکرد یەکەم کەسە، کەوا ئەم هەموو کەلێن و قوژبنەی لە ناخدایە. لەو دەمەدا کە خەریک بوو لاپەڕەی دووەمی هەڵدەداوە دوو تنۆک ئارەق کەوتە سەر لاپەڕەی یەکەم. لە لاپەڕەی دووەمدا شتێکی سەیروسەمەرەی بینی کە پتر لە (دەعبا) دەچوو. زۆری سەرنج دایە، بەڵام بۆی نەچووەوە سەریەک. دوو دڵۆپە ئارەقی تریش کەوتە سەر ئەم لاپەڕەیە. چووە سەر لاپەڕەی سێیەم، بەڵام زۆر زوو بیرێک بە مێشکیدا هات، هێندێ جووڵە جووڵی کرد و دەستی برد بۆ باخەڵی، ئاوێنەیەکی گچکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بەر بووە روانینی دیمەنی خۆی، بەڵام جگە لە سێ چوار هێڵی خوار و خێچ هیچی تری نەدیت. دەستیدایە پێنووسەکەی، لەسەر وێنەی ناو ئاوێنەکە نووسی: هێشتا دەڵەمەی!!





# کەلێنێک بۆ لەدایکبوونێکی کوێر

بێستون مینه

لە شەوقی چرای ئۆتۆمبێلەکە تابلۆیەکی ژەنگاوی بەدەر دەکەوێت، سەرنجی شوفێرەکە بۆلای خۆی رادەکێشێت، ئەشێ شتی سامناکیش مرۆڤ بۆ لای خۆی پەلکێش بکات، بەتایبەت بۆ ئەو مرۆڤانەی رێگایان ونکردووە و لاڕێیەکیش، یان تابلۆیەک بەهیوا دەبینن بۆ دۆزینەوەی رێگا ونبووەکەی خۆیان، لەسەر لاڕێیە خۆڵاوییەکە چەقێندراوە و لار بۆتەوە، شتێکی لەسەر نووسراوە ناتوانرێت لەناو ئۆتۆمبێلەکەوە بخوێنرێتەوە.

بۆیە بەناچاریی دەبێت لە ئۆتۆمبێلەکەی بێتە خوارەوە، بۆئەوەی بتوانێت نووسینی سەرتابلۆکە بخوێنێتەوە، ترسێک لە دڵیدا درووست دەبێت، مرۆڤێکی تەنیا لە لاڕێیەکی چۆڵدا و تەڵخیی تابلۆکە وای لێدەکات بیر لە سەرەتای رێگایەکی

ترسناک و شوێنێکی ترسناک بکاتەوە، بۆیە وتووێژی کۆتایی لە گەڵ خۆیدا ئەنجامدەدات و بڕیار دەدات بەلاڕێیەکەدا بڕوات، لاڕێیەکی ترسناک لە هزری ئەودا، رەنگە بۆچوونەکەشی درووست بێت و ئێرە سەرەتای رێگایەک بێت بۆ شوێنێکی ترسناک.

لێرە بەدواوە لە لاڕێیە خۆڵاوییەکەوە بەهێواشی وەڕێدەکەوێت، سەختی و ناڕێکی رێگاکە ئۆتۆمبێلەکەی دەهەژێنێت و تۆزی ژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکە بەرزدەبێتەوە و لەبەر چرای ئۆتۆمبێلەکە وەک شەوێکی تەماویی دیمەنێکی سامناک پێشانی شوفێرە ونبووەکە دەدات، تۆ بڵێی تۆزی رێگاکە ئەوەندە سامناک بێت؟

گشت شتەکان رەنگی خۆڵیان گرتووە و ترسناک دێنە بەرچاو، جگە لەوەی ناوەناوە ئاژەڵی بچووک لەبەر چرای ئۆتۆمبێلەکەی پەیدا دەبن و ون دەبن، چاوەکانی ئەو باڵندانەی لەسەر دارانن و پاسەوانی شەوەکان دەکەن، دەگەشێنەوە و بریسکەیەکی تۆقێنەریان هەیە.

شتێک روودەدات، تۆپەڵەیەکی رەش شەوقی چرای ئۆتۆمبێلەکە شەق دەکات، شوفێرەکە کەمێک نزیکتر دەبێتەوە و یەکڕاست ئیستۆپی ئۆتۆمبێلەکەی دەکات، کە تائێستا لە تەمەنی شوفێری خۆیدا ئیستۆپێکی وەها خێرا و توندی نەکردووە!

ئاوڕدانەوەیەکی شوفێرەکە ئەمەی بۆ دەردەخات کە ئەو گەیشتۆتە شوێنێکی ئاوەدان، چونکە خشتی خانووەکان دەبینێت، بەڵام ئەوەی ئەوی سەرسام کردووە، ئەوەیە هیچ چرایەک لەو ئاوەدانییەدا هەڵنەکراوە! چرای ئۆتۆمبێلەکەی تاکە رووناکییە لەم ناوەدا.

تارماییەکان دەورم دەدەن، دەبێت جامەکان دابخەم و بڕۆم، بەڵام نازانم بۆ لەشم هێندە قورس دەبێت و هیچ جووڵەیەکم پێ ناکرێت، ناتوانم ئۆتۆمبێلەکەشم هەڵبکەم. دواتر هەر چۆنێ بێت توانیم هەڵی بکەم، ئینجا ئۆتۆمبێلەکەش لە شوێنی خۆی نەجولا، رەنگە هەر من هۆکارەکەی بووبم، دەنا ئۆتۆمبێلەکە هیچ کێشەیەکی نەبوو.

من هێزم لێبڕاوە و ناتوانم هیچ بکەم هیوایەکی تێدابێت بۆ دەربازبوون، تارماییەکان، یان باشتر بڵێم ئەو تۆپەڵە تاریکانەی کە چرای ئۆتۆمبێلەکەیان شەق کردم. من لە بیری خۆمدا وام لێکدەدایەوە جنۆکە بن. یان جۆرە بوونەوەرێک نامۆ بە ئێمە، نامۆ بە هەموو ئاژەڵەکانیش.

ئینجا هەر خۆشم دەموت رەنگە مرۆڤ بن، بەڵام سەرکەوتن بەسەر

ئۆتۆمبێلەکە و دەورەدانی گومانی مرۆڤبوونی لەلام بێهێز کرد.

دوای ماوەیەک مانەوەم، بەم جۆرە دواتر لەبەر هێرشی زۆری ئەوان و بەهێزییەکەیان دەرگا و جامی ئۆتۆمبێلەکەیان شکاند، من هێشتا توانای ئەوەم نەبوو هیچ جوڵەیەک بکەم، دەستێکی زبر کە تائێستاش دەستێکی وەها گەورە و زبرم نەبینیبوو وەبەر لەشم نەکەوتبوو، رایکێشام بۆ دەرەوە. هەر زوو دەنێو چەند پەڕۆکێکیان وەرپێچام و هەر لەوێ لەسەر کانیلکەیەک کە دوو شۆراوکەی هەبوون، پەڕۆکەکەیان لەبەر فڕێدام، جلووبەرگەکانیشیان سووتاندم.

ئینجا دەستیان کرد بە شووشتنم، من هێشتا تەنها دەمتوانی دیمەنەکان ببینم و بێ جووڵە پاکبوونەوەی خۆم ببینم، کە ئەوان وایان دەزانی من بۆنی خوێنم لێدێت، قڕێژی جەنگێکی بێکۆتا بە لەشمەوەیە، ئەو شوێنەی من لێی وەستام و لە ئۆتۆمبێلەکەدا گیرم خوارد، رێک لە بازگە دەچوو، ئا بازگە بوو، هەموو تارماییەکان لەوێ بوون، هەمووشیان لە تارماییە بەهێزەکان بوون، ببوورن کە دەڵێم تارمایی، چونکە من هێشتا نەمزانیوە ئەمانە چین.

تیشکی رۆژ لە نێوچاوانی دام، کاتێک خەبەرمبۆوە لە ژوورێکی خۆڵینم، ژووری خۆڵیین ئەو ژوورە بوو کە هەمووشتێکی لە خۆڵ بوو، دیوار، بنمیچ، هەموو پێداویستییەکانیش هەر لە خۆڵ بوون، تاکە شتێک کە لە خۆڵ نەبوو، ئەم تاقە دەلاقەیە بوو کە بە ئەنقەست منیان رێک لە بەرامبەر ئەوەوە خەواندبوو، بۆئەوەی بەیانی لەگەڵ هەڵاتنی خۆر خەبەرمبێتەوە.

من دوای خەبەربوونەوەشم هێشتا هەر بێهێز بووم، بەڵام تۆزێک چاکتر، کە دەمتوانی بە لارە لارە وەک ساوایەک بە دیوارەکەدا هەڵسم و بڕۆم، دوای ئەوەی کەمێک ئاوم خواردووە لە دەفرە خۆڵینەکە.

رووبوومە دەرگاکە، بەو هیوایەی بتوانم بڕۆمە دەرەوە، بەڵام بێهوودە بوو. من هێشتا لاوازێکی نەخۆشم، دوای هەوڵدانێکی زۆر، دەرگاکەم بۆ کرایەوە، ئێستاش نازانم من دەرگاکەم کردۆتەوە، یان ئەوان، چونکە لە من و ئەوان زیاتر کەسی تر لێرە نییە.

من متمانەی تەوام بە بێهێزیی خۆم هەبوو، بۆیە گومانم دەکرد لەم کاتەدا کە من لەوپەڕی بێهێزیدام، یەکێک لەوان هاوکاری کردبم و دەرگاکەی بۆ واڵاکردبم، یان پێدەچێت فرمانی پێ کرابێت کە بیکاتەوە.

هاتمە دەر بەو هیوایەی رۆژ داهاتبێت و ئازاد کرابم، نەخێر، دەبێت دان بەوەدا بنێم کە ئەم هیوایەتەم لەخۆوە وت، دەنا نە رۆژ داهاتووە و نە کەسیش بە فەرمی پێی وتووم تۆ ئازادیت و دەتووانیت بڕۆیت، بێدەنگییە!، نازانم ئەو

بێدەنگییە چییە؟

لەلایەک ئارامم دەکاتەوە کە هیچ شتێک بوونی نییە و من لەخۆمەوە وا خۆم فڕێداوەتە ناو ئەم گێژاوی ترسە، لەلایەک زۆر سامناکە و دەمخاتە بیری ئەوەی کە من ئەشێ ونبووبم و تازە چاوم بەو تابلۆیەش نەکەوێتەوە و دەوروبەرم پڕ بن لەو تارماییانەی کە لە سەرەتای هاتنم بۆ ئێرە منیان شوشت و لە ئوتۆمبێلەکەدا دەریان هێنام، یەکێک لە پشتی سەرمەوە بێت و بەدەستە زبرئاساکانی دیمەنی جادووانە بکات و هاوڕێکانی بخاتە پێکەنین و پێم پێ بکەنێت.

یەکێکی تر لەسەر سەرم لەسەر بانەخۆڵینەکە تەیار بێت بۆ خۆفڕێدان و هێرشم بکاتە سەر، یەکێکی تر کەمێینەیە بانگم بکات و لە باوەشم بکات و شوێنی دەستەکانی لەسەر هەردوو کەلەکەم وەک شوێنی لێدانێکی بەهێز بەجێبمێنن. یاخود یەکێک لە پەنای خانوو چکۆکە یەکێ لە شێوەی دار، یەکێ لە شێوەی گردۆڵکە.

هەموو ئەمانە لە مێشکی مندا لە شێوەی ئازار و چێژ بەیەکەوە ئاوێزان دەبوون و هێشتا نەمتوانیوە بزانم بۆچی لەبەر ئەم دەرگایە وەستاوم و لە بێدەنگییەکی تژی لە ترس و خۆشیدا هەموو گیانم تەڕ تەڕ بووە، تەنانەت مووەکانی سەریشم تەڕ بە ئاوێکی سوێر و قرچێنەر، لەم کاتەدا ئارەزوو دەکەم قوڕ بخۆم، بەڵێ لە برسییەتیدا دەبێت، چی بکەم لە قوڕ زیاتر هیچ شک نابەم، وەک شتێک حەزیشم لێیەتی.

لەنێوان ٤/٢٧- ٢٠١٢/٦/١٤

# وەرگێڕان

| | |
|---|---|
| میژوو، یادەوەرییەکی تری مرۆڤایەتی | عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە |
| رۆمان لە روانگەی لۆکاچەوە | کاوە کەریمی |
| چەقەڵ و عەرەبەکان | یاسین بانیخێڵانی |
| ژنێک لە شاری کۆرک | کاوە گوڵکار |
| چەند شیعرێکی ئەحمەد رەزا ئەحمەدی | جەواد حەیدەری |
| ئەمریکاییانە | ئازاد نەجم |
| قەسیدەی: کەشتیی مەرگ | م. سامالْ ئەحمەدی |

# مێژوو، یادەوەرییەکی تری مرۆڤایەتی



**عەبدولڕەحمان مونیف**

**و. لە عەرەبییەوە: عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە**

"ئەم بابەتە دیمانەیەکی نووسەر عەبدولڕەحمان مونیفە کە دکتۆر عەبدولجەبار دەراجی لە ژمارە ( ٦٣)ی گۆڤاری "الکرمل" لە ساڵی ٢٠٠٠ دا بڵاوی کردووەتەوە".

**هەندێ دەڵێن رەخنەگر ئەدیبە، بەڵام تواناکانی بە فریای نەکەوتوون، بۆیە وازی لە داهێنان هێناوە و کەوتووەتە رەخنەگرتن لە داهێنەران، مەبەستم ئەوەیە ئایا دەتوانین بڵێین عەبدولڕەحمان مونیفیش سیاسەتوانێکە و خواستە سیاسییەکانی بە فریای نەکەوتوون و پشتی لە سیاسەت کردووە و پەنای بۆ ئەدەب بردووە تا لە ئەدەبدا سیاسەتێکی تر پەیڕەو بکات، بە واتایەکی تر، وەک ئەوەی ئەدەب خواستی سەرەکیی سیاسەتوان تێر بکات کە سیاسەت نەیتوانیوە تێری بکات.**

گوتەی رەخنەگر ئەدیبە، بەڵام تواناکانی بە فریای نەکەوتوون، بۆیە وازی لە داهێنان هێناوە و کەوتووەتە رەخنەگرتن لە داهێنەران دوو خوێندنەوە

هەڵدەگرێت، یەکەمیان: ئەو برە رەخنە لاوازەی بە هەڵایەکی زۆرەوە لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بەهۆی سادەییانەوە بە رەخنەیەکی بە پلەی یەکەم ئینتیباعی دادەنرێت و بە ئەرێنی بێت، یا نەرێنی پەیوەستە بە پەیوەندییە کەسێتییەکانەوە، بێگومان برەوی خۆی هەیە و هەندێ پێویستیی شێوە دیاریکراو دابین دەکات، زۆربەی ئەوانەیشی ئەوجۆرە رەخنەیە دەگرن، نووسەری نیمچە بەهرەدارن و ئەو سیفەتەیان بەسەردا دەگونجێت کە لە سەرەتای پرسیارەکەتدا باست کردووە.

خوێندنەوەی دووەمیش بۆ ئەم گوتەیەت، کە دەبێت زۆر بە وریایی سەرنجی بدەینێ، ئەوەیە کە داهێنان بە بێ رەخنەیەکی جدی نە راست دەبێتەوە و نە دەچەسپێت، واتە دووبارە بونیادنانەوەی ئیشی داهێنان بەپێی پێوەرگەلێک کە ئیشەکە روونتر و کاریگەرتر دەکات. ئەمجۆرە رەخنەیەش مەعریفە و مامەڵەیەکی زۆری لەگەڵ داهێنانەکەدا دەوێت بۆ ئەوەی رەخنەکە بچێتە نێو کاکڵەی راستەقینەی ئیشەکەوە.

بۆیە، رەخنەی جدی، لە زۆرینەی بارەکاندا، هاوتەریبی داهێنانەکە دەبێت و شتیشی دەخاتە سەر و بەو پێیە ئەمیش داهێنانە لە جۆرێکی تر. هێشتا رەخنەی عەرەبی بەم پلەیە نەگەیشتووە و پێویستیی بە مامۆستای گەورە و ئەمانەت هەیە لە مامەڵەکردندا لە تەک ئیشە رەخنەلێگیراوەکەدا، ئیتر زیادگۆیی نابێت گەر بڵێین تیۆرێکی رەخنەیی دەوێت.

کاتێک دیستۆیفسکی لە قۆناغەکانی سەرەتای نووسیندا بوو و یەکەمین رۆمانەکانی نووسی، بیلینسکی دوای نیوەشەو دێتە لای و کە دەستنووسەکەی دەخوێنێتەوە، دەستی دەگوشێت و پیرۆزبایی لێدەکات، رۆژی دواییش مژدەی بە هەموو روسیا دا کە رۆماننووسێکی گەورە دەرکەوت، کاتیش دەریخست کە دیستۆیفسکی لە گەورەترین رۆماننووسانی جیهانە.

بێگومان ناتوانین بڵێین بیلینسکی دیستۆیفسکیی دروستکرد، بەڵام یەکەم کەس بوو ئەو بەهرەیەی دەرخست و هاوکاریش بوو لە رۆشنکردنەوەی رێگەکانی بەردەمی، ئەمەیش وایکرد کارلێکی نێوان داهێنان و رەخنە بەهێز و بەردەوام بێت و بەوهۆیەوە دەرفەتی پەرەسەندن و دەوڵەمەندبوون بۆ داهێنان رەخسا. رەنگە رۆمانی عەرەبی لە ئێستادا پێویستیی بەم پەیوەندییەی نێوان رەخنە و داهێنان هەبێت.

رەنگە ئەوەی تۆ لە بارەی رۆڵ و گرنگیی رەخنەوە باسی دەکەیت زانراو بێت

و گەورە نووسەران لە شوێنانی تردا کاری پێ بکەن، بەڵام چەسپاندنی لێرەدا پێویستە. دواتر نیوەی وەڵامی بەشی دووەمی پرسیارەکەتە، چونکە کاتێک بۆ ئەدەب سیاسەتم جێهێشت، جۆرێکی دیاریکراو لە کاری سیاسیم جێهێشت و لە ئەدەبدا، بە تایبەتی لە ڕۆماندا، توانای پەیوەندی و پێکەوەبوونم لەگەڵ کەسانی تر و تەعبیرکردنم لەو بیروبۆچوونانە بەدەستهێنا کە دڵ و عەقڵیان پڕکردووە.

من ئەم کارەم کردووە و دەشمزانی هەر کارێک لەو کارانە پێویستیی بە کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە، بۆیە کەرەستەی سیاسەتم نەبردووە، بەڵکو کەرەستەی نوێم هەڵبژاردووە، واتە کەرەستەی ڕۆمان و بەوجۆرە گەشتی خۆم لە جیهانی بەرفروانی ڕۆماندا دەستپێکرد. ڕاستە لەم گەشتە نوێیەمدا هۆشیاری و ئەزموونی قۆناغی پێشووتر هاوڕێم بوون، بەڵام دەمزانی ئەوەی بۆ سیاسەت لەبارە و دەگونجێت بۆ ڕۆمان لەبار نییە و ناگونجێت، دەنا لە سیاسەتدا دەمامەوە و ڕۆمانم نەدەکرد بە بڵاوکراوەیەکی سیاسی، هاوکات نەدەکەوتمە ئەو وەهمەیشەوە کە پێموابێت ڕۆمان بە تەنیا دەتوانێت ئەو واقیعە بگۆڕێت.

زۆرجار باسم لەوە کردووە کە ئەرکی ئەدەب و هونەر گۆڕینی مرۆڤە، واتا قووڵترکردنی تێگەیشتنی و هەستیارکردنی، دواجاریش بەتواناکردنی لە خوێندنەوەی واقیعی ژیانی و پێویستییەکانی گۆڕانکاری کە ڕەنگە بگاتە شۆڕش. مرۆڤی هۆشمەند دەبێت بەوجۆرە بێت و هەر ئەویش دەتوانێت جیهانێکی جوانتر و بەسۆزتر، جیهانی مرۆڤدۆستی بونیاد بنێت. گریمانەکردنی ڕۆمان کە درێژبوونەوەی سیاسەت بێت ئەگەر بە جۆرێکی تریش بێت، بێگومان ڕۆمان بێبەری دەکات لە ڕۆڵی ڕاستەقینەی و دەیکاتە پاشکۆیەکی داماوی بەگەڕخراو.

ژیان هێندە فراوان و فرەیە کۆتوبەند و لەقاڵبدان قبوڵ ناکات و دەبێت ڕۆمانیش وابێت. بۆیە حەز ناکەم سیفەتی ڕۆمانی سیاسی بەو ڕۆمانانە بدەم کە نووسیومن، چونکە ئەو وەسفە ڕۆح لە ڕۆمانەکان دەبڕێت و دەیانکاتە بووکەڵە. ڕەنگە لە هەندێ ڕۆماندا ڕیتمێک یان خەمێکی سیاسی هەبێت، بەڵام ئەمە وەک ژوورێک وایە لە تەلارێکی فراواندا کە ژوورەکانی تری ژیانن بە هەموو هەست و سۆز و خەون و نائومێدییەکانەوە. ڕاستە مرۆڤی چەوساوە پێش هەر شتێک بیر لە ڕزگاربوونی دەکاتەوە لە ستەم و مرۆڤی برسییش بیر لە نان دەکاتەوە، بەڵام هەمان ئەم مرۆڤە سیخناخە لە خواست و خەونەکان و دەیەوێت ژیان لە ئاستیدا بەخشندەتر بێت، دەبێت ڕۆمان لە سۆراخی ئەمەدابێت و ڕۆماننووسیش ئیشی لەسەر بکات. ڕەنگە زۆر شتیش لە سێبەردا یان لەژێر پەردەیەکی تەنکدا

بمێنێتەوە کە پێویستە لە سۆراخیاندا بین و بیانخەینەڕوو، لێرەدا رەخنە دەتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت.

رۆمانی باش بەشێکە لە ژیان، هەر کورتکردنەوە و دانانی لە شوێنێکدا هەژاری بکات، رەنگە بیکوژێت، لە سەرەتادا ئاماژەم بە رۆڵی رەخنەی جدی و هەوڵی راستکردنەوەی خوێندنە هەژار و یەک ئاراستەکاندا. زیندانیی سیاسی لە رۆمانی "خۆرهەڵاتی ناوەڕاست"دا بە مانایەک لە ماناکان وامان لێدەکات ئێمەیش هاوبەش و هاوبڕیاری ئەو دەسەڵاتەبین زیندانیی کردوون، ئەگەر هەمووومان هەڵمەت نەبەین بۆ رووخاندنی شوورای زیندانەکە، چونکە لە بێدەنگیدا ئێمە، هەرچەند خۆمان زیندانی نیین و لە دەرەوەی زینداندایین، بەڵام بە مەجازی ئێمەیش زیندانین و بێبەرین لەو ژیانە سرووشتییەی مافی خۆشی و چێژوەرگرتنمان لە جوانی و ئازادی و تێربوون دەداتێ.

پۆلێنکردنی رۆمان بە پێی حوکمی پێشوەخت، یان ئاسان و سادە، رۆمان وەک ئەو نوکتەیە لێدەکات کە باس لە نەوسنێک دەکات و لە کاتی خواردن هێناندا لە بارەی بەسەرهاتەکەی یوسف پێغەمبەرەوە پرسیاری لێدەکەن و ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: یوسف ون بوو و دوایی دۆزییانەوە!

**پێتوایە "ئامانجە سیاسییەکان" هاندەری داهێنانن بەو هۆیەی کە داهێنانیش وەک سیاسەتی رەسەن، ئەگەر ئەم دەربڕینە گونجاوبێت، سێ رەگەزی پێکەوەگرێدراوی تێدایە: رەخنە، هاندان بۆ گۆڕین، کرانەوەی ئازادانە بەڕووی خەون و هیوای ئازادبوونی مرۆڤایەتی. ئەگەر پرسەکە وایە، کەواتە مانای داهێنان لە گۆشەنیگای رۆماننووسەوە کە دەبێت بوونی لە فیکری سیاسییدا کە لەگەڵ ئەدەب و هونەردا بۆ ئازادکردنی مرۆڤایەتی پێکدەگەن، چییە؟**

پەیوەندیی هەمیشەیی و چەسپاو لەنێوان ئەدەب و سیاسەتدا نییە. دەکرێت لە هەندێ وێستگەدا پێک بگەن، یەکێکیان ئەوی تر تەواو بکات، یان مەودای فراوانتر بۆ یەکتر بڕەخسێنن، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت پەیوەندییەکی میکانیکی و بەردەوام لەنێوان هەردووکیاندا هەبێت.

دەکرێت شێوەیەک لە شێوەکانی سیاسەت ئاسۆیەکی فراوانتر بۆ داهێنان پێکبهێنێت، هەروەک داهێنانیش دەتوانێت رێگەیەک بۆ سیاسەت بکاتەوە. پرسەکە دەکەوێتە سەر سرووشتی پەیوەندی و ئاستی هۆشیاری و سرووشتی قۆناغی مێژوویی نێوانیان لەڕووی ئەگەر و توانای پێکگەیشتن و پێکەوەژیان، یان لێک

دووركەوتنەوە و ناكۆكبوونیان.

سیاسەتوان، لە وڵاتی ئێمەدا و بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، دەیەوێت داهێنەر بكاتە بانگخواز، یان راگەیاندنكار، واتە ملكەچی فەرمانەكانی ئەو بێت. داهێنەریش، ئەگەر لە هەندێ وێستگەدا بە سیاسەتوان بگات، دەبێت رۆڵی لەوە گرنگتر و گەورەتر بێت لە سیاسەتی رۆژانەی هەمیشە گۆڕاودا نغرۆ نەبێت كە ئەو سیاسەتە بەر حوكمی زۆر شتن كە بەلای داهێنەرەوە جێی مەبەست نین و ناكۆكبوون و جیاوازیی نێوان داهێنەر و سیاسەتوانیش هەر لێرەوە دەست پێدەكات كە رەنگە بگاتە ئاستی پارادۆكس و دژبوون.

سەرباری ئەوەیش، سیاسەتوان لە زۆرینەی بارەكاندا ئامادە نییە رەخنە و چاودێری قبوڵ بكات، ئەمەیش وادەكات هەڵوێستی ئەو نەرێنی بێت كاتێك داهێنان رێگەیەک دەگرێتە بەر لەگەڵ رێگەی رۆژانەی ئەودا نەگونجێت، چونكە ئەو داهێنان بە ئەندێشەوە دەبەستێتەوە و دواجار بە بێتوانای دەزانێت لە گۆڕینی واقیع، چونكە وەک پێویست و وەک هەقیقەتی خۆی لە داهێنان تێناگات. ئەگەر زیاتریش بڵێین داهێنان هەمیشە ملكەچی ئەوە نابێت كە بەپێی دید و خواستی سیاسەتوان داوای لێدەكرێت، ئیدی بۆشایی و مەودای نێوانیان ئەگەری فراوانتربوونی لێدەكرێت.

لە هەندێ قۆناغی هەڵكشان و هەڵسانەوەدا سیاسەتوان داهێنەری قبوڵە و تەنانەت ئەگەر جیاوازیش بێت لەگەڵیدا، چونكە پێیوایە حەزی ئەندێشەكان دێنەوە تایم، بچووک گەورە دەبێت و دەرەنجام دەبێت داهێنەر هەر بگەڕێتەوە ئامێزی واقیع، وەک چۆن منداڵی یاخیبوو دەگەڕێتەوە ئامێزی خێزان دوای ئەوەی لە ئەزموونەكانی رۆژگارەوە پەند وەردەگرێت!

ئەو سێ رەگەزەی تۆیش پێشنیارت كردن خاڵی هاوبەشن لەنێوان داهێنەر و سیاسەتوان و تێگەیشتن لێیان و پابەندبوون پێیانەوە لەنێوانیاندا جیاوازە. رەنگە سیاسەتوان لەو خاڵەوە دەست پێبكات، بەڵام هێندە نابات و رۆژ لە دوای رۆژ سازش لەسەر هەندێ یان هەموو بیروبۆچوون و خەونەكانی دەكات، چونكە ژێرباری لۆژیكی هەندێ حیساباتە لە جۆرێكی تر. ئەگەر رەوتی ژیانی سیاسیی زۆرێک لەوانە باس بكەین كە لە سیاسەتدا ئیشیان كردووە، چۆن دەستی پێكردووە و گەیشتوونەتە كوێ، درووشمەكانی سەرەتایان و ئەو كارانەی لە كۆتاییدا دەیانكرد، بێگومان لە جیاوازیی نێوان سەرەتا و كۆتاییان سەرسام دەبین.

داهێنەر پاڵنەری تر دەیجووڵێنن، خەمی جیاواز دەستی بەسەردا دەگرن، لە زۆرینەی بارەکاندا حیساب بۆ بنەمای قازانج و زیان ناکات، قایلکردنی ئەم یان ئەو چین و توێژی لا مەبەست نییە، تەنها بە رادەی نزیکبوونەوەیان نەبێت لە بیروبۆچوونەکانی، بۆیە دەبینین بۆشایی نێوان داهێنەر و سیاسەتوان ئەگەری فراوانبوونی بەردەوامی و دواجاریش جیابوونەوەی لێدەکرێت، بەتایبەتی لە کەشوهەوای ئەم سیاسەتە نەخوێندەوار و نەچەسپاوەی ساحەی عەرەبیی گرتووەتەوە کە دەرەنجامی کۆنترۆڵکاریی جۆرێک لە سیاسەتوانە بە زیرەکی و دڵڕەقی و هەڵپەرستی و دواجار ریسوایی ناسراون.

خەونی گۆڕانکاری، دواتر رەخنە و هاندان بۆ وەرچەرخان، تەنها درووشمی کاتیی سیاسەتوانن، بەتایبەتی لە سەرەتادا، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات و پێکهاتنی بەرژەوەندییەکان، ئەم درووشمانە بە پاساوی پێویست نەبوون و نەتوانینی بەدیهێنانیان دەگۆڕێن و ئیتر دەبێت مل بدرێت بە واقیع و هاوڕەوتبوونی. لە کاتێکدا داهێنان هەمیشە لە جووڵاندنی خەونی هەمیشەییدایە بە گۆڕانکاری کە خەونێکی بێسنوورە و تەنانەت گەر سەرکەوتنیش بەدینەهێنرێت و دەرەنجامێکی بەرجەستەیش بەدەست نەهێنرێت، چونکە داهێنان سنوور نازانێت، دەرەنجامەکانی بە رواڵەتی هەستەکی ناپێورێن، بەڵکو هیوادارییەکی هەمیشەییە بەرەو باشتربوون و قایل نەبوونە بەوەی لە ئێستادا هەیە. هەر ئەمەیشە وادەکات داهێنەران بەردەوام لە تێپەڕاندنی خودی خۆیان و واقیعیشدان و بەردەوام رەخنەدەگرن، داواکانیان زۆرە، چونکە ئەوان زەیتوون دەڕوێنن، نەک جۆ، دەڕووانتە ئاییندە، نەک چاویان هەر لەمڕۆ بێت، ئەوان ئاییندە لە چاوی منداڵاندا دەبینن، نەک لە چرچ و لۆچیی ئەو پیر و پەککەوتانەدا بیبینن کە بەرەو کۆتایی ملدەنێن.

دەبێت لێرەدا ئاماژە بەوە بدەین، کە سەرەتابوونی کاری سیاسی، لە رووی فیکر و رێکخستن و نەبوونی رێککاری و نەریتی دیاریکردنی پەیوەندیی بە داهێنانەوە، هاوکات بەهۆی نەبوونی کەشوهەوای دیموکراسییەوە، هەموو ئەم فاکتەرانە و فاکتەری تریش، پەیوەندیی نێوان داهێنان و سیاسەت ئاڵۆز و نەچەسپاو دەکات و مۆرکی هەوەسکاری و قۆناغی مێژوویی و جۆری خەڵکانی کاریگەریان لە هەردوو بوارەکە بەسەردا دەسەپێنن.

**هەر کەس ڕۆمانەکانت بخوێنێتەوە لە "درەختەکان و کوژرانی مەرزووق" وە تا دەگاتە "خاکی هەمووان"، بە بێ خۆماندووکردن گوتاری سیاسییان تێدا دەبینێت کە ڕەخنەیە لەوەی ئێستا لە ساحەی عەرەبیدا هەیە و داوای گۆڕینی دەکات. تا چ ڕادەیەک پێتوایە فۆرمی ئەدەبی گوتاری سیاسی دەتوانێت ئاسەواری ڕاستەوخۆی سیاسی بەرهەم بێنێت، واتە سیاسەتێکی کردەیی کە تیایدا ڕۆماننووسی داهێنەر لە تەمبەڵی و چەقبەستنی سیاسەت تێبگات بە مانا ڕۆژانە سادەکەی ئەم وشەیە؟**

لە ئەدەبدا ناسیاسەتیش سیاسەتە، بۆیە هەموو ئیشێکی ئەدەبی، ڕاستەوخۆ بێت، یان نێوبەنێو، جۆرێک لە سیاسەت لەخۆ دەگرێت، بەڵام کاتێک ئەدیب خۆی ڕایدەگەیەنێت دژی سیاسەت یان دوورە لێی، واتە لەگەڵ ئەوەدایە کە هەیە و بەرقەرارە، ئەمەیش وەک حوکمێک دەبێتە هەڵوەشاندنەوەی خەون و هیوا و وەستان لە دژی گۆڕانکاری و دەستگرتن بەسەر ئاییندەدا.

ئەگەر بڕیار لەو بۆچوونەوەی سەرەوە درا، ئیتر پرسیارەکە بەڕووی جۆر و ئاستی ئەو سیاسەتەدا دەکرێتەوە کە ڕۆمانەکە هەڵگرێتی، یان دەبێت لە ڕۆماندا چۆن تەعبیر لە سیاسەت بکرێت، یان ڕۆمان چۆن لە میانەی بوارەکانەوە کایەیەک بۆ هزروبیر و خەمە سیاسییەکان دەکاتەوە.

سیاسەت، بە مانا فراوان و فرەکەی، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، چۆنێتیی ژیان و بیرکردنەوە و ڕۆیشتن و ڕەنگە خەون بینینیشمان بۆ دیاری دەکات! بۆیە سیاسەت لە هەموو بەشێکی ژیانمان و لە هەموو هەنگاوەکانیشماندا بوون و کاریگەریی هەیە. ئەگەر بشمانەوێت لە سیاسەت هەڵبێین ناتوانین، چونکە وەک سێبەر بەدوامانەوە و وەک مۆتەکەیەکی هەمیشەیی بە کۆڵمانەوەیە، هەرکەسیش پێیوابێت دەتوانێت سیاسەت پشتگوێ بخات و بیگوزەرێنێت، بێگومان لە وەهمدایە.

تەنانەت لە کاروبارە تایبەت و کەسێتییەکاندا هەر سیاسەت قەدەر و چارەنووسەکان دیاری دەکات، ئەو نامەی خۆشەویستییەی کەسێک دەینووسێت، دەشێت چاودێری بکرێت و دەستی بەسەردا بگیرێت و دەکرێت لە کاتی خۆیدا بکرێتە بەڵگەی تاوانباریی کەسەکە ئەگەر سیاسەت بیەوێت بیکات. مافی مرۆڤ لە دەربڕین و سەفەرکردن و لەوتنی وشەی بەڵێ، یان نەخێر و مافی خۆشویستن و ڕق لێبوونەوە، هەموو ئەمانە و چەندین شتی تریش سیاسەت قەدەغەکراو و ڕێگەپێدراویان دیاریدەکات. ئەگەر مرۆڤ لە زینداندا بێت، یان لە دەرەوەی، ئیشی هەبێت یان نەیبێت، بژێویی ژیانی دابین بێت، یان تا ماوە بەدوای ناندا لە

ڕاکەڕاکدابێت، بێ ترس تێر بخەوێت، یان بەیانی شەبەق خۆیشی نەزانێت بۆچی و لەبەرچی خەوی لێ تێکەدرێت و دەبرێت، هەموو ئەمانە و چەندین شتی تریش سیاسەت بڕیار لە خۆیان و دەرەنجامەکانیشیان دەدات، ئایا ئیتر دەتوانین لە دەستی ئەو قەردەرە هەڵبێین، یان لایکەمی نەیبینین؟!

کەواتە سیاسەت، لە هەموو وردەکارییەکانی ژیانماندا بوون و کاریگەرییشی هەیە، بەڵام مانای ئەوە نییە هەموو وردەکارییەکی سیاسی ببێتە ڕۆمان، یان ڕۆمان ببێتە تەنها هەندێ وردەکاریی سیاسی. ڕۆمان ژیانە بە هەموو تاڵی و سوێریی و خەون و خواستەکان بۆ گۆڕانکاری، ڕۆمانە وادەکات ئێمە بزانین لە چ زەلکاوێکدا دەژیین و چ ئیرادەیکمان هەیە بۆ ڕزگاربوونمان لەو زۆلکاوە و بیکەینە بەشێک لە پاشماوەکانی ڕابردوومان. ڕۆمان هەموو شتە جوان و پیرۆزەکانی مرۆڤ دەجووڵێنێت، هێزەکانی هان دەدات بۆ ئەوەی شتێک بۆ باشترکردنی ژیان بکات، ڕۆمان مرۆڤ بەرچاوڕوون و ئازا و دلێر و تێگەیشتووتر دەکات، دڵی دەکاتە دڵی منداڵ لەڕووی ڕقبوونەوە لە دڵڕەقی و ڕیسوایی نەبوونی زەردەخەنەوە.

ڕۆمان ئامرازێکە بۆ ناسینی ژیانێکی باشتر و ئەرکی بنچینەیی گۆڕینی مرۆڤە نەک گۆڕینی واقیع. هیچ کتێبێک، یان ڕۆمانێک، ناتوانێت واقیع بگۆڕێت، ئەوەی گۆڕانکاری دەکات مرۆڤە و گۆڕانەکەیش بە ڕادەی هۆشیاریی مرۆڤ و مەعریفە و دانایی ئەو بەرەو خراپتر یان باشتر دەکرێت و ئیدی ژیانیش هەنگاوێک دەبێت بەرەوپێش یان بە پێچەوانەوە.

ڕۆڵی داهێنان و ئەو زیادەیەی دەتوانێت بیخاتە سەر سیاسەت لێرەوە دەستپێدەکات و سیاسەت عەقڵانیتر و بەتواناتری دەکات لە سوودوەرگرتن لە کەلەپوورەکەی و هاوکات لە ئەزموونی کەسانی تر و باشتر خوێندنەوەی مێژوو و دەرککردن بە پێویستی و مەرجەکانی ئەمڕۆ و سبەی، تا ئیتر سیاسەت لە دەرەنجامدا ببێتە ئامرازێکی درووست بۆ کردنەوەی ڕێگەی ئایندە و بە ئاسانی گەیشتن پێی.

لێرەدا باشترە ئاماژە بەوە بدەین کە ڕۆمان پێش هەر شتێک ئامرازێکی هونەرییە، واتە مەرج و پێداویستیی خۆی هەیە و دەبێت پابەندیان بین تا لە میانەی ئەو پابەندبوونەوە حوکمی بەسەردا بدرێت. ڕوونتر: ناتوانین لە ئاستی ڕۆماندا لێبووردە بین کاتێک بە سەقفێکی هونەریی نزمەوە باس لە خەم و هیوا سیاسیەکان دەکات، چونکە نیاز و مەبەستەکانی داکۆکیی لێ ناکەن. ئەگەر شتی

وا رووبدات بێگومان سیاسەت تەنها بە شێوەیەکی کاتی و سەرپێیی سوودمەند دەبێت، لە بەرانبەریشدا خراپ لەسەر رۆمان دەکەوێتەوە، کە نابێت بە لایەنی هونەرییەوە سازشی بۆ بکرێت.

دواجاریش بۆ روونکردنەوە و دیاریکردنی هەڵوێستی خۆم لەم بارەیەوە دەبێت بڵێم: کاتێک دەبینم دەبێت بە شێوازێکی دیاریکراو لە رۆماندا قسە لە هەندێ بابەتی سیاسی و ئابووری بکەم، بێگومان ئەو شێوازە رەچاو دەکەم، ئەمەیش واتا رۆمان شێواز و کەشوهەوای خۆی هەیە، بۆ دەرەوەی خۆیشی هاوکات شێواز و رێگە باشتری مامەڵەکردنی پێیە.

جارێکی تریش تەئکید دەکەمەوە کە خوێندنەوەی تەواو سیاسییانە بۆ رۆمانێکی وەک "مدن الملح، خاکی هەمووان" کاڵوکرچی و رەنگە دەستگرتن بێت بەسەر ئەوەی ویستراوە بەر لە دەستکردن بە دۆزینەوە و پەیبردن بەم جیهانانە و دیالۆگکردن لە بارەی ئەو پرسیارانەی لەبارەی سیاسەت و رۆمانەوە، یان رۆمانە هاوشێوەکانیان کراون.

**ئایا گوتاری سیاسیی راستەوخۆ یان شاردراوە لە رۆمانەکانتدا وایکردووە بگەڕێیتەوە بۆ مێژووی هاوچەرخی عەرەبی لە فۆرمە نزیکەکەیدا بێت، وەک لە رۆمانی "کە پردەکەمان جێهێشت"، کە باس لە نسکۆی حوزەیران دەکات، یان لە فۆرمە دوورترەکەیدا بە مانا رێژەییەکەی، وەک لە رۆمانی "مدن الملح و خاکی هەمووان"دا هەیە؟**

مێژوو یادەوەری و ئامرازێکی تری مرۆڤە کە ناچاری ناکات جارێکی تر ئاگر یان عەرەبانە بدۆزێتەوە، بۆیە دەبێت لە وانەکانی مێژوو بگەین و بەتایبەتی لە دووڕیانەکانیدا هەڵوێستە بگرین، تا بزانین پرسەکان چۆن هاتوونەتە ئاراو بۆچی بەو ئاراستانەدا چوون، لەوەیش زیاتر دەبێت هۆکاری شکست و پاشەکشێکانمان بۆ دەربکەوێت.

راستە مێژوو خۆی دووبارە ناکاتەوە، بەڵام پەند و وانەی زۆرمان دەداتێ و دەکرێت ببێتە کەرەستەیەکی شیاو بۆ هەندێ رۆمان، نەک بە جارێکی تر گێڕانەوەی، بەڵکو بە جارێکی تر خوێندنەوەی بە شێوەیەکی جیاواز لەمیانەی دیدێکی جیاوازەوە.

بەپێی ئەم بۆچوونە، دەتوانین بڵێین بە چاوی وردبینی مێژووی هاوچەرخمان نەخوێنراوەتەوە و بە درووستییش شیکاری بۆ نەکراوە، بۆیە دان و داڕووجان

تێکەڵ بە یەک بوون و تەنها ئەو مێژووە فەرمییە کە دەسەڵاتداران نووسیویانە بووەتە مێژووی دیار و وانە راستەقینەکان نەماون و پاڵەوانێتییە وەهمییەکان دەرکەوتوون و ژاوەژاویش دەنگی راستیی شاردووەتەوە. ئەم دۆخە بارێکی شپرزەیی پێکداچوونی هێناوەتە ئارا، بۆیە بۆ گەیشتن بەوەی پرسەکان چۆن روویانداوە و بۆچی بەو دەرەنجامانە گەیشتوون دەبێت جارێکی تر جیا بکرێنەوە.

ئەوەی من لەو رۆمانانەدا کە تۆ ئاماژەت پێدان، هەوڵم داوە بیکەم: دووبارە پرسیارکردنەوەیە لە میانەی فرەخوێندنەوەی یەک رووداو تا هەموومان ئەو میکانیزمە بزانین حوکمی رەوتی رووداوەکانیان کردووە، ئەمەیش بۆ ئەوەی هۆکارە قووڵەکانی ئەو نسکۆیانە دیاری بکەین کە لە سەدەی رێنیسانسەوە تا دەگاتە ئێستا لە مێژووی هاوچەرخماندا چەندبارە بووەتەوە. بە کورتی: ببینە خاوەنی یادەوەرییەک بەپێی توانا دوورمان بگرێت لە کەوتنە هەمان ئەو هەڵانەوە.

ئەگەر مێژوو سەخاوەتانە رووداوەکانمان بۆ بێنێتە ئارا، بێگومان بەدەریش نین لە مەترسی و تێکەوتن، چونکە لە رۆشنایی هەڵبژاردن و بەگەڕخستندا بە ئەرێنی، یان نەرێنی دەرەنجامەکانی دیاریدەکرێن، چونکە مێژوو داکەوتەگەلێکن روویانداوە، یان لایکەمی تازە ناتوانرێت بەپێی خواست دەستکاریی رووداوەکان بکرێت، یان لە پێناوی ئامانجێکی کاتییدا کۆت و بەندێک دەسەپێنێت، ناتوانین بیگوزەرێنین و ئەمەیشە وادەکات رۆمانی مێژوویی لەیەک کاتدا قورس و ئاسانیش بێت، چونکە دەبێت رۆمان بەسەر داکەوتەکانەوە ئەمین بێت، بەڵام مافی ئەوەیشی هەیە جارێکی تر بیخوێنێتەوە و دواتریش ناڕاستەوخۆ بیخاتە خزمەتی ئامانجێکی هاوچەرخەوە.

لە رۆمانی "کە پردەکەمان جێهێشت"دا، هەرچەندە رووداوەکانی حوزەیران زۆر لێمانەوە نزیکن و بگرە بە چاوی خۆمان بینیمانن، بەڵام خوێندنەوە فەرمییەکان بۆ ئەو رووداوانە زۆر کاڵوکرچ و ناشیرین بوون. تەنانەت ئەو ناوانەیشی لێیان نرا ناوگەلێکی زۆر و هاوکات پێچەوانەی یەک و هەوڵێک بوون بۆ شاردنەوەی لاوازیی و نەرێنییەکان. بۆیە دەبوو خوێندنەوەیەکی نافەرمییان بۆ بکرێت و پێش هەر شتێک بە جەربەزەیی دان بەوەدا بنێین لەسەر زەوی روویداوە و دواتریش هەوڵی تێپەڕاندنی بدەین، بەڵام ئەوەی کە شکست بە سەرکەوتن دابنێین لەبەرئەوەی نەیتوانیوە هەندێ رژێم برووخێنێت! یان شکستەکە نسکۆیەکی کاتییە و کارناکاتە سەر گەوهەر، یان دەرەنجامەکان،

بێگومان خۆ فریودان و قسە هەڵبەستنێکە دەبێت راستییەکەی بخرێتەڕوو.

ناتوانین بە ئاسانی ناوی رۆمانی مێژوویی لە رۆمانی "مدن الملح" بنێین، چونکە ئێستایش رووداوەکانی و کاریگەرییان لەبەرچاومان رودەدەن. ئەم رۆمانە هەوڵێکە بۆ مامەڵەکردن لەتەک گرنگترین دوو پێکهێنەری بارودۆخی عەرەبیی ئێستا: بیابان وەک خاکێک کە تا ئێستا وەک رۆمان قسەی لەسەر نەکراوە، نەوتیش وەک دیارترین فاکتەر کە ئەم خەسڵەتانەی ئێستای بە وڵاتانی عەرەب داوە. رۆمانی "خاکی هەمووان" تاکە رۆمانە سیفەتی مێژوویی هەیە وەک ئەو چەمکەی تۆ ئاماژەت پێداوە، چونکە سەرباری گەڕانەوە بۆ دوو سەدە بەرەو دوا، یەکێک لە ئەڵقە بنچینەییەکانی مێژووی عێراقی وەرگرتووە، نەک لە پێناوی دووبارە خوێندنەوەی، بەڵکو لە پێناوی چوونە نێوی بە مەبەستی یەکەم: زیاتر ناسینی ئەم وڵاتە، دووەمیش بۆ هێنانەئارای پرسیارێکی سەنتەری کە زۆر کەسی سەرقاڵ کردووە: بۆچی هەموو هەوڵەکانی رێنیسانسی ناوچەکە لە سەدەی هاوچەرخدا شکستی هێناوە؟

سوودی خۆی دەبێت ئەگەر لێرەدا تەئکید بکەینەوە کە چوارچێوەی گشتیی رۆمانەکە بە رادەیەکی دیاریکراو پشتی بەو رووداو و کەسێتییانە بەستووە کە بوونێکی کردەییان هەبووە، وەک داود، والی، ریچ، کونسوڵی ئەمریکا و هەندێ کارەکتەری تر، بەڵام جارێکی تر خوێندنەوەی بۆ کردووە و بەپێی دیدێک بەگەڕی خستووەتەوە، وەک ئیشێکی هونەری خزمەتی رۆمانەکە بکات، بەوەیش ژمارەیەک کەسێتی و رووداوی تر هێنراونەتە ئارا کە بە هەموویان چوارچێوەی گشتی رۆمانەکە درووست دەکەن. بۆیە پێموایە مێژوو وەک ئاوێنە وایە، ئەم ئاوێنەیە چەندە وێنەی زەمەنی خۆیمان نیشان دەدات هێندەیش یارمەتیدەرمانە لە بینینی زەمەنەکانی تر و کاتی تریش.

**جیاوازیی نێوان مێژووی رووداوەکان کە کاری مێژوونووسانە، ئەگەر هەبن و ئەو مێژووە چییە کە رۆمان ئیشی لەسەر دەکات، واتە مێژوو لە فۆرمی رۆماندا، چونکە مێژوو کەرەستەی هەردوو رۆمانی باسکراوت "مدن الملح خاکی هەمووان"، هەندێ نووسەریش رەخنەیان لێگرتوویت و تەکنیکی رۆمانەکەیان بە تەقلیدی ناوبردووە کە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەژدە؟**

پرسیارەکەت لەبارەی ئیشی مێژوونووسانەوە لە مێژوونووسیندا، ئەگەر مێژوونووسان هەبن، هەڵگری بەشێک لە وەڵامە، چونکە ئەوەی لە زۆربەردا

باوە، مێژوو دەخوێنرێتەوە و دواتر بە پشتبەستن بە دیدێکی پێشوەخت دەنووسرێتەوە، بۆیە ڕێژەی بێلایەنی لە نووسینی مێژوودا کەمە و ڕەنگە بە نیازی ژێربەژێریشەوە نەبێت، بەڵام شێوازی ڕوانین بۆ واقیع و لێکدانەوەی و دانانی لە سیستمێکی دیاریکراودا، خواست یان ڕەنگێکی دەداتێ کە خەسڵەتەکانی دیاریدەکات، بۆیە بۆ یەک واقیع چەندین خوێندنەوە دەکرێت، چونکە هەر لایەنە و لە گۆشەنیگای خۆیەوە دەیبینێت و دواتر دەیخاتە خزمەتی ئامانجێکی دیاریکراویەوە.

ڕۆماننووس مەیلی بەلای مێژووی فەرمیدا ناچێت، چونکە ئەم مێژووە دەسەڵاتدار و بەهێزان نووسیویانە و گۆشەنیگای کەسانی تری تێدا نییە یان شێواندوویانە، بۆیە مێژووی یەک لایەنە. ڕۆماننووس لە زۆرینەی بارەکاندا، ڕوو لە مێژووی شاردراوەی ئەوی تر دەکات، نەک بۆ دووبارە نووسینەوەی، بەڵکو بۆ خستنەڕووی داکەوتەکان و گوێگرتن لە دەنگی ئەوانەی دەرفەتیان پێ نەدراوە دەنگیان ببیسترێت و ڕاستەوخۆ گۆشەنیگاکانیان دەربڕن، نەک ئەو دەنگ و گۆشەنیگایەی ڕکابەرانیان دەیخەنەڕوو، یان تەنها دەنگی ڕکابەرانیان ببیسترێت. بۆیە مێژووەکەی ڕۆماننووس، ئەگەر دەربڕینێکی ڕاست بێت، دووبارە خوێندنەوەی ڕووداو و داکەوتەکانە بە مەبەستی گەیشتن بە تێگەیشتنێکی باشتری چۆنێتیی ژیان و بارودۆخی خەڵکی ئەو قۆناغ و سەردەمە. بۆیە دەکرێت کاری ڕۆماننووس وەک دەرخستن و پیشاندانی وێنە ڕاستەقینەکە بێت بێ ڕتووشکاری و شەرمکردن، چونکە ئەو دەڵێت ژیان وەها بووە، نەک وەک ئەوەی مێژووی فەرمی باسی دەکات.

ئەگەر ئەو گوتەیەش بە ڕاست دابنێین کە دەڵێت ڕۆمان هونەری فیتنەبازیی و قسەهێنان و بردنە، نابێت ئاراستەگیرییمان بەرەو ئەو شتانەی بێدەنگییان لێکراوە و ئاشکرا ناوترێن و ئاراستەی بەرەو خەڵکانی "بچووک" بە نامۆ بزانین، چونکە گەورەکان خەڵک هەن بەناوی ئەوانەوە قسە دەکەن و پاساوی ڕەفتارەکانیان دەدەن و بلیمەتییان باس دەکەن، ئیدی دەبێت دەرفەتی دەربڕین و بیرکردنەوە و خەون و هیواکانی گەورە و بچووک لەبەردەم دادگای مێژوودا یەکسان بێت، کە دەبێت دادگایەکی پاک و بێگەرد و دادپەروەر بێت.

بە مانایەکی تر: ڕۆمان حەزدەکات لە پەنجەرەکانەوە بچێتە ژوورەوە، چونکە دەرگاکان تەنها ڕێگە بە چوونەژوورەوەی مێژووی فەرمی دەدەن و هەر ئەو مێژووە دەتوانێت سنوورەکان ببڕێت. مێژووی فەرمیش ئیشی تۆمارکردنی

کاروباری دەسەڵاتدار و بەهێزەکانە و زۆ شەیدای پشتگوێخستنی کاروباری ئەوانی ترە لە رکابەران و خەڵکانی داماو. دیارە رۆمان نایەوێت دەسەڵاتدار و بەهێزەکان پشتگوێ بخات، بەڵکو بە بێ زیادەڕەوی و دوور لە وەهم ئاماژە بە خەڵکانی تر و ئیشوکارەکانیان دەدات کە لەو سەردەمەدا بوون.

رۆمان خوازیار نییە جێی مێژوو بگرێتەوە، بەڵام بێگومان دژی مێژووی هەڵبەستراوە، ئەو مێژووەی بە پێی خواستی دەسەڵاتداران و بەهێزان نووسراوە، هاوکات خوازیارە دەنگ بۆ ئەوانە بگێڕێتەوە کە دەنگیان خەفەکراوە و نەبیستراوە، بۆیە رۆمان زیاتر بایەخ بە کەسانی سادە دەدات و دەیەوێت بە وردەکاریی تەواوەوە وێنەی دیمەنەکان بکێشێتەوە، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندیدارن و نەماون و ئیتر کەسیش لە زەبریان ناترسێت و تەماعی زێڕوزیویان ناکات!

ئامانجی رۆمانی "مدن الملح" ئەگەر لە خانەی رۆمانی مێژووییدا پۆلێنی بکەین، سووکایەتیکردنی بە ئەنقەست نەبووە بۆ کەس و کەمکردنەوەی رۆڵی ئەو کەسانە نەبووە کە بەشداربوون لە درووستکردنی ئەو قۆناغەدا بە هەموو ئەرێنی و نەرێنییەکانییەوە، بەڵکو ئامانجی دووبارە وەڕووخستنەوەی بووە و هەر لەو رۆشناییەشدا دەتوانین مێژووی راستەقینە بخوێنینەوە، نەک لەژێر کاریگەریی مێژوویەکی وەهمیدا بمێنینەوە.

لەوەیش زیاتر، وێڕای وەسفکردنی ئەم رۆمانە لە لایەن هەندێ لە "پێشکەوتنخوازەکانەوە" کە خوێندنەوەیە بۆ ناوچەیەک و قۆناغێکی دیاریکراوی، هاوکات هەندێک لەوان رەخنەیان لێی هەیە گوایە هەندێ لە کاراکتەرە نەرێنییەکانی هێندە بێزراو نەبوون بگرە لای خەڵکی خۆشەویست بوون، یان لایکەمی لە هەندێ ساتدا ئیرادە داگیرکراو بوون!

راستە زەمەنی پاڵەوانی باش و خراپ نەماوە و لە رۆماندا نوێنەری قۆناغێکی بەرایی بوون، بەڵام تا ئەم ساتەیش ئاسەواری ئەو زەمەنە سێبەری هەر ماوە و ئێستایش هەندێ داوا دەکەن رۆمان ببێتە بڵاوکراوەیەکی سیاسی و تەنها لە یەک لایەنەوە ئیش لەسەر پرسەکان بکات.

خاکی هەمووان رۆمانێکە ئامانجی بنچینەیی روانین بووە بۆ شوێن و قۆناغێکی مێژوویی، عێراق، وێڕای ئەو هەڵا شیعرییەی ئاسۆکانی پڕکردووە، تا ئێستایش وەک پێکهاتە و پەیوەندی بۆ زۆر کەس شوێنێکی نادیار و نەناسراوە، هێشتا وەک جوگرافیا و وەک مێژوو و مرۆڤەکانیشی پێویستیی بە دووبارە دۆزینەوە و پەیپێبردنەوە هەیە، ئەمەیە هۆکاری بایەخدانم بە وردەکارییەکانی

شوێن و نمایشکردنی چەندین نموونە و گەڕان لەنێو کرۆکدا، بۆ زانینی ئەوەی لە سینگی خەڵکیدا پەنگیخواردووەتەوە: ئەو خەڵکە چۆن بیر دەکەنەوە، چۆن مامەڵە و ڕەفتار دەکەن، بۆچی بەو شێوەیەن، ئەم خەم و ناسۆرە لەکوێوە هاتووە، ئەم توندی و دڵڕەقییە ڕواڵەتییە چۆن وەسف بکەین، دواجاریش بۆچی پرسەکان ئەم ئاراستەیەیان گرتووە؟

سەرباری ئەوەی باسمانکرد دەپرسین: بۆچی لە میانەی هەردوو هەوڵی داود پاشا و مەدحەت پاشاوە پرۆژەی ڕێنیسانس لە عێراقدا شکستی هێنا، لە کاتێکدا کە هەمان پرۆژە لە میسردا توانیی ڕێگەی خۆی ببڕێت و هەندێ دەرەنجام بەدەست بێنێت؟

ڕەنگە ڕۆماننووس وەڵامی بۆ ئەم پرسیارە نەبێت و مافی ئەوەیشی نەبێت لەبری خەڵکانی تر وەڵام بداتەوە. ئەرکی ڕۆماننووس ئەوەیە پرسیارێکی لەمجۆرە بکات و خەڵکی هانبدات بۆ گەیشتن بە وەڵامی ڕاست بیر بکەنەوە.

دوایین بەشی پرسیارەکەشت کە پەیوەندە بە تەکنیکەوە لە ڕۆماندا، پێموایە پۆلێنکردنەکە خێرایە، یان سیفەت پێدانەکان ئەگەری هەڵەکردنی لێدەکرێت و دەیەوێت ڕۆماننووسان بخرێنە خانەی پێشوەخت ئامادەکراوەوە. مێژووی ئەدەب و ڕەخنەگرانی جدی دەتوانن ئەم ئەرکە لەئەستۆ بگرن، زەمەنیش کە لە هەمووومان بەهێزترە.

**ڕۆمانی "مدن الملح"ت بە پشتبەستن بە تەکنیکی "حیکایەتە بەدوا یەکدا هاتووەکان" نووسیوە، ئەگەر بۆچوونەکەم ڕاست بێت، ڕۆمانی "خاکی هەمووان"یش بە پشتبەستن بە "بەسەریەکدا کەوتنی حیکایەتەکان" نووسیوە، ئەگەر ئەم بۆچوونەیشم ڕاست بێت، پێتوایە ئەم تەکنیکەی بەکارت هێناوە بە کەڵکی بابەتەکە هاتبێت و شتت لێوەرگرتبێت، یان بەستنەوەیە بە کەلەپووری ئەدەبی عەرەبی و هەوڵێکە بۆ نووسینی ڕۆمانێکی عەرەبی کە شوناسی تایبەتی خۆی هەبێت دوور لە لاساییکردنەوەی ڕۆمانی تر؟**

ڕۆمانی "مدن الملح" باس لە قۆناغێکی زەمەنیی درێژخایەن دەکات و ڕووداوەکانی، بەشی چوارەم نەبێت، واتە بەشی "المنبت"، هەموویان لە یەک شوێندا یان لە شوێنە هاوشێوەکاندا ڕوودەدەن، بۆیە لۆژیکی نەدەبوو بە یەکجار نەبێت مامەڵە لەگەڵ زەمەندا بکرێت، یان بگێڕدرێتەوە بۆ دواوە بۆ ئەوەی ڕووداوی ڕۆمانەکە ڕاستبێتەوە و کامڵ بێت، ئەمە وایکرد ڕۆمانی "مدن الملح"

ئەو رەوتە بگرێتەبەر و پشت بە حەکایەتە بە دوایەکدا هاتووەکان ببەستێت کە تۆ ئەم تەعبیرەت بەکارهێناوە.

ڕووداوەکانی ڕۆمانی "خاکی هەمووان" لە مەودایەکی زەمەنیی بە ڕێژەیی بەرتەسکدا ڕوودەدەن، کە چەند ساڵێکە و شوێنی ڕووداوەکانیش فرەجۆرە، هەر خودی ئەم شوێنانە بەهۆی دەوڵەمەندیی و فرەییانەوە پێویستییان بە دووبارە دۆزینەوە و ناسینەوە هەیە، بۆیە دەبێت بەشێوەیەکی لەیەک جیاواز لە چەندین ڕۆماندا ئیشی لەسەر بکرێت. ڕەنگە وەسفکردنی ئەم تەکنیکە بە "بەسەریەکدا کەوتنی حەکایەتەکان" زۆر وردەکارانە و بەسیش نەبێت، چونکە بە دوایەکداهاتنی ڕووداوەکان لە ڕۆمانەکەدا بنەمای دەرەنجامی دەگوزەرێنێت و دەگاتە هەوڵی بینینی ڕووداوەکان لە چەندین گۆشە و گۆشەنیگای لەیەک جیاواز و لە کاتی لەیەک جیاوازیشدا، بۆ ئیشکردن لەسەر ئەم حاڵەتەیش ڕێگە و شێوازی نوێ پێویست بوو.

دەبوو لە ڕۆمانی"خاکی هەمووان"دا هەموو سیماکانی شوێن و کەشوهەوا و مرۆڤەکان بخرێنەڕوو، چونکە وێڕای گرنگییان لە بونیادی دیمەنەکاندا بەگشتی، هێندە دەوڵەمەندە بتوانێت لە یەک کاتدا ناوەوە و دەرەوەیش ڕووناک بکاتەوە و بواریش بۆ بینینی ڕووەکەی و ئەودیویشی بدرێت، بەتایبەتی ئەو بینینە فرەگۆشەیە.

ئەمە یەکەم، دووەم لە ڕۆمانی "خاکی هەمووان"دا بۆ بەدواداچوونی ڕووداوەکان ئیشم لەسەر هێڵە هاوتەریبەکان کردووە، بەڵام بەمەرجێک ئەو هێڵانە لە هەندێ خاڵی دیاریکراو و بۆ کاتێکی دیاریکراو پێک بگەن و یەکتری ببڕن و دواتر لەیەک جیاببنەوە و دواتریش لە خاڵێکدا دیسانەوە پێک بگەنەوە، بەڵام ئەوەندەی لە چاوگە بنچینەییەکەوە دوورە هێندەیش پێویستە بۆی، تەواو وەک دانانی دیواربەندێکی گەورە لە وێنەی کێشراو و وێنەی فۆتۆگرافیدا کە هەموو وردەکارییەک گرنگی و بایەخی خۆی هەیە و لە هەندێ کاتیشدا هەر وردەکاریی سەربەخۆیی خۆی هەیە، بەڵام هاوبەندە بە وردەکارییەکانی ترەوە و تۆکمەیان دەکات، بەمشێوەیەش شتەکان قەبارەی ڕاستەقینە و پەیوەندیی نێوان خۆیان وەردەگرن.

کاشییەکی گەورەی ڕەنگاوڕەنگ لە وردترین بەرد تا گەورەترینی پێکدێت و هەر بۆشاییەک لە دەرەنجامی نەبوونی بەردێکی وردیش بێت کاشییەکە کێماسیدار دەکات و دەشێوێنێت، یان ئەگەر شوێن یان ڕەنگی بەردێکی نێو

کاشییەکە بگۆڕدرێت، ئەو کەموکورتییەش دەردەکەوێت کە پێشتر دیار نەبووە. من کە رۆمانەکەم نووسیوە ئەم کاشییەم لەپێش چاو بووە.

لە سەرەتادا وا دەردەکەوێت بەشەکان سەربەخۆ و هاوکات دووریشن لە یەکتری، رەنگە هەندێ بڵێن تەنانەت هەندێکیان زیاد و پێویستیش نین، بەڵام ئەگەر بمانەوێت هەر بەشێکی لابەرین هەموو بونیادەکە تێکدەچێت و هەرەس دێنێت، چونکە ئەو هێڵە ناوخۆییانەی نابینرێن بونیادەکە یەکدەخەن و پێکیانەوە گرێ دەدەن و رایدەگرن و چێژبەخشن، نەبوونی هەر هێڵێک لەو هێڵ و وردەکارییانە سەرلەبەری ئیشەکە نابوت دەکات.

لێرەدا نایشارمەوە کە ئەو دوو خەمەی ئاماژەم پێداون، واتە سوودوەرگرتن لە کەلەپوور و گەیشتن بە شێوازێک لە رۆمانی عەرەبی کە بێ هەڵە بتوانین بیناسینەوە کە رۆمانی عەرەبییە، دەمێکە خەم و ئاواتی منە. ئەگەر ئەم کەلەپوورەمان زۆر نووسەری بەهرەمەند کردبێت و هاوکاربووبێت لە رەوتی رۆمانی جیهانیدا، دەبێت خۆمان سوودی زیاتری لێببینین و لە سۆراخی ئەوەدا بین چۆن بە باشی و ئەفرێنەرانە بەکاری بهێنین.

خۆم بە تەنیا و لەگەڵ هاوڕێیانیش، بەتایبەتی جەبرا ئیبراهیم جەبرا، هەوڵێکمان دا بۆ تاقیکردنەوەی ئاسۆ و شیمانە نوێکانی پەرەپێدانی رۆمان و چێژپێدانی. هەوڵەکە لە میانەی بەکارهێنانی کورتەچیرۆکەوە بوو کە رەگەزێکی ئۆرگانیکییە لە بونیادی رۆمان و هەروەها لە نووسینی هاوبەشیشدا کە "جیهانی بێ نەخشە" نموونەیەکە لەو هەوڵە هاوبەشە و هاوکات هەوڵێکیش بۆ پێکهێنانی رۆمان لەنێو رۆماندا. کەرەستەی تریش هەن کە لە رۆماندا بەگەڕخراون، وەک پەندی پێشینان و هەندێ گۆرانی میللی و شێوازی گێڕانەوەی بەسەرهاتی کەلەپووری... هتد، هەمووی لە پێناوی گەیشتندا بە سیمای دیارتر و روونتری رۆمانی عەرەبی کە درێژبوونەوە و بەردەوامیدان نەبێت بە رۆمانی پێشتر یان لەسەر حیسابی ئەو بێت.

ئەمە بە کەم روانین و کەمکردنەوەی بەهای رۆمانی خۆرئاوایی ناگەیەنێت کە بە هەوێنی رۆمانی جیهانی دادەنرێت و هەروەها بە مەبەستی ناکۆکبوون و خۆ لەجوغزدان و مانەوە نییە لە بازنەی یەک شێوازی نووسیندا، بەڵکو مەبەستمان دەوڵەمەندکردنێکی جۆرێتییە بۆ رۆمانی ئەمریکی- لاتینی یان رۆمانی ژاپۆنی.

ئەگەر مێژوونووسی عەرەبی خوێنەری رۆمان بوایە، ئەگەر جوگرافیناس بایەخی بە کولتووری داهێنان بدایە، ئەگەر کولتوور و کەلەپوورناس بە

سەردەمەکەی خۆیەوە پەیوەندبوایە، بێگومان دەیانتوانی لە میانەی کارلێک و والاکردنی پەنجەرەکانەوە زۆرشت بە رۆمان ببەخشن و ئاسۆی نوێتری لەسەر بکەنەوە، بەڵام مەخابن، هەریەکە و بەجیا و دوور لەوی تر بە بواری خۆیەوە سەرقاڵ بووە، ئیتر زۆر رۆماننووس ناچار لە شوێنی ترەوە درەختیان خواستووە و پشتیان بە ئەفسانەی گەلانی تر بەستووە، بێئەوەی بزانن بەشێک لەو ئەفسانانە لێرەوە براون و تەنها گێڕاویانەتەوە، بەڵام دوایی دەستکاری کران و شێواندنیان... ئەم حاڵەتە بەسەر زۆر شتی ترماندا بەرجەستە دەبێت.

ئێستا پرسکە ئەوە نییە جارێکی تر باروت دابهێنینەوە، بەڵام پرسەکە ئەوەیە بە باشی و لە کاتی گونجاو و بە بڕی پێویست بەکاری بهێنین، ئەگەر ئەڵتەرناتیڤیشی هەبێت باشتر.

**بۆ لە رۆمانی "خاکی هەمووان"دا عێراقت کردووەتە بابەت، ئایا دەرەنجامی لۆژیکیی رۆمانی "مدن الملح" و پێشەکییەکە بۆ هاتنەئارای رۆمانی "مێژوویی عەرەبی"، یان هۆکاری تر هەن، ئایا رۆمانەکە لەبارەی ماوەیەکی رابردووی عێراقەوەیە یان نموونەیە بۆ واقیعی ئێستای وڵاتانی عەرەبی کە ئەو واقیعە پێشتر پێگەی لە عێراقدا هەبووە؟**

ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا کە تەعبیری "خاکی هەمووان" دەوترایەوە لە دڵ و دەروونمدا زەنگدانەوەی خۆی هەبوو، کە لە ناکاودا بای مێژوو هەڵدەکات زۆر وێنە بەدوای یەکدا دێن کە تێکەڵەیەکن لە خۆشی و ترس و خەم و ناسۆر و هاوکات هەستکردن بە لێڵی و تەمومژ، وەک ئەوەی مرۆڤ چاو لە تاریکی ورد بکاتەوە. ئەگەر باسی رووبارە گەورەکە و خێروبەرەکەت و کارەساتەکانیشی بکرێت کە لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت، پێش هەرشتێک وێنەی تۆفانی یەکەم جوانتر دەردەکەوێت کە تەنها کۆتەرەی ئەو دارخورمایانەی هێشتەوە ئامادەنین نووقم ببن!

ئەو وێنانە و چەندین وێنەی تریش، هەر زوو لە یادەوەرییدا کۆبوونەوە. بەڵام دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٢دا بۆ خوێندن چووم بۆ عێراق و لە هەفتەکانی یەکەمدا، زانیم لە هەڵبژاردنی شوێنەکەدا هەڵەم کردووە، چونکە هەموو شتەکان: مرۆڤەکان، شوێنەکان، کەشوهەوا ئەوە نەبوو خۆم گریمانە و پێشبینیم کردبوو و پێموابوو: شوێنەکان و کەشوهەوای سەخت کە مرۆڤ نازانێت لە زستاندایە، یان لە هاوین، مرۆڤی سەر شەقامەکان، لە زانکۆکان، لە دوکان و بازاڕ و نێو

پاسەکان، هەموویان دوورن، گەشتیاری نزیک بوون لە بێدەنگیی رامان! بەڵام چەند هەفتەیەکی تر تێنەپەڕین و لە دەرەنجامی تێکەڵبوونی رۆژانەم لەگەڵ خەڵکی، وێنەکان جۆرێکی تریان لێهات و گۆڕان، ئەو شوێنانەی سەخت و ناخۆش دەهاتنەپێش چاو، جوانییەکی گوندییانەیان خستەڕوو وەک موتەنەبیی شاعیر وەسفی دەکات. مرۆڤە داخراوەکانیش وەک دەڵێن بۆ نانی گەرم پێنەدەکەنین، دوای ئەوەی ناسیمیان و دڵنیابوون لێم، هێندە دۆستایەتی و خۆشەویستییان سەریکرد مرۆڤ نەتوانێت لە دژیان بجەنگێت، یان خۆ لەبەر ئەوەدا بگرێت و دیلیان نەبێت، بەڵام کەشوهەوا لە هاوین و زستاندا بەسەختی مایەوە و زەحەمەتی زۆری دەویست تا مرۆڤ لەگەڵیدا رابێت!

کەواتە لە ماوەی چەند مانگێکدا وێنەکان گۆڕان... ئەو دەرگایانەی لە سەرەتادا نیمچە داخراوێک بوون و تەنها ئەوەیان دەویست کەسێک لێیان بدات و کلیلەکانیان بدۆزێتەوە تا بخرێنە سەرپشت، ئەو خەڵکانەیشی دوورەپەرێز یان وەک گەشتیار دەردەکەوتن بەوجۆرە نەمانەوە، خۆشەویستییان هێندە قوڵپی دەدا کە مرۆڤ وەک مەحمود دەروێش دەڵێت ناچار بڵێت: لەم خۆشەویستییە سەختە رزگارمانکەن!

ئەم باکگراوندە وایکرد عێراق دەستنیشان بکەم بۆ رۆمانی "خاکی هەمووان"، کاتی دەستنیشانکردنەکەیش پەیوەندە بە چەندین فاکتەرەوە. دەمویست لە توانای مامەڵەکردنم لە تەک ئەم بابەتە ئاڵۆز و رەنگە نۆبەرەیەشدا لە کایەی رۆماندا دڵنیابم. خوازیاریش بووم خوێنەر، دوای ئەوەی لە خوێندنی رۆمانەکە دەبێتەوە، بە هەمان شێوە لەجاران زیاتر و روونتر عێراق بناسێت و دواتریش رێزی لێبگرێت، هەرچەند لە دژی رژێمەکەیشی بێت. (دیارە مەبەستی نووسەر لە رژێمی بەعسە/ وەرگێڕ).

دەمویست لەو ساتەوەختەدا نامەیەکی خۆشەویستیی راستگۆیانە بۆ ئەم وڵاتە خەمبارە بنێرم، کە لە ئێستادا زۆر کەس لەبیرخۆیانیان بردووەتەوە و پێیانوایە بەو هەڵوێستە سزای ئەو رژێمە دەدەن، بەڵام بە پلەی یەکەم سزای خۆیان دەدەن، چونکە ئەوانیش وەک پۆڕی خوراویان لێدێت!

مامەڵەکردن لەتەک دۆز و شوێنەکاندا پێش هەرشتێک هەڵبژاردنێکی وردەکارانەی کات و بابەتەکەی دەوێت. لێرەدا گوتەیەکی لینینم دێتەوەبیر کە دوای نووسینی رۆمانی دایک لە دوای نسکۆی ١٩٠٥ بە مەکسیم گۆرکی دەڵێت: "کاتی نووسینی ئەم رۆمانەت و بابەتەکەی دەبنە هۆکاری رێگری لە رووخانی

رووسیا و هیوا بۆ ئاینده به خەڵکی دەبەخشێت".

هەڵبژاردن، یان دەستنیشانکردنی ئەو قۆناغەی مێژووی هاوچەرخی عێراق، واتە قۆناغی والیی عێراق داودپاشا، لە هەندێ لایەنییەوە، هاوشێوەی ئەم قۆناغەی ئێستامانە لە رووی ململانێ نێودەوڵەتییەکان و رکابەری بۆ دەستگرتن بەسەر کلیلە سەرەکییەکانی ناوچەکە و دواجاریش داگیرکردن و کۆلۆنیالکردنیان کە بە چاوی خۆمان بینیمان.

پرسیاری: بۆچی هەوڵەکانی رێنیسانس دەگەنە ئاستێکی دیاریکراو و دواجار شکستیان هێناوە کە بەردەوام لەگەڵ ئەو هەڵبژاردنەمدا بووە بۆ بابەت و کات و شوێنی رۆمانەکە کە عێراقە، ئەم پرسیارە پێویستیی بە خوێندنەوەی زۆر و شیکار و رامان هەیە، تا دواجار گالیسکەکە بخرێتە سەر رەوتی خۆی و دوای نسکۆکانی دوو سەدە، پرۆژەی رێنیسانس بەردەوام بێتەوە.

**خوێنەری رۆمانی "خاکی هەمووان" گرژییەک تێبینی دەکات لەنێوان بەش و کۆی بەشەکاندا وەک هەمەکییەک، واتە هەندێ لە بەشەکان لەو هەمەکییەی رۆماننووس یاخین کە ئینتیمای بۆی هەیە و پێدەچێت سەربەخۆیی خۆیان هەبێت. ئەگەر ئەمە راست بێت، کە تەنها گریمانەیەکیشە، کەواتە رەوتی درێژخایەنی رۆمانەکە چۆن لێکدەدەیتەوە، پرسیارەکەیش زیاتر بەسەر کاراکتەری حەسووندا بەرجەستە دەبێت کە پانتایی چەندین لاپەڕەی داگیرکردووە، بێئەوەی لەچاو کاراکتەرەکانی تردا دەلالەتێکی دیاریکراوی هەبێت!**

لە رۆمانی "خاکی هەمووان"دا ئیشم لەسەر ئەزموونگەری کردووە: هێڵە تەرییبەکان، ئاوێنە بەرانبەرەکان، لەنێو رۆماندا چەندین رۆمانی تر دەبینین و هەریەک لەوان پانتایی هاوشێوەی یەکیان هەیە، بەڵام پێکیشەوە پەیوەندن و یەکتری رووناک و تەواو دەکەن و دواجاریش دەچنەوە نێو رێچکەی گشتیی رۆمانی دایکیانەوە، ئەگەر ئەم دەربڕینە گونجاو بێت.

بەشەکان لەم رۆمانەدا کە کۆدەبنەوە بونیادی هەمەکیی رۆمانەکە پێکدێنن، وەک تاڵە قژەکانی پەلکێک، یان وەک تاڵە بەنەکانی فەرشێک کە دانە دانە جۆرێکن، بەڵام کاتێک پێکەوە کۆ دەکرێنەوە ئەو پەلکە جوانە، یان ئەو فەرشە نایابە پێکدێنن. بۆیە دەبێت بۆ گەیشتن بە مەبەست بە جۆرەها شێوە ئەو نموونانە بخوێنرێنەوە کە لە پرسیارەکەدا ئاماژەیان پێدراوە.

ئامانجی رۆمانی خاکی هەمووان مێژوودانان نەبووە بۆ والیی بەغدا داود پاشا

تەنها هێندەی پەیوەندیی ناوبراو نەبێت بە کەسان و ڕووداوەکانی دەوروبەرییەوە.
ڕاستە ئەم والییە بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە و ڕووداوە سیاسییەکانی سەردەمی دەسەڵاتی ئەو بەوجۆرە ڕوویانداوە، بەڵام وێنەی ئەم والیە ڕوون نەدەبووەوە ئەگەر هەموو کاراکتەرەکانی دەوریشی نەبوونایە، زۆرینەی ئەو کاراکتەرانەیش بوونێکی واقیعییان نەبووە، بەڵکو داهێنراوی ئەندێشەن بەو گریمانەی کەسانی لەوجۆرە و هاوشێوەیان لە دەوروبەری والی هەبوون.

بۆ نموونە بەدری، لەیەک کاتا نوێنەری دەرەوەی سەرای و ناوەوەیشە، چونکە چەندە لە سەرایدا بووە و شتی زۆری بینیوە و بیستووە و مەودای بینینێکی ڕوونتر و تەواوتری بۆ ڕەخساندووین، هاوکات یەکێکیش بووە لە بنچینەکانی گازینۆی "شەت"، واتە ئاوێنەی بەرانبەر بە سەرای، کەواتە توانیومانە بەو ڕێگەیە و هاوشێوەیەکانی هەردوو دیوی دراوەکە لەیەک کاتدا ببینین، ئەگەر دەربڕینەکە گونجاوبێت. ئیتر بەدری لە فوراتی باڵادا و لە جەنگان دژی دوژمنان ببێتە نێردەی والی و هێندەمان بینین بۆ بڕەخسێنێت هیچکام لەوانەی لە گازینۆی شەتدان نەتوانن ئەو مەودای بینینەمان بۆ دابین بکەن. بە هەمان شێوە کاتێ بەدری بۆ باکوور دوور دەخرێتەوە، هەر لەمیانەی ئەوەوە شوێن و خەم و ئاواتی جیاواز دەبینین، لە هەمان ئەو کاتەدا کە دەبینین چۆن لە دەرەنجامی ململانێ و فێڵ و تەڵەکەی دەسەڵاتدارانی بێدەسەڵاتەکان دەپلیشێنرێنەوە.

بەدری جیهانی تایبەت بە خۆی هەیە، ژینگە و هاوڕێ و دۆست و خەون و عەشقەکانی، چۆن ئەو و هاوشێوەکانی لەم ژیانەدا کە بڕێکی زۆر ڕووناکیی دەوێت تا ئێمە لە ترپەکانی تێبگەین ڕەفتار دەکەن، تا دواجاریش تێبگەین بۆچی بەو دەرەنجامانە گەیشتن. بە ئامادەبوون و نەبوونی، بەدری هەمیشە ڕوانگەیەک بووە بۆ قۆناغ و بەشێکی گەورەی مرۆڤەکان، واتە وەک ئەو مرۆڤانەی لە مێژووی فەرمیدا وەلانراون.

دەکرێت ئەم حاڵەتە ڕوونتر بەسەر کاراکتەری حەسووندا بەرجەستە بێت، ئەو قۆشمەیەی ئەگەر نەشبوایە دەبوو خەڵکی خۆیان بیهێننە مەیدان تا ببێتە سەرچاوە و کۆگای بەزم و خۆشی بۆ دڵدانەوە و هاوکات بۆ ئەوەی ببێتە ویژدانی جەماوەری بە هەموو بەها و ڕەفتار و پەرۆشی و شەیداییەکانییەوە، کە ئەمەیش یارمەتیدەرمان دەبێت لە بینینی مەودایەکی فراوانی ژیانی چینەکانی خوارەوە بە کۆی خەون و هیوا و ئاوات و وەهمەکانیشیانەوە.

هەر وڵات و شار و تەنانەت گەڕەکێکیش "شێتی" خۆی هەیە، هەرچەندە

ئەم شێتە حاڵەتێکی ئاوارتە "ئیستیسنا"یە، بەڵام شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ خەڵک و مامەڵەی خەڵک لەگەڵ ئەودا رەنگدانەی برێکی زۆر لەو پەیوەندییانەیە دیارنین و زۆر کەسیش هەن دەیانەوێت هەروا بە نادیاریی بمێننەوە، چونکە هەڵگری برێک شێتیی دەستەجەمعیی شاردراوەن کە رەنگدانەوەی راستەقینەوە رووداوەکانی واقیعن.

"شێت" هەمیشە ئاوێنەیەکی روون و رووهەڵماڵەرە، بۆیە خەڵکانی تر خۆ وادەردەخەن ژیرن و زیادەڕەویشیی تێدا دەکەن. دەتوانرێت لە رێی شێتەوە زۆر شت بوترێت و شتانێک ببینین و ببیستین کە خەڵکانی تر ناوێرن رایبگەیێنن. رەنگە هەر ئەم هۆیانە و هاوکات چێژ و خۆشیش بێت حەسوون ئەو پانتاییە زۆرە لە رۆمانی خاکی هەمووان داگیر بکات.

گرنگی و بایەخی کاراکتەر لە رۆماندا بە پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کاراکتەرەکە و پانتایی لە رۆمانەکەدا ناپێورێت، بەڵکو بە رۆڵی کاراکتەرەکە و ئەو دەلالەتە دەپێورێت کاراکتەر بووەتە هێمای. لەم بوارەدا دەتوانم بڵێم کاراکتەرە لاوەکییەکان، یان ئەوانەی سەرەتا وا دەردەکەون لاوەکی بن، بۆ من زۆر دەگەیەنن و لە کاراکتەرەکانی تر زیاتر ئیشیان لەسەر دەکەم، چونکە ئەوان ئەو کاراکتەرانەن بەهۆی بەپێزیی و بە سونبولبوونیانەوە شایانی ئەوەن بایەخی زیاترین پێبدرێت و بخرێنەڕوو.

**لە زۆر شوێندا دەڵێیت کە لایەنگری "زمانی نێوەندیت"، واتە زمانی نێوان ئەو زمانە عامییەی لە وڵاتێکی عەرەبییەوە بۆ وڵاتێکی تر جیاوازە و زمانی خوێندن لە قوتابخانەکاندا... لەگەڵ ئەوەیشدا، زمانی عامی لە رۆمانی "مدن الملح"دا پانتاییەکی زۆر و لە "خاکی هەمووان"دا مەودایەکی دیار و زۆر فراوانی داگیرکردووە، بۆچی هێندە بایەخ بەم زمانە عامییە دەدەیت؟**

لێت ناشارمەوە ئەم بابەتە تووشی شەونخوونیی کردووم و هێشتا نەگەیشتوومەتە وەڵامێکی یەکجاری. کە دەشزانم لەم چوارچێوەیەدا چی رەتدەکەمەوە، واتە زمانە لە عامیەتا نقووم بووەکە و زمانی خوێندنگەکانیش، بەڵام لەنێوان ئێمە و زمانی نێوەندا کاروانەڕێیەکی درێژخایەن هەیە و بەهۆی درێژیی و سەختی ئەو رێگەیەوە پێویستمان بە سوپایەک لە بەهرەمەند و داهێنەران و زەمەنێکی هاوشێوە هەیە، لە ئێستایشەوە تا بەشێکی ئەو کاروانەڕێیە دەبڕین، ئەزموونگەری لە زماندا دەبێتە ناونیشانی تەواوی ئەم قۆناغە.

ئەو زمانە عامیەی ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک، بەتایبەتی رۆشنبیر و سیاسەتوانان قسەی پێدەکەن زۆر لەو زمانە جیاوازە کە سی تا چل ساڵ لەمەوبەر قسەی پێکراوە، چونکە لە ئێستادا زمانە عامیەکە گەشەی پێدراوە و بەشێکی پوخت کراوە، هەروەک جیاوازیی نێوان زمانە عامیە جۆراوجۆرەکان کەمتر کراوەتەوە و جیاوازی تەنها لە وتنی پیت و وشە و هەندێ رستەدا ماوەتەوە کە وڵاتێکی عەرەبی لە وڵاتێکی جیا دەکاتەوە.

ئەم زمانە عامیانە لە میانەی پەروەردە و فێرکردن و راگەیاندنەوە گەشەیان پێدراوە و داهێنان لەم گەشەپێدانەدا پشکی کەمی بووە... رەنگە ئەمە لەبەر ئەوە بووبێت کە داهێنەر بە زمانێک قسەدەکات و بە زمانێکی تر دەنووسێت. واتە زمانی ژیان بە شێوەیەکی ئۆرگانیکی نەچووەتە نێو نووسینەوە، بۆیە دەبێت نووسەران و بەهرەمەندان ئاگایان لەم تەڵزگەیە بێت و بیری لێبکەنەوە و دواتریش بەشداربن لە چارەسەریدا.

بێگومان ئەو زمانە عەرەبییەی لە بیستندا زەنگدانەوەی زیاترە لە مانا و دەلالەتی روون و دیاریکراو رۆژانە لە پاشەکشێدایە، بەڵام هاوکات دەردەکەوێت و دیارە و رەنگە لە هەندێ نووسیندا مەودایەکی فراوانیش وەرگرێت، بە جۆرێک، لە هەندێ رواڵەتیدا دەبێتە بەڵگەی توانادارییی زمانەوانی لە لایەک و لە لایەکی تریشەوە سەرسامبوونە بە زەخرەفەکەی وەک شێوەیەک بۆ ستاتیکا.

ئەمە لە بارەی داڕشتن و پێکهاتەی زمانەوە، ئەگەر بچینە سەر باسی رێزمان و رێنووس دۆزەکە ئاڵۆزترە، چونکە لاوازیی مەعریفی لەم لایەنەوە زۆر روونە کە هۆکەی گرانیی رێزمانەکەیە ئەگەر نەڵێین دواکەوتنێتی... ئەمەیش هەوڵێکی زیاتری دەوێت لە لایەن پەیوەندیدارانەوە لە بواری زمانەوە بۆ ئاسانکردنی رێساکانی پەرەپێدانیان، تا بۆشایی نێوان زمانی گوتراو و نووسراو بەرتەسک بکرێتەوە، ئەو هەوڵەی هادی عەلەوی داویەتی جێی بایەخە و دەبێت بخرێتە نێوجەرگەی نووسینەوە.

زمان بووەتە ئاوێنەی رەنگدەرەوەی واقیعی گەلان، بۆیە چەندە زمانێکی وردەکار و پوخت و رێسا تۆکمە بێت و کەمترین جیاوازیی گەوهەری لە نێوان زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتندا هەبێت و بتوانرێت پەرەی پێبدرێت و نوێ بکرێتەوە، زمانێکی زیندووتر و بە تواناتر دەبێت لە دەربڕین و دەبێتە فاکتەری هێنانەئارای یەک بیرکردنەوە، یان لایکەمی بیرکردنەوەی نزیک لە یەک.

رەنگە هەموو ئەوانەی باسکران پەیوەست بن بە لایەنی تیۆریی بابەتەکەوە،

لایەنی کرداری لە ڕۆمانەکانمدا هێشتا لە دوا شێوەدا جێگیر نەبووە، چونکە کاتێک لە ڕۆماندا دیالۆگ لەنێوان دوو کەسی خوێندەواردا دەکرێت، ئاستەنگێکی جدی لەئارادا نابێت، چونکە مەودای نێوان ئەوەی بیری لێدەکرێتەوە و ئەوەی تەعبیری پێدەکرێت هێندە فراوان نییە، ئەمە لە ڕۆمانەکانی (درەختەکان و کوژرانی مەرزوق، ماراسۆن)دا بە ڕوونی دیارە، بەڵام کە ڕۆمانی (مدن الملح) هاتە مەیدان ململانێکە ئەوەبوو: خەڵکی سادەی نەخوێندەوار چۆن هەست و سۆز و بیروڕای خۆیان بە کرداری و ڕاستگۆیانە دەربڕن و لە قەناعەتی تەواویشدا بن بەوەی گوتوویانە؟ ململانێکە سەخت بوو و هەڵوێستی دەویست، لەبەرئەوەی زمانی (دەشتەکییان، بەدو) لەگەڵ زمانی (نووسین، ڕێزمانی)دا پێکدەگەن و زۆر کەس لە هەردوو دیالێکتیکەکە دەگات، منیش دوودڵ نەبووم لە نووسین بەو دیالێکتیکە، بەڵام بە کەمێک سووککردنی دیالۆگەکان بەپێی توانا، یان دانانیان لە ڕەوتێکدا یارمەتیدەر بێت لە وەدەستهێنانی مانایەک لە وشە و تەعبیرەکان کە ڕەنگە ڕادەیەک ئاڵۆزی لەخۆ بگرن.

ئەم چارەسەرە بە نموونەیی و تەواوکار نازانم، بەڵکو هەوڵێک، ئیجتیهادێک بووە لە ئاستی گرفتێکدا کە پێویستیی بە چارەسەر هەیە، گەیشتین بەو چارەسەرەیش کە ئامانجێکی بەدیهێنا، بەجۆرێک بە بێ ئاستەنگ، یان بە کەمترین ئاستەنگەوە گەیشتە خوێنەری ڕۆمان، بە تایبەتی کە ئەو خوێنەرە کەسێک بێت توانیبێتی بە هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر وردەکارانە مامەڵە لەگەڵ دەقەکەدا بکات.

لە ڕۆمانی"خاکی هەموان"دا ئەم گرفتە ئاڵۆزتر بوو، چونکە وێڕای گرانیی دیالێکتیکەکە بۆ ئەو کەسانەی هۆگری نەبوون، زۆرینەی پاڵەوانەکان خەڵکانی چینەکانی خوارەوەن و ئەمانیش دیالێکتیک و شێوازی دەربڕینی خۆیان هەیە کە پێکهێنەری کەسێتییەکانیانن، بۆیە هەرکات کاراکتەرەکان دەستبەرداری بوون و بە شێوازێکی تر قسەیان کرد، ئیدی وەک کاریکاتێریان لێدێت، کە ئەمەیش ململانێیەکی تری هێنایە گۆڕێ کە گەیاندینی بەم ڕێبژاردەیەی ئیشمان لەسەر کردووە؟ بۆ پاساودان و ڕاڤەکردنی ئەم حاڵەتەیش، دەبێت دوو تێبینی بخەینەڕوو کە یارمەتیدەر دەبن لە ڕۆشنکردنەوەی هەندێ لە لایەنەکان:

تێبینیی یەکەم: بەهۆی ئەو گۆشەگیرییە درێژخایەنەی ئەم دیالێکتیکە لە بوارێکی داخراودا چەشتوویەتی، بە تێپەڕبوونی کات سیما و سێبەری زۆر بەهێز و دەلالەتی چڕی وەرگرت، بۆیە بووە خاوەنی ستاتیکا و گرنگیی خۆی و هەرجۆرە هەوڵێک بۆ "وەرگێڕان" و گۆڕینی زۆرێک لە هێز و جوانییەکەی

لەدەست دەدات، ئیتر بە مانایەک لە ماناکان دەبێتە زمانێکی بیانی و تەعبیر لە خۆی ناکات، بگرە پەیوەندیی بە خۆیەوە نامینێت، بۆیە دەبوو پشت بەو دیالێکتیکە ببەستم لەگەڵ هەوڵی سووککردنی وەحشییەتێک زێدەڕۆیی تێدا کراوە و دوورخستنەوەی داخراوییەکان، یان ئەو شتانەی رەوتی نووسینەکە یارمەتیدەر نابێت لە روونکردنەوە و نزیککردنەوەیان.

تێبینی دووەمیش پەیوەندە بە قۆناغی مێژوویی رووداوەکانی رۆمانەکە، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە لە ماوەی دوو سەدەدا گۆڕانکاری و پەرەسەندنی گەورە روویانداوە بە پەرەسەندنەوە لە دیالێکتیکیشدا، بۆیە ئەم رێبژاردە سەختە لە پێناوی ئاماژەدان و نزیککردنەوەی ئەو کەشوهەوایەدا بووە.

راستە لە سەرەتا و قۆناغی یەکەمدا دیالێکتیک نامەئلوف دەردەکەویت لە خوێندنەوەدا، بەڵام زۆر نابات دەکرێتەوە، نزیکتر دەبێتەوە، بە تایبەتی کە بڕێک کلیل هەن یارمەتیدەرن و چوونەژوورەوە ئاسان دەکەن، ئەو کاتەیش خوێنەر هەست بە چێژی راستەقینە دەکات وەک چۆن کەسێک گوێ بۆ گۆرانییەکی عێراقی رادەگرێت، کە دەشێت ئەو کەسە ئاوازەکە، یان ئەدای گۆرانی بێژەکەی بەدڵ بێت، بەڵام کاتێک وشەکان دەبیستێت و لێیان تێدەگات تام و چێژەکە دەگاتە لووتکە. لە ئێستادا دەتوانم هێندە لە بارەی "زمان"ەوە بڵێم و دەکرێت خوێندنەوەی زۆری بۆ بکرێت، رەنگە یارمەتیدەریش بێت لە هێنانەئارای کێشەی زمان بۆ قسە لەسەرکردنی و ئامادەکردنی پێویستییەکانی پەرەپێدان و نوێکردنەوە تا ببێتە زمانێکی هاوچەرخ و وەڵامدەرەوە.

**تا چ ئاستێک دەکرێت رۆمانێک کە بە مێژووی نیشتمانییەوە خەریکە بە یادەوەریی نیشتمانی دابنرێت، بەتایبەتی کە "کەسێتیی" بەرانبەر، یان کەسێتی داگیرکەر لە رۆمانی "مدن الملح" و "خاکی هەمووان" پێگەی روون و ئامادەیی رۆحی و فیکری و فەلسەفیی هەیە، لەوەیش زیاتر، ئایا بابەتی یادەوەریی نیشتمانی وەک لە رۆماندا دەردەکەوێت، دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی ناسنامەی نیشتمانی لە نووسینی رۆماندا، بەتایبەتی لە زەمەنی "جیهانگەرایی، کۆتایی ناسنامە، وەهمەکانی ناسنامە"دا؟**

یادەوەریی نیشتمانی، بەتایبەتی لەم قۆناغەدا، یەکێکە لە بنچینە سەرەکی و گرنگەکان نەک تەنها بۆ سەلماندنی جیاوازی و جیاکردنەوە، بەڵکو بۆ بەرگری لەخۆکردنیش، واتە لە پێناوی مانەوە و دواتریش بەردەوامبوون و پەرەسەندن.

لە سایەی تێکەڵکردنی کارتەکان، کە لە ئێستادا زۆر بەخێرایی دەکرێت، دەویسترێت جارێکی تر بەپێی ویست و بەرژەوەندیی هێزە هەژموونەدارەکان ناوچەکە پێکبهێنرێتەوە و گۆڕانکاری گەوهەری بکرێت کە جوگرافیا و مێژوو و پەیوەندییەکانیش بگرێتەوە تا دەگاتە "درووستکردنی" ناسنامەیەکی نوێ.

تا چەند ساڵێک پێشتر، زاراوەی "خۆرهەڵاتی ناوەڕاست" نەک هەر نامۆ و نامەئلوف بوو، بەڵکو بۆ گوێچکە و ویژدانیش بووە شۆک، بەڵام لە ئێستادا بووەتە زاراوەیەکی مەئلوف و زۆر کەس بێ هیچ جۆرە کێشەیەک بەکاری دەهێنن. هەمان حاڵەت بەسەر زۆر پرسی تردا بەرجەستە دەبێت.

ئەرکی ئەدەب و هونەر، لە ئاستی ئەم هێرشە راماڵەرەدا، بەرەنگاربوونەوەی ئەو شتەیە دەویسترێت بسەپێنرێت، نەک لە رووی دەمارگیری و داخرانەوە، بەڵکو لە پێناوی چەسپاندنی سیما و جەختکردنەوەیە لە ناسنامە و ناونانی شتەکان بە ناوە راستەقینەکانی خۆیانەوە، بەتایبەتی کە "ئەوی تر" هێزی خۆی و هاوکات بارودۆخی ناهەمواری وڵاتانی عەرەبیی بەگەڕ خستووە و شانازیی بە دیدی دەمارگیرانە و ناسنامەی رەگەزپەرستیی ملهوڕانەی خۆیەوە دەکات. ئەوەی من لە چەندین رۆماندا ویستوومە بیڵێم ئەوەیە کە ئەم "ئەوی ترە" کێیە و چۆن سەیری ئەوانی تر دەکات، نەک لە پێناوی هەڵگیرساندنی شەڕێکی بەخۆڕایی لەگەڵیدا، بەڵکو لە پێناوی بەرپەرچدانەوەی هێرش و دوژمنکارییەکانی و چەسپاندنی هەڵوێستێکی مرۆڤدۆستانەی پێچەوانەی رەگەزپەرستی "تیۆری" تایبەتمەندییەکان و دواتریش دابەشکردنی گەل و کولتوورەکان لەسەر بنچینەی بوونی گەلانی باڵا و گەلانی بنکەوتوو، کە یەکەمیان مافی بە "سەوزکردن و چاندنی" دووەمیانی هەبێت، کە دیاردەی "ئینتیداب"ی لێکەوتەوە لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە کە تا ئێستایش بەردەوامە، بەڵام ژێربەژێر و لەژێر ناوی جۆراوجۆردا.

لە رۆمانی "خاکی هەمووان"دا کاراکتەری کونسوڵی ئەمریکی "ریچ"م وەک نموونەیەک بۆ "ئەوی تر" هەڵبژاردووە. کتێبەکانی مێژوویش باس لەوە دەکەن ئەم کونسوڵە دەرچووی سەرسەختترین قوتابخانەی کۆلۆنیالیزمە.

عەبدولعەزیز نواری کە مێژووی ئەو قۆناغەی نووسیوە دەڵێت: "...ریچ سیخناخ بوو لە هزروبیر و شێوازی سیاسیی جۆن مالکۆلم"... جۆن مالکۆلم "سیاسەتوانێکی ئینگلیزیی پڕ بوو لە رۆحی قوتابخانەی سیاسیی هیندی کۆلۆنیالی و چەسپاندنی ئینگلیز لە وڵاتانی عەرەبیدا بۆ ئەو دەگەڕێتەوە". بۆیە

ئەم کونسوڵە هەمان ئەو فەلسەفە و شێوازەی هەبوو کە ویستراوە بەسەر گەل و نەتەوەکاندا بسەپێنرێت بە دەستپێک لە هیند و بە تێپەڕبوون بە وڵاتانی عەرەبی تا دەگاتە ئەفریقیا و ئەمریکای لاتین، من لە رۆمانی "خاکی هەمووان"دا ویستوومە ئەمە بخەمەڕوو.

بە گونجانیش لەگەڵ جەختکردنەوە لە ناسنامەی راستەقینەی ناوچەی عەرەبی، دیارترین دەرکەوتەکانی ئەو ناسنامەیە کولتوورە کە سیمای تایبەت بە ناسنامەکە دەبەخشێت و وا دەکات بتوانێت لە کولتوورە جیهانییەکەدا بەشدار بێت و پشکی جۆرێتیی خۆی بۆ ئەو کولتوورە زیاد بکات. لەو سۆنگەیەشەوە، دەوڵەمەندبوونی رۆمانی عەرەبی بە وەرگرتنی سیمای تایبەت بە خۆی هاوکات دەوڵەمەندکردنی رۆمانی جیهانییشە.

بوونی کولتوورێکی یەکگرتوو لەسەر ئاستی جیهانی بەبێ دەرکەوتنی تایبەتمەندی ناوچەیی بێگومان هەژارکردنی کۆی کولتوورە جیهانییەکە و بێبەریکردنێتی لە فرەیی و دەوڵەمەندبوونی بەو فرەییە، هاوکات کولتوورەکانی تریش دەکاتە تەنها درێژبوونەوە، یان دەنگدانەوەیەکی کزی کولتووری باڵادەست، کە دواجار دەبێتە هۆکاری درووستبوونی بۆشایی و هەستکردن بە پووچی و دواتریش داڕووخان کە هیچ کەسێک لە دەستی قوتاری نابێت، بۆیە لە رۆمانی "خاکی هەمووان"دا ویستوومە بۆ ئەم دۆخە بڵێم: نەخێر.



**سەرچاوە:**

کتێبی: "سەفەری تیشک" عبدالرحمن منیف، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای عەرەبی بۆ لێکۆڵینەوە و بڵاوکردنەوە، ٢٠٠٣.

تێبینی: ئەم کتێبە لە وەرگێڕاندایە و بەمزووانە تەواو دەبێت.

# ڕۆمان لە ڕوانگەی لۆکاچەوە



ن: شاپور بهیان
و. لە فارسییەوە: کاوە کەریمی

گەڕان بەدوای پاکیدا مانای نەماوە. لۆکاچ، چ لە سەردەمی هیگڵی و چ لە قۆناغی مارکسیستییدا، باوەڕی بە پێوەندیی نێوان ڕۆمان و کۆمەڵگای مۆدێرن هەبوو. ئەو ئەم ڕستەیەی هیگڵ دێنێتەوە کە دەڵێت: ڕۆمان "چیرۆکێکی حەماسیی بۆرژوازییە" (ئادرنو، ١٣٨١؛ ٤١٤). (هەڵبەت لۆکاچ لە قۆناغی پێش مارکسیی خۆیدا، نەک لە کۆمەڵگای سەرمایەداری، بەڵکوو بەو شێوەیەی هێگڵ باسی لێدەکرد، قسەی لە کۆمەڵگای مۆدێرن و بۆرژوازی)و ئەو شێوازە جیاوازانە دەکرد، کە پاڵەوانی ڕۆمان پێوەندیی پێوە دەگرێت. پێوەندی گەلێک کە لە تیۆری ڕۆماندا دەبێتە بنەمای دابەشکردنی ئەو لەسەر شێوازەکانی ڕۆمان، واتە ڕۆمانی ئایدیالیزمی دەرهەست، ڕۆمانی دەروونناسیی بەدوور لە ئامۆژگاری و ڕۆمانی فێرکاری. لە هەر سێ کاتدا دابڕانێک لەنێوان تاک و کۆمەڵگا لەئارادایە و شێوازی هەڵسوکەوتی مرۆڤ لەگەڵ ئەم دابڕانە، چارەنوسی دیاریدەکات.

لە جۆری یەکەمدا، تاک روانگەیەکی بەرتەسکی بۆ راستی هەیە و پێیوایە کە دەتوانێت بەو شێوەیەی دەیەوێت و پێیخۆشە راستی بنیات بنێت، کە لە ئاکامدا شکست دێنێت. نموونە بۆ ئەمەش دۆن کیشۆتە (لوکاچ،١٣٨١؛ ٩٦). لە جۆری دووەمدا، زانیاریی پاڵەوان، سەرووتر لە ئاستی سنوورەکانی راستیی کۆمەڵایەتییەوەیە. تاک ناتوانێت لەگەڵ یاساو ریساکانی ئەم راستییەدا بگونجێت و لەوێوە کە دەسەڵاتی گۆڕینی ئەم راستییەی نییە، رووەدەکاتە پاسیڤیزم و وەهمگەری. لۆکاچ فرێدریک مۆنرۆ پاڵەوانی راهێنانی هەستەکانی فلۆبر، بە پاڵەوانی جۆری دووەم دەزانێت (لوکاچ؛ ١٣٨١؛١٢٠). جۆری سێیەم رۆمانی فێرکارییە کە پێکهاتووە لەو دوو جۆرە رۆمانە. بەڵام هاوکات زاڵە بەسەر مەحاڵبوونی تێپەڕینیشیدا. لۆکاچ، ویلهێڵم مایستێر گۆتە دەباتەوە سەر جۆری سێیەم (لوکاچ؛١٣٨١؛ ١٢٩).

لۆکاچ لەم قۆناغەدا وەک شیلێر پێیوایە کە ئەم دابڕانە جیاوازییەکە لە نێوان ئەرک و داسەپاندنەکانی جیهاندا. ئەم دابڕانە لە تراژیدیشدا بوونی هەیە. لە تراژیدیادا بوونی پاڵەوان و ناچاریی چارەنووس لە دوو سەرچاوەی تەواو جیاوازن، بۆیە لە ئاکامدا هیچ سازشێک لەنێوانیان نایەتە ئاراوە. لە حیکایەتی حەماسیدا بەپێچەوانەوە هیچ دابڕانێک بوونی نییە. لۆکاچ وەک هیگڵ و شیلێر، کولتووری کۆنی یۆنان وەک گشتێتییەک دەبینێت کە ئەم دابڕانە هێشتا تێیدا نەهاتووەتە ئاراوە. دەستپێکی نۆستالۆژیکی تیۆری رۆمانیش ئاماژە بەم قۆناغە دەکات، قۆناغێک کە لۆکاچ بە "شارستانییە تۆکمەکان" ناوی دەبات: (قۆناغگەلێک کە ئاسمان (تێیاندا) نەخشەی هەموو رێگاکانن. قۆناغگەلێک کە رێگاکانی بە شەوقی ئەستێرەکانەوە رووناک دەبن) (لوکاچ،١٣٨١؛ ١٥).

شێوازی ئەدەبی تایبەتیی ئەم سەردەمە، شیعری حەماسییە، واتە شیعری هۆمەر و هێزیود. "لەم جیهانەدا جیاوازییەک لەنێوان ئەرکو راستی، هونەر و بوونی ماتێریالیستیی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و لەکۆتاییدا رۆحی مرۆڤ و جیهانێک کە رۆحی خۆی تێدا دەبێنێتەوە لە ئارادا نییە" (فین برگ، ١٣٧٥؛٣٨١). لۆکاچ هەروەک هیگڵ پێیوایە رۆمانیش جۆرێکە لە حەماسە، بەڵام حەماسەی جیهانی مۆدێرن. رۆمانیش هەروەک سرووده حەماسییەکان، پێ لەسەر یەکگرتنی بنەڕەتیی پاڵەوانی جیهان لەلایەک و بوون و ژیان لەلایەکی ترەوە دادەگرێت. حەماسە هاوتەمەنی و شیاوی بەراوردبوونی مرۆڤ و جیهانی نیشاندابوو. "رۆمان ئاماژە بۆ ئەم بابەتە کە مرۆڤ و جیهان هەردوو کۆیلەی تاریکی و درۆن و ئەوەی کە هەموو ئەو واتا ناوەکی و بنەڕەتییانەی کە مرۆڤ بۆ

رووبەڕووبونەوەی تاریکی و لادان لە راستییەکان دەهێنێتە ئاراوە، خۆیان لادراو و تاریکن، با باس لە یەکبوونی مرۆڤ و جیهانیش بکەن" (فین برگ، ٣٨٤؛ ١٣٧٥). دنیای رۆمان، دنیای دروستکراوی سیستەمی پەیمان و دابونەریتەکانە. مرۆڤی مۆدێرن ناتوانێت خۆی تێدا بناسێنێت. بوون لە ژیاندا لە ئارادا نییە، بوون وەک رۆڵێکی ئەخلاقی لە گیانی پاڵەواندا پاڵەپەستۆیە و پاڵەوان لە بەرامبەر کۆمەڵگایەکدا خۆی دەبینێتەوە کە واتای خۆی لە دەست داوە. "بۆیە پاڵەوان بەلایەنی کەمەوە لە گەڕان بەدوای گشتێتیی شاراوەی ژیاندا خۆی دەبینێتەوە. گشتێتییەک کە تێیدا مرۆڤ و جیهان نامۆ نین بەیەک" (فین برگ، ١٣٧٥؛ ٣٨٤). پاڵەوان بەرامبەر بە جیهان دەژی و شکۆی ئەو هەر لەوەدایە. ئەم هەقیقەتانە هەرچەند بوونی دەرەکییان نییە، لایەنی کەم دەتوانن ناتەبایی و ناتەواوبوونی راستی ئاشکرا بکەن. "ئەم هەقیقەتانە باس لە ویستی نۆستالۆژیکی مرۆڤ بۆ سەردەمێک دەکەن کە تێیدا گشتێتی بە شێوەیەکی بێ نێونج لە ژیاندا بوونی هەیە (فین برگ، ١٣٧٥؛ ٣٨٥).

لۆکاچ لە قۆناغی مارکسیستیدا بە گەورەکردنەوەی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیا، لەڕووی ناسینی پێوەندیی نێوان کۆمەڵگای بۆرژوازی و شێوازی رۆمان هەوڵی خۆی پڕبەپێست دەدات. لۆکاچ پێیوایە ئەو کەسەی کە دەریخست کۆمەڵگای سەرمایەداری، یەکبوونی بنەڕەتیی مرۆڤ و جیهان لە ناو دەبات هیگڵە. لێرەدا چیتر تاک نوێنەری هەمووان نییە. تێکڕا (یا هەمووان) بەباوەڕی هیگڵ لە فۆرمی ئەو نێوانە دەسەڵاتدارییانەدا دەردەکەوێت کە دەوڵەت بەڕێوەبەریەتی. مرۆڤەکانی سەردەم، بەدوای ئەو ئامانجانەوەن کە دوورە لە ئامانجە گشتییەکان. بە باوەڕی لۆکاچ، هەرچەند هیگڵ ئەمەی قبوڵە کە "لەناچوونی سەرمایەداری، بۆ هونەر خەسارە"، بەڵام پێیوایە ناوەرۆکی رۆمان واتە ئاشتییە لەگەڵ راستیدا.. (ئادورنو، ١٣٨١؛٤١٧) گەرچی نابێت لەیادی بکەین کە لە تیۆری رۆمانیشدا پێ لەسەر وەها ئاشتی و تەباییەکی نێوان پاڵەوان و راستی داگیراوەتەوە. بەتایبەت لە رۆمانی جۆری سێیەم واتە، رۆمانی فێرکاریدا.

هیگڵ لە دیاردەناسیی رۆحدا، (برازای رامۆ) بەرهەمی دێنیس دیدرۆ لێکدەداتەوە. لێرەدا لەگەڵ پاڵەوانێکدا رووبەڕووین کە نمونەی منداڵێکی سەدەی هەژدەیە لە کۆمەڵگای فەڕەنسادا. بەڵام ئەم پاڵەوانە، بوونێکی دوولایەنەیە لە نێوان زانیاری باڵا و زانیاری نزمدا. ئەو دەزانێت، لە کۆمەڵگایەکدا کە پێوەر زێڕە، رۆح لە خۆی نامۆ دەبێت و لە راستیدا هەر شتێک پێچەوانەی خۆی دەردەکەوێت" (هیپولیت، ١٣٧١؛ ١٦١) ئەوەی تاک دەیکات لە بەر خاتری خۆی

و وەک تاکەکەسی خۆیەتی. تاک وەڵامدەری کرداری خۆیەتی، نەک وەڵامدەری ئەو گشتێتییەی کە دەچێتەوە سەری. لە کۆمەڵگایەکی وادا هیچ شتێکی جدی بوونی نییە و هەر شتێک لە راستیدا دیوی دەرەوەی درۆ و رواڵەتسازییە. هیگڵ ئەم حاڵەتە رۆحییە بە سەر قۆناغێکدا زاڵ دەبینێت کە لە تیاچووندایە، جۆرێک لە کۆتاییهاتنی فەرهەنگ. ئەم دۆخە نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگا ناوەرۆکی خۆی بەخشیوە. (هیپولیت، ١٣٧١: ١٦١) دۆخی هەڵوەشانەوە لە برازای رامۆدا باس لە ناڕێکیی کولتوورییە لە سەردەمێکی دیاریکراودا. "بۆ دەستکەوتنی پاکیی تەواوی لەدەستچوو، دەبێ دووبارە بگەڕێینەوە بۆ بابەتی خۆڕسک و ناوکی گشتی. بەڵام ئەمکارە لە راستیدا لە کردەوەوە دوورە". (هیپولیت، ١٣٧١: ١٦٢) بۆ دەرچوون لەم دۆخە یا دەبێ گەڕانەوەمان بۆ عەقڵی سەرەتایی ببێت، یا بۆ باوەڕی تەواو. لۆکاچ رێگایەک بۆ تیۆریسیانە بۆرژوازییەکان نابینێتەوە، جگە لەوەی یا لە سەر شێوازی رۆمانتیکی قۆناغی پاڵەوانی، بە ئوستورە یا شیعری مرۆڤی سەرەتاییدا هەڵبدەن و لەئاکامدا بە مەبەستی دەرچوون لە بێهیوایی مرۆڤ کە سەرمایەداری بووەتە هۆی، بگەڕێنەوە بۆ رابردوو (شیلینگ)، یا بەپێچەوانەوە ئاڵۆزی رادەبەدەری کۆمەڵگای سەرمایەداری بە شێوەیەک لە ئاشتی بگەیەنن."هیگڵ". (ئادورنو، ١٣٨١: ٤١٧)

لۆکاچ پێیوایە فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانیا لەمە زیاتر پێش ناکەوێت. واتە ناتوانێت ناکۆکیەکی بنەڕەتی بدۆزێتەوە کە کۆمەڵگای سەرمایەداری گەشەی پێداوە. ناکۆکیی نێوان شێوازی کۆمەڵایەتیی بەرهەمهێنان و خاوەندارێتیی تاکەکەسی. بەباوەڕی لۆکاچ، تەنیا هیگڵ توانی پێشبینیی بۆ ئەم ناکۆکییە بکات. ئەو (هێگڵ) دەریخست کە "ئەم تایبەتمەندییە پێشکوتنخوازانەیە کە بەرهەمهێنان و کۆمەڵگا لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت، لە قووڵترین بێهیوایی مرۆڤیش کە خۆی بەناچار بەرهەمی دەهێنێت، جیاناکرێتەوە". (ئادورنو، ١٣٨١ ؛ ٤١٦) دیارە کە ئەم رەخنەیە دەچێتەوە سەر خودی لۆکاچیش. واتە لۆکاچ قۆناغی مارکسیستی رەخنە لە لۆکاچی قۆناغی پێش مارکسیستی دەگرێت. بەم حاڵەوە لۆکاچ لە هەردوو قۆناغیدا، لایەنی کەم لە دوو شتدا گۆڕانی بە سەردا نایەت. یەکەم رقی رۆمانتیکی لە سەردەمی مۆدێرن، کە میشێل لوویی بابەتێکی بۆ تەرخان کردووە و ئەم رقەی لە بەرهەمە مارکسیستییەکانی دیسانەوە دەهێڵێتەوە. بۆنموونە لە واتای ریالیزمی هاوچەرخ لە رۆمانی مێژووییدا. هەروەها ئەم بابەتەی کە لەنێوان گیانی پاڵەوان و جەوهەری جیهاندا، سەرەڕای جیاوازییان پێوەندی لە ئارادایە. رۆمان باس لە دووری دەکات. باسکردنی دوورکەوتنەوەیە لە ماڵ و حاڵ. باسکردنە لە بێ

خانەولانی مرۆڤ تا ئەوپەڕی خۆی (transcendence) . هەم گیان بەفیڕۆچووە و هەم جیهانیش، بەڵام هەردوو لە توخمێکن. دۆخی ئایدیالی کۆمەڵگای یۆنانی دێرین چیتر دەست ناکەوێت. ڕۆمان نیشاندەری ئەمەیە. بابەتی گشتی چیتر ناتوانێت لە گیانی تایبەتو تەرخانکراودا بژی. لە قۆناغی مارکسیستیی لۆکاچدا، ئەرکی هێنانەدیی ئەم بابەتە دەکەوێتە سەر شانی پرۆلتاریا. پاڵەوانی ڕۆمان دەبێت لە سەروبەندی دنیای بەڵێندراوی سۆسیالیستیدا ڕاوەستێت. لەگەڵ هاتنە دیی سۆسیالیزمدا، ڕۆمانیش کۆتایی پێدێت.

**ژێدەر:**


١- ادورنو، تئودور، گلدمن، لوسین (١٣٨١)، درێ‌مدی بر جامعه شناسی ادبیات، ترجمه محمدجعفر پوینده، نشر چشمه، تهران (مقاله لوکاچ به نام درباره رمان که احتمالاً عنوانش از مترجم کتاب است)

٢- فین برگ،اندرو(١٣٧٥)، رمان و جهان مدرن، ترجمه فضل الله پاکزاد، ارغنون، شماره ١٢-١١

٣- لوکاچ، جرج (١٣٨١)،نظریه رمان، ترجمه حسن مرتضوي، نشر قصه، تهران

٤- هیپولیت، ژان (١٣٧١)، پدیدارشناسی روح برحسب نظر هگل، تالیف و اقتباس کریم مجتهدی، انتشارات علمی و فرهنگی، تهران


**سەرچاوە:**

http://nasour.net/?type=dynamic&lang=1&id=303

# چەقەڵ و عەرەبەکان




**ن. فرانتس کافکا**

**و. لە ئەڵمانییەوە: یاسین بانیخێڵانی**

لە مێرگێکدا بارمان خست، هاوسەفەرەکانم نووستن. عەرەبێکی بەرزی سپی هات بەلاما تێپەڕی، ئەو لەلای حوشترەکان بەرەو سەرجێگای خەوەکەی دەگەڕایەوە.

لەسەر پشت بە مەبەستی خەوتن لەسەر گیایەکە پاڵکەوتم، بەڵام لەبەر لوورەی ئەو چەقەڵە دوورانە نەمدەتوانی بخەوم، هەستام و قنج دانیشتم. ئەوانەی دووربوون، لە ناکاوێکدا نزیکبوونەوە و لەشکرێک چەقەڵ چواردەوریان تەنیم، چاوە ماتە ئاڵتوونییەکانیان دەبریسکانەوە و دەکووژانەوە. لاشە لاوازەکانیان وەک لەژێر یاسای قامچیدا خێرا بجوڵێن وابوو.

یەکێکیان لەدواوە هات و خۆی لە خوارەوەی قۆڵم بە شێوەیەک خشاند وەک ئەوەی پێویستی بەگەرمایی من بێت، رووبەڕووم وەستا و چاوی لە چاوانم بڕی و گوتی:

"من پیرترین چەقەڵی ئەم ناوچەیەم و خۆشحاڵم توانیم چاوم پێتان بکەوێت، لەبەر ئەوەی بێکۆتایی چاوەڕوانی تۆ بووین بەتەواوی هەموو هیوایەکمان لەدەست دابوو. دایکم چاوەڕوانی ئێوە بوو دایکی دایکم هەروەها و هەموو دایکانی تر تا دەگاتە دایکی هەموو چەقەڵەکان بڕوا بکە.

"من سەرم سوڕما" لەبەر خۆمەوە گوتم: باشە بیرم چوو ئەو کۆتکە دارانە ئاگربدەم تا بەهۆی دوکەڵەکەیەوە چەقەڵەکان دووربکەونەوە، "من سەرسامم بە قسەکانت"، بەڵام من لە باکووری سەرەوە بۆ ماوەیەکی کەم هاتوومەتە ئێرە، پێم بڵێ بزانم: ئێوە چیتان دەوێت؟

وەک ئازایەتیم پێبەخشیبن بەو قسە دۆستانە، بۆیە بازنەکەیان بەچواردەورمدا تەسک کردەوە و لەگەڵ هەسکە هەسکدا کورت هەناسەیان دەدا.

پیرترین چەقەڵیان دەستی پێکرد، ئێمە دەزانین، کە ئێوە لە باکوورەوە هاتوون، هەر ئەمەش ئەو هیوایەی لای ئێمە دروستکرد، ئەو عەقڵ و تێگەیشتنەی لەوێ هەیە لەناو عەرەبەکاندا نایدۆزیتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا لوتبەرزێکی ساردن، تۆ دەزانی تروسکایی تێگەیشتن بەدی ناکەیت. ئاژەڵەکان دەکوژن بۆ ئەوەی بیانخۆن، کەچی لاشەکانیان وەلادەنێن.

"گوتم: لەسەرخۆت قسە بکە، عەرەبەکان لەم نزیکانە خەوتوون".

چەقەڵەکە گوتی: بەڕاستی تۆ بێگانەیت، ئەگینا دەتزانی لە مێژووی جیهاندا، کە قەت هیچ چەقەڵێک لە عەرەب نەترساوە، ئێمە لەوان بترسین؟. ئیتر بەدبەختی بەس نییە، کە ئێمەیان فڕێداوەتە ناو ئەم گەلەوە؟

گوتم: لەوانەیە، بەڵام من بڕیار لەسەر شتێک نادەم، کە زۆر دووربێت لێم، وادەردەکەوێت شەڕێکی زۆر کۆن بێت و خوێنی تێ کەوتبێت هەرلەبەر ئەمە ڕەنگە بە خوێنیش کۆتایی بێت.

پیرە چەقەڵ گوتی: تۆ زۆر زیرەکیت. ئەوانی تریش بە خێرایی لە ڕێگای سییە شڵەژاوەکانیانەوە هەناسەیان دەدا، لەگەڵ ئەوەشدا بە ئارامی وەستابوون، بە شێوەیەکی کاتی لەو دانانەی پاڵیان بەیەکەوە دابوو بۆگەنێکی ناخۆش لە لمۆزیان دەهاتە دەر" تۆ زۆر زیرەکیت"، ئەوەی تۆ گوتت مامۆستای پێشوومان هەر وای گوت: خوێنیان ئەسەنین و کۆتایی بەم شەڕە دێنین.

ئاه، من پێشتر دڕندانە لەوەی دەموویست قسەمکرد، ئەوان بۆ بەرگریکردن

لەخۆیان، بە تفەنگەکانیان بەگەلە دەتانکوژن.

ئەو گوتی: وابزانم خراپ لە ئێمە تێگەیشتی، ئەمە وەک هەموو ئینسانەکانە، لەوە دەچێ لە سەرووی باکووریش هێشتا لەناو نەچووبێت، ئێمە نامانەوێت ئەوان بکوژین، ئەگەر ئەمە بکەین رووباری نیلیش پاکمان ناکاتەوە، بۆ ئەوەی بە زیندوویی بمێنینەوە کاتێک دەمانبینن هەڵدێین بۆ جێگایەکی دوورتر، تا هەوایەکی پاکتر لە بیاباندا هەڵمژین، هەرئەمەشە وایکردووە ئێرە بکەینە نیشتمانی خۆمان.

هەموو ئەو چەقەڵانەی لە شوێنەدوورەکان بوون، گەیشتنە ئێرە و سەریان بۆ نێوان دەستەکانیان شۆڕکردبووە و بە پەنجەکانیان پاکیان دەکردەوە وەک ئەوەی بیانەوێت نەفرەتەکانیان بشارنەوە، ئەمە ئەوەندە ترسناک بوو حەزم دەکرد بە بازێک لەو بازنەی بە دەورمدا درووستیان کردبوو، هەڵبێم.

نیازت هەیە شتێک بکەیت؟ پرسیاری کرد و داوای کرد هەستمە سەر پێ، بەڵام من نەمتوانی، چونکە دووانی لاو لە پشتەوە توند کراسەکەمیان گەستبوو، بە ناچاری دانیشتمەوە، پیرە چەقەڵ زۆر بە جدی گوتی: ئەوان لە دواوە کرسەکەیان گرتوویت، ئەمە نیشانەی رێزە. پێویستە ئەوان وازم لێ بهێنن، جارێک بەڕووی پیرەکاندا و جارێک بە رووی لاوەکاندا هاوارم کرد، پیرە گوتی: 'ئەمە سروشتییە' ئەگەر ئەمە داوای تۆ بێت، ئەوا پێی دەچێت، چونکە بەپێی نەریت ددانەکانیان قوڵ بردۆتە خوار، ئەمەش کاتی دەوێت تا لەسەرەخۆ بیهێننە دەرەوە، تۆش دەتوانیت لەم کاتەدا گوێ لە داواکانی ئێمە بگریت. منیش گوتم: 'ئەو هەڵسوکەوتە لایەقی من نەبوو بەرامبەرم ئەنجامتان دا'. تۆ واز لە رەفتاری نەوجەوانانەی ئێمە بهێنە، ئەمەی گوت و بۆ یەکەم جار سوودی لە دەنگە سروشتییە پڕ نزاکەی وەرگرت. ئێمە ئاژەڵێکی داماوین، تەنها ددانمان هەیە، بۆ هەموو ئەو شتانەی دەمانەوێت بیکەین جا چ باش بن یا خراپ، لە کۆتاییدا هەر ددانەکانمان بۆ دەمێنێتەوە، گوتم: 'چیت دەوێت؟ گوتی: تەنها یەک کەم ئاسودەیی.

ئای خوایە گیان، هاواریکرد، هەموو چەقەڵەکان دەستیان بە لورە کرد، لە دوورەوە، زۆر لە دوورەوە ئاوازێک دەهاتە بەر گوێم. ئای خوایە گیان، پێویستە کۆتایی بەم جەنگە بهێنیت، جیهانی دابەشکردووە، تۆ وەک ئەوەی هەیت، باپیرانمان بۆیان نووسیوین، کە دەبێت ئەم کارە ئەنجام بدەیت و لەدەست عەرەبەکان رزگارمان بێت و هەوای ئاسودەیی هەڵمژین. دەمانەوێت تا چاو بڕدەکات لێیان دووربکەوینەوە و گوێمان لە بارەی ئەو مەڕانە نەبێت، عەرەبەکان سەریان دەبڕن، دەمانەوێت هەموو گیانلەبەران بە سروشتی بمرن بە بێ ئەوەی کەس دەستی تێدا هەبێت، ئەوانە خوێنەکانیان دەخۆین و ئێسکەکانیان دەکرۆژین.

پاکوخاوێنی، تەنها پاکوخاوێنی خواستی ئێمەیە، هەموو چەقەڵەکان دایان لە پرمەی گریان، ئاخر ئێمە چۆن بتوانین لەم جیهانەدا ئەمە قبوڵ بکەین، ئەی دڵی نەجیبزادە، ئەی دەروونی شیرین، سپی و رەشیان وەک یەک پیسە، ریشیان ترسناکە، کاتێک سەیری گۆشەی چاویان دەکەیت تف دەکەیتەوە، باڵیان بەرز دەکەنەوە سووتانی جەهەنم دەبینی، لەبەرئەمەیە، ئەی خوایە گیان، ئەی هاوڕێی بەنرخ، یارمەتیمان بدە هەرچی لە دەستتدایە، یارمەتیمان بدە چی لەدەستت دێت، ملیان بەم مەقەستە بقرتێنە، سەرێکی لەقاند بۆ ئەوەی یەکێک لە چەقەڵەکان بێت، ئەویش بە ددانەکانی مەقەستێکی کۆنی ژەنگاوی هەڵگرتبوو. ئاوا لە کۆتاییدا ئەمە مەقەستەکەیە و تەواو، سەرۆکی عەرەبەکان بانگی کاروانەکەی ئێمەی کرد، ئەو بە پێچەوانەی با کەوە بەرەو لای ئێمە تەکانی دەدا و قامچییەکەی رادەوەشاند.

هەموو چەقەڵەکان بە خێرایی هەڵاتن، هەندێکیان لەو دەوروبەرە مابوونەوە، بە گرمۆڵەیی خۆیان بەیەکەوە لکاندبوو، زۆرێک لەو ئاژەڵانە وا خۆیان بەیەکەوە نووساندبوو لە پەرژینێکی تەسک دەچوون، رووناکی بەسەریدا ببریسکێتەوە.

خۆ بەڕێزم ئەم شانۆگەرییەت بینی و بیست؟. عەرەبەکە ئەمەی بە پێکەنین و دڵخۆشییەوە گوت، وەک ئەوەی جڵەویانی گرتبێتە دەست تا ئەو جێگای رێگەی پێدراوە، منیش گوتم: "تۆش ئەمە دەزانی، ئەو ئاژەڵانە چییان دەوێت؟". بە دڵنیاییەوە بەڕێزم، ئەمە لای هەموو کەسێک ئاشکرایە، لەوەتەی عەرەب هەیە ئەم مەقەستە لەم بیابانەدا دەسوڕێت و تا کۆتایش هەر لەگەڵماندا دەسوڕێت. هەر ئەوروپاییەک لێرەوە تێدەپەڕێت، ئەم مەقەستەی بۆ کاری گەورە پێشنیار دەکەن و لای ئەوان هەر ئەوروپییەک شیاوی ئەو کارەیە بیکات، چ هیوایەکی گێلانەیان هەیە ئەم ئاژەڵانە، ئەوانە شێتن، هەر بەڕاستی شێتن لەبەر ئەمەیە خۆشمان دەوێن و لەجیاتی سەگەکانمانن، ئەمانە باشترن لەوەی تۆ هەتە، تەنها سەیربکە، ئەمشەو حوشترێک تۆپیوە و هێناومە بۆ ئێرە.

لەوکاتەدا چوارکەس لاشە قورسەکەیان لای ئێمە فڕێدا، چەقەڵەکان، کە لەدوورەوە کەوتبوون دەنگیان لێ بەرزبووەوە، بۆنی لاشەکە وەک ئەوەی سیحری لێکردبن یەکە یەکە بەسکەخشە بەرەو لای ئێمە دەهاتن. عەرەب و رق و کینەیان بیرچووبوو، یەکێکیان خۆی گەیاندە لاشەکە و رەگی ملی دۆزییەوە و قەپاڵیکی لێگرت وەک ئەوەی بیەوێت بە پەمپێکی بچووک ئاگرێکی بێهیوا بکوژێنێتەوە، هەریەکەیان لەلایەکەوە بە مەبەستی هەمان کار بەشێوەیەک کەوتنە سەر کەلاکەکە، کێوێکیان دروستکردبوو.

رابەری عەرەبەکان بە هێزی خۆی قامچییەکەی بەسەریاندا راوەشاند،

سەریان بەرزکردەوە وەک نیمچە سەرخۆشێک، بینیان عەرەبەکە لەبەردەمیاندا وەستاوە، تێگەیشتن ئێستا قەمچییەکە بەر لمۆزیان دەکەوێت، بۆیە گەڕانەوە دواوە و هەڵاتن، بەڵام خوێنی حوشترە رژاوەکە جێگەی پێکەنین بوو، بۆنی ئەو ناوەی گرتبوو، کەلاکەکە لە چەندین شوێنەوە کونکرابوو، ئەوان نەیانتوانی زیاتر چاوەڕوان بن، بۆیە دیسانە گەڕانەوە سەر کەلاکەکە، عەرەبەکە قامچییەکەی بەرزکردەوە، منیش قۆڵیم گرت، گوتی: "تۆ لەسەر هەقی بەڕێزم" لێیان گەڕێین لەسەر پیشەکەیان بەردەوام بن، ئێستا کاتی رۆشتنە، خۆ بە چاوی خۆت بینیتن، چەند ئاژەڵێکی سەیرن، وا نییە؟ چەند رقیشیان لە ئێمەیە.

**سەرچاوە:**

Schakale und Araber- Franz Kafka

# ژنێک لە شاری کۆرک



و. لە فارسییەوە: کاوە گوڵکار

(١)

ئارت بێکت تەپڵەکێکی کورتی بۆ دانیشتن لە پشت کورسی شەرابەکە هەڵبژارد، لەبەرئەوەی قژی مەیلەو سوور و روخسار پڕ لە ئاوڵە بوو، هەر لە تافی لاوییەوە حەزی لە جێگەی تاریک بوو.

هەرچەند کە شەرمی لە روخساری خۆی نەدەکرد، بەڵام بەپێی عادەتی کۆن تازە راهاتبوو.

خزمەتکارەکەی بەباشی دەیزانی حەزی لە چییە، هەربۆیە چەند لەت گۆشتی بەراز و بتڵێ بیرەی ئیرلەندی رەش و خەستی قیرئاسای بۆ دانا.

ئارت پرسی: جیمی، کەس نەهات بۆ لام؟

خزمەتکار وتی: نا، هیچ کەس. هەر لەو کاتەدا کە سەری چەمابووەوە بۆ خاوێنکردنەوەی کێردەکە، وتی:

-ئێستا دەتوانین ئێوە لە شوێنێکی تر ببینینەوە.

ئارت وەڵامێکی نەدایەوە. قومێکی لە گێلاسە سوورەکە خواردەوە و بە ئەسپایی وتی:

-بەڵێ، دەتوانن...

چاوێکی بە ژێر زەمینە بچووکەکەدا خشاند پڕ بوو لە بەرمیلی شەرابی (پۆرتۆ). هەر لەم مەیخانەدا، دەیان کۆبوونەوە بۆ کوشتنی سەربازانی جۆرج،

پاشای بەریتانیا کرابوو. هەرچەند ئەو دەمانە کەسێک ئارت بێکتی نەدەناسی چونکە ئەو بە بەردەوامی خەریکی هێرش و راکەڕاکە بوو. ئەم ژێر زەوییەی تەنیا جێیەک بوو کە هاوکارە بەوەفاکانی جار جار دەیانتوانی بیبینن.

بەڵام ئەمڕۆ کە «مایکل کالنیز michaeel»، هەروەها «والرا valera»ی سەرەو ئاشتی نەویست لەگەڵ بەریتانیادا سازیان هاتبوو، ئەویش بەبێ ترس لە شەقامەکانی شاری کۆرک cork پیاسەی دەکرد و جلوبەرگی تایبەتی چەکدارانی دەسەڵاتی ئازادی ئیرلەندی بەڕەسمی لەبەر کردبوو.

لەژێر لێوەوە دووپاتی کردەوە: بەڵێ، دەتوانن...

چاوە وردبینەکانی بڕییە چاوی خزمەتکارەکەی. جیمی ئەم قسەیەی بێ هۆ نەوتبوو: ئارت ئەوی بەباشی دەناسی، چونکە هەردووکیان، شانبەشانی یەکتر لەگەڵ حکومەتی ئیمپراتۆریا بەشەڕ هاتبوون و فیشەکە هاودەنگەکانیان سنگی دەیان بەریتانی هەڵتەکاندبوو. جیمی هیچ کات لەخۆوە قسەی نەدەکرد، چونکە حەزی نەدەکرد لەخۆوە شتێ بڵێت و پێی خۆش بوو لەبری ئەمانە خۆی بە خوێندنەوەی کتێبە بچووکەکەی ئینجیل خەریک بکات، کە هەموو لاپەڕەکانی نووشتاندبووەوە. رەنگە هەر ئەو کتێبەش بووبێت کە لە گیرفانی چاکەتە کرێکارییەکەیدا هەڵئاوسابوو و بێکت چاوی تێبڕیبوو.

بشێ ئێستا ئەم خزمەتکارە لاواز و بێدەنگە سەر بەکام لایان بێت؟ والێرا، یاخود کالنیز؟

دوای ئاشتی و سەقامگیری، بەبێ هیچ قسەیەک دەستی کردبووەوە بە ئیشەکەی خۆی. هەرچەند تفەنگەکەی دەنگی خۆی ئاوێتەی دەنگی تفەنگی کۆماریخوازەکان دەکرد، کە لەگەڵ دەوڵەتی ئازادی ئێرلەند شەڕیان دەکرد. تۆ بڵێی شەوان، لە شاخ و کێوەکان لەگەڵ ئەوان بوو، یاخود سیخوڕیی بۆ دەکردن؟

خەمێکی تفت و تاڵتر لەو مەشروبەی لە پێکەکەیدا بوو، ملی پێ دانەواند. چەندین برادەرمان ئێستا دوژمنی خوێنی مامت و سەری ئەم پەتی براکوژییە، بڵێی لەدەست کێدا بێت؟

لەناکاو فکرێ بە یادی هات و ناوشانی پانوپۆڕی کەوتە لەرینەوە: رەنگە جیمی بە قازانجی ((دەوڵەتی ئازادی)) سیخوری دەکات، ئارت بەجوانی دەیزانی کە تۆڕی ئیستخبارات لە کاتی شەڕ لەگەڵ بەریتانیا چ ئەندازە نهێنی و دوروودرێژ و پڕ لە وردەکاریی بوو. ((دەوڵەتی ئازادی)) ئەوانەی لەبیر نەکردبوو، بەڵکو بە وردی و بە توندی ئیدامەی پێ دەدا. رەنگە جمیی پیاوی ((ئان)) بێت، بەڵام ئەگەر وابێت ((ئان)) وەعدی هاتنی دابوو...

دوو زەلام چوونە ژوورەوە، لە روخساریان ئازار و خەفەتی رۆژانەیان دیار بوو. لای شوێنی خواردنەوەکە پاڵیان داوە و هەرکام پەرداخێک ویسکی بەدەستەوە و بەئەسپایی قسەیان دەکرد. پاشان چەند کەس و بە شوێن ئەوانیشدا چەند نەفەری دیکە خۆیان کرد بەژووردا.

جیمی بە بیانووی گۆڕینی دەورییەکە بەرەو لای بێکت رۆیی و بەئەسپایی وتی:

-وەرە لەگەڵم.

ئارت داچڵەکا و نەختێک سەری بردە دواوە. خزمەتکارە سەرلەنوێ بە ئارامی و بە عەسابێکی ساردەوە وتی:

-وەرە لەگەڵم. لەناو ئەم ئیزدحامەدا ناتوانیت ماری ببینیت.

بێکت وەکو ئامێرێکی ئۆتۆماتیکی هەستایە سەر پێ. جیمی ئاگای لێ نەبوو. کەوابوو کێشەکە چارەسەر کرابوو: جیمی شۆڕشگێڕ بوو، هەرچەند بێکت حسابی دوژمنی بۆ دەکرد، بەڵام هەستی بە ئاسودەگی کرد: ماری پێوە نابێت. دوای ئەم قسەیە لە سینەی پان و بەرینیدا، لە میهرەبانەکەی کەوتە خورپە.

جیمی بە خێرایی چاوێکی بە ئارەقخۆرەکاندا گێڕا. هەرکەس بەسەر جامی شەرابی قاوەیی خۆیدا چەمابووەوە و لەناو دڵی جامەکەیدا، هەڵفڕینی قورسی خەونە لەدەستچووەکانی خۆی سەیر دەکرد.

خزمەتکار دەرگای ژوورێکی تاریک، کە تایبەت بوو بە خواردنەوە و بتڵە خاڵییەکانیان تێدا دانابوو، کردەوە. بێکت چووە ژوورەوە. دەستی لە گیرفانیا، پشت بە دیوارەکە، بێ جووڵە راوەستا.

دڵەڕاوکە نەیدەتوانی باڵای بەرزی بگوشێت. هێندە بە چاوەڕوانی راهاتبوو کە هیچ هەستێک نەیدەتوانی بێتاقەتی بکات.

دەیان سەعات، چەک بەدەست، لە چاڵی دڕکاویی و بەرپەنجەرە و لەنێوان دوو تاشەبەرد، بۆسەی دانابوو. ماسوولکەکانی راهاتبوون و جۆرێک نەرمونیانی فۆسلی بەردینەی ئاژەڵە راوچییەکانی لەکاتی راودا پێ بەخشیبوون. ئەمڕۆکە لە جێگەی رق، مەبەستی لەم چاوەڕوانییە خۆشەویستی بوو. لێ ئەمە هیچی لە توانای ئۆتۆماتیکی ئۆقرەی کەم نەدەکردەوە. هەروەها لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەر هاندەرێک، تەنانەت پێش لەوەی دەنگیان ببیستێ، یان بۆنیان بکات، شەپۆلێکی لەناکاو ئەعسابی تێکدەدا. لەم سەعاتەشدا هەستێکی نەناسراو ئاگاداری دەکردەوە کە چاوەڕوانی عاشقانە کۆتایی پێ هاتووە.

هێشتا نەجووڵابوو کە دەرگاکە کرایەوە، بۆ چرکەیەک، سێبەری ژنێکی

قەدبارێک لە چوارچێوەی ڕووناکی دەرگاکە وەدەرکەوت و جارێکیتر تاریکییەکی تۆخ هەموو شوێنێکی داپۆشی.

ژنەکە لە تەنیشتییەوە بوو. بێدەنگی ئەوان درێژەی کێشا. پیاو هەستی نە بە هەنسکە هەنسکەی ژنەکە دەکرد لە تاریکیدا. لەئاکامدا لەژێر لێوەوە، وتی:

-ماری.

ژن وەڵامی نەدایەوە، بەڵام پیاوەکە لە خشەخشەکەی زانی کە ژنەکە دەجووڵێت. ئایا ئەو دەیویست لێی نزیکبێتەوە، یان بەپێچەوانەوە؟ دەستی بەبێ ئیختیار درێژکردەوە. پەنجەی بەر پارچەیەکی زبر کەوت و هەستی کرد شانەیەک لەژێریدا دەلەرێتەوە. ناسییەوە. ئارت هەستی بەداهێزران کرد.

دەتوت خوێن لەبەری ڕۆیشتووە. ژنە نەدەجولا، بەڵام پیاوەکە هەستی بە لەرینەوەی لێوی ئەو دەکرد کە دوعای دەخوێند.

هەر ئەوکاتە سەرە گێژەکەی بێکت دوایی پێهات. بەدڵ گوێی گرتبوو و لەخۆڕا هەوڵی دەدا تا لە وشەکانی ماری تێبگات. چیدی تەحەمولی نەکرد و وتی:

-بۆ دوعا دەخوێنی؟

دەنگێک هاتە گوێ. ئەوەندە ناسیاو بوو کە ئارت لە خۆشییاندا موچڕکەیەکی پێدا هات و دووبارە بێتاقەت بوو. دەنگەکە وتی:

-بۆئەوەی ئەم کۆتاییەی ئێمە دوایی پێ بێت.

دەستی بێکت کەوتە لەرزین، ویستی شانی بگوشێت و لە کۆتاییدا ماری لەئامێز بگرێت، بەڵام دەنگە وتی:

-داوا لە خودا دەکەم ئەو ئەرکە حەقیقییە کە ئیرلەند بە ئێوەی سپاردووە، پێتان پیشان بدات.

ئەو دەمە بێکت، لە شیرینی منداڵانەی ئەم قسەیەدا، هەستی بەجۆرێک توڕەیی و ئیرادەی سەرکەوتووانە کرد و شادی کەمخایەنەکەی جێگەی خۆی دا بە دۆشدامانێکی بێ ئەندازە.

کەوابوو ماری نەک بۆ پەشیمان بوونەوە، بەڵکو بۆ تازەکردنەوەی بەڵێنی شەڕیماڵوێرانکەر هاتبوو.

هەر لە یەکەم وشەکاندا، ئەم لێکدابڕانە شوومە ئاشکرا بوو، لەئاکامدا پیاوەکە وتی:

-ئەرکی من...

بەڵام درێژەی پێ نەدا، بێدەنگ بوو، ئێستاکە نە ئەو ڕای گۆڕابوو، نە ئەم، پاش دە مانگ لێکدابڕان، کە زۆرجار بێ ئاکام بوو، چ قازانجێکی بوو؟ بێکت

لایەنگری کالینز بوو، ماری سەر بە والێرا.

هیچ شتێک، تەنانەت دەیان ساڵ ژیانی هاوبەشی و تەنانەت بوونی منداڵ نەیتوانیبوو رای دژبەیەکی ئەوان لێک نزیک بکاتەوە، ماری حەزی دەکرد لە شوێن ژینی پڕ مەترسی ئەوکەسانە بکەوێت، کە بۆ ئازادی تەواوی ئیرلەندا هەوڵیاندەدا و ئامادە بوون هەموو شتێکی خۆیان بدەن بۆ ئەوەی ئیرلەند بەئازادی بگات. بێکت سەرەڕای خۆشەویستی بۆ ژنەکەی، خۆشەویستییەکی بەردەوام و سووتێنەر و بێدەنگ، نەیتوانیبوو خۆی یەکلایی بکاتەوە، ئەو پێی وابوو بۆ بەدیهێنانی مەبەستی ئیرلەند، چەک هەڵگرتن شووم بوو.

بێکت هەستی دەکرد تاریکیی نێوانیان چڕ و قورستر دەبێت، وەک دیوارێک هەستی پێدەکرا، ئەم هەستە وای گرۆڵە کردبوو، کە تەنانەت لە بیری چوو لە ماری بپرسێت مەبەستی لەم چاوپێکەوتنە چییە؟

ئومێدی وردوخاشبووی نە ئیرادەیەکی بۆ هێشتبووەوە، نە هەوەسێک. هەستی دەکرد بە زەحمەت هەناسە دەکێشێت و دەستی بەناو چاویدا هێنا.

ماری نەدەجولا... ئەگەر ئەو قورساییەی سینەی بێکتی دەگوشا، نەبووایە، دەیتوانی قەناعەت بکات کە هێشتا چاوەڕوانی مارییە، ئەوەندە هەستی بەتەنیایی دەکرد کە بۆ رەوانەوەی ئەم داڵغەچوونە گوێی هەڵخستبوو بۆ ئەو دەنگانەی لە ناوییەوە دەهاتن.

یەکێک دەیوت: سێ لیرە لە هەفتەیەدا بەشی من ناکات.

دەنگێکی گڕ بە نیشانەی رازی بوون و تەسلیم بوون وەڵامی دایەوە: هەر ئەوەش بۆ کاتی بێکاریی باشە.

-کەوابوو نەقابە چی دەکات؟

باس و گفتوگۆ بە بەڵگەو بێ بەڵگە، بەڵام بە بڕوایەکی تەواوەوە لەسەرخۆ ئیدامەی بوو. بێکت لەم دووبارەکردنەوەیە داهێزرابوو، بەڵام دەنگەکان کپبوون. یەکێک نرخی خواردنەوەی پرسی و زرینگەی پارەکەی سەر مێزەکەی بێکتی ئاگادارکردەوە. کاتێ هەستی کرد پاش دابڕانێکی درێژخایەن، ئێستاکە ماری لە تەنیشتییەتی و توانیبووی خۆی لە دەنگەدەنگ و ژاوەژاوی کرێکارانی نەناسراوی سەرخۆش لە ویسکی و جن ون بکات. دڵی بۆ چارەنووسی خۆی دەسووتا و بوغز گەرووی دەگوشی.

هاوکات ترسێکی کەم بەسەریدا زاڵ ببوو. ترس لەوەی کە ئەم کاتە بەنرخانە لەبری ئەوەی لەگەڵ ماریدا بەسەری بەرێت، لەم بێدەنگییەدا بەفیڕۆ دەچوون. دەبوو بە باشترین شێوە لەم ساتەوەختانە کەڵک وەربگرێت و لێوانلێویان بکات

لە بیرەوەریی و هەتا هەتایە فەرامۆششیان نەکات.

پەلە بۆ قسەکردن، گوێگرتن، ژیانی هاوبەش زاڵ بوو بەسەریدا، بەڵام چی بڵێت؟ چۆن وتووێژێک دەست پێ بکات کە هەر وشەیەکی گرنگ و لەجێی خۆی بێت؟ بۆ یەکەم جار هەستی کرد ناتوانێت ئەم بارە سووک بکات و ئەو هێرشانەی بەکاری دەهێنا بەس نەبوون بۆ ئەوەی دڵێکی پڕ بوو لە خۆشەویستی و ئازار و شادییەکی خەمبار، بێنێتە قسە.

بەڵام ماری لەم داڵغەیە رزگاری کرد و پرسی:

منداڵەکە چۆنە؟

لە وەڵامدانەوە بەو دەنگەی کە بۆ کاتێک لە بیستنی بێهیوا بوو، خۆشحاڵ بوو و بەپەلە وتی:

-زۆرباشە خۆشەویستم. بەردەوام بیر لە تۆ دەکاتەوە و لێت دەپرسێت.

پێکەنی و ماری هەستی کرد سەریشی جوڵاند. ئەو هەموو هەڵسوکەوتێکی مێردەکەی بە باشی لەبەربوو.

لە ئیدامەی قسەکەیدا وتی:

-وابزانم وەک هەمیشە، جرالد تۆی لە من خۆشتردەوێت.

-بەڕاستە؟

-دەنگی کەوتە لەرینەوە، بێکت سەرەڕای تاریکی زانی کە پێڵووی چاوی ماری وەکو هەمیشە کە دەیویست، هەستێکی شیرین و بەتام بشارێتەوە، بەخێرایی لێک دەدرێن.

بەبێ ئەوەی خۆیان ئاگاداربن ئەم رۆچوونە لە گیانی یەکتر نووقمی خۆشەویستی و خۆ لەبیرکردنەوەیان دەکرد.

ماری ئەو ساڵانەی کە پێکەوە بەسیقە و دڵنیایی بەیەکتر ژیابوون، وای لێکردبوو هەر گۆڕانکارییەک لە روخسار و حاڵەتی جەستەییدا بناسێتەوە و خۆشی بوێت و سەرلەنوێ لە بیرەوەرییەکانیدا زیندووی بکاتەوە.

لەناکاو ماری خۆی لە ئامێزی بێکتدا بینییەوە. بشێ پیاوەکە رایکێشابێت، یان خۆی لێی نزیک ببووەوە؟ هیچکامیان نەیاندەزانی. لێ پیاوەکە هەستی بە قورسایی سەری دەکرد لەسەر شانی، هەربۆیە بە پەنجە دەستی پێدادێنا و جومگە و پێستە قڵیشاوەکەی دەناسییەوە.

تیشکێکی خێرا و تیژ دای لە چاویان. جیمی بەبێ ئەوەی سەیر بکات، یان ئاگای لە خۆشەویستییەکەی بێت. وتی:

-چیدی کەس نەماوەتەوە. تا ئەوانی تر نەهاتوون زووتر بڕۆ.

لە شەقام باران نمەنمە دەباریت و هەوا مژاویی بوو. تنۆکی باران دەیدا لەسەر ئاوی چەمەکە و بازنەی دروست دەکرد و ئارت و ماری بەتەنیشتیدا تێدەپەڕین. سپێدە، مژو و هالاوی زەریای تا ئاستی دارتێلە رووتەکان هێنابووە خوارەوەو کەشتییەکان بەدەم شەپۆلەوە لە پارچەی تەختە و داری بریسکەدار دەچوون.

بێکت دەستی خستە دەوری کەمەری ژنەکەی. چەند ناسک و نەرم و شل بوو بەو ئەندازەیە هێزی لەو دەسەند و ئەو ئیحساسەی کە لێ لێوانلێو بوو لەخزمەتی خۆیدا بەکاری دەهێنا. بێ قسە رێیان دەکرد. هەردووکیان خۆشحاڵ بوون، بەلام لە دڵەوە دەترسان کە قسەیەک بێتە ئاراوە و ئەم خۆشییە خۆشدار بکات. ئەو بەختەوەرییەی کە ئەوانی لە بەرامبەر سەرما و باران و خەونە دژ بە یەکەکانیان، دەیانپاراست.

پەژارەیەکی قورس سێبەری خستبووە سەر شار. تاک و تەرا، رێبوارانێک بە دۆخەکەدا تێدەپەڕین.

خانووە بچووک و کۆنەکان، هێشتا شوێنی برینی شەڕە ناوخۆییەکانیان پێوە مابوو. جامخانەکان کە بە قۆناغە تفەنگ شکێنرابوون، بە تەختە پینە کرابوون و شوێنەواری فیشەک لەسەر دیوارە رووتەڵەکانییەوە دیار بوو. لە سووچ و قوژبنەکاندا، سواڵکەرەکان بەپێی پەتی قوڕیان دەشێلا. چەم هێدی و خەمبار رێی دەکرد و بارانی رەشی ژەنگاوی بەسەر کۆلان و خانوو و خەڵکی هەژاردا دەباراند، بەلام بێکت و ماری هەستیان بەم ناشرینی و دڵگوشراوییە نەدەکرد. هەموو تەمەنیان لەم شارەدا بەسەر بردبوو. لایان وا بوو کە شارێک نییە بەجوانیی و پاکیی شاری کۆرک، قەڵای ئازادی ئیرلەند و حەشارگەی ماندوویەتی و تێکۆشان و خەبات و ئیمان.

کاتێک گەیشتنە بەر پردی تەنیشت بینای شارەوانی، کۆمەڵێک منداڵ بە قیژە و واژ سەر رێگاکەیان لێگرتن، ئەوانە بە چەشنێ رایان دەکرد کە هەستت دەکرد مەترسییەکی گەورە بە شوێنیانەوەیە، ئەوانەش بە جلوبەرگی شڕەوە، تاوناتاوێک لەژێر رووناکی کەمی شەودا پێستە رەشەکانیان دەر دەکەوت، بەپێی خاوس و بەنجکراو بەسەر خشتی شۆستەکاندا دەرۆیشتن. گشتیان کاغەز تازە لە چاپەرچووەکانیان رادەوەشاند، بە دەنگێکی زیق و گوێ ئازاردەر مانشێتی رۆژنامەکانیان دەخوێندەوە، تا چاویان بەم ژن و پیاوە کەوت بە غەڵبەغەڵب هێرشیان بۆ هێنان.

بێکت، سەرەڕای ئەوەی پەنجەکانی لەگۆ کەوتبوون و شین هەڵگەڕابوون،

به پێکەنینەوە بەناو ئەم خزمە بچووک و جاڕدەر و دڵخۆشانەدا تێدەپەڕین و دەیویست خۆیان دەرباز بکەن، بەڵام منداڵەکان لاسار و چاونەترس، بە پاڕانەوە وەک گێژەڵووکە راپێچیان دەکردن.

بەڵام ئارت سەرەڕای ئەمانە، نەیدەویست تەسلیم ببێت. غەریزەی بەختەوەریی رێی پێ نەدەدا رۆژنامەیەک بکڕێت، چونکە لاپەڕەکان پڕبوون لە ناوی مردووەکان، کە هەندێکیان برادەری خۆی، یاخود ژنەکەی بوون. ماری لەو نەفرەت و بێزارییەی تێدەگەیشت و دەیویست بە هەر کلوجێک خۆی لەدەست ئەم فرۆشیارە لاسارانە رزگار بکات، بەڵام منداڵێک کە چاکەتە عەسکەرییەکەی بێکتی بینی، سووچێکی چاکەتەکەی گرت و بە دەنگێکی لەرزۆک و بە هەنسکەهەنسکەوە هاواری دەکرد:

-بەڕێز مولازم رۆژنامەیەکم لێ بکڕە. باوکم بە دەستی ئەم شۆڕشگێڕە لەعنەتییانە کوژراوە.

ماری بەهێواشی وتی:

-پارەی رۆژنامەکەی بدەرێ.

بێکت هەستی کرد ژنەکەشی وەک خۆی دالغەی لای منداڵەکەی خۆیان بوو.

(٢)

هەرکە ماری چووە ژووری کەوشکەندنەکە، ئارت لەپڕ بیری هاتەوە کە بەتەواوی نەیدیوە، چونکە رەشیی شەو هێڵەکانی روخساری داپۆشیبوو. چووە دواوە تا باشتر لێی بڕوانێت، بەڵام ماری لەو تیشکە زۆرە وڕمابوو. ئەوەندە دالغەی زۆربوو کە نەدەجوولا، تەنیا دەستەکانی تا ئاستی سینگی هەڵهێنابوو.

بارانییەکی خۆڵەمیشی مەچەکی پێی لاوازی داپۆشیبوو و کڵاوە خورییە مەیلەو رەشەکەی تا سەر برۆکانی گرتبووەوە. بێکت ئەمانەی باش دەناسی. دەمێک ساڵ بوو ماری ئەم پاڵتاو و کڵاوەی بەکاردەهێنا. بێ ئەوەی بیر لە کڕینی شتێکی تازە بکاتەوە، یاخود گلە و گازندەیەکی هەبێت. روخساری ماری لەنێوان یەخەی شێداری پاڵتاو و لێواری وەرگەڕاوەی کڵاوەکەی نەگۆڕابوو: لێوی وشک هەڵاتوو و میهرەبان، روخساری ئارایش نەکراوی و سیمای رەنگبزرکاوی لەگەڵ قووڵایی چاوەکانیدا، هەر ئەو سۆز و نیگا بێ فرتوفێڵەی جارانی پێوە دیاربوو. هەر ئەو روخسارە مات و داهێزراوەی کە بێکت لەگیانی خۆشتر دەویست و لە بەرامبەریدا وەکو ئەوەی سەیری سیما و جەستەی پێغەمبەران و هەڵبژێردراوەکانی خوادا بکەیت، جۆرێک ترس و قەلەقی ئاوێنە بەسۆز لێی

دەنیشت.
وەکو هەمیشە لە دیتنی شانە پانوپۆڕ و قژە سوور و دەستە زلەکان و دەنگە بۆرەکەی خۆی، بێ ئیختیاری هەستێکی ناخۆشی لا دروست دەکرد.
ماری هەر بە نیگای یەکەم و دیتنی ئەوەی کە ناشییانە لە ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکات، زانی کە سەرلەنوێ رام و کەوی بووە و تەنیا بیر لەوە دەکاتەوە کە چۆن دڵی ژنەکەی رابگرێت، هەربۆیە بە عوزرێکی منداڵانەوە بە پێکەنینەوە لەسەرخۆ، وتی:
-ئارت، تۆ منت ماچ نەکرد.
هەرکە بێکت لێوەکانی بردە پێشەوە، هەستی کرد کە گۆنای ژنەکەی ناسکیی جارانی نەماوە، پێستی روخساری زبر و وشک بوو، قەڵەشی ورد وردی پێوە دیار بوو، سەرەڕای ئەمانەش دوو چینی تازەی نائاشنا کە تووڕەیی پێوە دیار بوو، لەم سەروسەری دەمییەوە بە ئاسانی دەبینران. لە قوڵایی دڵییەوە بەزەیی پێداهاتەوە و بەپێچەوانەی حەزی خۆی وتی:
-ژیان لە کوێستاندا بۆ ژنان زەحمەتە.
بەڵام ماری گوێی نەدایە. لە قادرمەکانەوە بە ئەسپایی دەنگی پێیەک هات. لەژێر لێوەوە وتی:
-لام وابێت جرالد بێ؟
-لە قوتابخانە گەڕاوەتەوە. خۆتان بشارنەوە. لەناکاو بتانبینێت رادەچڵەکێت. لێگەڕێن من لەسەرخۆ ئامادەی دەکەم.
خانووەکەیان دوو ژووری لە تەنیشت یەکەوە بوو. ماری بە خێرایی چووە پاشخانەکەوە، ئەوەندە دالْغەی دیتنی کوڕەکەی بوو، کە نەیتوانی ئەشیای هەوێشخانەکە ببینێت. جیڕەی کردنەوەی دەرگا و چپەچپێک و بەدوایدا هاوارێک و تا لای کردەوە، کوڕە دەساڵەکەی، دەم بە پێکەنین و ناوناوەش چاو بە گریانەوە لە باوەشیدا بوو.
-دایە، دایە تۆ زۆر لە دووبلین مایتەوە...
ماری کە بریسکەی چاوی دەهات، چاوی بڕییە ئارت.
پیاوەکە لەبەر خۆیەوە وتی: نەموێرا باسی بکەم.
ماری بەدەم بیرکردنەوەوە دەستی بە قژی کوڕەکەیدا دەهێنا و بە سۆز و رووخۆشییەکی تەواوە وتی:
-جیرالد من نەڕۆشتبووم بۆ دووبلین. باوکت بۆ ئەوەی تۆ نەترسی، حەقیقەتی پێت نەوتوە، هەرچەند من دڵنیام تۆ ئەوەندە گەورە بوویت، عەقڵت پێی دەشکێ

کە شتەکان ببینیت.

منداڵەکە وەکو لەژێر کاریگەریی ئەم دەنگە سادە و شکۆمەندە تەسلیم کرابێت، چاوە زیتەڵ و جوانەکانی بڕیبووە ماری. بێکت روو بە ژنەکەی کەوتە جووڵە، ماری بە هەڵهێنانی دەستی، لەو شوێنە وەستاندی.

-ئێوە مافی ئەوەتان نییە حەقیقەت بشارنەوە، نا مافی ئەوەتان نییە.

ئینجا رووی کردە کوڕەکەی و وتی:

-جیرالد من دە مانگە لەو شاخ و کێوانە خۆم شاردبووەوە و زەلامم دەکوشت بۆ ئەوەی ئێوە ببن بە رۆڵەی ئەو ئێرلەندەی کە تەنازوول بۆ پاشای بەریتانیا نەکەن.

روخساری پڕ لە پرسیاری منداڵەکە بریسکایەوە و کتوپڕ بە دەنگێکی بەرز وتی:

-کەوابوو تۆ برادەری باوکی هاوڕێکەم، پاتریک ئۆریهاڵی؟ نازانیت بابە پاتریک چ حیکایاتێکی بەتام و شیرین دەربارەی کۆماریخوازەکان دەگێڕێتەوە.

ئارت داچڵەکا. کەوابێت کۆڕەکەی هەموو شتێک دەزانێت؟ شەڕی ناوخۆ، کوشتنەکان، دڵڕەقی و بێ رەحمییەکان...؟ چۆن دەکرێت نەزانێت؟ ئەم شەڕە نەفرەت لێکراوە چووەتە ناو قوتابخانەکانیشەوە، بەڵام چ غەریزەیەکی نەناسراو بووە لەمپەر بۆ ئەوەی کوڕەکەی لەم بارەیەوە لەگەڵ باوکی قسە نەکات؟

ماری هەر بەو ناسکیی و شیرینییەی جاری یەکەم وەڵامیدایەوە؟

-راستە، ئۆریهالی لای ئێمەیە و دەیان کەسی دیکەش. جیرالد دەبێت نێوی ئەمانە فێر ببیت. ئەمانە قارەمانەکانی ئێمەن.

داوتر وەک ئەوەی کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەو ئازارەوە کە دەبوو بە هۆی گرژبوونی دەم وچاوی بێکت، کوتوپڕ وتی:

-وەرە ئەو دیارییەم بۆ هێناوی ببینە.

ئەوسا لە گیرفانی پاڵتاوەکەی قەوانە فیشەکێکی دەرهێنا و دای بە کوڕەکەی. کە لەسەر ئاسنەکەیدا، شێوەی سازێک هەڵکەندرابوو و لە پشتییەوە بە خەتێکی تێکەڵوپێکەڵ دوو پیت دەبینرا IR (کە کورتکراوەیIrish republic)، جیرالد نیازی بەوە نەبوو مانای ئەو پیتانەی بۆ لێکبدەنەوە. ئەو لە سەردەمی ئەو دەسەڵاتەدا لەدایک ببوو. ئەمە نیشانەی نەتەوەیەک بوو ((کۆماری ئیرلەندی)).

سەیری قەوانەکەی کرد، نووسراوەکانی ئەوەندەی قەوانەکە بەلایەوە سەرنجڕاکێش نەبوون، چونکە ئەم قەوانە، تفەنگ و شەڕ و تەقەمەنییان وەبیر دەهێنایەوە، کە سۆز و خۆشەویستی بەرامبەر بەو رووداوانە لە دڵی منداڵانی

وریا و بەئاگادا دروست دەکرد. رووی کردە بێکت و بەگەرمییەوە وتی:
-جوان نییە باوکە؟ پێشتر لەم شتانەت بۆ دەهێنام.

ئارت سەری داخست. دەتوت ئەمشەوە قسەیەکی کوڕەکەی لۆمەیەکی تێدایە. کەوتە یادی ئوردووەکان کە چۆن دەیان سەعات بۆ سەرقاڵیی، بەشێوەیەکی کرچ و کاڵانە لەسەر پێستی ناسکی سێ فیشەک، شتیان هەڵدەکۆڵی، لە کاتێکدا فیشەکەکانی تر لە قۆناغی تفەنگەکەدا لەسەرەدا بوون و چاوەڕێی هێزە ئینگلیزییەکان بوون. لەپڕ هەستی بە گەرمای سووتێنەری سارا کردو سینگی پڕ بوون لە بۆن و بەرامەی رووەکە بۆنخۆشەکانی سەر تاشەبەردە مۆرەکان، دەنگی گڕ و شادیهێنی هاوڕێ چاونەترسەکانی دەهاتە گوێ. دووبارە جیمی دەبینینەوە کە بەسەر کتێبی ئینجیلدا چەماوەتەوە و هێشتا لەپی دەستی بەهۆی دەسرپێژی زۆر و گەرمی لوولەی تفەنگەکەی بۆنی گۆشتی سووتاوی لێدەهات.

ئەو دەم، لەنێوان مەترسی و سەرما و گەرما، چ ژیانێکی خۆشی بوو. ناوبانگی ئەو ئازایەتی سەربازەکانی هەموو وڵاتی خستبووە لەرینەوە. لێ هەنووکە ئەو، واتە بێکتی قارەمان ئەرکی ئاسایی سەربازێکی لەئەستۆ بوو و بەشوێن کەسانێکدا دەگەڕا کە لەنێوانیاندا ژن و منداڵەکە بوونیان هەبوو.

دڵەڕاوکەیەک کە هۆکارەکەی سۆزی ئەوان بوو، لە خۆی دوور دەخستەوە. نا ئەمە شێتییە کە مرۆڤ داوای شتێکی زیادتر لەوە بکات کە لەتوانایدا نییە. ئینگلیز لە شتە بنەڕەتییەکاندا حازرە پاشەکشە بکات، بەڵام لەمە زیاتر تەنازوول ناکات. ئیدامەی ئەم شۆڕشە بە مانای فەوتاندنی سەرکەوتنێکە کە بەخوێنی هەزاران گەنج دەستمان کەوتووە. ئیرلەندی بێ هێز و لەپێکەوتوو، نیازی بە وەلانانی شەڕە. بەرگریی لە سوڵحی کالینز پێویستی بە ئازایەتی و لەخۆبووردەیەکی زیاترە تا لایەنگری کردن  لە مامڵەی  والێرا.

ئەم وتووێژە لە مێشکیدا، تەنانەت ماسولکەکانی روخساری چوارگۆشەی بێکتی نەخستە لەرینەوە. لێ ماری ئەو پرسیارانەی لە چاویدا دەخوێندەوە وەکو زووعفێک لێی ئاگادار کردەوە. دەستی لەسەر شانی کوڕەکەی دانابوو، بڵێی بیەوێت بێدەنگی بکات.

بە چاوەڕوانییەکی پڕ لە دڵەڕاوکێ هەموو جووڵەیەکی مێردەکەی لەبەر چاو دەگرت. لای ئەو هیچ ئەمرێک بەبێ ئیرادەی خوا نەدەکرا، هەربۆیە دوعایەکی بەسۆزی لە گەرووەدا خوێند، تا مێردەکەی بۆ رێگەی راست، خودا هیدایەتی بکات. لێ بێکت بە ساردوسڕییەکەوە وتی:
-جیرالد، ئەم یارییە جوانە، بەڵام شوومە. خودا بکات چیدی لەم ماڵەدا بەم

شتانە یاریی نەکرێت. قەوانەکە بنێرە لاوە.

منداڵەکە بێ حەزی خۆی ئیشەکەی کرد.

چرچ و لۆچی ئەملاولای دەمی ماری قووڵتربوونەوە. خودا نەیویستبوو دوعاکەی گیرا بێت، لێ ئەو ورەی دوو ئەوەندە بەرز دەکردەوە. ئارت لە مانای ئەم چرچ و لۆچانەی دەمی تێدەگەیشت و بریسکەی تووڕەیی چاوەکانی ماری بینی. نائومێدیی و یاخیگەریی ژنەکەی دەبینی و هەستی کرد خۆی بۆ وەڵامێکی قورس ئامادە دەکات.

بەڵام هەوڵی نەدا بەرگریی لێ بکات. لەو روانینە جۆرێک پاڕانەوەی بەدی کرد و بەئاشکرا وەها باسی منداڵەکەی کە هیچی لە کێشەی ئەوان نەدەزانی، کرد، کە ماری دڵی نەرم بوو.

ئێستا کە ئەرکی خۆی جیبەجێ کردبوو و رێگەی خۆشەویستی و ئیمانی بە جیراڵد پیشان دابوو، ئێستاکە بەڵێن وابوو تاچەند کاتژمێرێکی تر، بچێتەوە سەر شاخەبەرزەکانی پارێزەری شاری کۆرک و بە بڕوایەکی پتەوتر لە جاران بچێتە ریزی شۆڕشەوە، بۆ ئەم شەوە کورتە نەقوازێتەوە و لە تەنیشت مێردەکەی نەبێت و لەبەر گەرمیی خۆشەویستی منداڵەکەی چێژ لەم شەوە وەرنەگرێت، ئەو شەوەی کە رەنگە چیدی دووبارە نەبێتەوە.

قەیتانی کڵاوەکەی کردەوە. کەزیەی تەڕ و زەردی رژایە سەرشانی. قەمسەڵەکەی دەرهێنا. لەژێرەوە کراسێکی شینی کۆنی لەبەردابوو، کە سوور دەچووەوە و سەڕەرای ناشیرینی و درێژییەکەی، لەبەر ئەودا درێژترو بچووکتر دەینواند. بە خۆشییەوە وتی:

–ئارت. نانی ئێوارەمان بۆ بێنە. من و جیراڵد برسیمانە.

نانخواردن تەواو بوو. جیراڵد باسی سەرکەوتنەکانی خۆی دەکرد لە دەرس و یاریدا... لەبەرئەوەی دڵنیا بوو دایکی لە پشتییەتی و گوێ لە بچووکترین قسە و تۆنی دەنگەکەشی دەگرێت، بەم قرم و قاڵەوە درێژدادڕیی دەکرد و بڕانەوەی بۆ نەبوو. ماری فەخری پێو دەکرد کە لە خوێندن و یاریشدا سەرکەوتوو بووە، کە سەیری هەنیەی درێژ و مشتە قورسەکان و چاوەڕەشەکانی دەکرد کە لە سیمای (روخساری) رەنگ بزرکاویدا دەبریسکایەوە، شانازیی پێوە دەکرد. بە پێکەنینەوە سەیری خواردن راکێشانی ئارتی دەکرد و دەیوت.

–لە وەختێکەوە من لێرە نیم، قاپە لێوار شکاوەکانمان زیادی کردووە.

ئینجا بەدەم رۆشتنەوە چاوی لەو قاپ و قاچاخە سادانە دەکرد کە بە بەدبەختی و زەحمەت خڕی کردبوونەوە و پەنجە بەهێزەکانی هەموویانی

سواندبوو.

باسی ژیانی نوێیان دەکرد. بێکت بە کورتی باسی ئەو ئەرکانەی دەکرد کە لە ستادی شاری کۆرک پێی سپێردرابوو. ماریش تانوپۆی ژیانی خۆی لەو چەند مانگانەدا بۆ دەردەخست، شەوانی خەوزڕان، حەفتەی راوەدوونان، نەخەوتنی بەردەوام و شەڕە تاک و تەراکان، هەرچەند مەبەست لەم چالاکییانە پژاندنی تۆی مردن لە گرووپی بەرامبەردا بوو، بەلام بەبێ هەڵچوون و رق و کینە قسەیان دەکرد.

دەتوت شەوانە، پاش کاری رۆژانە لەبارەی کەسایەتییەکی شەریف دەدوان، جیراڵد بەتاسەوە گوێبیستی قسەکانی دایکی بوو و ئەم شتە بێکتی ئازار دەدا. بەلام نەی دەخستە سەر خۆی.

ئاگری شەڕێکی ناچاریی کە ئیرلەندی لە خاک و خوێن گەوزاندبوو، لە رۆحی کوڕەکەیدا کڵپەی دەهات و باوکیشی جگە لە بێدەنگیی و رازیبوون، چارێکی نەبوو.

بێدەنگییەکی قوڵ ژوورەکەی لەخۆ گرتبوو. مشەممای ژێر چرای سەر مێزەکە وەکو ئاوی بەستوو بریسەکەی دەهات. لەم پانتایە بچووکە، تاریکیی شەو چڕتر دەینواند، بەتایبەت کە گەورەی ماڵەکە بیری لەو هەڕەشە و مەترسییانە دەکردەوە کە لە کۆلان و دەشت بەڕێکەوت بەرەوڕووی ببنەوە. دەتوت زەمان لە شیرینی و ناسکیدا رۆچووە و بێجووڵە وەستاوە.

ماری لەبەر ماندوویەتی هەستی بە داهێزران دەکرد و هەندێ جار لە دوورەوە گوێی لە ژاوەژاوێ بوو کە لە دەنگی گرووپێکی ئامادە، یاخود ئۆردوویەک دەچوو کە لەژێر ئاسمانی پڕ لە ئەستێرە خەوتبێتن.

بەلام قسەخۆشەکانی بێکت و پێکەنینی جیراڵد خەبەریان دەکردەوە و بە دیتنی ژوورەکە و منداڵەکەی هەستی دەکرد شەوگار کش و بێدەنگە و ئینجا لە بیری دەچوو کە دەبێت خێراتر بچێتە دارستان و تفەنگە رۆنلێدراوە بە بریقە و باقەکەی هەڵبگرێت. ئەو تفەنگەی کە لە دەستی ناسکی ژنێکدا زبر و کوشندەتر پیشانی دەدا.

بێکت خەیاڵ هەڵیگرتبوو، کاتێک دەبینی ماری خەریکی کۆکردنەوەی قاپ و قاچاخ و سفرەکەیە، وایدەزانی چیتر لەم جیهانەدا، جگە لەم ژوورە داخراوە و بەختەوەریی خێزانەکەی، شتێکی دیکە بوونی نییە. لێ لە دەرەوەی ماڵەکە دەنگی زەنگی سەعاتێک هاتە گوێیان. هەردوو هەستیان کرد کە ئەم دەنگە نامۆیە تەلیسمەکەیانی شکاندووە. ماری بەچپە وتی:

-سەعات دەیە. ناتوانم زۆرتر بمێنمەوە. ڕێگەکەم دوورە.

جیراڵد داچڵەکا. لێ کە نیگای خەمباری دایکی بینی، خۆی ڕاگرت. سەری بردە پێشەوە و بێ ئەوەی تەماشای بێکت بکات، بەهێواشی و بەپەلە وتی:

-بڕۆ دایە بەم زووانە گەورە دەبم و دێم بۆ لاتان.

ماری پەنجەی کوڕەکەی بەتوندی گوشی و وتی:

-بەڵام پێش ڕۆیشتنم حەزدەکەم پێکەوە دوعای شەو بخوێنین و بتخەوێنم.

هەر کە قسەکەی تەواو بوو، دایان لە دەرگا تەنیشت قادرمەکان. ماری بە گورجی و بە دڵنیاییەوە قەمسەڵەکەی لەبەر کرد و کڵاوی نایە سەری. جەستەی لاوازی بەشێوەیەکی غەریزی بە شوێن ڕێگەی دەرچوواندا دەگەڕا. ئارت بەرامبەری وەستا و بە هێواشی و بە توڕەییەوە وتی:

-مەترسە. هێور بە. کەس نازانێت تۆ لێرەیت. بڕۆ ژوورەکەی جیراڵد تا جلوبەرگەکەی دەردەهێنیت، من بەجۆرێک بەڕێی دەکەم.

بێکت لەگەڵ کردنەوەی دەرگاکەدا وتی:

-هەلاو ڕاڵف، سەلام چۆنیت؟

ئەم پیاوەش جلی تفەنگدارەکانی دەوڵەتی ئازادی لەبەردابوو. سینگی بچووک و کورتەباڵا بوو.

لە ڕوخساریدا خواردنەوەی زۆر و فرتوفێڵ و هێزی ئیرادە هەست پێدەکرا. خزانە ژوورەکە و پرسی:

-ئارت، نەمخستییە ئەزیەتەوە؟

-نا، نا تەنیام کە لە دەرگەکەت دا خەریکبووم جیراڵدم لەسەر قەرەوێڵەکەی دەخەواند. بۆیە نەختێک درەنگ هاتم.

چوونە ژووری نانخواردن. لەسەر مێزەکە بتڵێک بیرەی ئیرلەندی لێبوو. بێکت پرسی:

-پەرداخێکت بۆ تێبکەم؟

-ویسکی باشترە. من زۆر ماندووم و نیازم بە قەمچییە.

هەردوو بەئارامی خواردیانەوە. ڕاڵف چاوی بڕییە هاوڕێکەی و بەدڵنیاییەوە وتی:

-ئارت. من دەزانم.

بێکت بەسەر خۆیدا زاڵ بوو. سەرەڕای هێز و توانا و ئەعسابی سارد، لەناکاو بە مشت دای بە ئەژنۆی خۆیدا و دەستی هەڵپێکا: ئەمن و ئاسایشی شاری کۆرک بە دەستی ڕاڵف بوو. بە دەنگێکی وشک و بۆرەوە پرسی:

-چی. چی دەزانیت؟

راڵف بزەیەک نیشتە سەر لێوی و وتی:

-بەهەزار زەحمەت و بەرەوڕووبوونەوەی مەترسی توانیم تێبگەم.

شەویلکەی کرژی بێکت کرایەوە و بە ئارامی بە خۆی وت: کەواتە باسی ماری نییە. بۆ پرسی:

-زۆر گرنگە؟

راڵف قومێکی تری خواردەوە، بۆئەوەی کاریگەریی زیاتری لەسەر دابنێ، وردە وردە و لەسەرخۆ وتی:

-دەزانم بەیانی شۆڕشگێڕەکان لەکوێ کۆدەبنەوە.

لەودیوی دیواری ژوورەکەی ماری منداڵەکەی بەجێهێشت. بەئاسانی و بەوردی قسەکانی دەبیست، بەڵام ئەم دێڕە ئەخیرە ئەوی تا پشت دەرگاکە پەلکێش کرد. سەری نا بە تەختەی دەرگاکەوە و گوێی هەڵخست.

جیراڵد کە لە بێدەنگیی تێدەگەیشت، بە ئاستەم هەناسەی دەدا و بەسەرسوڕمانەوە سەیری دایکی دەکرد.

هەموو هەڵسوکەوتی ئەوی بە چاوی قارەمانێک سەیر دەکرد.

راڵف بەگەرمی ئیدامەی بە قسەکانی داو وتی:

-بەڵێ، من دڵنیام.

بێکت لەناکاو سەیری دەرگای ژووری کوڕەکەی کرد. ترسی بینینی ماری، جێگەی خۆی دابوو بە ترسێکی تر. ژنەکەی بەهەرجۆرێ بێت دوژمن- لەوێدا بوو هەموو قسەکانی دەبیست.

بەڵام چۆن بەرگریی بکات تا ئەم رازە گرنگە نەدرکێنێت؟ چۆن رێگە لەم خیانەتە بگرێت؟

بە هاوڕێکەی وتبوو کە کەس لە ماڵەوە نییە. ئەگەر راستییەکەی ئاشکرا بکردایە، گومانێک دورست دەبوو کە ناچار بوو ماری رادەستی ئەوان بکات.

تروسکەیەک کەوتە دڵییەوە و وتی:

-وا چاکە لە شوێنێکی تر قسەبکەین. حەزناکەم جیراڵد گوێی لە قسەکانمان بێت.

راڵف شانی هەڵتەکاند و وتی:

-ئارتی خۆشەویست تۆ زیاد لەئەندازە دەترسیت. من ئەرکی خۆم باشتر دەزانم.

کوڕەکەت بەیانی هەر با قسە بکات تا ئەو کاتەی ئیشی ئێمە کۆتایی پێ

هاتووە.

ئینجا بەشێوەیەکی فەرمان بدات، وتی:

-گوێ بگرە هێزی مالبێل ئامادەن و بەیانی رێدەکەون، بەڵام توانای بەرگریی هێزی کۆماریخوازان نازانین چەندە. من ئەم هەواڵەم ئێستا پێگەیشت، تۆ بەم خەریتە (نەخشە)یەوە کە بۆم هێناویت، لە کێلارنی چاوەڕوانی عەقید دەکەیت. سەعاتی چوار ئۆتۆمبێلێک دێتە بەر بینای شارەوانی و ئێوە سەردەکەون.

ماری بە هێواشی وتی:

-دەمەوێت بنووسم. زووبە، زوو.

ئەوەندە هێواش قسەی کرد، کە کوڕەکەی بە ئیشارەت زانی چی دەوێت. بەپەلە لە جانتاکەی قەڵەم و کاغەزێکی بۆ هێنا. دایکی لێی وەرگرت. بەوردی تەسجیلێکی قسەکان کە بە ئاشکرا دەبیسترا، وەکو دەنگی ناقووس لە مێشکیدا دەنگیان دەدایەوە، بەپەلە دەینووسییەوە.

هەر کە دەنگی مێردەکەی بیست، کە وتی:

-بەسەرچاو جەنابی راڵف.

کاغەزەکەی خستە بەر بەرۆکی و جانتای کوڕەکەی داخست و داینا لە شوێنەکەی خۆی و چاوی بڕییە دەرگاکە.

دوای چەند چرکەیەک، بێکت هاتە بەردەرگای ژوورەکە. روخساری گرژ و مۆن، دەتوت لە پاش خەوێکی ناخۆش داچڵەکیوە. پاڵی دا بە دیوارەکەوە. پشت دەستی هێنا بە لێوە وشکەکانیدا.

لە کۆتاییدا سەری هەڵهێنا و وتی:

-ماری تۆ بۆت نییە بڕۆیت.

ژن ویستی دەنگ هەڵبێنێت: ئارت، من دەبێ...

لێ لەناکاو بێدەنگ بوو. دەتوت وەکو جاران متمانەی بەخۆ نەماوە. دەیزانی ئەم جارە بێکت حەقی بەدەستە.

پیاوەکە دووپاتی کردەوە:

-ماری تۆ نابێت بڕۆیت. ئەگەر گەورەترین سوێندیشم بۆ بخۆیت کە هیچ نادرکێنیت، بڕوات پێ ناکەم.

بێدەنگ بوو. بزەیەکی بچووک رووناکیی خستە سەر روخساری. لێ هیچ کەس نەیدەزانی ئەم بزەیە چی لەژێردایە. هەر بەدەم بزەوە وتی:

-خۆت باش دەزانیت ئەگەر ئەم قسەیە ببیستن، من گیان دەرنابەم. شەقامی کێلارنی پڕە لە دارستان و فیشەکی کۆماریخوازەکان بەفیڕۆ ناچێت.

دیسانەوە بێدەنگ بوو. ئینجا بە هێوریی وتی:

-ئێستا وایدابنێین ئازادی، ئایا ئەم نهێنییە دەدرکێنێت؟ ها ماری لەگەڵ تۆمە؟

ژن وەڵامی نەدایەوە. نەجووڵا و پێڵووی چاوەکانی داخرابوون. بێکت نەیدەتوانی پێشبینی بکات کە چی لە پشت ئەو پێڵوە ناسکانەوەیە، بەڵام لەم کاتەدا هیچ شتێک بۆی گرنگ نەبوو، نە ئەو راسپاردەیە و نە خەباتی دوو حیزبەکە و تەنانەت نە ژیانی خۆشی. گرنگ ئەوە بوو بزانێت تەرازووی هەستی ژنەکەی کە بەسۆز و عەشقەوە ئەرکەکانی وەردەگرت، بەکام لادا، دەشکێتەوە.

تەنانەت بۆ کۆتاییهێنانی بەم داڵغەیە، ویستی رێگەی رۆیشتنی لێ نەگرێت. بەڵام چاوی بە چاوی جیراڵد کەوت، بینی دڵی شەپۆل دەدا و چاوی تژی لە ترسە، دەبوو کۆتایی بەم گفتوگۆیە بهێنێت و لە کوڕەکەی بشارێتەوە، چۆن ئەم وتووێژە بۆنی کوشتن و خوێنی لێدەهات. بەناچاریی وتی:

-بڕۆینە دەرەوە ماری، بڕۆین، پێویستە.

-بە پێکەنینێکی گوماناوییەوە وتی، من قۆڵی تۆ بەرنادەم.

ماری چاوی هەڵبڕی. بریسکەی چاوی تەحەمول نەدەکرا. چاوی بڕییە چاوی بێکت بەوردیی سەیری کرد.

دەتوت لەوەی کە چارەنووسی پێشبینی دەکات، ترساوە. ئینجا وتی:

-بڕۆین.

هەرکە گەیشتنە بەردەم پێڵاوەکان، کوتوپڕ وەستا و وتی:

-یەک دەقیقە. لەبیرم چوو کوڕەکەم ماچ بکەم.

رای کرد بۆ ژووری جیراڵد. کاغەزەکەی کە قسەکانی بێکت و هاوڕێکەی تێدابوو، خستییە ناو دەستی کوڕەکەیەوە و بە هێواشی چرپاندی بە گوێیدا:

-مەیخانەی (لی) لە رۆخی سیتی هال. ئەمە بدە بە جیمی خزمەتکار، پێش هاتنەوەی ئێمە نووستبێتیت.

سەری بردە لای جیراڵدەوە و لە روخساریدا تەسلیم و ملکەچبوونی بینییەوە، بەڵام بێ ئەوەی مەجالی بێ کوڕەکەی ماچ بکات، گەڕایەوە بۆ لای ئارت.

لە تەرازوودا، ژیانی بێکت سووکتر دەینواند.

(٣)

ئارت باوەشی کردبوو بە ژنەکەیدا. تەواوی سۆز و هێزی خۆی خستبووە گەڕ و ئەوەی وەک عەشقێک، یاخود دیلێکی بەدەستەوە گرتبوو. ئەم گەڕیانە بۆ هەردوولایان کارێک بوو پڕ لەسەر خۆشی و پەژارە و خەم.

باران خۆشیکردبووەوە. هەندێ جار، دڵۆپێک لە سەربانێکەوە وەکو توویەکی گەیشتوو بەر دەبووەوە و لەسەر زەوی دەپلیشایەوە. هەردووکیان دادەچڵەکان و خەبەریان دەبووەوە.

بێکت بیری لەو چارەنووسە سەیرە دەکردەوە کە چۆن تا بەیانی دەبێت بە ناچاریی لەگەڵ ماریدا بێت.

بیری لەو کێشە چارەسەرنەکراوەی ئیرلەند دەکردەوە، کە چۆن پاش تەمەنێک پێکەوەخەوتن و ژن و مێردی، بۆتە هۆکارێک کە ئەم دووانە لێکتر بێگانە و نامۆ بکات. ماندوویەتی زۆر برستی لە ماری بڕیبوو، بە زەحمەت قاچەکانی، وەک ئامێرێکی تەوقیتکراو لە دووی دەهاتن.

ئەگەر بێکت ئاگای لێ نەبووایە، لەوانە بوو لەبەر دەرگەیەکدا ببوورایەتەوە و بکەوتایە. بیری لە هیچ نەدەکردەوە. سەردەمی هەموو شتێک لای ئەو کۆتایی پێهاتبوو. نیازی بە ویستن و شەڕکردن نەبوو. لە ئاخرین ساتەکاندا، بوێرانە فەرمانێکی دەرکرد و بەجۆرێک خۆشی چیتر بەسەریدا زاڵ نەبوو. هەرچی دەبێت با ببێت. جگە لەوەی تەوەکول بەخودا بکات تا لە تاوانەکەی خۆش ببێت، هیچی پێ نەدەکرا. لەبەر ماندوویەتی نەیدەتوانی دوعایەکیش بخوێنێت.

هەتا دەهات زۆرتر قورسایی خۆی دەخستە سەر شانی بێکت. ئێستا تەواوی کێشەکەی ماری، بێکت هەڵیگرتبوو. ماری هەستی دەکرد نەک شانی ماری، بەڵکو شتێکی بێ گیان وەکو دیوارێکی گەڕۆک ئەوی دەهێنا و دەبرد، بەڵام بۆ کوێ و بۆچی؟

ئەمەی نەدەزانی. لە چوارڕێیانێکدا پێی خزا و بێکت ئەو دەم بەتەواوی هەستی بە داهێزراویی ئەم جەستە لاوازە کرد. ئەو جەستەیەی کە تا ئەو دەمە چێژێکی ئاوێتە بەحەسرەت و گەرمای پێ بەخشیبوو. هەربۆیە وتی:

-ماندوویت، با بگەڕێینەوە؟

بیرۆکەی پشوودانێک ئەوەندە شیرین بوو، ئەوەندەی نەمابوو قەبووڵی بکات. لەناکاو هاتەوە بەخۆیدا. دڵنیام جیراڵد نەگەڕاوەتەوە، یان رەنگە هێشتا رێنەکەوتبێت. بە ترسێکەوە ورەی وەبەر خۆی دا. ئەم هەوڵە لە بەراوردی لەگەڵ کێشەکانی رابردووی، بچووک بوو، بەڵام بۆ ئەوی کفت و ماندوو هێزێکی دەویست لەسەروو هێز و تاقەتی مرۆڤێک. بێکت دووپاتی کردەوە:

-دەڵێی چی خۆشەویستەکەم؟

ماری وەکو کەسێکی تێکشکاو کە نیازی بە یارمەتی بێ وەڵامی دایەوە:

-نا. ئارت. بابڕۆین. پیاسەکردن و هەوای تازە بۆ من زۆرباشە. نازانی چەند

حەزدەکەم پێکەوە بچین بۆ باخی گشتی.

بێکت بەتوندی لە ئامێزی گرت و هەنگاوەکانی خێراتر کردەوە. ئەوەندەی نەخایاند لە شار چوونە دەرەوە. مانگی چواردە لە پشت هەورەکانە و چاوشارکێی لەگەڵ دەکردن. لە کەناری شەقامەکە، وێرانەی خانووەکان و دارە رووتەڵەکان دەبینرا. پاش نەختێک هەموو شتێک نووقمی تاریکی بوو.

لە دوورەوە تەنیا، پەنجەرەی رووناکی نادییەکان وەکو زنجیرەیەک لە چرا، تاریکییەکەی پەڵە پەڵە پیشان دەدا.

هەوا سارد و سڕبوو، لێ ئارت و ماری ئاگایان لێ نەبوو. بۆ ئارت جووڵەی هاوسەنگی ئەم جەستە بەنرخە لە تەنیشتییەوە، بوارێکی نەهێشتبۆوە تا بیر لەسەرما بکاتەوە.

ماری کە جەستەی تازە گەرم داگیرسابوو. خەیاڵێکی سەیر بە مێشکیدا هات، وەک ئاگر کڵپەی سەند و هەموو هۆش و هەستی ماری گرتەوە. بەری ئاسمان رووناک ببووەوە. دەیدی کە ئۆتۆمبێلێک لەبەر بینای شارەوانیدا هاڕەی دێ، بێکت سەردەکەوێت. نەخشەکەی راڵف لەگیرفانیدایە. ئینجا شەقامی کێلارنی بەگردە ئاوی (شین) و سەوز و سوورەکانییەوە و بە بێشەڵانەکانیاوە دەهاتنە بەر چاوی. فکری ماری لەوە زۆرتر نەدەچووە پێش، دەتوت دەستی قەدەر کۆسپێکە لەسەر رێگای ئەم خەونەدا. دەیزانی ئۆتۆمبێلەکە لەو لۆفەی شەقامە تێناپەڕێت کە لەوێرا ئاسۆی لاجەوەردی و سەهۆڵبەستووی گۆماوەکانی کێلارانی هەر هەڵدێنن. لێ بۆچی؟ کە دەگەیشتە ئەم خاڵە، وێناکانی مێشکی رەش هەڵدەگەڕان.

سەرلەنوێ، ناچار بوو ملی ئەم رێگایەی دەگرتەبەر: ئاسۆ، رۆیشتن، شەقام و دووبارە کۆسپێکی گەورە وەکو مۆتەکەی خەونەکانی دەهاتە سەر رێگا و بەچاو دەیدی.

ئەم کارە یەک جۆر و تاقەتپڕووکێنە، تێکڕای هەست و توانایی ماری لەخۆگرتبوو، نەیزانی کەنگێ بەسەر پردەکەدا تێپەڕیون، لەوبەر چەمەکەوە، بێدەنگییەکی کاکی بەکاکی ئەوانی لەخۆگرتبوو.

بێکت وتی:

-گەیشتین.

بە هێواشی قسەی دەکرد تا کەشی سەیرانگاکە نەشێوێنێت، مانگ لەنێو دڵی هەورەکانەوە خزابووە نێو دەریایەک لە شیر و مەلەی دەکرد. شەقامەکانی باخ پڕبوون لە رووبار و دەیان پێچ و لۆفە و سێبەر، کە دەتوت لەسەر زەوی هەڵکەندراون. شنەبا بەناو دار بەڕووەکاندا گۆرانی دەوت.

تنۆکە بەجێماوەکانی بارانیش بە زەنگۆڵەی ئاوییەوە تێکەڵاوی دەبوون. لەسەرەوەی سەیرانگاکە زانکۆ دێرینەکە دەبینرا. قو و مراوی لە ئاوی چەمەکەدا مەلەیان دەرکرد و جاربەجارێک سەریان بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕی. دەرودەشت هێندە سێحراویی بوون، کە ئەم شوێنە بە خەڵوەتگەی تەلیسماویی دەهاتنە بەرچاو.

بێکت و ماری نەختێک لێک دوورکەوتنەوە. سەیری یەکتریان کرد. ئارت وتی:

-دێتەوە بیرتان؟

ماری سەری داخست. ساتەوەختەکانی ئەم شەوە قەڵەشی کردبووە دیواری باوەڕی ئەوەوە بە شەڕ، کە لەگەڵ ئیحساس و هەستدا ناتەبا بوون و لەم درزەوە بیرەوەرییەکان دەڕژانە ناخی گیانییەوە. ئای چەندە یاد و یادگاری زۆر لەم سەیرانگایەدا خۆیان حەشار دابوو.

هەر لێرەدا بوو کە شەوانی دەزگیرانداریی دەهات بۆ لای ئارت. هەرچەند ئەو دەمە کیژان بەم کوڕە درێژ و گێلە و کەمدوو و قژ سوور و ئاولاّوییە، پێدەکەنین. بەڵام خۆی فەخر بەکام جوانییەوە بکات؟ لەوەش زیاتر، ئارت چەندە دڵی لای ئەم بوو و بەخۆشی و ترسەوە کاری بەدالەی بەجێدەهێشت و سۆراخی ئەمی دەکرد. گەڕانەکەیان تا نیوەشەوانی خایاند. هەندێ جار قوتابییەکانی زانکۆ بەلایاندا تێدەپەڕین بەبێ ئەوەی رقیان لێیان بێت، توانجیان لێ دەدان. هەردووکیان کەمدوو بوون و جیاوازی بیروڕایان نەبوو.

ماری هەر لەو دەمانەوە هەستی دەکرد بەسەر ئارتدا زاڵە، بەڵام نیازی بەو شتە نەبوو.

چونکە ئارت حەزی دەکرد هەموو ئارەزووەکانی ئەو بەدی بێنێت.

ژیان چ سیمایەکی نەرم و میهرەبانی هەبوو لە خۆی نیشان دەدا. چەندە بێکت بەتەحەمول و دروستکار و وەفادار بوو. چ فەخرێکی دەکرد، بێ ریا و راستگۆیانە بەرامبەر بە قژی کاڵی ژنەکەی و ملی باریکی و بە چ عەشقێکەوە منداڵەکانی خۆش دەویست.

جیراڵد: وا هەستی کرد هاواری کرد، بەڵام لێوەکانی بەئاستەم جووڵان لەناکاو، دەتوت لەبەر چاویدا منداڵەکەی دەبینێت کە بە رۆخی چەمەکەدا رادەکات و کاغەزەکەی دایکی لەمشتیدایە.

هەر ئەو کاغەزە، کاغەزی تاوانبارکردن و...

پاشان زنجیرەی خەیاڵی سەیر یەکیانگرتەوە و ئەمجارە ئەو خەیاڵەی کە نەگەیشتبووە ئەخیر، تا کۆتایی دەیبینی: ئاسۆ، ئۆتۆمبێل، شەقام و مردنی بێکت.

لەبەرئەوەی دڵنیابوو ئارت تەسلیم نابێت.

بەترسەوە سەیری چواردەوری کرد. دەتوت نیازی بە یارمەتییە، لێ جگە لە قرچەقرچی دارەکان و یاریی مراوییەکان لە ئاودا و ئەو بیرەوەرییانەی رابردوو کە لە مێرگوزارەکانەوە، سەریان هەڵدێنا، هیچ شتێک بوونی نەبوو. جەستەی کەوتە لەرینەوە و وتی:

-رێ بکەین ئارت. من دەترسم.

بێکت بڕوای پێ نەکرد. پێکەنی وتی:

-تۆ و ترس ماری؟ رەنگە ئەمڕۆ زۆر ئازارت چێشتبێت؟

بە میهرەبانییەوە دەستی لەسەر هەنییەی گەرمی ژنەکەی دانا. ئەم خۆشەویستی و لاواندنەوەیە نهێنیترین تاڵەکانی ناخی مارەی هەژاند و خستییە لەرینەوە. تا ئێستا جەستەی لاوازی، لەرز و تای وای بەخۆیەوە نەدیبوو.

هەرگیز بە هێزێکی ئازاراویی ئاوەها، هەستی نەکردبوو چەند ئارتی خۆش دەوێت. لەم کاتەدا لەناکاو زانی کە بێکتی خۆش دەوێت، بەجۆرێک لە سەردەمی دەزگیرانداریی و زەواجیشدا ئەوەندەی ئێستای خۆش نەویستبوو.

دڵمردوو و گوێڕایەڵ، چاوی بڕیبووە زەوی. لە دڵیدا دەنگی زەمزەمەی ئاوی گەرم و دوعایەکی سەیری دەبیست. بیری دەکردەوە کە ئەم پیاوە بەیانی بەدەستی ئەو دەکوژرێت...

بەپرتەپرتەوە وتی:

-پیاسە بکەین ئارت. تو خودا با نەوەستین.

ئارت ویستی قۆڵ لە قۆڵی هەڵپێکێت، بەڵام ژنەکە بەترسەوە سڵی کردەوە. بێدەنگ هەنگاوی دەنا.

ماری بێجگە لە پەژیوانی چارێکی نەبوو. هەستی دەکرد داهۆڵی پەشیمانی لە بەرامبەریدا وەستاوە و بەخێرایی هێرش دەکاتە سەری.

راچەنی و وەستا. کاتێک ویستیان لە تەنیشت پەرژینی دەشتەکەوە تێپەڕن. بینای گەورەی سجن (زیندان) لە بەردەمیاندا قوتبۆوە. ماری هەزار جار ئەو شوێنەی دیبوو، لێ ئەمشەو دەتوت بە جەستەیەکی گەورەتر و رەشتر لە جاران هێرشی بۆ دێنێت.

ئارت سەری داخستبوو لە یادی رابردوودا بوو. بیرەوەرییەک لە پەیوەندی لەگەڵ هەردووکیاندا. ((شەوێکی پاییز بوو. وەکو ئەمشەو. لە لەندەن «تێرێنس مەک سوێنی» پارێزگاری کۆرک، پاش هەفتا رۆژ مانگرتن لە خواردن، خەریکبوو دەمرد. لە شاری کۆرکدا یازدە گەنج لەسێدارە درابوون.

پەرژینەکانی پردە قەوزە لێ نیشتووەکە لەگەڵ ساحەی تەنگی زیندانەکەدا لە خەڵک جمەی دەهات. ئارت سەیری میلە ئاسنییەکانی دەکرد. بێدەنگیی و کپ و کڕی. بێدەنگییەکە بەهۆی داخرانی هەزاران دەم و چرتر و قووڵتر و قورستر دیار بوو. کتوپڕ دەنگێکی زیق دێتە بەر گوێ:

کەشیشێک بە عەبای پەشمینەوە کە لەژێر تیشکی مەشخەڵاندا لە زەردیی گۆگرد دەچوو، نوێژی مردوو دادەبەستێت. خەڵکەکە لە خاک و قوڕدا دادەنیشن و خاچ دەکێشن. لەناکاو دەنگی «ئامین»ی جەماعەت، وەک شەپۆلی بەرزی ترسهێنەر دەبێتە ئاوازی گەورەی گشتی. لەبەر دەرگەی کە رەنگی مردنی لێ دەچۆڕێت، سەربازانی بەربەری ئینگلیز، کڵاوخود لەسەر، بە عەسابێکی ساردەوە گوێ لەم هەرا و ژاوەژاوە دەگرن)).

ئەو دەمانەی کە ئارت، لە دەشت و دەر و لە شاخ لەگەڵ سوپای ئینگلیزدا شەڕی دەکرد، زۆر جاران ماری هاتبووە پاڵ ئەم نەتەوە پڕسۆز و بەردەوامە و دواتر بە ئارامی و بە پاکی هەستابوو لەگەڵ خەڵکەکە بەبێدەنگی روویان لەشار کردبوو، تژی لە هێزێکی گەورە و بە دڵنیایی بەسەرکەوتنی ئەم میللەتە.

لەودیوی ئەم قەڵا و بورجە ئەستوورانەوە و لەودیوی ئەم نەخش و نیگارە خەیاڵییەوە کە لەسەر هەور و دارە کۆنەکان و مانگەشەوەوە کێشرابوو ئامۆژگارییەکی بێبەزییانەی دەهاتە گوێ. ماری وەکو رابردوو هەستی بەم توندوتیژییە بەردەوامە دەکرد.

مردنی بێکت عادیلانە بوو. رێگایەکی پیرۆز و پاک. رۆحی شەهیدانی ئیرلەند دژی ئەو، ئەم حوکمەی دەرکردبوو.

ماری چۆکی دادا.

ئارت کۆبوونەوەکەی تێک نەدا. ئاخۆ پێشبینی ئەوەی کردبوو ژنەکەی لە دڵەوە و بە ئاسوودەگییەکی بێ سنوور، دوعای خێری بۆبکات؟ بۆ ئەو کە بەم زووانە، بەبێ ئەوەی دان بە تاوانەکانیدا بنێت و لە خوا بپاڕێتەوە لە گوناحەکانی خۆش بێت، ئەم زەوییە بەجێدێڵێت، سەری لێ دەرنەدەکرد، بەڵام ماندوویەتییەکی بێ کۆتایی و بڕانەوە، بە گەورەیی ئەم ئاسمانە، بەسەریدا زاڵ ببوو.

ماری هەستایە سەرپێ. خۆشەویستییەکی ئازاراویی، بەزەییەکی لەڕادەبەدەر و دڵناسکییەک کەوا دەکات دڵدانەوە و دڵنەوایی ئەو کەسانە بدەینەوە کە بەرەو مردن دەڕۆن، ماری بەرەو لای بێکت پەلکێش کرد. روخساری توڕە و میهرەبانی مێردەکەی بە هەردوو دەست گرت و ماوەیەکی زۆر چاوی بڕییە روخساری. ئینجا بە ئاوازێکی ژنانە، کە تا ئەوکاتە بێکت نەیبیستبوو، داهێزراو و بەگریان و

زمانێکی شیرین وتی:

-ئارت، ئەمشەو یەکەمین جارە کە تۆم خۆش دەوێت.

لێ ئارت بە ئەعسابێکی ساردەوە، گوێی لەم دەنگە بوو. دەتوت لەمە بەدوا، هیچ شتێک نییە ئەو بجوولێنێت و کاریگەری لەسەر دابنێت.

ژۆزێف کێسێل Josef kessel

لەدایکبووی: ١٨٩٨

ڕۆماننووس و ڕۆژنامەنووس



باوک و دایکی ڕوسی بوون. ژۆزیف لە ئەرجەنتین لەدایک بوو. دایک و باوکی گەڕانەوە بۆ ڕوسیا، بەڵام پاش شۆڕشی ١٩٠٥ لەوێ ڕایانکرد. ماوەیەک ئاوارە بوون، تا لە ئاکامدا لە ١٩٠٨ لە فەڕەنسا نیشتەجێ بوون. ژۆزیف لە تەمەنی ١٠ ساڵییەوە لە فەڕەنسا دەرسی خوێند. جەنگی یەکەمی جیهانیی فڕۆکەوانی فڕۆکەی شەڕکەر بوو، دوای شەڕ بوو بە پەیامنێر و هەتا کۆتایی تەمەنی لەسەر ئەم پیشەیەی مایەوە. سەردانی زۆربەی وڵاتانی کرد. چەند جار چووەتە ئێران و لە ئیرلەندا لە نزیکەوە شایەدی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئەوان بووە، لە ١٩٦٢ بوو بە ئەندامی فەرهەنگستانی فەڕەنسا. پتر لە پەنجا ڕۆمانی نووسیوە، کە بەناوبانگترینیان «سوارکاران»ە، کە ڕووداوەکان لە وڵاتی ئەفغانستان تێ دەپەڕێت. «ژنێک لە شاری کۆرک» لە کورتەچیرۆکەکانی کە لە ١٩٢٧ بە ناوی «دڵە خاوێنەکان» هەڵبژێردراوە و وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی. ژۆزیف لە ساڵی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد.

**سەرچاوە:**


بیست و یک داستان ازنویسندگان معاصر فرانسه

ابوالعن بغفی-

چاپ چوارەم -١٣٩٠- انتشارات نلومز

ص-٤٥-٧٥ (٣٩٦صفحه) تیراژ ٢٠٠٠.

# چەند شیعرێکی ئەحمەد رەزا ئەحمەدی



و. لە فارسییەوە: جەواد حەیدەری

(١)

ئەوەندە بمرم هەتا زیندوو دەبمەوە...
راستە تۆم خۆش گەرەکە
لەم بارانەدا حەزم ئەکرد
تۆ لە کۆتایی شەقامدا دانیشی
من بە لاتا تێپەڕم...
سڵاو بکەم!!!
بزەی تۆم لە باراندا دەویست
گەرەکمە هەموو ئەو وشانەی بۆ تۆم دانابوو
برێژمە ناو دەریاوە
بۆ ئەوەی دووبارە لەدایک ببمەوە
جیهان ببینم...
نەزانم رەنگی داری کاج چییە!!!
ناوی خۆمم لەبیر بچێتەوە
سەرلەنوێ سەیری ئاوێنە بکەم
نەزانم چ کراسێکم لەبەردایە...

**ئەمڕۆ نەدرکێنم وشەکانی دوێنێ...**
**ماڵەکەم بۆ تۆ بڕازێنمەوە**
**جانتایەکت بۆ بکڕم**
**تۆ پرسی لە من واتای سەفەر**
**وشە تازەکان لە دەریا ڕاو بکەم**
**وشەکان بشۆمەوە**
**ئەوەندە بمرم هەتا زیندووە دەبمەوە...**



**(٢)**
**بە بزەوە**
**پرسیم ناو و نیشانی ماڵەکەت**
**دراوسێکان وتیان: ساڵانێکە چووە بۆ لای دەریا**
**ئیتر کەس هەواڵی نازانێ**
**نزیک دەبمەوە لە ماڵەکەت**
**لە دەرگا دەدەم**
**بانگت دەکەم**
**باران ئەبارێ**
**هێشتا**
**باران ئەبارێ...**

**(٣)**
**سەردەمانێک بە لەتە نانێک تێر دەبووم و**
**بە بزەیەک دەچوومەوە بۆ ماڵەوە**
**من پاسەکانی لێوانلێو لە موسافیرم خۆش دەویست**
**چاوەڕێی ئەوە نەبووم**
**لە بەردەم خۆردا**
**کەس خولقی کورسییەکەیم بکات...**
**من چاوەڕێی گوڵێکی سوور بووم...**

**سەرچاوە:**
ماڵپەڕی "سیمرغ" و ماڵپەڕی شیعر نو.

# ئەمریکاییانە



**ئەنتۆن چیخۆف**
**و. لە فارسییەوە: ئازاد نەجم**

بەهۆی ئەو پێداگرییە سەختەی کە بۆ زەماوەندکردنێکی یاساییانە هەمە و بە سەرنجدان لەوەی کە زەماوەندکردن بەبێ بەشداری رەگەزی مێینە، کارێکی مەحاڵە، لەخۆبووردووانە و بەوپەڕی شانازی و شادمانی و هەستکردن بە رەزامەندیی تەواوەوە داوا لە سەرجەم بێوەژنان و کچان دەکەم بفەرموون رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەن:

–سەرەتا لەبەر ئەوەی من پیاوم، ئەم بابەتە بۆ خانمان گرنگی خۆی هەیە، بەلام دوو ئارشین و هەشت ڤیرشۆک (١٧٦) سانتیمەترە. گەنجم. هێشتا بۆ سەردەمی پیری زۆرم ماوە. دروست بە ئەندازەی نێوان باڕۆکە لە جەژنی پتروس. لە رەگ

و ڕەچەڵەکێکی باشم. جوان نیم، بەڵام هێندەش ناشیرن و دزێو نیم. بەڵگەم بۆ ئەوەی کە ناشیرن نیم ئەوەیە، کە زۆرجاران لە تاریکایی ئەنگوستەچاودا منیان بە کەسانی زۆر جوان لێ گۆڕاوە. ڕەنگی چاوەکانم لەنێوان شین و قاوەییدایە. سەر گۆناکانم (بەداخەوە) چاڵیان تێ ناکەوێ. دوو دانە لە ددانە شاش و واشەکانم رزیون. لە بەخێرهێنانی میوانان و هەواڵپرسییدا لێزان نیم، بەڵام ڕێگاش بە هیچ داماو و زەبوونێک نادەم شکی لە پتەوی و بەهێزی ماسولکەکانم هەبێت. ژمارەی دەستەوانەکانم حەوت و سێ لەسەر چوارە. جگە لە دایک و باوکێکی هەژار، بەڵام خانەدان، هیچ شتێکی ترم نییە، بەڵام ئایندەم ڕوون و درەوشاوەیە. لایەنگرێکی سەرسەختی نازدارانم بەگشتی و خزمەتکارانیش تاکوتەرا. باوەڕم بە هەموو شتێک هەیە. گونجانم لەگەڵ مقولەی ئەدەبیاتدا بە ئەندازەیەکە کە لە خوێندنەوەی ستوونی سندووقی پۆستەی گۆڤاری (سترکازا) بەدەگمەن گریان دەمگرێت. بەنیازم لە ئایندەدا ڕۆمانێک کە پاڵەوانەکەی (ژنێکی جوانی گوناهکار و لامل) و هاوسەری ژیانی جەنابم، دەبێت، بنووسم. لە شەو و ڕۆژێکدا دوانزە دەمژمێر دەنووم. زۆرخۆرم. تەنیا لەگەڵ هاوەڵاندا دەخۆمەوە. ئاشنایەلی باشم هەن، دووانیان نووسەر و یەکیان شاعیر و یەکیشیان مفتەخۆرە. کە لە ڕێگەی رووپەڕەکانی ڕۆژنامە شەریفەکەی (ریڤسکایا گازیتا)وە سەرگەرمی فێرکردن و باشترکردنی بەنیئادەمن. ئەو شاعیرانەی خۆشم دەوێن بریتین لە پۆشکاربۆف و هەندێک جاریش خۆم. عاشقی پیشەکەمم، بەڵام بەخیل نیم. دەمەوێت بەپێی مەرجەکانی خۆم و خوازیارانم زەماوەند بکەم.

ئەمە تایبەتمەندییەکانی بەندە بوو، ئەمەش تایبەتمەندییەکانی هاوسەری ئایندەم:

– کچ بێت، یان بێوەژن (ئیدی کامیان گونجاوتر بێت) دەبێت تەمەنی لە پانزە ساڵ بەسەرە و لە سی ساڵ زیاتر نەبێت. کاسۆلیک نەبێت. واتا دڵنیابێت و سوور بزانێت لەم دنیایەدا مرۆڤی بێبەری لە گوناە، بوونی نییە. یەهودی قبوڵ ناکرێت. کچانی یەهودی هەمیشە لە پیاو دەپرسن: (بۆچی ئەم دێڕە لە ناوەڕاست دەنووسیت؟). (بۆچی ناچی لەلای باوکم فێری شێوازی پارە پەیداکردن بیت؟). ئەم چەشنە قسانە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ سروشتی مندا نایەنەوە. پرچ زەرد و چاوشین بێت. ئەگەر کرا (برۆ ڕەش بێت). نە ڕەنگ لێبڕاو و نە سورەش بێت. نە قەڵەو بێت نە لاواز. نە زۆر باڵابەرز و نە کورتەبنە. لەبەر دڵان بێ و ڕەزاقورس نەبێت. سەری هەڵنەقاچیبێت. هەڵەوەڕ نەبێت و بەردەوامیش لە کونجی ماڵ دانەنیشێت. هەروەها خەتیشی خۆشبێت، چونکە زۆر پێویستیم بە

کەسێکی لێهاتووە بۆ لەبەر نووسینەوە، ئەڵبەتە ئەویش هێندە زۆر نییە. دەبێت ئاشنایەتی لەگەڵ ئەو گۆڤارانەدا هەبێت کە من هاوکاریانم و ئامانجی ئەوان بکاتە سەرمەشقی ژیانی خۆی. گۆڤارەکانی وەک (شادمانی) و (تازەگەلی رۆژ) و (نا نا) نەخوێنێتەوە و خوێندنەوەی سەر وتارەکانی (نامەکانی مۆسکۆ) کاریگەری لەسەر دا نەنێت و لە خوێندنەوەی سەروتارەکانی (کەنار)یش بێزوو نەکا و سست و بێ توانا نەبێت.

دەبێت بتوانێت گۆرانی بڵێت، سەما بکات، بنووسێت، بکوڵێنێت، ببرژێنێت، زمان شیرن بێت، کێک و کولیچان دروست بکات، (بەڵام گویچکە رانەکێشێت)، قەرز بکات بۆ پیاوە خۆشەویستەکەی، بەگوێرەی توانا جوانپۆش بێت، لە هەموو لایەنەکانەوە گوێڕایەڵ بێت. نابێت لەشی خۆی بخورێنێت، بیکاتە جیڕوهۆڕ، بزیقێنێت، هاوار بکات، گاز بگرێت، ددانەکانی نیشان بدا، دەفروئامانان بشکێنێت، نابێت خۆی لە دۆستان پێ گەورەتر بێت و فیزیان بەسەردا لێدا. تێبگا لەوەی کە قۆچ شایستە و شایانی مرۆڤ نییە و تا کورتتر بێت باشترە و بۆ کەسێک کە بۆ وەدەسهێنانی ئەم وجوهاتانە خۆی دەخاتە ژێر بارێکی ئاواوە، مەترسییەکەی کەمترە.

نابێت ناوی (ماترینا)، یان (کۆلینا)، یان ( ئاڤدۆتیا ) و ناوەلی لەم بابەتە بێت. وا باشترە ناوێکی خانەدانانەی لە چەشنی (ڤیلیا)، (لینۆچکا)، (ماروسکا)، (کاتیا) و (لیپا) و ئەمانەی هەبێت.

دووریی نێوان ئەو و دایکی کە دەکاتە خەسوی بەندە بە ئەندازەی ئێرە و پشت کێوی قاف بێت.

(بە پێچەوانەوە بەندە هیچ گرێنتییەک نادات).

بوونی لانیکەم ٢٠٠٠٠٠ رۆبڵ زیو لە شتە هەرە پێویستەکانە.

لێتان ناشارمەوە لە حاڵەتی رازیبوونی خوازیارانمدا دەکرێت ئەم بڕگەی دوایینیان گۆڕانکاریی تێدا بکرێت.

**سەرچاوە:**

مجموعه داستانهای کوتاه چخوف، سایتی کتابناک.

## قەسیدەی:

# کەشتیی مەرگ

# The ship of death



**شاعیر: دی. ئێچ. لۆرێنس**

**وەرگێڕ (لە فارسییەوە): م. سامالْ ئەحمەدی**

دی. ئیچ. لۆرێنس (دەیڤید هێربێرت) لە ئیستوود نۆتینگهامشایری بەریتانیا ساڵی ١٨٨٥ لەدایک بووە.

چوارەمین منداڵ لە پێنج منداڵی خێزانەکەیان بووە. باوکی کانزاچی و دایکی کچی بنەماڵەیەکی مامناوەندی بووە.

یەکەم بەرهەمی بە ناوی "تاوسی سپی" لە ساڵی ١٩١١دا، چەند حەفتە دوای مردنی دایکی کە زۆر هۆگری یەکتر بوون، چاپ و بڵاوبووەوە. هەر ئەو ساڵە تووشی نەخۆشیی "سیپەلاک" و "ئازارەباریکە" بووە و دەستی لە مامۆستایەتیی قوتابخانەی دواناوەندی کێشاوەتەوە. نووسینی دوو رۆمانی گەورەی "کۆلکەزێڕینە" و "ژنانی عاشق"ی تا ساڵی ١٩١٥ تەواو کردووە. "دڵ دۆڕاوی لیدی چەترلی" ئاخرین چیرۆکی درێژی لۆرێنسە کە ساڵی ١٩٢٨ قەدەغە کرا.

ساڵی ١٩٣٠ لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد. لۆرێنس کۆمەڵێکی زۆر کورتەچیرۆکیشی نووسیوە، کە "رێوی" یەکێک لەو چیرۆکانەیە. زۆربەی بەرهەمەکانی کراون بە فیلم. کۆمەڵێک شیعریشی هەیە کە ئەم شیعری حازرییە یەکێک لە شیعرەکانییەتی.

# The ship of death
# کەشتیی مەرگ

-١-

خەزانە و بەروبۆ وەران
سەفەری دووری لەبیر نەمان
سێو هەڵدەوەرن وەک دڵۆپە ئاونگی درشت
بۆ دیتنەوەی رێی هەڵاتن لە چنگ خۆیان
کاتی رۆیشتنە و
ماڵئاوایی
لە خودی خۆت
لە ئەو خۆتەی داوەریوە

-٢-

کەشتیی مەرگی خۆت ساز کردووە؟
بەڕاستی سازت کردووە؟
ئەرێ... کەشتییەک تەیار بکە بۆ مەرگت...
چونکە نیازت پێیەتی
ئەو دەمەی سێو باوەش باوەش
تەنانەت وەک برووسکە هەڵدەوەرێ
سەهۆڵبەندانێکی نەگبەت دەگاتە رێ
مردنیش وەک بۆنی خۆڵەمێش... هەوای ئاخنیوە
هەر بەڕاستی بۆنی ناکەی؟
جا لە جەستەی شەکەتا، رووحی ترساو
لە سەرمایێ کە لە درزەکانی لەشەوە دەیگەزێ
خۆی دەبینێتەوە پڕووکاو
خۆی دەبینێتەوە راکردوو

-٣-

ئەرێ قەت کەسی وا هەیە
تەنیا بە نووکە خەنجەرێک
رزگاربێ لە ژیان؟

به خەنجەر و بە نەشتەر و بە گوللە
دەکرێ درزێک بکەیتەوە بۆ هەڵاتن لە چنگ ژیان
بەڵام ئاخۆ، ئەمە دەربازبوونە لە ژین؟
بەڕاستی بێژە، ئەمە ڕەهابوونە لە ژین؟
بێگومان، نا
لەبەر ئەوەی چلۆن کوشتن
تەنانەت خۆکوشتن
بڵێی رزگاریی پێوە بێ؟

-٤-

لێگەڕێ باسی هێوربوونەوەیەک بکەین، کە تێی دەگەین
کە شیاوی ناسینە
هێمنایەتیی قووڵ و جوانی دڵی بەتوانا
دڵی سرەوتووی هێوری
چلۆن دەکرێ... ئەم ڕەهابوونە لە خۆ
مەیسەر بکرێ؟

-٥-

کە وابوو کەشتییەک بۆ مردن ساز بکە!
چونکە دەبێ... دوورترین کۆچ بگریتە بەر
بەرەو وڵاتی لەبیرچوون
کەوابوو مردن بمرە... مردنی پڕئازاری دوورودرێژ
کە وەستاوە لەنێوان
ئەتۆی کۆن و خۆتی نوێدا
هەر ئێستا جەستەمان داوەریوە... چرژی بردووە... هەلابەهەلا بووە
هەر ئێستا رووحمان
لە ناخی دەرەتانی ئەم درزە دڵبەردینەرا
دادەچۆڕێ
هەر ئێستاش ئۆقیانووسی تاریک و لەبڕان نەهاتووی کۆتایی
لەنێوان درزی زامەکانی ئێمەوە دەخوشێ
هەر ئێستاکەش سێڵاومان وەسەر دەگەڕێ
ئاخ! کەشتیی مەرگی خۆت ساز بکە!

کەشتیی نووحی خۆت... کەشتیی بچووک...
بە باروبنەوە، بە کەمێک نان و شەرابەوە
بۆ فڕینێکی تاریک
بەرەو گێلی... بەرەو لەبیرچوونەوە

-٦-

وردە وردە جەستە دەمرێ و
رووحیش ترساو
بە قەڵبەزەی رەشی سێڵاو
جێ پێکانی دەشۆرێنەوە... ون دەبن
ئێمە دەمرین... ئێمە دەمرین... ئێمە هەموومان دەمرین
هیچ شتێک لە بەرانبەر سێڵاوی مردنی هەڵقوڵاوی نێو دڵماندا... بەردەوام نییە
هەر بە زوویی دەلرفێ بەسەر دنیادا... بەسەر دنیای دەرەوەدا
ئێمە دەمرین... ئێمە دەمرین و نەختە نەختە لەشمان دەپوێ
هێز و توانا جێمان دێڵێ
رووحمان رووتی بەر بارانێکی رەش... بە سێڵاودا رۆدەچێ
بەسەر دوایین لق و پۆپەکانی درەختی ژیانی ئێمەوە
لە خۆی دەئاڵێ

-٧-

ئێمە دەمرین... ئێمە دەمرین و ئەوەی ئێستا پێمان دەکرێ
ئاواتی مەرگە و سازکردنی کەشتییەک بۆ مردن
تاکوو رووحمان لەم سەفەرە دوورەدا هەڵبگرێ
کەشتییەکی بچووک... بە سەوڵ و باروبنەی رێگاوە
هێندێک وردە قاپ و قاچاغ و بەرگ و پۆشاکی ئامادە و شیاو
بۆ رووحێک کە سەفەر دەکا
ئێستا... بیدە بەدەم ئاودا، ئەم کەشتییە بچووکە
ئێستا کە جەستە دەمرێ و ژیان لە بەرەگەی کۆچدایە
ئەم رووحە ناسکەی نێو ئەم کەشتیی نووح باوەڕە
بدە بە ئاودا
لەگەڵ هێندێک پاشەکەوتی خواردەمەنی و

قاپ و قاچاغی چێشتلێنان و جلوبەرگی ئاڵوگۆڕ
بیدە بەدەم لرفەی ڕەشی لافاودا
بیدەرە دەم ئاوەکانی کۆتایی
بیدەرە دەم زەریای مردن
ئەو شوێنەی کە هێشتا بایەوانی لێ هەڵدەدەین!
تاریک و تنۆک، چونکە ناکرێ کەشتی لێخوڕی، بەندەرێکیش نییە.
بەندەرێک نییە... جێگایەک نییە ڕووی تێکەی
تەنیا ڕەشایی بێ بڕوانە... هەر تاریکتریش دادێ
ڕەشتر بەسەر سێڵاوی بێ هەست و خوستدا
ڕەشایی لە ڕەشێنیدا... لە هەوراز و لە نشێو
لە هەموو لایەکەوە تاریکیی ڕەها، ئیتر هیچ شوێنێک دیار نییە
کەشتیی بچووک لەوێیە، بەو حاڵەشەوە هەر ڕۆیوە
نایەتە بەرچاو، چونکە هیچ شتێک نییە تا ڕۆیشتنی ئەو ببینێ
ڕۆیوە! ڕۆیشتووە و بەو حاڵەشەوە
لە شوێنێک، لەوێیە
لە هیچ کوێیە!

-٨-

هەموو شتێک ڕۆیوە. لەش ڕۆیوە.
یەکسەر ڕۆچووە، هەر بەتەواویی ڕۆیوە
ڕەشێنیی هەوراز بە قەد بارستایی ڕەشێنیی نشێو قورسە
لەنێوان هەر دوو ڕەشێنیدا، کەشتیی بچووک
ڕۆیوە
ڕۆیوە
ئەمە کۆتاییە، فەرامۆشییە.

-٩-

بەم حاڵەشەوە، لە ئەبەدڕا هەودایەک
بە پانتای تاریکیدا خۆی هەڵدەبوێرێ
هێڵێکی ئاسۆیی
کە بەسەر تاریکییەوە ڕەنگی هەڵپڕووسکاوە، دووکەڵی لێ هەڵدەستێ
بڵێی وەهم بێ؟ یا ئەوە دووکەڵی ڕەنگی هەڵپڕووسکاوە دەبینرێ

تۆزێک بەرزتر؟
خۆڕاگرە، بەیانییە
بەیانیی دڵڕەق گەڕاوە بۆ ژیان
لە ناخی فەرامۆشیڕا
سەبرکە سەبر ئەی کەشتیی بچووک!
کە لەژێر رەنگی خۆڵەمێشیی خۆڵەمڕەی مەرگاویی کازیوەی لافاوڕا
بەڕێوەی
سەبرکە سەبر! تەنانەت وەها لە تیریێژێکی مەیلەو زەردەوە
بەشێوەیەکی سەیر سەبرکە
ئەی رووحی رەنگپەڕیوی ژاکاو لە درەوشانەوەیەکی ئاماڵ سووردا!
درەوشانەوەیەکی ئاماڵ سوور و
سەرەتای سەرلەنوێ هەموو شتێک

-١٠-

سێڵاو دەنیشێتەوە
لەش وەک سەدەفێکی سواو
جوان و سەیر سەرهەڵدەدا
کەشتیی بچووک لەرزۆک و بە لەرەلەر لەسەر سێڵاوی سوورباوڕا
پەلەیەتی بەرەو مەنزڵ
رووحی ناسک، دیسان دەگەڕێتەوە ماڵێ و
دڵیش لێوڕێژ دەکا لە حەسانەوە
ئەو دڵەی کە بە هێوری، تەنانەت بە فەرامۆشی، نوێ بۆتەوە
دەخاتە کوڵوکۆ
کەوابوو کەشتیی مەرگی خۆت ساز بکە! ئەرێ سازی بکە
چونکە نیازت پێی دەبێ
چونکە سەفەری لەبیرچوونەوە
چاوەڕێی تۆیە.

# سەفەرێکی زۆر دوورودرێژ
# (خوێندنەوەیەکی کەشتیی مەرگ)

## نووسەر: ساندرا. ئێم. گیلبێرت

لە شیعری درێژ و بە ناوبانگ و پڕئاهەنگی (کەشتیی مەرگ)دا گیانی سەفەر بە باشترین شێوە و بە ئاهەنگێکی رەوان بەیان کراوە. لەم شیعرەدا لۆرێنس بە لێبڕانێکی تەواو و بە روونی باسی مردنی خۆی و هەموو مردنێک دەکات، کە مرۆڤ لە هەموو چرکەکانی ژیاندا تووشی دەبێت، بەشی یەکەمی شیعرەکە هەندێک وشە دەقرتێنێت و ئاڵۆزکاوییەکی ریلکەیی پێوە دیارە، کە بێگومان پێشگۆیانەترین بەشی قەسیدەکەیە:

**خەزانە و بەروبۆوەران**
**سەفەری دووری لەبیر نەمان**
**سێو هەڵدەوەرن وەک دڵۆپە ئاونگی درشت**
**بۆ دیتنەوەی رێی هەڵاتن لە چنگ خۆیان**
**کاتی رۆیشتنە و**
**ماڵئاوایی**
**لە خودی خۆت**
**لە ئەو خۆتەی داوەریوە**

مردنی سێوەکان زمانی دەربڕین و بابەتی گشتیی شیعرەکە دیاری دەکات، ئەو کاتەی کە سێو دادەوەرێ، کاکڵ و ناوک، یانی خودی سەرەکی و نوێ، بەری گەیشتوو وەکو دوایین تیری دڵنیابوون وێران دەکات، ئەو سێوانەی ماونەتەوە (نەک گەورەتر لە دڵۆپە ئاونگی درشت) دەکەونە سەر زەوی، بەم شێوەیە دەبێت خودی پاک و تازە، یانی رووحی هەر کەسێک بۆ هەڵاتن لە چنگ خودی داوەری و رێگایەکی دەربازبوون بۆ خۆی دەستەبەر بکات.

لۆرێنس سەرەڕای دەروەستبوونێکی ئاشکرا لە هەمبەر بان رەوتێکی سروشتیی ئەو شتەی کە خوازەی سێو ئاماژەی پێ دەکات لە بەشی دووەمی شیعرەکەدا دێتە سەر ئەو باوەڕی کە تەنانەت بۆ ئیمانداری دین پتەویش،

سەفەری مردن سەفەرێکی ناخۆش و پڕ ئازارە.

سەهۆڵبەندانی پاییزیی بە تەوژمە و سێوەکانیش باوەش باوەش هەموویان وەکوو گورم (گرمەی هەور) هەڵدەوەرن، ئەمانە هەموویان بیرخەرەوەی ترسناکیی "گورمسازانەکان، ئەوانەی دەبنە هۆکاری دابڕان" و "مردن وەک بۆنی خۆڵەمێش هەوای ئاخنیوە"، خۆڵەمێشەکانیش وەک دڵۆپە ئاونگ دەپوێن و پرژ و بڵاو، ئاسەواریان نامێنێت. بە پێچەوانەی ئاونگ کە لەگەڵ شنەی بەیانی و دەستپێکدایە، خۆڵەمێش کۆتایی ژیانە:

**جا لە جەستەی شەکەتا، رووحی ترساو**
**لە سەرمایێ کە لە درزەکانی لەشەوە دەیگەزێ**
**خۆی دەبینێتەوە، پڕووکاو**
**خۆی دەبینێتەوە، راکردوو**
**ماڵئاوایی ئاسان نییە...**

لۆرێنس لە بەشی سێیەمی شیعرەکەیدا حاڵەتێکی تر لەو حاڵەتانە دەگێڕێتەوە، کە رەنگە بە تووشی رووحی ترساوەوە بێت: ئەویش خۆکوشتنە. خۆکوشتن بە هەڵبژاردنی کاتی مردن، چارەنووس دیاری دەکات و دەیخاتە نێو چنگی خۆیەوە. لۆرێنس بۆ شرۆڤەی ئەم کردەوەیە ئاماژە بە هۆملێت دەکات:

**ئەرێ قەت کەسی وا هەیە**
**تەنیا بە نووکە خەنجەرێک**
**رزگاربێ لە ژیان؟**

ئەمە ئاماژەیەکە هەرچەند دواتر لە رەگەزدۆزی (جیناس)ێکی گرنگتردا دەینوێنێت، لەوە زیاتر وشیارانەیە کە بتوانێت سەرکەوتووانە بێت. بەم حاڵەشەوە قسەکانی هۆملێت لە بواری فەلسەفییەوە رێکوپێکن و لە جێی خۆیاندان، چونکە لۆرێنس وەکو هۆملێت "مردن بە وڵاتێکی دەست پێ رانەگەیشتوو" دەزانێت. ئەو وڵاتەی کە رووحی ترساو دەبێت سەفەر بکات بەرەو ئەوێ و وەکو هۆملێت لە رووبەڕووبوونەوەی مردندا، لایەنی خۆکوشتن رەت دەکاتەوە:

**لەبەر ئەوەی کە چلۆن کوشتن**
**تەنانەت خۆکوشتن**
**بلێی رزگاری پێوە بێ؟**

کوشتن، بەتایبەت خۆکوشتن، کردەوەی ئیرادەیە، وەکو زانستخوازیی ئاناکساگۆراس مرۆڤ توورِ دەداتە نێو "گێژاوی کەلاوەی هەرمان و نەمردنەوە":

**لێگەڕێ باسی هێوربوونەوەیەک بکەین، کە تێی دەگەین**
**کە شیاوی ناسینە**

لۆرێنس لە بەشی چوارەمی شیعرەکەدا دەپاڕێتەوە بۆ:
**هێمنایەتیی قووڵ و جوانی دڵی بەتوانا**
**دڵی سرەوتووی هێوریی**

ئەو هێمنایەتییەی کە بۆ مرۆڤ دەست دەدا، هەر هێمنایەتی بێدەنگییە، نەک ئەو سرەوتنەی کە لە خۆکوشتنەوە دێت، دیسان مرۆڤ دەبێت خۆی بداتە دەست هێمنایەتیی بێدەنگ بوو لە هێوری و سرەوتی خۆبەدەستەوەدانی رەوتی ناچاری ژیاندا، یانی ئەو رەوتەی کە بەرەو مردن دەڕوات.

لۆرێنس لە کۆپلەی چوارەم تا کۆپلەی هەشتەمی شیعرەکەیدا رێکوپێکتر لە بەشەکانی پێشوو سەفەری مردن پێناسە دەکات، خوازەی (کەشتی) خوازەیەکی نەریتییە کە رەنگە لە سەرچاوە میسرییەکانی واترۆسکان یا رەنگە لە شیلی و تی سوونەوە وەرگیرابێت، بەڵام بە داڕشتنێکی ناسک و رێک و وەستایانە وردەکارییەکانی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە، دەڵێت: رووح لە تەدارەکی ئەم درێژترین سەفەرەدا، دەبێت کەشتییەکی بچووک بۆ خۆی ئامادە بکات:

**کەشتییەکی بچووک... بە سەوڵ و باروبنەی رێگاوە**
**هێندێک وردەقاپ و قاچاغ و بەرگ و پۆشاکی ئامادە و شیاو**

بەڵام ئەوەی رەنگە لە دەربڕینی دواتردا "رووحی لاواز" لە "کەشتی"ی ناسکدا، بوێریی "کەشتیی نووح باوەڕ" وەکو نواندنێکی هەستیارانە دێتە بەرچاو، بە نواندنی ساکار و بێ زریقە و بریقەی "تەبەقی خواردەمەنی و مەنجەڵی چێشت و ئاڵوگۆڕی جل) گۆڕدراوە. سەرەڕای ئەوەش ئەم وردەکارییانە بە

شێوەی وێکچوواندن (تمثیل)یش کار دەکات، چونکە رووح وەکو لە "دواترین شیعرەکان"ی لۆرێنسدا دەبینرێت، لەم سەفەرەدا نیازی بە خواردن، واتا گەوهەر و کاکڵی پاڕانەوە و دوعا و باوەڕ هەیە و ئەو کاتەی کە رووح، جەستە بەجێدێڵێت وەکو لە کارەکانی ییتز و کارلیل-یشدا دیارە بەرگی ژیانی کۆن دادەکەنێت و پێویستە بەرگێکی نوێ و "خود"ێکی تری بۆ ژیانی نوێ لەبەردەستدا هەبێت، سەرەڕای هەمووی ئەمانە تەنانەت رووح، رۆژگارێک لە کەناری بیرچوونەوەدا لەنگەر دەگرێت و ئیتر هیچ شتێک نامێنێت:

**چونکە ناکرێ کەشتی لێخوڕی، بەندەرێکیش نییە**
**بەندەرێک نییە... جێگایەک نییە رووی تێکەی**
**تەنیا رەشایی بێ بڕوانە... هەر تاریکتریش دادێ**
**رەشتر بەسەر سێڵاوی بێ هەست و خوستدا**
**رەشایی لە رەشێنیدا... لە هەوراز و لە نشێو**
**لە هەموو لایەکەوە تاریکیی رەها، ئیتر هیچ شوێنێک دیار نییە**
**کەشتیی بچووک لەوێیە، بەو حاڵەشەوە هەر رۆیوە**
**نایەتە بەرچاو، چونکە هیچ شتێک نییە تا رۆیشتنی ئەو ببینێ**
**رۆیوە! رۆیشتووە و بەو حاڵەشەوە**
**لە شوێنێک، لەوێیە**
**لەهیچ کوێیە!**

رەشێنی شیاوی قووڵکرانەوە، دیسانیش رەش دادێت، ئەم هەڵیت و پڵیتە جوانە (چۆن رەش، رەشتر دەبێ لە رەش؟) خۆی وەبیرهێنەرەوەی پەیژەیەکە پلیکان لە پلیکانی تاریکتر، ئەو شوێنەی کە شینی مەیلەو هەش بەسەر یەکدا دەتلێتەوە، رەشی رەش دادەگەڕێت، تا شوێنێک کە بەم پلیکانانەدا دەگاتە وڵاتی پلۆتۆ. بەم حاڵەشەوە هەرچەند کەشتیی بچووک چرکەیەک لەم تاریکەسەڵاتە قووڵ و نەشیاوەدا ون دەبێت، هەرچەند کە رۆیشتووە، رۆیشتووە بۆ شوێنێک کە هیچ کوێ نییە، بەڵام هەرگیز لە نەبوونی خۆڵەمێشیی شەڕی خۆگەڕدا (یانی لە مژی خۆڵەمێشیی بزاڤێکدا کە چ بزاڤێک نییە) ناتوێتەوە.

لۆرێنس لە شیعری "شەڕی بێ وڵات"دا روونی دەکاتەوە کە شەڕێکی لەو چەشنە، نە رووناکییە و نە تاریکی، ماڵیشی لە هیچ کوێ نییە، لە هیچ کوێ. بەڕاستی کەشتیی بچووک لە سەفەردا، بێگومان سەرەتا تاریکی و پاشان تاریکایی تاریکتر و ئەوسا جارێکی تر رووناکایی دەئەزموێ، هەرچەند چرکەی

لەبیرچوونەوە وەهمێکی لە کۆتایی و نەمانی مۆڵەت تێدایە "کۆتاییە، لەبیرچوونە"، بەڵام بەڕاستی سەفەر قەت نابڕێتەوە.

لۆرێنس لە بەشی ٩ و ١٠ی شیعرەکەدا دێتە سەر ئەو شتەی کە ئێستا بۆ تاک، بابەتی باوەڕ واتا لەدایکبوونی رەمزاویی رووحە:

**بەم حاڵەشەوە، لە ئەبەد را هەودایەک**
**بە پانتای تاریکیدا خۆی هەڵدەبوێرێ**
**هێڵێکی ئاسۆیی**
**کە بەسەر تاریکییەوە رەنگی هەڵپڕووسکاوە، دووکەڵی لێ هەڵدەستێ**

لەباری زارەکییەوە ئەم هێڵی تیشکە لە ئاسۆی دووره دەستدایە، بەڵام لە باری مەجازییەوە هەودای ژیانە، چونکە ژیان سەفەرێکی بێ بنەتایە، سەفەرێکە بۆ پێشەوە کە نازانی دەگاتە کوێ، کە قەت پێی ناگەیت، تیشکێکی گوڵڕەنگ، رەنگبزرکاوترین ترووسکەی دووبارە "گڕێکی زۆر زۆر سوور" ژیان و هەموو شتێک جارێکی تر لە سەرەتاوە دەست پێدەکاتەوە:

**سێڵاو دەنیشێتەوە**
**لەش وەک سەدەفێکی سواو**
**جوان و سەیر سەرهەڵدەدا**
**کەشتیی بچووک لەرزۆک و بە لەرەلەر لەسەر سێڵاوی سووربباو ڕا**
**پەلەیەتی**
**بەرەو مەنزڵ**
**رووحی ناسک، دیسان دەگەڕێتەوە ماڵێ و**
**دڵیش لێوڕێژ دەکا لە حەسانەوە**

هێندێک لە رەخنەگران لەبارەی ئامانجی وردی ئەم کۆپلانەوە تووشی سەرلێشێوان بوون، ئاخۆ مەبەستی لۆرێنس بەشێکە لە مەسخ بوون و شێوەگۆڕانی رۆژهەڵاتییانە، یان فیساغۆرسیی رووح، یان شتێک پێشنیار دەکات وەک چەمکی هەستانەوەی مەسیحییەت؟ بەڵام بێگومان لەژێر کاریگەریی هەر دوو ئیلاهیاتەکەدا بوو، هەروەها لەژێر کاریگەریی بەشێک لە بۆچوونی سۆفییانەدا کە لە کتێبی "هەژدیهای باڵدار"دا تێکەڵاوی ئیلاهیاتی کردووە، بەڵام ئەو بەردەوام پێکهاتەی زۆرەملێی هەموو ئایینێکی رەت دەکردەوە، ئەو هەرگیز

بیروباوەڕی خۆی نەدەگەیاندە ئەوپەڕی شکۆ و گەورەیی خودای فەرمانڕەوای کارای دنیا. ئەو خودایەی کە بەڕای ئەو لە هەموو جێیەکدا بەردەوام و کارایە، لە سێوەکان و کۆخەکان و هەنارەکان و بە پێوانەی ئەوانیش لە مرۆڤەکاندا. ئەو پێی وابوو لە بازاڕی قەللە و دەللەی سروشتدا هیچ شتێک بێکەڵک و بێ خێرە، نییە، بەڵام باوەڕیشی وابوو کە شەرحکردنی مانای ئەو شتەی کە تەنیا بەشێوەیەکی دیناوی (شهودی) لە ڕێگای هێما و خوازەوە شیاوی ناسینە، هەوڵێکی لووت بەرزانەیە بۆ تێگەیشتن لەو شتانەی کە شیاوی تێگەیشتن نین.

کەوابوو کەشتیی مەرگی لۆرێنس لە ئاکامدا "کەشتیی نووح باوەڕ"ە، ئەو کەشتیی نووحەی کە بە تایبەتمەندییەکانی مەسیحی یان بوودایی یان بنەما و هزرەکانی بەر لە سوقراتییانەوە، رزگار بووە لە شەرت و مەرجان، بەڵام لە سۆنگەی بوێرییەکی ناسکەوە بەرەو لەبیرچوونەوە دەڕوا، بۆ ئەوەی ئیزن بدات کە بکەوێتە سەر ڕێگەی خۆی. بەتایبەت ئەو کەشتیی باوەڕەی لە دوایین مانگەکانی تەمەنیدا بە دوایین شیعرەکانی بۆ خۆی سازی کرد، ئەو شیعرانەی کە بە شێوەیەکی خەیاڵی لە رازی مەرگ نزیک و نزیکتر دەبنەوە و بە دیتنەوەی ئەزموونی لەبیرچوونەوە کە بەڕێوەیە، شاعیر ئامادە دەکات کە خۆی لەبەر ئەم تەجربەیەدا رابگرێت. ئەوەی کە ئەو دەیزانێت و تێی دەگات بەردەوام دەبێت بە تاڵیی خۆڵەمێشیی ئەم ئەزموونە، ئەو شتەی کە باوەڕیشی پێیەتی تیشکی دڵڕەقی گەڕانەوەیە بەرەو ژیان. لە ئاکامدا ئەوەی کە زیاتر لە هەموو شتێک لەبارەی "کەشتیی مەرگ"ەوە دەمانخاتە کوڵوکۆ، نە ئەو وردەکارییەیە کە بە هۆیەوە لۆرێنس خوازەیەکی کۆنی بووژاندۆتەوە و نە وەستاکاری و دەستوبردی ئەفسووناویی شیعری ئازادە (کە کێشی ئەم شیعرەی لۆرێنس بە نیسبەت زۆربەی شیعرە کۆتاییەکانییەوە لە کێشی شیعری پێنج بڕگەیی نەریتی نزیکتر بۆتەوە)، بگرە لەڕاستیدا هەستکردنە بە پێداگریی کەسایەتییەکی دینی کە خۆی رادەگوێزێتە نێو ئێمەوە:

**کەشتیی مەرگی خۆت ساز کردووە؟**
**بەڕاستی سازت کردووە؟**
**ئەرێ... کەشتییەک تەیار بکە بۆ مەرگت**
**چونکە نیازت پێیەتی**
**مردنیش وەک بۆنی خۆڵەمێش، هەوای ئاخنیوە**
**هەر بەڕاستی بۆنی ناکەی؟**

**ئاخ! کەشتیی مەرگی خۆت سازبکە**
**کەشتیی نووحی خۆت... کەشتیی بچووک...**
**بە بار و بنەوە، بە کەمێک نان و شەرابەوە**
**بۆ فڕینێکی تاریک**
**بەرەو گێلی... بەرەو لەبیرچوونەوە**
**ئێمە دەمرین... ئێمە دەمرین... ئێمە هەموومان دەمرین**
**هیچ شتێک لە بەرانبەر سێڵاوی مردنی هەڵقوڵاوی نێو دڵماندا... بەردەوام نییە**
**هەر بەزوویی دەلرفێ بەسەر دنیادا... بەسەر دنیای دەرەوەدا**

بەڕاستی لە دەقێکی لەو چەشنەدا ئەوە نە وێنەی سەفەر و نە هێمای کۆنی نان و شەرابی پیرۆزە کە کار دەکاتە سەر ئێمە، بەڵکو ئامۆژگاری و هاندەریی پەیامبەرانەی شاعیرێکی لە ئاویلکەدایە و رووی لە بەردەنگ و لە هەموو مرۆڤانە، وەبیرهێنانەوەیەکی کۆنە کە دەکرێت بە هەر کەسێک بڵێیت: "هەر شتێک وەرزی خۆی هەیە؛ وەرزی چاندن، وەرزی دروونەوە، تۆ لە خاکی و هەر دەشبێتەوە بە خاک".

سەرەڕای ئەمانە ئێستالۆرێنس خۆشی و ئێمەش ئامادە دەکات بۆ خۆڕاگری و دەربردنی مردن. وانییە کە بڵێین مردن لە بۆچوونی ئەودا ئەزموونێکی زۆر بە ژان و دڵڕەقانەیە. ئەو بەو ئاکامە دەگات کە دەکرا رێگای دوولەتبوون و ساغبوونەوە سامدار بوایە، واتا مردن و سەفەر بۆ وڵاتی لەبیرچوونەوە سەفەرێکی خەفەتهێنە، بەڵام ئەو هەر هەست دەکات کە لە کۆتاییدا لەبیرچوونەوە دەبێتە دەرمان و مەڵهەم. "نەغمەی مردن بچڕە... ئەرێ بچریکێنە" ئەمەی لە شیعری "مەقامی مەرگدا" نووسیوە، یەکێک لەو چەند کورتە شیعرانەی کە تەواوکەری شیعری درێژی "کەشتیی مەرگ"ن:

**چونکە بە بێ نەغمەی مەرگ**
**نەغمەی ژیان گەوجانەیە و**
**بێ مانایە**

ئەمە راست وەسەریەکخستنەوەی دیالۆگانەی لۆرێنسیی ئەو خاڵەیە کە ئیستوێنس لە "بەیانیی یەکشەممە" و ویتمەن لە شیعری "ورتە ورتەکانی مردنی ئاسمانی" و چەند شیعری تردا نووسیویانە. لە کۆنەوە وتوویانە خەو برای مردنە؛

واتا مەرگی دووەمی مرۆڤ؛ کە ئەمە بەڵێنی لەبیرچوونەوەی خۆشکەرەوەیە، لۆرێنس لە شیعری "خەو" و "خەوتن و بێداری"دا دەنووسێت:

**خەوێکی خۆش نووستی؟**
**ئای کە هەر وایە خەوی خودا**
**دنیا لە نویْ دەئافرێتەوە**

بەم پێیە ئەویش وەکو جان دان، شاعیری ئینگلیزی، بەڵگە دێنێتەوە و روو لە مەرگ دەنووسێت:

**لە خەوتن و حەسانەوە**
**کە شتێک نییە**
**جودا لە دیتنی شیلەی هێورکەرەوەی تۆ**
**خۆشییەکی زۆر دێتە دی**
**ئەوسا**
**ئەو هەلاڵەیەت**
**زیاتر لیْ دادەچۆڕیْ**

سەرەڕای ئەمە چونکە مەرگ هەمان خەوە، لەبیرچوونەوەیە و چونکە لە بیرچوونەوەش دژوارە، کەوابوو هەم هێورکەرەوەیە و هەم پێویستە.

لۆرێنس مانگی سێپتامبری ١٩٢٩ بۆ لۆرێنس پۆلینجێری نووسی:

ئێرە زۆر هێمن و ساوە، لەم مانگی سێپتامبەرە، غەماوی و درێژەدا کە تێیدا گیاکانی باوارییایی ئارام دەگرن. لەبیرچوونەوە... لەبیرکردن چەند دژوارە، بەلاّم ئاخری دەبێت یادەکان لەبیر بکەین، چونکە مرۆڤ بە لەبیرکردنیان توولەک دەکات، خودی کۆن تووڕ هەڵدەدا و جیْ بۆ خودی نویْ دەکاتەوە:

**بۆ ئەوەی بتوانی لەبیر بکەی**
**ئەشیْ توانای خۆ بەدەستەوەدانت هەبێت و**
**خۆت بدەی بە دەستەوە**
**بەو خودایەی کە لە فەرامۆشیی قووڵدا دەژی**
**تەنیا لە فەرامۆشیی تەواودا**
**لەگەڵ خودایین**
**چونکە ئەگەر**

**بەتەواوی بگەین بە ناسین**
**دەستمان لە ناسین شتۆتەوە.**

لۆرێنس لە شیعری "فەرامۆشی"دا ڕوونی دەکاتەوە کە تەنیا ئەو کاتە دەگەین بە ناسینی تەواو، کە بیرەوەرییەکان، یانی بیر و زانینمان نەمابێت، چونکە لەوپەڕی ناسیندا دەمار و مێشک هەن و ئەمە حاڵەتێکە کە شاعیر لە شیعری وەک "گیاکانی باوارپایی" و "کەشتیی مەرگ"دا دەچێتە نێوی.

شیعری تازە و جوانی "سێبەرەکان" دواترین و وروژێنەرترین حەولی لۆرێنسە بۆ دۆزینەوەی بیرچوونەوە و خۆگێلکردن و خافڵبوون، واتا ئەو نەزانینەی کە مردنە و دوایین خەڵاتی خودایە.

لێرەوە ئەو باسی خۆی دەکات و راستەوخۆ ناساغیی خۆی دەخاتە بەرباس وەک بڵێی روانینی بەردەوامی ئەو بۆ گەردوون و کەڵکەڵە بەردەوامەکانی گەردوون لە سەرانسەری "دوایین شیعرەکانی"دا بوێرییان پێ بەخشیوە، یانی ئەو کەشتیی نوح باوەڕەی کە نە تەنیا لەگەڵ چارەنووسی مرۆڤان بگرە، بەتایبەت لەگەڵ بەسەرهاتی خۆشیدا بەرەنگارە:

**ئەگەر ئەمشەو**
**رووحی من... لە خەویدا هێوربێتەوە**
**بەیانیش**
**وەکو گوڵی تازە رسکاو بپشکوێ**
**ئەوسا نووقمی خودا دەبووم و**
**سەرلەنوێ**
**دەبوومە بوونەوەرێکی خوڵقاو**
**ئەگەریش لە رەوتی رۆژگاردا**
**بە دەم تاریکیی مانگەوە**
**رووحم رەش داگەڕێت و**
**لە جەستەم جودابێتەوە**
**تاریکایی نەرمی بەرهەستی سەرسوڕمێن**
**جووڵە و هزر و وتارم داپۆشێت**
**ئەوسا دەزانم... کە هێشتا هەر هاوڕێی خودام**
**ئێستا کە نسێ بەری مانگی گرتووە**
**من و ئەو لێک نزیکترین**

لێرەدا دەربڕینی قورسی ئایینی بە رەهایی دەبێتە رەسەنایەتی، هەرچەند هێشتا هەر وەکو پێکهاتەی پێداگرانەی شیعری "ئیلیووت" نییە:

**کۆتایی بێ کۆتایی**
**سەفەری بێ کۆتایی**
**بەرهەمی هەموو شتێکی بێ بەرهەم**
**قسەی بێدەنگ و**
**دەنگی بێ دەربڕین**
**رەحمەتی خوا لە دایکی پاک بباریّ!**
**بە بۆنەی باخی بەهەشتەوە**
**ئەو شوێنەی کە عیشقی تێدا دەبڕێتەوە**

لۆرێنس بەڕاستی وەک شاعیرێکی ئایینی نەک تەنیا بەشێوەیەکی بەرچاو سەرقەتارانی رۆمانتیک وەکو کینز و ویتمەن و ریلکە وئیستیوێنس وەبیر دێنێتەوە، بگرە جۆرج هێربێرت-ی شاعیری سەدەی ١٧-ش دەخاتەوە بەر زەین، کە موریدی گرووپی ئینگلیکان بوو. لۆرێنس وەک هێربێرت لە باشترین شیعرەکانیدا وەک "سێبەرەکان و کەشتیی مەرگ" و "قەقنەس" بە دڵنیایی تەواوەوە قسە دەکات، بە باوەڕێکەوە دەدوێت کە نیازی نییە بە پاڵپشتیی بناغەکانی باوەڕ و تەنانەت میلۆدرامە نەخۆشانەکان کە زۆرجار بوونەتە تایبەتمەندیی نووسراوەکانی ئیلیووت و تەنانەت جان دان-یش؛ بۆ نموونە روونی و بێ پەردەیی "سێبەرەکان"، شان لە شانی بە ئاکامگەیشتنی هێورانەی هێربێرت دەدا لە شیعری "نەغمەی شەوانە"دا:

**نازانم کامیان... عاشقترن؟**
**شەو یا رۆژ**
**ئەویان گەردەلوولە و ئەمیان بەندەر**
**ئەویان یاریگەیە و ئەمیان بەرهەیوان**
**یان ئەو باغە و ئەمیش مێشە**
*******
**خوایە گیان!**
**تۆ تەواوی عەشقی**
**لە باوەشتدا**

**وردترین گەردیلە**
**ڕێگای دەرچوونی نییە**
**بەڵام بارانی کەرەمی خۆت**
**لەو بەرزەوە داببارە!**
**کە من لە پێخەفی ئەم عەشقەدا**
**پتر دەحەسێمەوە**
**تاکو نێو جێوبانی خەوتن**

هەروەها لە چەند کۆپلەی تری وەک ئەوانەی سەرەوەدا لە شیعری "سێبەرەکان"دا:

**ئەگەر بێت و**
**لە وێنە بەردەوامەکانی توانەوەی مرۆڤدا**
**نەخۆش بم و چارەڕەش**
**دەڵێی تێکشکاوم و**
**دڵمردوو**
**هێز و توانام لێ بڕاوە و**
**ژیانیش.**
**کە ژیان نا... مردن**
**ئەشێ بزانم کە هێشتا**
**لە دەستی خودایەکی نامۆدام**
**کە لە فەرامۆشیی خۆیدا**
**تێکم دەڕووخێنێ**
**بۆ ئەوەی پاڵم پێوەنێ**
**بەرەو بەیانییەکی نوێ**
**وەکو مرۆڤێکی تر.**

بەهەر حاڵ ئەم شیعرە زۆریش جیاوازی نییە لەگەڵ شیعرەکەی هێربێرت.

سەیر ئەوەیە کە بە هیچ شێوەیەک بۆت لە شیعری ئیلیوت-یش جودا ناکرێتەوە، کە ئەو پێی وابوو لۆرێنس لەبارەی خودایانی سەیر و سەمەرەوە شیعر دەنووسێت، بۆ وێنە لە شیعری "چوارشەممەی خۆڵەمێشی"دا ئیلیوت نەک تەنیا دوعا دەکات خودا ئارامیمان پێ ببەخشێت و رزگارمان بکات، بگرە

هەر بەدەم پاڕانەوەوە دەڵێت:

**خودایە!**
**خۆزگە بتوانم لەبیریان بکەم**
**ئەو باسانەی**
**کە بەردەوام... لەنێوان خۆمدا کردوومن**
**لە رادەبەدەریش... شەرحم کردوون.**

**هەر وەها لە خودای ویستووە:**
**فێرمان بکە!**
**بترسین و نەشترسین**
**فێرمان بکە!**
**لە جێی خۆمان ئارام بگرین**

ئەمە لە بنەڕەتدا هەر ئەو شتەیە کە لۆرێنس لە شیعرەکانی "سیبەرەکان" و "کەشتیی مەرگ" و "بێدەنگی"دا پرسیاری لێ دەکات. سەرەڕای ئەوەش من پێموایە رەنگە سەیرتریش بێت کە لە ئاکامدا لۆرێنس باوەڕی زیاترە لە ئیلیووت، هەرچەند شیعرەکانی ئیلیووت بەشێوەیەکی بەرچاو ئارام و نەرمترن. منیش وەک رایس موریس هاتوومە سەر ئەو بڕوایەی کە "لەم دنیایەدا، ئەم دنیایەی کە تێیدا دەژین، وا دیارە کە خودا سەیروسەمەرەکانی دی.ئیچ لۆرێنس لە بەراوردی خوداکانی ئیلیووت-دا کەمتر غەریب و نامۆن".

من شیعری "چوارشەممەی خۆڵەمێشین" و "چوار کواڕتێت" هەروا بۆ وێنە و نموونە بەسەر شیعری ئایینی ئەودا ناسەپێنم، بەڵکو مرادم ئەوەیە کە خاڵێکی تایبەت لەمەڕ دوایین شیعرەکانی لۆرێنس-ەوە بورووژێنم. باشترین شیعرەکانی لۆرێنس ئەو کۆمەڵە شیعرە سەرکەوتووەن (لەکاتێکدا کە ئەم سەرکەوتنە بە نسیبی شیعرەکانی ئیلیووت نەبووە)، چونکە لۆرێنس لە سەرانسەری ئەم کۆمەڵە شیعرەدا هەولی ئەوەیەتی کە پاساو بێنێتەوە بۆ ئایینەکەی خۆی؛ تەقەللا و گەڕانی وردبینانەی ئەو لە بارەی چییەتی خوداوە، ئەزموونی ئەو لە پێوەندیی لەش و رووح و خوێن و دەماردا، سەرنجی ئەو بۆ ئەزموونی ئاڵۆز و رەمزاویی مردن و هەموو ئەو جۆرە حەولانە بەشتێک دەگەن بە ئاکام، ئەویش مەیل و ئیشتیای ئێمەیە بۆ وەرگرتنی باوەڕی سادە و هێمنی "سێبەرەکان". هەر وەکو بێڵک موور بە جوانی روونی کردۆتەوە، ئیلیووت لە کاتێکدا بە پێکهاتەی

بنەمای راستەڕێی مەسیحی شیعر دەنووسێت، کە پێی وایە ئێمە ئەو شتەی لێ وەردەگرین و ناچاریشی ناکەین بۆمان روون بکاتەوە، کە خوداکەی کێیە؟ و بۆچی باوەری پێیەتی؟ چونکە لەم دنیایەی ئێمە تێیدا دەژین ئەم روونکردنەوەیە راست ئەو شتە پێویستەیە کە شاعیرێکی ئایینی ناچارە ئاراستەی بکات، هەر ئەو شتەی کە بیچمی دوایین شیعرەکانی لۆرێنس پێکدێنێت، بەڕاستی لۆرێنس تەنانەت ئەو کاتەی کە خوازەگەلی دانراو و گرێبەستی ئایینی لە شیعرەکانی "کەشتیی مەرگ" و "قەقنەس" و "پاڕانەوەی خوداوەند"دا بەکار دێنێت، ئەو خوازانە بە تایبەتمەندیی راڤەیی و بەرهەست و بەرچاو دەکار دێنێت. ئەگەر ئەو پاساوە تایبەتە بێتە گۆڕێ کە دانەری کۆپلە شیعرییەکانی "چوار شەممەی خۆڵەمێشین" و "سووناڤووس" و "خوایە من شایان نیم"، تی. ئیس. ئیلیووتە، ئەوە شتێکی زۆر لاواز و بێ نێوەرۆک و تەنانەت رواڵەتییانەشە، چونکە زۆر کەس لە ئێمەومانان پێی وا نییە کە ئەوە راستییەکی بناغەدار بێت.

کەوابوو هەر وەکو باوکەتی ڤێرتۆن سەرنجی داوەتێ، یەکێک لە بایەخەکان و هونەرە ئەخلاقییەکانی لۆرێنس بەردەوام ئەو هەستیاربوونەی ئەوە لە بارەی "هەبوونی ئایینییەوە، نەک دەبێت و دەروەستییەکانی ئایین". ئەمە واتا سەرنجی لۆرێنس لەمەڕ راستەقینە. لۆرێنس وەک شاعیرێکی ئایینی کەمتر وا هەیە ئەو هەبووناسییەی لەبیر بچێت کە لە شیعری "پاڕانەوە لە خوا"دا پێناسەی دەکات، واتا پێوەندیی خودا و خۆی:

**مەلەکووت هی تۆیە و**
**شکۆ و**
**تواناش**
**هەر هی تۆن**
**ناوی گەورەییت پیرۆز بێ**
**ئەی تۆ کە بێ ناوی!**

**جا روو لە خۆی دەکات و:**

**منی رووتەڵە... هاوار لە تۆ دەکەم**
**خواردنی رازاوەی بەهەشتم لێت دەوێ**
**مەلەکووت و دەسەلات و شکۆی خۆم**
**هەر لە تۆ گەرەکە...**

بێگومان هەستی ئێمە لە بەرانبەر پاساوی شیعرگەلێکی وەکو "پیاوێکی خەڵکی تی ئیر" و "نەهەنگان ناگرین" و "گیاکانی باوارییایی" و "کەشتیی مەرگ" و "سێبەرەکان"، کە تێیاندا سەرنج دەبێتە تێڕامان و رامان دەبێتە پاڕانەوە و پاڕانەوەش دەبێتە لەدایکبوونەوە، ئیمان و باوەڕی هونەری لە سەرانسەری ژیانی ئەو شاعیرەدا دەسەلمێنێت، کە کردەوەی رامانی خاوێن ئەگەر لەلایەن مرۆڤێکی شیاوەوە بێت، بێگومان بەهرە و خەڵاتی خۆی وەردەگرێت.

* زانستخوازیی ئاناکساگۆراس ئاماژەیە بۆ ئەو وتەیەی خودی ئاناکساگۆراس لە دژی ئەو کەسانەی کە دەیانوت خۆزگە لەدایک نەبووینایە، دەڵێت: لە دایکبوون جوانترە، چونکە رووحی مرۆڤ دەتوانێت لەم دنیایەدا بە زەمبەری زانست بڕازێتەوە، کە ئەمەش گەورەترین ئامانجی ژیانە و کەشتیی مەرگ شەپۆل دەداتەوە و رووحی لەدایکبوون و ژیان دەسەلمێنێت.

**سەرچاوە:**

عصر پنجشمە، هفتەنامە ادبی- هنری، شمارە ٦٦-٦٥، شهریورماە ٨٢، شیراز، ایران.

# هونەر

| | |
|---|---|
| توانایی و کێشەکانی بەردەم ڕەوتی سینەما | ئا: شەریف فەلاح |
| بنەماکانی کاری هونەریی لە نیگاری منداڵاندا | تەها ئەحمەد ڕەسوڵ |
| تێکستە شانۆییەکانی شەفیق محەممەد | کامەران سوبحان |
| چەند وشەیەک سەبارەت بە ((تابلۆی کچە کوردێک)) | ستار قادر |
| ڕوانینێک بۆ فیلمی (ڕۆکۆ و براکانی) | و: فەرهاد بەهەشتی |

# توانایی و کێشەکانی بەردەم ڕەوتی سینەما
# لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**ئامادەکردنی: شەریف فەلاح**

**بەرایی:**

بۆ گەڕانەوە بۆ سەرەتا و چۆنییەتیی هاتنی سینەما بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەبێت لە ساڵانی دەیەی ١٣٣٠ی هەتاوی (١٩٥١ی زایینی) بەملاوە توێژینەوە ئەنجام بدەین، چونکە هێشتا کەسانێک لە ژیاندا ماون کە بۆ خۆیان لە نزیکەوە شاهیدی ئەو ڕووداوانە بوون و هەتاڕادەیەک بەسەرهاتە تۆز لێنشتووەکانی ئەو دەورانەیان لەبیر ماوە. "نیعمەت فەرهادپوور" کە لە بەشی تەدارۆکاتی یەکێک لە یەکەم سینەماکانی سنەدا کاری کردووە، بەم چەشنە باسی ئەو سەردەمە دەکات: "باوکم (عەلی فەرهادپوور) "ئیستوار" (مولازم)ی سوپا بوو و لە باشگای ئەفەسەران لە شەقامی ئیمام خومەینی (شاپوور)ی سنە، خزمەتی دەکرد، کە سینەما "فیردەوسی"ی لەوێ کەوتە گەڕ. ناوبراو دەڵێت لەوانەیە ئەمە یەکەم سینەمایەک بێت کە لە شاری سنە کرابێتەوە، کە فیلمە بێدەنگ و پانتۆمیمەکانی

پیشان دەدا و خەڵکێش بە دانی پێنج ریاڵ دەیانتوانی بڕۆنە سینەما.

فەرهادپوور، کە ئەوکات تەمەنی ١٢ ساڵ بووە، دەڵێت: "بەپێی ئەو بەرپرسایەتییەی کە باوکم لە باشگای ئەفسەرانی سنە هەیبوو، شەوێک کەسێک بەناوی "مەنسوور باقریان" کە فارس زمان و پێم وایە خەڵکی تاران بوو، هاتەماڵمان و وتی: ئەگەر سینەما فیردەوسی (باشگاە) بە من بسپێری، دەتوانم پەرەی پێ بدەم. بەم چەشنە سینەما فیردەوسی دەرووخێنێت و لەجێگای سینەما "موبین" بە شێوازی نوێ بنیات دەنێت. ناوی سینەما موبین لە ناوی تیمسار (لیوا) "موبین"ەوە وەرگیرابوو. دوای سپاردنی سینەما بەو کەسە فیلمەکانی "دزی کراس سوور"، "ئەمیر ئەرسەلان" لە یەکەم فیلمە ناوخۆیی و بیانییەکان بوون کە لە هۆڵی چوارگۆش کە جێگای ٥٠ کەس دەبۆوە بۆ خەڵکی شاری سنە، پیشان دران. جیا لەوە لە پەنای پیشاندانی فیلمدا، هەندێ جار شانۆ و نمایشە سوننەتییە ناوچەییەکانیش پیشان دەدران. نەمر "نیعمەتوڵڵا گورجی" یەکێک بوو لە یەکەم ئەکتەرانی کورد، کە بە یارمەتیی هەندێ لە هونەرمەندە گۆرانیبێژە بەئەزموونەکانی ئەوکاتی سنە لەو سینەمایە بەرنامەی هونەرییان بەڕێوە دەبرد کە هونەرمەند "حەسەن کامکار" (باوکی گرووپی کامکارەکان) یەک لەو هونەرمەندانە بوو.

دواتر فیلمی "دۆزەخ لەژێر پای من" کە لەڕووی فیلمی هیندیی "دوو برا" بەرهەم هاتبوو، لە یەکەم فیلمەکان بوو کە لە شاری سنە و دەورووبەری سازکرا. بە وتەی فەرهادپوور، ئەو لەو ساڵانەدا هەم لە سینەما موبین کاری کردووە و هەم لە قوتابخانەش بووە.

ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی (١٩٦٢ی زایینی)یش "کەریم رەئووفی" سینەما رەئووفی لە شاری سنە کردەوە کە لە شەقامی تاڵەقانی و رووبەڕووی "ناوەندی تەندروستی"ی ئێستای سنە هەڵکەوتبوو و بەو چەشنەی کە فەرهادپوور دەیگێڕێتەوە، باقریان ئەو سینەمایەشی کڕی و پاش نۆژەنکردنەوە و ئاڵوگۆڕ لە دیکۆراسیۆن، گەورەی کردەوە، بە چەشنێک جێگای ٢٠٠ کەس دەبووەوە.

ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی (١٩٦٣ی زایینی) مەریوانییەکانیش بۆ بنیاتنانی یەکەم سینەما دوای شاری سنە لەگەڵ "ئەردەشیر محەمەدی"نوێنەری مەنسوور باقریان کەوتنە وتوێژەوە، کە فەرهادپوور دەگێڕێتەوە: هەر بە شەو کەرەستەکانمان گواستەوە بۆ مەریوان و لەوێ دیتمان شوێنێکی باشی بۆ لەبەرچاو گیراوە و من بۆ خۆم "ئاپارات"ەکانم جێبەجێ کرد.

"ئەمین بەگ رۆستەمی"، "مەنسوور سەمەدی"، "شیرازی" و "هیجانی" و چەند

کەسێکی دی لە کەسانی چالاک و بناغەدانەرانی سینەمای مەریوان بوون. دواتر سینەمای "شاری فەرهەنگ" لە شاری سنە دامەزرا، کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران ناوی گۆڕا و بوو بە "سینەما بەهمەن"، کە هەتا ساڵی ١٣٨٨ی هەتاوی (٢٠٠٨ی زایینی) بەردەوام بوو و بۆ ماوەی چوار ساڵ بەهۆی نۆژەنکردنەوە داخرا و سەرەنجام ساڵی ١٣٩١ی هەتاوی (٢٠١٣ی زایینی) بە گۆڕانکاریی بنەڕەتی و نۆژەنکردنەوە بە ناوی "ناوەندی فەرهەنگی"ییەوە دەستی بەکار کردەوە.

لە ساڵی ١٣٧٦ی هەتاوی (١٩٩٧ی زایینی) لە شاری سنە سینەما "شەیدا" لە شەقامی تاڵەقانی دامەزرا و هەتا ئێستاش چالاکە.

هاوکات لەگەڵ هاتنی شەپۆلێکی نوێ لە بیرۆکەی سینەمایی بۆ سنە و کردنەوەی "نووسینگەی ئەنجومەنی سینەمای لاو" لە سنە لە ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی (١٩٨٧ی زایینی)، کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانی ئۆگر بە هونەری سینەما روویان لەو ئەنجومەنە کرد و بەپێی ئاماری فەرمیی ئەو ئەنجومەنە هەتا ئێستا زیاتر لە ٢ هەزار کەس لە بواری بەرهەمهێنانی فیلمدا پەروەردە و بار هێنراون، کە لانیکەم ١٠٠ کەسیان ئێستا بە شێوەی پسپۆڕانە و ئاماتۆر سەرقاڵی کاری سینەمایی و بەتایبەت سینەمای کورتە فیلمن.

### بۆ پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلم لە پارێزگای کوردستان پڕ کێشەیە؟

"تەوفیق ئەمانی" سینەماکاری لاوی کوردی خەڵکی مەریوان، ئەم پرسیارەی هێناوەتە گۆڕێ، کە بۆچی گرفت و ئاستەنگەکانی پرۆسەی بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستان لەچاو ناوچەکانی دیکە زیاترە؟ دیسان ئەم پەرسیارە قوت دەبێتەوە کە لەبەرچی هونەری سینەما و ئەو تێڕوانینە تایبەتەی کە بۆی هەیە بەو هەموو گرفت و ئاستەنگەی کە رووبەڕووی سینەما و بەتایبەت سینەمای کورتە فیلم بووەتەوە، لەم هەرێمەدا بە نیسبەت شوێنەکانی دی زیاترە؟ ئەو لە وتارێکدا کە لە وێبلاگەکەی خۆی بڵاوی کردۆتەوە لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا نووسیویەتی: "بێگومان یەکەم و لەوانەیە گرنگترین هۆیەکەی لە جۆری کەڵکەڵەی فکری و جیهانبینی لەناو سینەماکارانی ئەم دیارەدا بێت". بەو پێیەی کە هونەرمەند هەموو کات بەرهەمەکەی وەک پەنجەرەیەک بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و تێفکرینی زاڵی خۆی دەزانێت، هەوڵ دەدات لە هونەرەکەی بۆ گواستنەوەی ئەو بیرۆکانە بە باشترین شێوە کەڵک وەربگرێت. لەم نێوەدا سینەماکارانی کوردستانیش لەم دۆخە جیا نین. کاتێک باسی جیاوازی لەنێوان بەرهەمە کوردییەکان لە

چەند ساڵی رابردوودا دێتە گۆڕێ، بەهۆی لە گۆڕێدا بوونی جۆری تێڕوانینی شرۆڤەکارانە و رەهەندناسیی کۆمەڵگای کوردستانە. ئەو لە نووسراوەیەکەیدا ئەمە دەخاتە روو: سینەماکارە ناوچەییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە هەم روانگە و گۆشەنیگای جوانیناسانە و پێکهاتەمەندییان لە هەمبەر فەرهەنگی دەوڵەمەند و فۆلکلۆری ئەم نیشتمانە هەبێت و هەم پێوەندییە جیاجیا کۆمەڵایەتییەکان بخەنە ژێر نیگای وردی کامێراوە، کەمتەرخەمی لە هەمبەر ئەو گرفت و قەیرانانەی کۆمەڵگا و حاشاکردنیان کە بە واتای ژیاندنەوە و لە مەترسی خستنی کۆمەڵگایە، بە شێوەی جۆراوجۆر لە چوارچێوەی بەرهەمەکانیاندا وێنا بکەن، گرنگییەک کە بێگومان سەرنجی هونەر و بەتایبەت سینەمای راکێشاوە و هونەرمەندیش بە هونەرەکەیەوە ئەم بارە قورسە هەڵدەگرێت.

دەروەستی لە بەرامبەر کۆمەڵگای دەورووبەر خۆی و هەست بە بەپرسیارێتیکردنی دەروونی و جێگیربوونی بایەخە مرۆییەکان و بەدوور لە هەرچەشنە لایەنگری و راسپاردەیی و بوونی رۆحێکی رەخنەگرانە لە گەوەرترین فاکتۆر و تایبەتمەندییەکانن بۆ هونەرمەند و بەو خەسڵەتانە و هاوکات هەبوونی زانست و ئەزموونی پسپۆڕانە و تایبەت بە سینەما، بەرهەمێکی هەرمان و جێگای تێڕامان دەخولقێت، ئەمەش سروشتییە کە بە بەفراوانی لەناو سینەماکارانی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت، ئەمەش خۆی گرنگترین هۆیە کە بۆتە هۆی هەڵهێنانەوەی هەنگاوی بنەڕەتی لە بیاڤی سینەما لەلایەن سینەماکارانی ئەم دیارەوە.

**توانایی و لێهاتوویی فراوان و نەبوونی پشتیوانی:**

"جەمیل مەفاخری" یەکێکی ترە لە سینەماکارە لاوەکانی کورد، کە ئێستا لەناو بینا کۆن و مێژووییەکانی شاری سنە، سەرقاڵی فیلمێکە بە هەوێنی مێژوویی، لەم بارەیەوە دەڵێت: "سینەما بەرهەمێکی هاوردەی خۆرئاوایە، کە بە تایبەتمەندیی خۆیەوە هاتووەتە ناو کۆمەڵگای نەریتی ئێمەوە. کوردستان بە فەرهەنگی دەوڵەمەند، ئەفسانە و چیرۆکی رەسەن و خۆماڵی، لۆکەیشنی نایاب، فۆلکلۆری دەوڵەمەند و هەلومەرجی جوغرافیایی تایبەت و سروشتی دەگمەن، هەروەها ئەو چیرۆک و بەسەرهاتانەی کە رۆژانە لە ژیانی خەڵکەکەیدا روو دەدات، فەزا و کەش و دۆخی زۆر لەباری بۆ کاری سینەمایی هەیە". بە وتەی ناوبراو ئەو خەسڵەتە زمانی و خەڵکناسییانە و گەنجانی بەهرەمەند و داهێنەر کە روانینێکی مرۆییانە و بێلایەنانەیان بۆ رووداو و پرسەکانی کۆمەڵگا هەیە، پێکەوە دەستیان

داوەتە دەستی یەکتر کە بڵێی لە کوردستان زەمینە و هەلی سەرەتایی بۆ بەرهەمهێنانی فیلم و بەکارهێنانی ئەم هونەرە بۆ گەشە و پەرەسەندن، لەئارادایە.

لە درێژەدا دەڵێت: سینەمای کوردستان بەگشتی لە رێگای فێربوون و ئەزموونەوە فۆرمی گرتووە و زۆربەی هونەرمەندان لە رێگای بارهێنانی سەرەتاییەوە لە ئەنجومەنی سینەمای لاوەوە هاتوونەتە ئەم مەیدانەوە، بەڵام توانیویانە لێهاتووییەکانی خۆیان بە باشترین شێوە بنوێنن و بیسەلمێنن کە دەتوانن شارازایانە و پسپۆڕانە کار بکەن. ناوبراو بە ئاماژە بەوەی کە لە کوردستان لق و شاخەی زانکۆی تایبەت بە سینەما لەگۆڕێدا نییە، وتی: لە کوردستان زۆربەی چینەکانی خەڵک تێڕوانینێکی جیدییان بۆ سینەما نییە و هێشتا نازانن کە دەبێت بەرهەمە سینەماییەکان بکەوێتە ریزی پێداویستییە رۆژانەکانیانەوە؟ ئەوەشی خستە روو، سینەما تەنانەت دەتوانێت لە گۆشەنیگای ئابووریشەوە سەرنجی پێ بدرێت، بەڵام لێپرسراوان و ئەوانەی کە پلاندارێژن، نەهاتوونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم هونەرە تەنانەت دەتوانێت یارمەتیدەری رەوشی ئابووری و پێشەیی وڵات بێت.

مەفاخری ئاماژەی بەوەش کرد سینەما یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی گەشەی فەرهەنگییە کە تێڕوانینی لێپرسراوان و زۆرینەی خەڵک و شێوازی رەفتاریان پێچەوانەکەی دەردەخات. سینەماکاران لە کوردستان پشتیوانییەکی ئەوتۆ ناکرێن و بە باوەڕی ئەو سینەماکارە لاوە، ئەو نەختە پاڵپشتییەش زیاتر پێوەندییەکی نایاسایی، خزمایەتییە تاکو لەبەرچاوگرتنی یاسا و پێوەرەکان، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە فیلم و سینەما لەلایەن بەرپرسانەوە دەرک پێ نەکراوە و ئەو فیلمانەش کە لە کوردستان دێنە بەرهەم، زیاتر بەرهەمی وریایی، داهێنەری و کاری عاشقانەی لاوانە، دەنا پشتیوانییەکی شایستەیان ناکرێت.

نەبوونی رێکخراو و دامەزراوەیەکی پیشەیی یەکێکی تر لە گرفتەکانی بەردەم سینەماکارانی کورە، هەتا ئاستەنگ و داخوازی و کەڵکەڵەکانی خۆیان بە تۆکمەیی بگەیەننە لێپرسراوانی پێوەندیدار.

**لەنێوان خەڵک و سینەماکاراندا پێوەندییەک لەئارادا نییە:**

یەکێک لە دەرهێنەرانی لاوی بانەیی پێی وایە، بەهۆی نەبوونی پێشاندان (ئێکران)ی گشتی، ئێستا پێوەندییەک لەنێوان خەڵک و دەرهێنەرانی سینەما لە گۆڕێدا نییە. "هیوا ئەمین نژاد" وێڕای ئاماژە بەوەی کە "ناوەندی دەنگ و رەنگی کوردستا" لەبارەی کڕینی فیلم و پشتیوانی لە سینەماکاران بەرنامە و پلانێکی

دیاریکراو و کارنامەیەکی سەرکەوتووی نییە، وتی: هونەرمەندانی بواری سینەما لە کوردستان ناچارن بۆ قەرەبووی هەزینەی بەرهەمەکانیان، فیلمەکانی خۆیان بفرۆشنە کەناڵە تەلەفزیۆنییە بیانییەکان، یان لە ڕێگای بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکان بەشێک لە تێچووەکانیان بۆ بگەڕێتەوە.

ئەو دەرهێنەرە کوردە بانەیییە لەو باوەڕەدایە گیروگرفتی بەرهەمهێنانی فیلم لە ناوچە کوردنشینەکان لە زۆربەی ناوچەکانی دیکەی ئێران زیاترە، چونکە لەلایەک پشتیوانیی ئیدارە و ناوەندە فەرهەنگییە حکومەتییەکان لە سینەماکاران کەمە و لەلایەکی دیکەشەوە سپۆنسەرە پیشەیی و کەرتە تایبەتییەکان کە بتوانن بەرهەمهێنەران و چالاکانی فیلم و سینەما پاڵپشتی بکەن، لە گۆڕێدا نییە.

ناوبراو نەبوونی ناوەندی ئەکادیمیک و و رشتەی زانکۆیی لە ناوەندە پەروەردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەک کەموکوڕییەکانی ڕەوتی سینەما لە کوردستان ناودێر کرد و ڕایگەیاند: بە هەوڵی نووسینگەی ئەنجومەنی سینەمای لاوی سنە، بۆ خستنەگەڕی ئەو چەشنە ناوەندە پەروەردییانە چەندین هەوڵ درا و تەنانەت لەگەڵ ئیداری فەرهەنگ و ئیرشادیش کۆبوونە کرا، بەڵام ڕووبەڕووی گرفتی یاسایی بووینەوە و سەرەنجام ئەم گەڵاڵەیەش پووچەڵ کرایەوە.

## بۆچی فیلمە کوردییەکان دەبێت لە دەرەوەی ناوچە کوردنشینەکان پیشان بدرێن؟

"حەمید قەوامی"، کە یەکێکی ترە لە هونەرمەندانی چالاک لە بواری بەرهەمهێنانی فیلم لە کوردستان، بە ئاماژە بەوەی هونەرمەندانی سینەماکاری کورد، زۆر خێرا زمانی سینەماییان وەک هونەرێکی نوێخواز کەشف کرد، هەتا لەو ڕێگایەوە، ژان/ئازار، هیوار و خۆزگە و شادی و ئەندێشەکانی خۆیان بخەنە ڕوو، وتی: بە شاهیدی بەشداریی بەربڵاو لە فێستیڤاڵە ناوچەیی، ئێرانی و جیهانییەکان و سەرکەوتنی بەردەوام، پارێزگای کوردستان وەک یەکێک لە جەمسەرە سینەماییەکانی ئێران دێتە ئەژمار. لە ڕوانگەی ئەو هونەرمەندەوە کورتە فیلم و فیلمی درێژ کە دوو لقی سینەمان و لە بنەڕەتدا کورتە فیلم پلیکان و ڕێگایەک نییە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمی درێژی سینەمایی، بگرە ئێستا زۆر هونەرمەندی گەورەمان هەیە، کە هێشتا لە بیاڤی کورتە فیلمدا چالاکن، بەڵام بە وتەی ناوبراو، فیلمی درێژ بەهۆی لەسەرەوەبوونی هەزینە و تێچووی بەرهەمهێنانی و نەبوونی بەرهەمهێنەر و سپۆنسەری لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران کەمتر سەرنجی پێدراوە و ئەگەر کەسێکیش بەتەمای پشتیوانی لە دەرهێنەرێک بێت، بەدوای

سەپاندن و جێگیرکردنی بیروباوەڕی خۆی لە فیلمدا دەگەڕێت. یان زۆرینەی بەرهەمە سینەماییەکانی هونەرمەندانی کورد دەرەتانی ئەوەیان بۆ نارەخسێت لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پیشان بدرێن، هەربۆیە لە فێستیڤاڵە ئێرانی و بیانییەکان پیشان دەدەرێن، ئەمەش خەسارێکی دیکەیە کە خەڵک لە ڕوانگە و بۆچوون و ئازاری خۆیان کە لە فیلمەکاندا دەرکەوتوون، ئاگادار نین.

**سینەما، ئاڵقەی ونبووی گەشە:**

کورستان بەهەشتی لۆکەیشنەکان و گەنجینەیەکی سەربەمۆرە لە بیاڤی سینەمادا و بەڕادەی ئیدیعاکانیشی فیلمی تێدا بەرهەمهاتووە و سەرکەوتنی مسۆگەر کردووە و هەم هونەرمەندی شاستەی بە سینەمای ئێران و جیهان ناساندووە.

ئەگەرچی سینەمای کوردستان لە سەرەتای ڕێگادایە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ئێستا و لە داهاتوودا قسەی زۆر جیدیی بۆ وتن هەیە. گرنگی و زەرورەتی سەرنجدان بە پیشەی سینەما، کە هەرچەند خۆی وتار و دەرفەتگەلی جیاواز و بەربڵاوی دەوێت، بەڵام وەبیرهێنانەوەی ئەم خاڵە پێویستە کە سینەما ئەمڕۆ وەک ڕاگەیاندنێکی جیهانی لەلایەن دەسەڵاتە مەزنەکانەوە گرنگیی پێدراوە و بۆتە کەناڵ و تریبوونێک بۆ بڵاوکردنەوەی ئەندێشەکان هەرکام بە ئامانجی تایبەتی خۆیەوە. چ باشە کە بە باوەشی ئاوەڵاوە بچینە پێشوازیی ئەم پیشە هونەرییەوە و بە پشتیوانیکردنی هونەرمەندان، سینەما بکەینە ئامرازێک و بیخەینە خزمەت بواری گەشەپێدانی فەرهەنگی و ئابوورییەوە. مەسەلەیەکی گرنگ کە لەمێژە وڵاتانی پێشکەوتوو چێشتوویانە، بەڵام ئێمە هێشتا بۆ ئەوەی تامی بکەین دوڕدۆنگ و ڕاڕایین.

**سەرچاوە:**

ـ ماڵپەڕی سەرەکیی "ئەنجومەنی سینەمای لاو، نووسینگەی سنە".

ـ وەرگیراو لە ڕاپۆرتێکی حەفتەنامەی سیروان لە سنە.

http://acjsanandaj.blogfa.com/post-490.aspx

# بنەماکانی کاری هونەریی لە نیگاری منداڵاندا



تابلۆ: لەرێ عەباس، (٤)ساڵ

تەها ئەحمەد رەسوڵ

پێشتر ئەو رەهەندانەمان خستەڕوو سەبارەت بە نیگاری منداڵان، لێرەشدا وا پێویست دەکات ئاماژە بەو بنەمایانە بدەین کە لە کارە هونەرییەکانی منداڵاندا بوونیان هەیە. لە ئێستادا ئەوە روونبۆتەوە کە ئاکامی توێژینەوەکان لە هەمبەر قۆناغی پێگەیشتنی منداڵ شتێکی بە شتێک کردووە، بەڵکو سەرەتاکانی شیکردنەوە و لێکدانەوەکان بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێنەوە. لەو قۆناغانەشدا پۆلێنکاریی بۆ نیگار و وێنەی منداڵان کراوە، کە هەریەکەیان خاوەن تایبەتمەندیی خۆیەتی و لە قۆناغەکانی دیکە جیادەکرێتەوە، ئەوەش پەیوەست دەبێتەوە بە تەمەنیانەوە کە لە دوو ساڵییەوە دەست پێدەکات تاوەکو قۆناغی

هێڵکاریی و سکێچەکان، کە دەکاتە تەمەنی هەژدە ساڵی و قۆناغی هەرزەکاریی.
منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵییەوە هێڵکاریی بەئەنجام دەگەیەنێت و لە تەمەنی چوار ساڵیدا ئینجا فۆرم و شێوەکان دەنەخشێنێت، لە شەش ساڵیدا هەوڵدەدات ئاماژە و هێماکان بەکاربهێنێت بۆ هەموو شتەکانی چواردەوری خۆی، لە دە ساڵیدا ئیتر زیاتر واقیعی دەبێت سەربارى بوونی هێماکانیش، وەلێ لە تەمەنی دوانزە ساڵییەوە نیگای شتەکان دەکات و هەوڵدەدات وردەکارییەکان بەسەربکاتەوە، وەختێ پێ دەنێتە تەمەنی چواردە ساڵی، یاخود بە کۆتاییهاتنی ئەو تەمەنە منداڵ تەواو قۆناغەکانی نیگاری منداڵانی تێپەڕاندووە، هەرچەندە نیگارەکانیان هاوشێوەی نیگاری منداڵانیش دەبێتەوە، واتە لە تەمەنی ١٢- ١٤ ساڵیی. ئیدی لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بایەخی راستەقینە بە هونەری بەرچاو دەدەن و توانا و دەستڕەنگینی خۆیان پێش دەخەن، ئەمەش بێگومان بەشێوەیەکی گشتی، نەک ڕێژەیی، چونکە تیایاندایە توانستی ئێجگار گەورەیان هەیە بۆ کۆپیکردنەوەی کارە هونەرییە جیهانییەکان و تەنانەت کاری خودیش کە لە ئاستێکی شیاودان.

لە نیگاری ئەو تەمەنانەدا ئەوەی سەرنج دەدرێت بەشێوەیەکی گشتی بەمجۆرن:

یەکەم: هۆکار و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان هێندە کاریگەرییان بەسەر وێنەکانی تەمەنی کاڵەوە نییە و نیگاری کوڕان و کچان لەم قۆناغەدا لێکچوون.

دووەم: منداڵ لە قۆناغی یەکەمدا پێنووسی رەساس و رەنگی پاستیل و سلەبۆیە بەکاردەهێنن، باشتر لە رەنگی رۆنی و ئاویی، چونکە ئاسان دێن بەدەستیانەوە.

سێیەم: پێکداچوونی قۆناغەکان بوونی هەیە و خەسڵەتی دوو قۆناغ بە کارەکانەوە دیاری دەدەن، منداڵ بەرلەوەی بچێتە قۆناغی تازەوە، هێشتاکە بەرەو قۆناغی رابردوو، یان هەنووکەیی دەگەڕێتەوە.

چوارەم: هێشتاکە ناتوانێت بەرەو قۆناغی داهاتوو بڕوات، چونکە زانیاریی و رۆشنبیریی تەواوی نییە و پەرەسەندنێکی ئەوتۆ ناکەوێتە پێکهاتەی نیگارەکانیانەوە.

تێبینی دەکرێت منداڵ لە قۆناغی گوزارشتکردنی واقیعیدا پەڕیوەتەوە بۆ قۆناغی هەرزەکاریی و بڕێک لە کاری هونەریی دووردەکەوێتەوە، لەبەرئەوەی زۆرتر رەخنە ئاراستەی نیگارەکانی خۆی دەکات و زۆر هەستەوەر دەبێت تا ئەو رادەیەی وێنەکانی لە نیگاری گەورەکان نزیک دەبێتەوە، واتە لەو بڕوایەدایە

ئەو شتەی دەینەخشێنێت پێویستە بە هونەر لەقەڵەم بدرێت و هاوتای نیگاری گەورەکان ببێتەوە، هەموو ئەمەش وا دەکات قۆناغی پێشتر تێپەڕێنێت و کۆپی نیگاری گەورەکان بکاتەوە، هەروەها دەربڕینی خودیی پێشکەش بکات، هەربۆیە پێویستە گەورەکان ئاگاداری ئەم هەنگاوانە بن:

یەکەم: پیشاندانی کاری هونەریی هونەرمەندان ئیتر سەر بە هەر ڕێبازێکی هونەریی بن و منداڵ هان بدەن تاوەکو گوزارشت لە خۆیان بکەن و بینینی تایبەتییان هەبێت بۆ جیهانی چواردەوری خۆیان، وریایان بکەنەوە کە وێنەکێشان تەنها کۆپیکردنەوە و گواستنەوەی واقیع ناگەیەنێت.

دووەم: مامۆستایانی پەروەردەی هونەریی دەرفەتی شیاو بدەنە قوتابییەکانیان بۆئەوەی گوزارشت لە بینین و خەیاڵی خۆیان بکەن. هەروەها ڕێز لە نیگارەکانیان بگرن.

سێیەم: هاندان و یارمەتیدانی قوتابییان بۆ پرۆسەی کاری هونەریی و پێداویستییەکانیان بۆ فەراهەم بکەن.

چوارەم: هاندانیان بۆ کاری دەستیی و پراکتیزەیی وەک کاری گڵینە و کارکردن لە تەختە و دار و کانزاکاندا چ تایبەت و چ بەشێوەی کۆمەڵ کە پێکەوە کار بکەن.

بێگومان نیگاری منداڵان تژییە لە مانای قووڵ و لە کارەکانیاندا پاڵنەر و هۆکارەکان دەخەنە روو، لەوێشەوە نمایشکردنی دروستیی کەسێتییان و ئەو گرفت و ئاریشانەی هەیانە. بۆئەوەی بتوانین کارە هونەرییەکانی ئەوان بخوێنینەوە پێویستە بڕوانینە بنەما و خەسڵەتی نیگارەکانیان، لەڕووی هێڵ و ڕەنگ و شێوە و ساوی رووبەر و فەزا و بەهای هونەریی. هەروەها هاوسەنگی و جووڵە و دووپاتکردنەوە و جیاوازی لە پێکهاتەکاندا، ڕێکخستنی رەگەز و بنەماکان لە رووپەڕێکدا پێی دەوترێت دیزاین و نەخشەسازیی و جۆرێک لە سایکۆلۆژیای کەسێتییەکەمان بۆ دەردەخات.

ئەو منداڵەی لە گۆشەیەکی بچووکی لاپەڕەکەدا نیگار دەنەخشێنێت، ڕەنگە لە ماڵەوە، یاخود قوتابخانەدا بچەوسێنرێتە و بێبەش کرابێت، شێوەکان وەختێ ڕەنگین نین، یان ڕەنگ نەکراون، یاخود هەڵگری سیمبولێکن لەناو رووبەری ڕەنگیندا بەڵگەیەکە بۆ دەرخستنی ترس کە ئەو منداڵە هەیەتی لە شتێک. بەکارهێنانی رەنگی رەش و خۆڵەمێشی و سپی ئاماژەیە بۆ گرفتێک کە منداڵ لە ژیانیدا هەیەتی و پێویستی بە چارەسەرە، هەندێ جاریش هەوڵدەدات شێوەکان بسڕێتەوە و کەس نەیانبینێت. لە هەردوو حاڵەتەکەدا، یان کاغەزەکە دەدڕێنێت،

یاخود نوکی قەڵەمەکە دەشکێت و وەختێ مامۆستا لەگەڵیدا قسە دەکات، بەلایەوە ئازاربەخش دەبێت. پێویستە پەروەردکاران سەرنج لە دووپاتکردنەوەی سیمبول و هێماکان بدەن.

توێژەرەوان پێیان وایە لەمیانی گوزارشتی هونەریی منداڵەوە دەکرێت دەرک بە پەیوەندییەکانی منداڵ و ژینگەکەیان و کارلێکی جیهانەکان و کەسێتییان بکرێت، چ لە رابردوو و ئێستایاندا، لەمیانی خوێندنەوەماندا بۆ رەگەز و بنەماکانی کاری هونەرییان، دەتوانین داهاتوویان دەستنیشان بکەین. جەختکردنەوەکانی منداڵ لەسەر فاکتەرە دەروونییەکان گەلێک زۆرن و هەموو دەرژێنە ناو نیگارەکان و بایەخەکانیانەوە. جەختکردنەوە لەسەر هەندێک رەگەز و بنەمای هونەریی ئاستی سەرقاڵی و خۆشەویستییان دەخاتەڕوو، وێنە و نیگارەکان تەنها بەدەرخەری پێگەیشتنی تێگەیشتنەکانی منداڵ نادەن بەدەستەوە، بەڵکو کاردانەوە و مەیل و خولیا و میزاجیشیان بەیان دەکات. گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە چالاکییەکان و گوزارشت و دەربڕینە هونەرییەکانی منداڵ پێکەوە دەبەستێتەوە، هەر لە تەمەنی شەش ساڵییەوە تاوەکو تەمەنی هەژدە ساڵی کە تێیدا قۆناغەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت.

### دەروونشیکاریی و شیکردنەوەی نیگاری منداڵان

وەختێ دەڵێین وێنە و نیگارکێشان زمانە، مەبەست لە وشەی زمان ئەو توانستەیە بۆ بەکارهێنانی ئاماژەکانی ئاخاوتن و نووسراو و وێنەکێشراو، کە ئەوەش راستییەک و مانایەکی دیاریکراو دەبەخشێت لەلایەن خودەوە. زمان لە بنەڕەتدا ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان و وێنەش سەبارەت بە کەسێتییەکی دەروون نەخۆشەوە زمانێکە بۆ گواستنەوەی هەندێک واتا و بیروبۆچوون بۆ کەسانی تر، نەخۆش کاتێک نیگارێک دەکێشێت، لە زۆرینەی کاتەکاندا گرنگی بە مانا ستاتیکییەکان نادات هێندەی بایەخ بەو پەیامە دەدات کە دەیگەیەنێتە کەسێکی تر، ئاستی وێنەکێشانی نەخۆشێک پەیوەست دەبێتەوە بە ئاستی رۆشنبیریی و تێگەیشتنییەوە. لەمیانی خوێندنەوە و شیکردنەوەی وێنەی نەخۆشەکاندا دەتوانرێت دەستنیشانی ئەم خەسڵەتانە بکرێت:

یەکەم: نیگارە هەڕەمەکییەکان رەنگدانەوەی دەروون و خەسڵەتی ئەو منداڵانەن کە گرفتی سۆزدارییان هەیە.

دووەم: ناهاوسەنگی و نەگونجانی قەبارە و دوورییەکان لە وێنەکەدا ئاماژەیەکن بۆ ئەو سۆزە زۆرەی لای منداڵەکە هەیە سەبارەت بەو کەسەی وێنەکەی دەکێشێت.

سێیەم: نەبوونی ڕەنگ لە هەندێک لە ڕەگەزەکانی تابلۆکەدا ئاماژەیە بۆ بۆشاییە سۆزدارییەکان و هەندێ جاریش مەیلێکی دژ بە دەوروبەر و کۆمەڵگە.

**ڕەگەزەکانی کاری هونەریی لە نیگاری منداڵاندا**

هێڵ: هێڵ توانای دەربڕین دەبەخشێتە منداڵ و بونیادی ئەو فۆرمانە کە منداڵ دەست دەداتە قەڵەم لە قۆناغی یەکەمدا (واتە قۆناغی شەڕە پشیلە و شەقلی و پقلی)، هەر لەو وەختەوە بابەخ بە گرتنی قەڵەم دەدات تاوەکو پەستانی بخاتە سەر، هێڵی هەڕەمەکی و چەند خاڵێکی بەهێز دەنەخشێنێت کە جاری وا هەیە کاغەزەکەی ژێر دەستی دەدڕێنێت، هەموو ئەم چالاکییەش تەنها بەدەست ئەنجام نادرێت، بەڵکو سەرتاپا جەستە دەگرێتەوە. هەمەچەشنی هێڵەکان پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە ئامرازی بزوێنەری منداڵەوە هەیە، کاتێک منداڵ پێ دەخاتە تەمەنی سێ ساڵییەوە، هەوڵ نادات وێنەی ئەو شێوە و فۆرمانە بکێشێت کە پەیوەست دەبنەوە بە واقیعەوە، بەڵکو ئەو فۆرمانە دەنەخشێنێت کە زیاتر ئەبستراکتن و ئەو ناوانەیان لێدەنێت کە پەیوەست دەبنەوە بە چواردەور و دەربڕینە سۆزدارییەکانییەوە. لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئیتر هەوڵدەدات ئەو فۆرمانە بنەخشێنێت کە زیاتر واقیعی دەنوێنن، وەک وێنەی خانوو و خۆر و مانگ و شتێک لە ڕێکخستنیان تێدایە. دواجاریش سەرجەم هێڵەکان، هەر لە شەقلی و پقلییەوە تاوەکو هێڵە ئاشکرا و نزیکەکان لە واقیعەوە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە پێکهاتەی شێوەکانیاندا.

ڕەنگ: ڕەنگ، کاردانەوەیەکی ستاتیکی لە هەستماندا هەیە و هەستەکان دەورووژێنن، دەتوانین چێژیان لێ ببینین بێئەوەی لێیان تێبگەیەن، یان زانیارییان لەبارەوە بزانین، واتە هەستکردن بە خۆشی و خەمۆکی و گەرمی و ساردیی و ڕووناکی و تاریکی بوونیان هەیە و شتێکن پەیوەست دەبنەوە بە خەسڵەتی خودی ڕەنگەکانەوە، منداڵیش هەستێکی ئەزەلی هەیە تاوەکو هەست بە ڕەنگەکان دەکات و لە تەمەنی پێنج ساڵیدا ئارەزووی ڕەنگەکانی لای دروست دەبێت و لە نیگارەکانیدا بەکاریاندەهێنێت. هەرچی پەیوەست دەبێتەوە بە هەڵبژاردنی ڕەنگەکانەوە، پەیوەست دەبنەوە بە باری کەسێتیی و بۆشاییە سۆزدارییەکانییەوە، بەڵام بە یەک دوو وێنەی لەو چەشنە ناکرێت بڕیار لەسەر سۆز و هەستی منداڵ بدرێت، بەڵکو وەها پێویست دەکات بۆ ماوەیەک چاودێری وێنەکانیان بکەین. چەندە منداڵ گەورەتریش بێت هەست بە پەیوەندی نێوان ڕەنگەکان و شێوەکان دەکات، وەک دەریای شین و کێڵگەی سەوز و لەو شتانە.

فۆرم و هێماکان: شێوەکان لە قۆناغی پێگەیشتنی ڕەگەزە شێوەکارییەکانیاندا بەپێی ئاستی تێگەیشتن و هۆشیاری منداڵەکە پێدەگەن، هێڵکاریی و کارە شەقلی و پقلییەکان، بێگومان چ شتێکی جیاکارییان تێدا نییە، تەنها ئەوەدەمە نەبێت کە منداڵ ناویان لێدەنێت و سیمای شێوەکان بەدەردەکەون بەپێی تێپەڕبوونی کات. لە تەمەنی چوار پێنج ساڵیدا منداڵ وێنەی کەسێتیی بەمشێوەیە دەکێشێت، بازنەی ئەندازەیی بۆ کەللەسەر، دوو هێڵ بۆ دەستەکان و دوو هێڵ بۆ قاچەکان، هەرچی جەستەیە لە زۆربەی کاتدا ونە و بوونی نییە، ئەوەش بۆ ئاگادارنەبوونی منداڵ دەگەڕێتەوە، لە تەمەنی شەش ساڵیدا ئیتر ئەو خەسڵەتانەش بەرچاو دەکەون کە پێویستە بوونیان هەبێت، سەبارەت بە کچان و کوڕان بایەخدان بە قژ و پرچ گۆڕانی بەسەردا دێت.

سەبارەت بە هێماکانیش هەموو لە دەوروبەرەوە دەستگیر دەکرێن ئیدی هێما بن بۆ مرۆڤ یان ئاژەڵ، یان شتەکانی تر، دەتوانین بڵێین نیگاری منداڵان پڕن لە هێما و ئاماژەی هەمەجۆر و هەڵگری سیمبول و ئاماژە تایبەتی و ڕاستەوخۆکان، ئیتر لەڕووی بڕوامەندییەوە بن یاخود کۆمەڵایەتی و پەیوەست دەبنەوە بە هۆشیاریی و نائاگایی منداڵەوە.


**سەرچاوەکان:**

١- **کیف نفهم رسوم الاطفال؟ فیلیب والون، ت: زهیر جبور،** پاشکۆی ڕۆژنامەی **( الثورة )** سوریا ٢٠٠٩.

٢- **معنى رسوم الاطفال، هربرت رید، ت: سمیرة عبدالغني، قاهرة ١٩٩٧.**

٣- **تعبیرات الاطفال الفنیة في الرسم، یحیی عبدالجبار،** سایتی گوگڵ.

٤- **المعاني الرمزیة و دلالات النفسیة في رسوم الاطفال،** کۆمەڵێک شارەزا لە شیکردنەوەی نیگاری منداڵاندا، سایتی گۆگڵ.

# تێکستە شانۆییەکانی
# شەفیق محەمەد




**کامەران سوبحان**

ناوهێنانی شەفیق محەمەد، بیرەوەری و بینینی زۆربەمان دەباتەوە بۆ هەشتاکانی سەدەی رابردوو، کە ئەو کات بە ستایل و شێوازێکی تایبەتمەند هەوڵەکانی لە بواری نووسینی شانۆنامە و دەرهێناندا دەرکەوت، ئەو دەرکەوتنەی ئەو لەو مێژووەوە بۆ ئێستا بەردەوامە و هەمیشە لە ناوهێنانی ئەم نووسەر و هونەرمەندەدا ئەو تایبەتمەندییە زیاتر دەردەکەوێت و زیاتر ئاشنا دەبین بە جۆرێکی جیاوازتر لە وتن و قسەکردن و دیالۆگ و کارەکتەرە، خۆشبەختانە کرۆک و پوختەی سەرجەم ئەو هەوڵانەی ئەم نووسەر و هونەرمەندەمان لە چوارچێوەی کتێبێکی تایبەتمەندا، کە حەوت شانۆنامەی لەخۆگرتووە، لە مانگی ئازاری ئەمساڵدا لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم بڵاوکرایەوە، ئەم هەوڵەش وادەکات هەرکەس و هەر بینەر و خوێنەرێک بیەوێت ئەم هونەرمەندە بناسێت بە گەڕانەوە بۆ ئەم کتێبە ئەم هونەرمەندە و بۆچوونەکانی لەسەر شانۆنامە و کارەکتەر زۆر بەئاسانی دەردەکەوێت.

ئەم شانۆگەرییانەی کە لەم کتێبەدایە، بەرهەمی نووسەر و دەرهێنەرێکی دیاری هەشتاکانی سەدەی رابردوومانە، دەرهێنەرێک بە هێمنی و وردەکارییەکانی تایبەتی خۆی توانی لە هەشتاکان و سەرەتای نەوەدەکاندا بە شانۆگەرییەکانی (چیرۆکەکانی با، بەتورەیی ئاوڕێک لە رابردوو بدەرەوە، کوێر ئۆغلۆ، گەلەگورک) سەرنجی ناوەندی هونەری کوردی بۆ خۆی رابکێشێت.

شەفیق محەمەد، چ وەک نووسەر، چ وەک دەرهێنەر لە هەر شانۆگەری و بەرهەمێکی هونەریدا هەبێت وەک خۆی قسە دەکات، وەک خۆی بیردەکاتەوە، وەک خۆی دەنووسێت، ئەمەش دیارترین رەگەزی شانۆییەکانی ئەوە، کە کاری دەرهێنان یان نووسینی بۆ کردوون، ئەم دەقانەی کە لەم کتێبەدا هەن نموونەیەکی زیندووی ئەو قسەیەمانن کە چۆن ئەو تایبەتمەندییەی لەگەڵ هەموو رەگەزەکاندا پاراستووە.

رەنگە قورس بێت بۆ من بتوانم لەم پێشەکییە کورتەدا شیکارێکی وردی دەقەکانی ئەم کۆمەڵە شانۆگەرییە بۆ خوێنەران بکەم، لەبەرئەوەی بەو کارەم هەم خیانەت لە خوێنەر دەکەم، هەم سنووربەندییەک بۆ چێژ و تێگەیشتنەکانی خوێنەر دروست دەکەم لە شانۆنامەکان، بەڵام ئەوەندە هەیە پێم خۆشە لەم پێشەکییە کورتەدا ئەو هێڵە ئاشکرا بکەم کە ستراتیژ و بونیادی کارکردن و تێڕامانی شەفیق محەمەدی وەک نووسەر لە بونیادی رەگەزی دەقەکانیدا بخەمە روو، بە تایبەتیش رەگەزەکانی (کارەکتەر، رووداو، چیرۆک، تەکنیک، درامای دەق).

بە بڕوای من، ئەم نووسەرە هەموو رەگەزەکانی تری دەقی شانۆنامەکانی خستووەتە خزمەتی ئەو بنەمایە، ئەمەش بە ئامانجی ئەوەی کە دەقەکان دابڕنێت لە رەگەزی چیرۆک و پەخشان و گێڕانەوە، بەڵکو تەنها وەک بەرهەمێکی شانۆیی مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆ ئەم مەبەستەش لێرەدا ئاماژەیەکی خێرا بە چەند خاڵ و وێستگەیەکی گرنگی کارکردنی ئەو دەدەین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو رەگەز و بنەمایانەی کە لەم دەقە شانۆییانەدا بە شێوەیەکی جوان و ورد کاری لەسەر کردوون.

-ئەگەر سەیرێکی ئەم دەقە شانۆییانەی نێو ئەم کتێبە بکەین، لە کاتێکدا نووسەر لە ساڵانی هەشتا و نەوەدەکاندا نووسیونی، زۆر کاری لەسەر بنەمای درامی دەق کردووە، بەو پێیەی کاتێک خوێنەر دەقەکان دەخوێنێتەوە، هەست بەوە دەکات لە بەردەم دەقێکی تایبەتمەندی شانۆدا وەستاوە، نەک چیرۆک و گێڕانەوە، ئەمەش پێچەوانەی زۆرێک لە ئەزموون و دەقی نووسەرانی تری

کورد کاتێک دەقی شانۆنامە دەنووسن، مامەڵەی چیرۆک و پەخشان و هەندێ جاریش شیعر لەگەڵ دەقدا دەکەن، ئەم تایبەتمەندییەش بەتایبەتی لە هەردوو دەقی (دەمامک، قەڵای دمدم)دا زۆر بەڕوونی دەردەکەوێت، خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەی ئەم دوو دەقە شانۆنامەیەدا بەڕوونی سیناریۆ و هێڵی دەرهێنانی دەقە شانۆییەکان دەبینێت، ئەمەش هاندەرێکە بۆ ئەو دەرهێنەر و خوێندکارانەی پەیمانگەی هونەرەجوانەکان کە لە داهاتوودا کار لەم دەقە شانۆییانەدا بکەن.

-سەبارەت بە بیرۆکە و ئایدیای شانۆییەکانیش، لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا، چ ئەو دوو دەقەی تایبەتە بە منداڵان، چ ئەوانەی تر هەست بە ئایدیا و بیرۆکەیەکی زۆر روونی ئایدۆلۆژییانەی تێکەڵە بە بیرۆکەی مارکسیزمی ناسیۆنالیزمییانە، دەکەین، با لە بنەڕەتدا ئەم دوو چەمکە (مارکسیزم/ ناسیۆنالیزم)بە دوو ئاراستەی پێچەوانە کاربکەن، بەڵام لای ئەم نووسەرە وەک بیروباوەڕێکی باوی هەشتاکانی کۆمەڵگەی کوردی زۆر بە روونی لە دەقەکانیدا دەبینرێت، لە شانۆگەریی (دەمامک)دا ئایدیا مارکسیزمییەکانی نووسەر گەیشتووەتە ترۆپک، لە شانۆگەریی (قەڵای دمدم) و (ئەم نمایشە بۆ قەدەغەیە؟) ئایدیا نەتەوەییەکە بە هەمان شێوە زۆر بەڕوونی کاری پێکراوە، ئەمە جگە لەو دوو شانۆگەرییە منداڵانەی تر (رێوی لە پێستی شێردایە، هاوڕێی گیانداران)، کە ئەوانیش باگراوندێکی سیاسییانەی رەخنەگرانەیان هەیە بۆ ئەو سەردەم و بارۆدۆخە رامیارییەی هەشتاکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە بیرێکی باوی سیاسییانەی دەمانکداری درۆزنانە باڵی بەسەر ژیانی سیاسی ئێمەدا کێشابوو.

-سەبارەت بە کارەکتەر و دیالۆگی شانۆییەکانی ئەم دەقانەش کە لەم کتێبەدا هەن، خوێنەر کاتێک ئەم دەقانە دەخوێنێتەوە، زۆر هەست بە بوونی رۆحێکی کوردانەی مەزن دەکات، کە هەست دەکەیت بیرکردنەوە و رۆحێکی کوردانە لەسەر زمانی کارەکتەرەکانە و ئەو کارەکتەرانەن کە رۆژانە لەم کۆمەڵگەیەدا دەدوێن، بەڵام بە زمانێکی جیاواز لە زمانی ئاخافتن کارەکتەرەکانی دەدوێن و زمانێکە بە روونی لە گوزارشت و دەستەواژەکاندا لەناو چیرۆکی شانۆییەکاندا جێگەی خۆی کردووەتەوە، ئەمە جگە لەوەی کارەکتەرەکانی (خورشید، عەوداڵ، سەیفەدین، خانۆ، حەسەن خان، شا عەباس)، ئەو کارەکتەرانەن کە پڕن لە بۆن و بەرامی و بیرکردنەوەی کوردییانە، بۆیە دەکرێت ئەم دەقە شانۆییانە بە دەقێکی خۆماڵی کوردییانەی بێگەرد ئەژمار بکەین، کە کاریگەریی هیچ شتێکیان لەسەر نییە، بۆن و بەرام و ژینگە و سرووشتی کورد خۆی نەبێت.

-خاڵێکی تریش زۆر گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین، لەگەڵ ئەوەی ئەم نووسەرە

بەردەوام هەوڵی داوە بە زمان و بە شێوازی خۆی بدوێت، لە هەمان کاتیشدا بە تەکنیکێکی زۆر جوان هەوڵی ئامادەکردن و بە شانۆکردنی بەرهەمی نووسەرانی تری کوردی داوە، هەروەک دەقەکانی (قەڵای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ و (گەلەگورگ)ی حسێن عارفی کردووە بە شانۆگەری و خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەیاندا هەست ناکات ئەم دەقانە پێشتر شانۆنامە نەبوون و ئەم کردبنی بە دەقی شانۆیی، بە بڕوای من ئەم دوو دەقە لەم کتێبەدا لە هەموو دەقەکانی تر وردەکاریی و سەلیقەیی شەفیق محەمەدی پێوە دیارە، بەو هیوایەی بتوانین لە داهاتوودا ئەم دوو دەقە شانۆییە لەسەر تەختەی شانۆ ببینینەوە بە هەمان تام و چێژی ئامادەکردنییەوە.

-ئەو دوو شانۆگەرییە منداڵانەیەی کە لەم کتێبەدا هەیە (ڕێوی لە پێستی شێردایە، هاوڕێی گیانداران)، دوو دەقی منداڵانی زۆر سەرنجڕاکێشن، کە هەردووکیان لە هەشتاکانەوە نمایشکراون و لە تەلەفزیۆنەوە پەخشکراون و تا هەنووکەش من بۆخۆم کۆمەڵێک وێنەی زۆر ئەفسووناوی (ڕێوی لە پێستی شێردایە)م لە هزردا ماوە و بە یەکێک لە شانۆییە زۆر جوانەکان دەیبینم، بە بڕوای من، ئەمەش ڕەهەندێکی نادیاری ئەم نووسەر و هونەرمەندەیە کە لەو قۆناغەدا کاری زۆر باشی بۆ ئەدەب و هونەری منداڵان کرد، بەڵام بەداخەوە بەردەوام نەبوو لە کاری منداڵان.

-دوا سەرنجم لەسەر ئەم دەقانە و کارکردنەکانی ئەم نووسەرە لەوەدا دەبینم، کە پێم وایە چاپکردنی ئەم دەقانە لە هەنووکەدا لە جێگەی خۆیدا بوو، لەبەرئەوەی نەوەی نوێی هونەریی کوردی ڕەنگە بەشێکی زۆری بێ ئاگا بووبێت لەو بەرهەم و چالاکییەی ئەم هاوڕێییەمان، کە بەداخەوە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری نەوەدەکان بۆ ماوەیەک لە نێوەندی هونەریی دووری خستەوە، خۆشبەختانە ئێستا کارەکتەرێکی چالاکی نێوەندەکەیە، بەو هیوایەی ئەمە ببێتەوە بە دەروازەیەک بۆ بەردەوامی و ژیانی پڕ لە بەرهەم و داهێنانی ئەم نووسەر و دەرهێنەرە خۆشەویستەمان.

# چەند وشەیەک سەبارەت بە
# ((تابلۆی کچە کوردێک))



**ستار قادر**

زۆرجار بەهای کاری هونەریی، بەتایبەتی کارە شێوەکارییەکان، دەگەڕێتەوە بۆ کۆنیی و تەمەنی بەرهەمهێنانی ئەو کارە لە مێژووی هونەریی هەر نەتەوەو گەلێک، ئێمەش وەک گەلی کورد و هەر نەتەوەیەکی دی لە مێژووی هونەریماندا چەندان تابلۆی کۆنی بەتەمەنمان هەیە، بەڵام نە مۆزەخانەیەکی لەبارمان هەیە ئەو کارانە لەخۆ بگرێت و بە بەردەوامی کراوە بێت بۆ بینەران و نە دامەزراوەیەکی حکومیی و ناحکومیمان هەیە ئەرکی پاراستنیان لەخۆ بگرن و بیانپارێزن لە فەوتان و بەهای ئەو کارانە لەبەرچاو بگرن، تاکو نەوەکانی دواتر ئاشنا بن بە مێژووی هونەریمان، ئەوەی کە لە ئێستادا بتوانرێت بکرێت ئەوەیە، گەر بەچاوپێداخشانێکیش بێت لایەکیان لێ بکەینەوە، هەتاوەکو ئەو کارانە لە یادەوەرییدا نەسڕدرێنەوە، خوێندنەوەیان بۆ بکرێت.

ئەوەی کە چانسی ئەم بەسەر کردنەوەیەی بەرکەوتووە، تابلۆیەکی کۆنە کە لە دەستکردی هونەرمەند عومەر دڵخۆشە، شایەنی وتنە کە ئەم تابلۆیە لە ساڵی ١٩٦٦دا لە شێوەی پۆستکارتدا بە چاپێکی رەنگاورەنگ چاپکراوە و بە کوردستاندا بڵاوکراوەتەوە.

بابەتی سەرەکی تابلۆکە پۆرترێتی کچە کوردێکە و ئەوەی کە زیاتر جێی سەرنجە بە جوانترین شێوەی کلتووری سەر و کڵاو خشڵ و جلوبەرگەوە سیمایەکی کلتووری کوردی لەخۆ گرتووە، پێش ئەوەی بێینە سەر خودی ئەم تابلۆ پۆرترێتە، وا بە چاکی دەزانم گەر بە چەند وشەیەکیش بووە باسێکی هونەریی پۆرترێت بکەم.

پۆرترێت یەکێکە لەو پرۆسە بەرچاو و دیارە هونەرییە مەیدانییەی بواری شێوەکاریی، کە بە بەردەوامی لە نێوەندە هونەرییەکەدا لە گەشەسەندندا بووە لە سەرجەم قۆناغەکانی مێژووی شێوەکارییدا ئامادەگییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە، لە نێوەندە شێوەکارییەکەی خۆشماندا و لە بواری وێنەکێشاندا ئەم جۆرە لە هونەر لەلایەن نیگارکێشەکانمانەوە گرنگییەکی بەرچاوی هەبووە و هەیە. هونەرمەندی وێنەکێش عومەر دڵخۆش لەم کارەیدا ئەگەر چی پێدەچێت راستەوخۆ و لەبەر مۆدێل ئەم کارە هونەرییەی ئەنجام نەدابێت و زادەی خەیاڵی خودی خۆی بێت، کە بەوپەڕی نموونەی باڵای کچێکی کوردی کێشاوە، ئەمەش لە پۆلێن و خاڵبەندیکردنی پۆرترێتدا دەچێتە خانەی پۆرترێتی خەیاڵییەوە، کە پێشتر لەلایەن هونەرمەندە جیهانییەکانەوە پەیڕەوکراوە، یەکێک لەو خەسڵەتانەی کە پۆرترێت لەخۆی گرتووە، لایەنی توێکاری- ئەناتۆمیا-ی دەموچاوە، واتە لایەنی بەرجەستەکردنی، لایەنی دەرکەوتەیی دەموچاو، لەم رووەوە ئەم تابلۆیە تارادەیەکی ئەوتۆ قووڵ نییە و سادەییەکی بەرچاوی پێوەدیارە، ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە لە رووی پێوەندیی قیاساتی دەموچاو پێوانەکان لە شوێنی خۆیدان، بەڵام لەڕووە وردەکارییەکەیەوە زیاتر گرنگی داوە بە سیمای جوانی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردەواریدا و هەوڵی داوە بەرجەستەی ئەو نموونە باڵایە بکات بۆ جوانیی ئافرەت لە پێگەی زەوقی کورددا، هەروەها لەلایەن سەرو کڵاووژێر، چەنە و دوگمەمە و دۆڵابەوە کە ئافرەتی کوورد لە مێژوویەکی کۆندا بۆ خۆڕازاندنەوە ئەم کەرەسانەیان بەکاربردووە، هونەرمەند بەوپەڕی سەلیقەوە بەرجەستەی کردوون، ئەمە یەکێکە لەو جوانکارییانەی کە وەک لایەنی ئەتنی سەبارەت بەلایەنی کلتووری زۆر گرنگە و شایەنی دەستخۆشییە... یەکێکی تر لەو خەسڵەتانەی پۆرترێت، یاخود نیگارکێشانی

ئادەمیزاد بە گشتی بەرجەستەکردنی مەودای سێیەمە لە ڕووی بەرزیی و نزمی و نەرمی ئەندامەکانی دەموچاو و لەشولار، لەم ڕووەوە هونەرمەند گرنکییەکی ئەوتۆی نەداوە پێی، بەڵکو زیاتر گرنگی داوە بە بەدیارخستنی ئەندامەکان و بەس، ئەگەر چی بڕێک لە تاریکی و ڕووناکی دەبینرێت لەسەر دەموچاوەکە، بەڵام بەپێی پێویست دراسەی نەکردووە، ئەم سەرنجە بۆیە دەخەینەڕوو، چونکە کارەکە لە ڕووی ستایلەوە بە ریالیزم دەدرێتە قەڵەم، ئەگینا مەرج نییە بۆ هەموو تابلۆیەک و ستایلەکانی تری کارکردن ئەم تێبینییانە لەبەرچاو بگیرێت، سەرباقی هەموو ئەم باری سەرنجانەی خستمانە بەرچاو، ئەم تابلۆیە جوانیی خۆی هەیە وەک تابلۆی پۆرترێت لە هونەری نیگارکێشانی کوردیدا، هەروەها ئەو سادەیی و ناوردەکارییەی کە ئاماژەمان پێدا نەبووەتە خەوشێکی وەها کە کاریگەریی ئەتۆی هەبێت بۆ سەر بەهای جوانیی تابلۆکە، گرنگییەکی تری ئەم جۆرە لە پۆرترێت، واتە ((پۆرترێتی خەیاڵی)) خولقاندنی کەسێتییە بەناوبانگەکانە لە مێژووی هەرگەلێک و بیروباوەڕی هەر ئاینێک وەک ئەوەی لە لای هونەرمەندانی گەلانی ترەوە کراوە، لەم جۆرە هونەرمەندە، بەدیع باباجان هەمان کاری ئەنجامداوە، بۆیە ئەم پۆرترێتەی هونەرمەند عومەر دڵخۆش هیچی کەمتر نییە لەو جۆرە پۆرترێتانەی کە بەم ستایلە کێشراون، بۆیە لە یادەوەریی کەسێتی کورددا گەر نموونەی کچێکی کوردی ڕەسەن بە نموونە وەربگرین، ئەم ئەم سیما و ئەدگارەی پۆرترێتی کچە کوردێکی هونەرمەندمان دێتەوە بەرچاو.

# روانینێک بۆ فیلمی (ڕۆکۆ و براکانی)

## لە دەرهێنانی لۆکینۆ ویسکۆنتی




**ن: محەمەدی هاشمی**

**و. لە فارسییەوە: فەرهاد بەهەشتی**

ڕەنگە گرنگترین نووسراوە و ڕەخنەیەک کە لێرەدا سەبارەت بە فیلمی (ڕۆکۆ و براکانی) (١٩٦١)، بەرهەمی هەمیشەیی لۆکینۆ ویسکۆنتیبڵاو کرابێتەوە، وەرگێراوێکی ئیرەجی کەریمییە کە لە ڕەخنەکەی جێفری نۆل ئەسمیت لەسەر ئەم فیلمە نووسیویەتی (وەک پەراوێزێک لەسەر دەقی ئەو کتێبەی کە لە وەرگێڕانی فیلمنامەی ئەم فیلمە بڵاوبووەتەوە). نۆل ئەسمیت لەم وتارەدا لە دەلاقەی کەسایەتییەکانەوە چووەتە ناو بابەت، دەنگ و زمانی فیلمەکەوە. ئەسمیت کەسایەتییەکانی ئەم فیلمەی بە دوو گرووپی سەرەکی ڕۆکۆ–سیمۆنە و چیرۆ–ڕۆزالینا دابەشکردووە و ئەرکی دراماتیکی فیلمەکەی زۆرتر خستووەتە پاڵ گرووپی یەکەم و ئەرکی ئازایەتییەکەیشی بۆ گرووپی دووەم داناوە. دەکرێت

بەو دەرەنجامە بگەین کە ئەسمیت پەراوێزکەوتنی (چیرۆ) و (رۆزالینا) کە بەهۆی ململانێی سەرەکی رۆکۆ و سیمۆنەیە، وەک خاڵی لاوازی ئەم فیلمە دەزانێت و بەشی زۆری رەخنەکەیشی بۆ سەلماندنی ئەم روانگەیە تەرخانکردووە. سەرەڕای ئەوەی کە نۆل ئەسمیت لەم رەخنەیەدا تێڕوانینێکیشی بەرەولای رەخنەگرتن لە نووسەر بووە و هەوڵیداوە لەم رێگایەوە پێوەندی ئەم فیلمە لەگەڵ فیلمەکانی تری ڤیسکۆنتیدا بدۆزێتەوە. لە لایەکی تریشەوە ئەو هەر لەم گۆشەنیگایەوە، تیشکی خستووەتە سەر بارودۆخی پارادۆکسیکاڵی ژیان و بیروڕاکانی ڤیسکۆنتی-نووسەر، لەوێوە سەرنج دەداتە دۆخی شاهانەی بنەماڵەکەی لە پاڵ بۆچوونە فیکرییە سۆسیالیستییەکانییەوە. ئیرەجی کەریمیش لە رەخنەیەکی کورت کە لە هەمان کتێبدا بۆ ئەم فیلمە نووسیویەتی لەسەر یەکێک لە ناوەرۆکە سەرەکییەکانی ئەم فیلمە جەختی کردووە: ئەوەی کە بەڕاستی باشبوون لەم جیهانەدا، تا چ رادەیەک باشە و ئایا دەکرێت لە وەها دونیایەکدا تا ئەو رادەیەی کە (رۆکۆ) کەسێکی باشە، مرۆڤ باش هەڵسوکەوت بکات؟ بەڵام ئێمە لە روانینی خۆماندا دەمانەوێت رەهەندێکی تر بۆ شرۆڤەی فیلمی (رۆکۆوبراکانی) بگرینە بەر. بەشێک لە وتاری جێفری نۆل ئەسمیت ئەم هێمایەمان بۆ دەردەخات کە لە روانینی خۆماندا پێوەندی نێوان کۆچکردن و کولتووری خۆجەیی/بیانی، ناوەند/ پەراوێز، میوان/ خاوەنماڵ لەم فیلمەدا بخەینە بەرباس و لێکۆڵینەوە، چونکە لە بنەڕەتدا چیرۆکی ئەم فیلمە لەسەر بنەماڵەیەکە کە لە باشووری کشتوکاڵ- تەوەری دواکەوتووەوە بەرەو باکووری پیشە- تەوەری پێشکەوتوو کۆچ دەکەن و بەم پێیە لە بنەڕەتدا چیرۆکێکە دەربارەی بنەماڵەیەک کە دەبێت لە دڵی خاوەنماڵدا جێگەیەک بۆ خۆی بکاتەوە و لەناو ئەودا خۆی جێگیر بکات. بەپێی بەشێک لە تیۆری دیکانتراکسشێنی دریدا (لە کتێبی "ژاک دریدا و مێتافیزیکی حوزور" نووسراوەی محەمەدی زەمیران)، میوانداری راستەقینە لە هەمبەر هەندێک بێگانەی نەناسراودا کارێکی تا رادەیەک مەحاڵە. میوان کەسێکە کە بەسەر ئەوی دیکەدا دێتە ژوورەوە؛ خاوەنماڵ بە خواردەمەنی و پێداویستی تر میوانداری دەکات. ئەگەرچی هەندێ کەس بە میواندۆستی ناسراون و ژووری خۆیان بە میوانخانە ناو دەبەن؛ بەڵام لە هەرحاڵدا خاوەنماڵ خاوەنی خانووەکەیە و میواندارییەکەی لە رووی مێهر و خۆشەویستی بۆ لایەنی بەرانبەرەوەیە، بەڵام نابێت خاوەنماڵ بە میوانپەرستێکی تەواو بزانین. ئەگەرچی تا رادەیەکی زۆریش خاوەن هەستی مرۆڤدۆستی و لەخۆبردوویش بێت. میوانداری بەو گریمانەیەوە دەبەسترێتەوە کە دەبێت کەسێک خاوەن و

فەرمانڕەوای ماڵ، شار یان وڵاتێک بێت و لەم حاڵەتەدا دەتوانێت میوانداری کەسێکی تر بکات. واتە میوانداری خۆی پێویستی هەیە بە زاڵبوون بەسەر ماڵ و خاوەنییەتی ئەو ماڵە. کەسێک کە خۆی وەکو خاوەنماڵ دەناسێنێت بە ناچار حەز دەکات شێوازێک لە شوناس بۆ خۆی لەبەرچاو بگرێت. هەروەها خاوەنماڵ بۆئەوەی میواندار بێت، دەبێت شێوەیەک لە چاودێری و زاڵبوون لەسەر میوان بەڕێوە ببات. لەبەرئەوەی ئەگەر میوانەکان بە زۆرداریی خۆیان بەسەر خاوەنماڵدا سەپاند، لەم حاڵەتەدا میوانداری و خۆشەویستی خاوەنماڵ لەناو دەچێت و دوژمنی و بەرەنگاریی جێگەی ئەو میهر و گەرموگوڕییە دەگرێتەوە. دریدا بۆ سەلماندنی ئەم بەشە لە تیۆرییەکەی خۆی لە ریشەناسی وشەی "Hospitality" (میوانداری) یارمەتی وەردەگرێت. ئەم وشەیە لە ریشەی "Hosts" بە مانای نامۆ، نەناسراو و بیانییەوە گیراوە و دواتریش بە مانای دوژمن و رق بەکارهاتووە. بۆ وێنە لە زمانی ئینگلیزیدا "Hostility" بە مانای دوژمنی و دژایەتی بە کاردەبرێت. بە گشتیش وشەی "Hospitality" لە دوو وشەی "Pets + Hostiles"، یان "Potentia و Potes" دروست بووە. وشەی "Pets" و بەشەکانی تری مانای دەسەڵات و زاڵبوونیشیان هەیە. لە سەرانسەری فیلمی (رۆکۆ و براکانی)دا ئەم روانگەیە لە پێوەندی نێوان میوان و خاوەنماڵدا، لە هەمبەر بابەتی کۆچکردن شیاوی باس و لێکۆڵینەوەیە. لێرەدا میوان بنەماڵەیەکە لە شوێنێکەوە بە ناوی لۆکانیا لە باشووری ئیتاڵیادا و خاوەنماڵیش شاری باکوور، واتە میلانە. یەکەمین رووبەڕووبوونەوەی میوان/ خاوەنماڵ لە خانووی جانلییەکاندا دەردەکەوێت. ئەوان سەرەتا بە گەرمی لە بنەماڵەی پارۆندی پێشوازیی دەکەن و داوایان لێدەکەن ئەم ماڵە وەکو ماڵی خۆیان بزانن، بەڵام کاتێک رۆزاریا، بە باوەڕی دایک و برای جینتا، سنووری پێوەرەکانی بەمیوانبوون دەبەزێنێت و لە رادەی دەسەڵاتی خاوەنماڵ بەسەر میواندا تێپەڕ دەبێت لەو ماڵە دەردەکرێن. ئەمە لەکاتێکدایە کەوا رۆزاریا، (وینچنزۆ) وەک ئەندامی بنەماڵەکەی خۆی و قایل بە پاراستنی ئەم بنەماڵەیە دەزانێت و ئەمەش، بۆ دایکی جینتا وەک دژایەتییەک لەلایەن میوانەوە بە نیسبەت یاسا و رێسای میوانبوون دێتە بەرچاو، چونکە ئەو، بە پێچەوانەوە، وینچێنزۆ بە کچەکەی خۆی و بنەماڵەکەیەوە گرێدابوو و ئەم گرێدانەشی وەک بەشێک لە یاسای بنەماڵەکەی خۆی لەبەرچاو دەگرت و دژایەتیکردنی لەگەڵ ئەودا، وەک دەستدرێژیکردن بۆ سەر سنووری دەسەڵاتی لە چوارچێوەی بنەماڵەکەیدا دەزانی، بەڵام دەرکردنی بنەماڵەی پارۆندی لە خانووی جانلییەکان وەدەرنانێکی تەواو نییە، بەڵکو مەبەست لەم

وەدەرنانە ئەوەیە کە لە پەراوێزی ناوەندێک بەناو بنەماڵەی مانلی، بنەماڵەی پارۆندی بپارێزرێت. شاری میلانیش لە بەراوردێکی گەورەتردا ئەم کارە لەگەڵ هەموو لۆکانیاییەکاندا دەکات و هەروەها وەک ناوەندێک، لۆکانیاییەکان لە دەورووبەری خۆیدا قەبووڵ دەکات. هەڵبەت میلان بەرەبەرە، هەندێ لە توخمگەلی بنەماڵە لۆکانیاییەکان کەوا رەنگ و رووی میلانی بەخۆ دەگرن، بەرەولای خۆی رادەکێشێت و هەندێکی تریش لەوانەی وا (لۆکانیایی) ماونەتەوە، لە خۆی دوور دەخاتەوە. (وینچێنزۆ) و (چیرۆ) هەریەک بەجۆرێک سەرنجیان بەرەو کولتووری میلانی رادەکێشرێت و (سیمۆنەش) لەو کولتوورە دوور دەخرێتەوە. بە باوەڕی نووســـەر (رۆکۆ)یش کە بە رواڵەت سەرنجی بەرەو ئەم کولتوورە راکێشراوە، ئەگەر بە قووڵایی ئامانج و ئاوات و داخوازییەکانی لە ژیان و هەروەها بە کاردانەوەی، دژ بە هەموو ئەو ئامانج و ئاواتانە، بڕوانین، دەبینین کە لەڕاستیدا رۆکۆ بەشێوەیەکی تر لەم کولتوورە دوورخراوەتەوە. بەرەبەرە دەبینین کە یەکێک لە گرنگترین نیگەرانییەکانی (رۆزاریا) سەرەڕای پاراستنی هەندێ لە مێژووی کولتووری (لۆکانیایی)، تواندنەوەی لەناو کولتووری میلانیدایە. نموونەکەشی ئەوەیە کە بەردەوام بۆ






هەمووان نازناوی بنەماڵەکەی دێنێتەوە بیر و دەیەوێت میوانداری خاوەن کولتوور، رێز لە میوانی خاوەن کولتوور بگرێت و بەپێی جێگە و پێگەی گەورەیی بنەماڵەی میواندا هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێت. (رۆزاریا) خوازیاری ئەوەیە کە خەڵکی میلان وەکو خەڵکی (لۆکانیا) رێزی لێ بگرن هەتاوەکو ئەویش میلان وەک (لۆکانیا) بهێنێتە بەرچاو. لە ئاکامدا دەبینین کە ئەو دەتوانێت ئەم رێز و حورمەتە بەدەست بهێنێت. ئەگەرچی لەباتی ئەم رێزە هەندێ شتیش لەدەست دەدات. بۆ نموونە نەمان و لەناوچوونی ئەو کۆڕ و کۆمەڵە گەرموگوڕە بنەماڵەییەی کە لە گوندەکەیان لە (لۆکانیا)دا بوو. بنەماڵەی (پارۆندی) ناچارن لەو خانووانەدا کە میلانییەکان لە قەراغی شار دەیاندەنێ نیشتەجێ بن. ئەمە جۆرێک لە میوانداریێتییە کە لەڕووی هەندێ مەرجەوەیە: خەڵکی شاری میلان خوازیاری ئەوە نین کە سیمای شارەکەیان بە خەوتن لە شەقامەکان و ئاوارەیی و دەربەدەری لۆکانیاییەکان خراپ و ناحەز ببێت. بەم بۆنەیەوە سەرەتا پارۆندییەکان دەبێت خانوویەک بەکرێ بگرن و کاتێک نەتوانن کرێ خانوو بدەن، بەرەو خانووی دەوڵەتی دەگوازرێنەوە. لەدوای ئەمەش ئەگەر بتوانن بە باشی یاسا و رێسای میوانبوون بپارێزن، شیاوی نزیکایەتی زۆرتریان بە ناوەندەکانی خاوەنماڵییەوە دەبێت. لەم رووەوە ناچار دەبن ئەم شانازیی و لێهاتوویییە لە وەرزشێکی مەترسیداری وەک بۆکسدا بدۆزنەوە هەتاکو بتوانن وەک شارۆمەندێکی باش خۆیان بسەلمێنن (لەمەڕ سیمۆنە و رۆکۆ). ئەگەرچی خوێندنی دەرس لە کاتی شەودا رێگەیەکی ترە کە بۆیان دەڕەخسێت، بۆئەوەی هاوکات لەگەڵ جێبەجێکردنی کاروبارە کەمبایەخەکانی بیناسازیدا، دەرفەتی مەیل بە ناوەند و تواندنەوە لەودا بدۆزنەوە (نموونەی چیرۆ و ئەگەری زەماوەندی لەگەڵ فرانکای میلانیدا). لەم رووەوە دەبینین کە پێوەندییەکانی نێوان میوان/ خاوەنماڵ لە پڕۆسەی ئەم کۆچکردنەدا بەنیسبەت پێوەندی نێوان ناوەند/ پەراوێز، شیاوی روونکردنەوەیە. لێرەدا دەکرێت بچینە ناو باسی شوناسەوە و هەروەها لە لێکدانەوەی بابەتی کۆچکردندا شوناسی میوان چ نیسبەتێک لەگەڵ شوناسی خاوەنماڵدا پەیدا دەکات و ئەم بابەتە بە چ شێوەیەک لە فیلمی (رۆکۆ و براکانی)دا خۆی نواندووە. بەپێی وتاری (ئەزموونی کۆچکردن و پارادۆکسی وێکچوون و جیاوازی) نووسراوەی ئەمیر عەلی نجومیان، لە فەرهەنگی کورتکراوی ئۆکسفۆرددا، بۆ وشەی "شوناس" زۆرتر لە هەرشتێک هێمای بەرابەر/ یەکسان (=) لە زانستی ماتماتیکدا خراوەتە بەردەم، کە بە مانای وێکچوونی تەواوە، دواتر پێناسەیەکی تریشی بەم جۆرەیە: (تاکخوازیی، یان

بوونی دۆخێک بۆ تاکێکی تایبەت کە لە هەموو زەمەنێکدا یەکێک بێت و یەکسان بمێنیتەوە). بەم مانایە شوناس بەپێی (خودێکی راستەقینە) پێکدێت کە لەم جیهانە بگۆڕەدا، بەردەوام فیکس و نەگۆڕ دەمێنێت و لە رابردوودا خۆی شاردووەتەوە؛ بەم مانایە، دەبێت شوناس بدۆزرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئەم پێناسەیە، لە پێناسە هاوچەرخەکانی شوناسدا، شوناس بەردەوام خەریکی دووبارە سازکردنەوەی خۆیەتی و گەنجینەیەکیش نییە کە بدۆزرێتەوە. ئیتر شوناس لە تیۆری رەخنەگرانەی هاوچەرخدا وەک کێوێکی سەهۆڵ نییە کە بتوانین بە هەنگاونان بەرەو قووڵایی و هەناو بیدۆزینەوە، بەڵکو دەکرێت لە روانگەی هێماناسییەوە شوناس بەم شێوەیە پێناسە بکەین: دەلیلێکە لەنێوان تاک و کۆمەڵگادا. هەر تاکێک بۆ دروستکردنی پیوەندی خۆی لەگەڵ کۆمەڵگادا، دەبێت شوناسێک ساز بکات (شوناسێک کە بەپێی ئەو، تاک خۆی بە کۆمەڵگاوە گرێ بدات)، هەر کۆمەڵگایەک بۆ دروستکردنی پێوەندی خۆی لەگەڵ تاکدا، دەبێت شوناسێک ساز بکات (شوناسێک کە بەپێی ئەو تاکەکان بە ئەندامی خۆی دەربهێنێت). لەم رووەوە، یەکەم، ئەمڕۆکە باسکردن لەسەر شوناس بەبێ باسکردنی "جیاوازی" بێ مانایە. دووەم، لەباتی شوناس باس لەسەر شوناسەکان دێتە ئاراوە و سێیەم، شوناسسازی، یان دۆزینەوەی شوناس لە "پرۆسەی شوناس"دا خاوەنی مانا دەبێت. لە فیلمی (رۆکۆ و براکانی)دا ئەم سێ قۆناغە لە پێوەندی نێوان شوناس و کۆچکردندا شیاوی لێکۆڵینەوەیە. دەرکەوتنی سەرنجراکێشی ئەمەش دەتوانین لە یانەکەی (چێریدا) بدۆزینەوە. ئەم راهێنەرە بەردەوام لە تەمەڵی و لەشپەروەری لۆکانیاییەکان رەخنە دەگرێت و هاوکات لە هۆش و تواناکەشیان بەهرەمەند دەبێت. ئەو لەو باوەڕەدایە ئەگەر سیمۆنە ئەو سستییە لۆکانیاییەی قەرەبوو نەکاتەوە، ناتوانێت لە وەرزشی بۆکسدا سەرکەوتوو بێت. ئەمە هەر ئەو کارەیە کە دواتر لۆکا جێبەجێی دەکات. لەم رووەوە چێری دەزانێت کە یەکەم، لە لۆکانیاییەکاندا هەندێ جیاوازی گرنگ بەنیسبەت میلانییەکانەوە هەیە، کە خاڵی لەبەرچاوی جیاوازی ئەوان پێکدێنێت. دووەم، دەزانێت کە دەبێت شوناسی لۆکانیایی لەپاڵ شوناسی میلانیدا دابنرێت و "شوناسەکان" ساز بێت. سێیەم ئەو دەزانێت بۆ بەخشینی شوناس بەم لۆکانیاییە سست، بەڵام زیرەکانە پێویستی بە پرۆسەیەک لە راهێنان و پەروەردە هەیە. لێرەدا سیمۆنە سەرنجی بەرەو پرۆسەی شوناسسازی راناکێشرێت و دووردەکەوێتەوە، بەڵام (رۆکۆ) بەپێچەوانەی ئەو سەرنجی بەرەو ئەم پرۆسەیە رادەکێشرێت. سەرەڕای ئەمەش لە سێکانسی جەژنی نزیک بە کۆتایی فیلمەکە،

ڕۆکۆ بەردەوام لە حەسرەتی ڕابردوو و گوندەکەیان لە لۆکانیادایە و هیوادارە کە لۆکا، وەک ئەندامێکی نەوەی داهاتووی لۆکانیایی بۆ وڵاتی (درەختە زەیتوونەکان و مانگەشەو و کۆڵکەزێڕینەکان) بگەڕێتەوە. لەم ڕووەوە ڕۆکۆ هێشتا شوناس بە شێوەی نەگۆڕ و بەردەوام، بە وێنەی گەوهەرێک لە ڕابردوودا دەبینێتەوە. ئەمە لە حاڵێکدایە کە بۆچوونی چیرۆ لەسەر شوناس لە شێوەی ڕوانگەی ڕەخنەگرانەی هاوچەرخە، لە بەشێکی فیلمەکە لە سێکانسی کۆتاییدا بە لۆکا دەڵێت: "ژیان لە هەموو شوێنێکدا بەرەو گۆڕان دەچێت، وادیارە مرۆڤ خەریکە فێر دەبێت کە زۆر شت دەبێت بگۆڕدرێت... هەندێ کەس دەڵێن ئەم جیهانە نوێیە باشتر لەمە نابێت، بەڵام من لەو باوەڕەدام دەبێت... واتە ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ باشتر و خاوێنتر دەبێت...". هەڵبەت دەبێت ئاماژە بکەم کە لە بەراوردکردنی ئەم دیالۆگەی چیرۆ لەگەڵ دیالۆگی پێشتریدا پاڕادۆکسێکیتر دەردەکەوێت. چیرۆ پێشتر سەبارەت بە سیمۆنە و ڕۆکۆ بەم جۆرە بیروڕای خۆی دەربڕیوە: (سیمۆنە سەرەتا خاوەن بنەمایەکی بێگەرد بوو، بەڵام بەهۆی بەدخوازیی خۆی و لێبوردووییەکانی ڕۆکۆوە گیرۆدە بوو. ڕۆکۆی قدیسە، بەڵام مرۆڤێک بە تەنیا لەم دونیایەدا دەتوانێت چ بکات؟ کەسێکی وەها تەنانەت ناتوانێت پارێزگاری لە خۆیشی بکات... ڕۆکۆ هەمیشە دەبوورێت، ئەگەرچی مرۆڤ نابێت هەموو کات بەخشەندە بێت و لە هەڵەی کەسانی تر ببوورێت). لەم ڕوانگەیەوە، (چیرۆ) لە لایەکەوە وەک (ڕۆسۆ)، باوەڕی بە گەوهەرێکە بۆ شوناسی سیمۆنە کە لە گوند/لۆکانیا بێگەرد و دەست لێ نەدراو بووە و گۆڕانی ئەم گەوهەرە لە شار/میلان ئەوی بەرەو خراپی و لەناوچوون بردووە. لە لایەکی تریشەوە وەسفی ئەو گۆڕانە دەکات کە میلانی پیشەسازی هێماکەیەتی و سەبارەت بەوەی کە ڕۆکۆ گەوهەری دێهاتیبوونی خۆی بەردەوام لەو بازنە خراپەی شاردا پاراستووە، ڕەخنە دەگرێت. ئەم ڕوانگە پاڕادۆکسیکاڵەی چیرۆ کە بەشێوەیەک کۆبەندی ناوەڕۆکی فیلمەکەیە لە بواری کۆچکردندا، نموونەیەکی تەواوە لە پاڕادۆکسی شوناس، کە بنەماڵە کۆچکەرەکان لە بازنەی نوێی خاوەنماڵدا ڕووبەڕووی دەبنەوە. خاڵێکی تر لە فیلمی (ڕۆکۆ و براکانی)دا کە دەکرێت لە ڕوانگەی ئاماژەکراودا باسی لەسەر بکەین، بابەتی "کۆمەڵگا" لەم فیلمەدایە. درێدا (بە وتەی دکتۆر زەمیران لە کتێبی "ژاک درێدا و مێتافیزیکی حزوور") ئەم وشەیەی لێکداوەتەوە و پێیوایە کە دەستەواژەی "Community" لە دوو بەشی "Com" بەمانای کۆمەڵ و "munis" بەمانای پاراستنەوە گیراوە. وشەی "Communition" لە ڕابردوودا بە مانای قەڵا و حەسارێکی خاوەن پارێزگاری

چڕوپڕ بووە. زۆربەی جار لە دەوروبەری شارە کۆنەکانی سەدەی ناوەڕاستدا بۆ بەرگریی لە هاتنەژوورەوەی بیانییەکان چەند قەڵایەکی پتەویان ساز دەکرد. درێدا دەڵێت ئەمڕۆ کۆمەڵگا (Community) تا رادەیەکی زۆر گەرەنتیدەری کۆبوونەوەی خۆجەییەکان و دامەزراندنی هەندێ سنوور بۆ بیانییەکانە. هەرچەند بە رواڵەت چەمکی کۆمەڵگا گەرموگوڕی لە زەیندا وێنا دەکات، بەڵام دەبێت رەهەندەکانی پارێزگاریی و تەیارکردن لەبەرچاو بگیردرێت. لەم رووەوە وشەی کۆمەڵگا هەروەک میوانداریی نیشاندەری جۆرێک لە دژەبیانی بوونە، چونکە ئاسایشی کۆمەڵگا پێویستی بە رووبەڕووبوونەوەیە لەگەڵ بیانییەکان. ئەندامانی کۆمەڵگا بەردەوام خۆیان بۆ هەرچەشنە هێرشێک ئامادە دەکەن. لە فیلمی (رۆکۆ و براکانی)دا بەپێی ئەو نموونانەی کە ئاماژەیان پێکرا، بنەماڵەی لۆکانیایی پارۆندی وەک هێرشبەرێک بە نیسبەت کۆمەڵگای میلانییەوە دەردەکەون. جێگای سەرنجە کە رۆکۆ و سیمۆنە لەم بنەماڵەیەدا بەرەو وەرزشی بۆکس دەچن، ئەم وەرزشە هەردوو تایبەتمەندی پارێزگاریی و هێرشکردن بەشێوەی توندوتیژانە لەخۆ دەگرێت. کەواتە هەڵگری پارادۆکسە. وەها دەردەکەوێت بنەماڵەی پارۆندی لە ئاکامی فیلمەکەدا لە کۆمەڵگای میلانی نزیک دەبنەوە، بەڵام ئەم نزیکییە لە خۆیدا هەندێک دوورخستنەوەیشی لەگەڵدایە کە پاڕادۆکسێکی تر دەخولقێنێت. لووتکەی ئەم پارادۆکسە ئەوەیە کە لە کاتی جەژن و شادیدا کە بەهۆی نزیکایەتی لە کولتووری میلانییەوەیە، سیمۆنە دێتە ژوورەوە. ئێستا سیمۆنە وەک هێرشبەرێک لەم بنەماڵەیەدا دێتە بەرچاو. هەنگاوی چیرۆ بۆ رادەستکردنی ئەو بۆ پۆلیس وەک شێوازێک لە دژایەتیکردن لەگەڵ بیانیدا وێنا دەکرێت. لە لایەکی ترەوە، رۆکۆیش خۆی بە بیانی و نامۆ لە کۆمەڵگای بیانیدا دەزانێت و لەم روانگەیەوە لە بنەماڵەکەیدا کە بوونەتە بنەماڵەیەکی میلانی، وەک نامۆیەک بە ئەژمار دێت (هێمایەکی سەرنجڕاکێش لێرەدا، کاتێک رۆزاریا بە چیرۆ دەڵێت کە زاراوەکەی لە جینتای میلانیش، میلانیتری لێهاتووە)... سەرەڕای ئەمەش دەبینین کە ئەم بنەماڵەیە ئێستا بەچەند شێوەیەک خۆی لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا دەبینێت و خۆی وەک بەشێک لەو دەزانێت و لە هەندێک رەهەندی تریشەوە خۆی لە دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایە وەکو نامۆ و بیانییەک بەنیسبەتی کۆمەڵگاکە لە بەرچاو دەگرێت. واتە لە فیلمی (رۆکۆ و براکانی)دا دەتوانین نموونەیەکی باش لەو وتەیەی ئەمیر عەلی نجومیان لە وتاری "ئەزموونی کۆچکردن و پارادۆکسی لێکچوون و جیاوازی"دا بدۆزینەوە، کاتێک دەڵێت: لەناو ئەزموونی کۆچدا جۆرێک ململانێ یان ناکۆکی هەیە، بە واتایەکی تر، کۆچبەر

هەمووکات لەگەڵ فەرمان/ داواکارییەکی دووانە و نائاساییدا رووبەڕوو دەبێتەوە. خاوەنماڵ لە یەک کاتدا داوا لە کۆچبەر دەکات کە خۆی هاوشیوە و هاوڕێی کولتووری ئەو بکات و هاوکات رادەیەک لە جیاوازیش بپارێزێت. نووسەر ئەم دۆخە "لێکچوون و جیاوازی" ناو دەنێت. لەم رووەوە کۆچبەر دەکەوێتە بارودۆخێکی (نەگونجاو)ەوە: لەلایەکەوە دەبێ لە پرۆسەی هاوشێوەسازیدا چالاکانە بەشدار بێت و لە لایەکی تریشەوە دەبێت جیاوازی خۆی لەگەڵ کولتووری خاوەنماڵدا بپارێزێت. هەر بەم هۆیەوەیە کە چێری، راهێنەری بۆکس دەڵێت بۆکسێرە میلانییەکان باشترن لە بۆکسێرە لۆکانیاییەکان و زۆرتر لە بۆکسێرە میلانییەکان کەڵک وەردەگرێت: ئەو دەیهەوێ بۆکسێرە لۆکانیاییەکان هاوتای بۆکسێرە میلانییەکان بکات و هاوکاتیش دەیەوێت لە جیاوازییەکانی لۆکانیاییەکان بەنیسبەت میلانییەکانەوە کەڵک وەربگرێت. ئەو لە پارادۆکسی "لێکچوون و جیاوازی"، لەم بارودۆخە (نەگونجاوە) بەهرەیەکی زۆرتر دەستەبەر دەکات.



**سەرچاوە:**

http://www.anthropology.ir/node/12271

دەتوانیت گۆڤاری

هەنار

لەم ماڵپەڕانەدا بخوێنیتەوە:

www.henar.org
www.dengekan.com

نرخی ١٠٠٠ دینارە